حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# توانای مۆرفیێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ‌و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا

## ( لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسیدا )

نامەیەکە

**شیروان حسێن حمد**

پێشکەشی فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە،
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

**پرۆفیسۆر د. فاروق عومەر سدیق**

٢٧١٣ک ٢٠١٤ز

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیو چاودێری من بە ناونیشانی (**توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا** - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا-) لەلایەن خوێندکار (**شیروان حسین حمد**) لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. فاروق عومەر سدیق

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: پ.د. دڵشاد علی محمد**

سەرۆکی بەشی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / / ٢٠١٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (**توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا** - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا-) خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار **(شیروان حسین حمد)**دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆکو لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: **پ. ی. د. صباح ڕشید قادر**
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: **پ. د. وریا عمر أمین**
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:

ناو: **پ. ی. د. أبوبكر عمر قادر**
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: **پ. ی. د. عبدالوهاب خالد موسى**
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: **پ. ی. د. ئازاد أمین فرج**
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: **پ. د. فاروق عمر صديق**
سەرپەرشت
ڕۆژ:

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا

ناو: **د. کاوان عوثمان عارف**
سەرۆکی سکوڵ
ڕۆژ:

**پێشکەشە بە:**

- **ئازارە رۆحیو جەستەییەکانی دایکم**

- **هەموو ئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان لێ قەدەغەکراوە.**

# سوپاسنامە

سوپاسو پێزانینم بۆ:

- مامۆستای گەورەو بەڕێزم (پ.د. فاروق عومەر سدیق) کە لە خۆبوردوانە سەرپەرشتی کردمو بە سینگی فراوانو مهیرەبانانە ڕێنمایی کردمو وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، ڕێنماییە بەنرخەکانی ئەم باسەیان کامڵترکرد، ئامۆژگارییەکانی منیان پەروەردە کرد. هیوای تەمەن درێژیو ساخو سەلامەتی بۆ دەخوازم.
- بەڕێز (پ. ی. د.صباح رەشید) کە ئامادەیی بەردەوامی هەبوو بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانو پێشنیازو تێبینیو ڕەخنەکانی ئەم باسەیان بەهێز کرد.
- بەڕێز (پ.د. دڵشاد عەلی) سەرۆکی بەشی خوێندنی باڵا، کە زۆر لەخۆبووردوانە کارەکانی بۆ ڕاپەڕاندووین.
- هاوڕێیانم (م. شیروان میرزا قادر)و (م.محەمەد ڕەسوڵ) کە لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا یارمەتییان دام.
- مامۆستام (د.عەزیز گەردی)، کە هەردەم هاندەرو ڕێنماکارم بووە، هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازم.
- هاوڕێیان (د. دلێر صادق)و (د.خسرۆ خۆشناو)و (د.شەهاب تەیب تاهیر) کە دەرگای کتێبخانەکەیان بۆ خستمە سەر پشتو ڕێگای دووریان بۆ نزیك خستمەوەو سەرنجو تێبینی جوانیان پێداوم.
- بەڕێز (مامۆستا حاجی کەریم- ماستەر لە ژمێریاری) کە ئامارو شیکردنەوەی ژمارەیی داتاکانی بەشێوەکی زانستی بۆ ڕێکخستم.
- بەڕێوبەرو یاریدەدەرانی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی ڕانیە، کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتییان داوم، کاتی زیاتریان بۆ نووسینی ئەم نامەیە پێبەخشیوم.
- هاوڕێم (د.سەرکەوت عومەر) کە لە هەر شوێنی پێویستم بە یارمەتی بووبێت، بەهانامەوە هاتووە.
- پشوودرێژی هاوسەرەکەم (م. نەسرین صالح). کە هەردەم بەرگەی گۆشەگیریو دورەپەرێزیمی گرتووە.

# هێماو کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
| --- | --- |
| / -/ | پاشگر |
| /- / | پێشگر |
| /- -/ | ئینتەرفێکس |
| { } | فۆنیم |
| ↓ | هێزدار |
| — | بێهێز |
| ∞ | هەتادوایی |
| « | دەبێت بە/دەگۆڕێت بۆ |
| < | لەوەوە |
| / | یان |
| /-.....-/ | مۆڕفێمی پچڕاو |
| { +} | بوونی سیمای |
| { -} | نەبوونی سیمای |
| ≠ | وەکو یەك نین |
| = | یەکسان |
| Ø | مۆڕفێمی سفر |
| ❊ | نەگونجان |
| م س | مۆڕفێمی سەربەخۆ |
| م ب | مۆڕفێمی بەند |
| گ ف | گیرەکی فەرهەنگی |
| گ ڕ | گیرەکی ڕێزمانی |
| بن | بنکە |
| ر ك | ڕەگی کار |
| م ك | مۆڕفێمی کات |

| | |
|---|---|
| م ش | مۆرفێمی شوێن |
| م بچ | مۆرفێمی بچوككردنەوە |
| م ئب | مۆرفێمی ئەبستراكتی |
| م ن ف | مۆرفێمی نەرێی فەرهەنگی |
| م ئا بك | مۆرفێمی ئاوڵناوی بكەری |
| م ئا كر | مۆرفێمی ئاوڵناوی كراو |
| ن پ | ناوی پیشە |
| ن ئـ | ناوی ئەبستراكت |
| ك | كوردی |
| ف | فارسی |
| م نە | مۆرفێمی نەناساندن |
| H | Head(سەرە) |
| M | Modifier(دیارخەر) |
| ف ن | فرێزی ناوی |
| ف ك | فرێزی كاری |
| م خ | مۆرفێمی خستنەسەر |
| م با | مۆرفێمی بانگكردن |
| م كۆ | مۆرفێمی كۆ |
| گ | گیرەك |
| م. بن | مۆرفێمی بنكە |
| م | مۆرفێم |
| م ن | مۆرفێمی نەرێ |
| م ك داهاتوو | مۆرفێمی كاتی داهاتوو |
| م ك ڕانەبردوو | مۆرفێمی كاتی ڕانەبردوو |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|
| Etymology | ریشەشناسی | ئێتیمۆلۆژی |
| aspect | نمود | ئەسپێکت |
| Allomorph | واژگونە | ئەلۆمۆرف |
| Productive | زایا | بەبەرهەم |
| Ability | توانایی | توانادار |
| Unproductive | سترون | بێبەرهەم |
| Proclitic | پیش بست | بەرگر |
| Stem | ستاك | بنکە (قەد) |
| Grammaticalization | دستور شدگی | بەگراماتیکبوون |
| Closed class | طبقە بستە | پۆلی داخراو |
| Distributionalism | توزیع گرای | پۆلینکاری |
| Genitive | اضافە | خستنەسەر |
| Zero derivation | اشتقاق صفر | دارِشتنی سفر |
| Enclitic | پی بست | دواگر |
| mood | وجە | ڕووکار |
| Root | ریشە/پایە | ڕەگ |
| Semantic markers | نشانەهای معنایی | سیمای واتایی |
| Formative | صورت ساز | شێوەساز |
| Affix | وند | گیرەك |
| morpheme | تکواژ/واژك | مۆرفیم |
| Bound morpheme | تکواژ مقید | مۆرفیمی بەند |
| Empty morpheme | تکواژ تهی | مۆرفیمی بەتاڵ |
| Discontinuous morpheme | تکواژ گسستە | مۆرفیمی پچڕاو |
| semibclitic | شبهە واژەبست | نووسەك ئاسا |
| Word formation | واژەسازی | وشەڕۆنان |

## لیستی ئامارەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری شوێن لە زمانی کوردیدا | ٩٠ |
| ٢ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری پیشە لە زمانی کوردیدا | ٩٤ |
| ٣ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری بچووککردنەو لە زمانی کوردیدا | ٩٩ |
| ٤ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئەبستراکتی لە زمانی کوردیدا | ١٠٢ |
| ٥ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا | ١٠٥ |
| ٦ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری لە زمانی کوردیدا | ١٠٩ |
| ٧ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو لە زمانی کوردیدا | ١١٠ |
| ٨ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری شوێن لە زمانی فارسیدا | ١١٩ |
| ٩ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری پیشە لە زمانی فارسیدا | ١٢٤ |
| ١٠ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری بچووککردنەو لە زمانی فارسیدا | ١٢٧ |
| ١١ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئەبستراکتی لە زمانی فارسیدا | ١٣١ |
| ١٢ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی لە زمانی فارسیدا | ١٣٥ |
| ١٣ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری لە زمانی فارسیدا | ١٣٩ |
| ١٤ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو لە زمانی فارسیدا | ١٤١ |
| ١٥ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناساندن لە زمانی کوردیدا | ١٥٦ |
| ١٦ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی نەناساندن لە زمانی کوردیدا | ١٦١ |
| ١٧ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی کۆکردنەوە لە زمانی کوردیدا | ١٦٤ |
| ١٨ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناکردن لە زمانی کوردیدا | ١٦٩ |
| ١٩ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا | ١٧١ |
| ٢٠ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بانگکردن لە زمانی کوردیدا | ١٧٩ |
| ٢١ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی کۆکردنەوە لە زمانی فارسیدا | ١٨٩ |
| ٢٢ | خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناکردن لە زمانی فارسیدا | ١٩٤ |

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| - 10 - | پێشکەش |
| - 10 - | سوپاسنامە |
| - 10 -- 10 - | هێماوکورتکراوەکان |
| - 10 - | لیستی زاراوەکان |
| - 10 - | لیستی ئامارەکان |
| - 10 -- 10 -- 10 - | ناوەڕۆك |
| | پێشەکی |
| ١ | ٠-١: ناونیشانی نامەکە |
| ١ | ٠-٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ١ | ٠-٣: کەرەستەو سەرچاوە بەکارهاتووەکان |
| ١ | ٠-٤: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە |
| ٢ | ٠-٥: گرفتی نامەکە |
| ٢ | ٠-٦: گرنگیی‌و بایەخی توێژینەوەکە |
| ٢ | ٠-٧: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە |
| | بەشی یەکەم: بیرو چەمك‌و تیۆری مۆرفیم‌و سەرهەڵدانیان |
| ٤ | ١-١: تیشکێك بۆ سەر بیری مۆرفیم‌و سەرهەڵدانی |
| ٦ | ١-٢: چەمکی مۆرفیم |
| ٨ | ١-٣: ڕێگاکانی پۆلێن کردنی مۆرفیم |
| ٨ | ١-٣-١: لە ڕوانگەی دەرکەوتنیان |
| ٨ | ١-٣-١-١: مۆرفیمی سەربەخۆ |
| ١٠ | ١-٣-١-٢: مۆرفیمی بەند |
| ١١ | ١-٣-٢: لە ڕوانگەی چەمك‌و واتاوە |
| ١١ | ١-٣-٢-١: مۆرفیمە فەرهەنگییەکان |

| | |
|---|---|
| ١٢ | ١-٣-٢-٢: مۆرفێمە ئەركییەكان |
| ١٣ | ١-٤: تایبەتمەندییەكانی مۆرفێم و پلەبەندكردنیان |
| ١٣ | ١-٤-١ واتاداربوون |
| ١٤ | ١-٤-١-١: مۆرفێمی ڕوون |
| ١٤ | ١-٤-١-٢: مۆرفێمی لێڵ |
| ١٥ | ١-٤-٢: بوونی قاڵبی فیزیكی |
| ١٧ | ١-٤-٣: دووبارەبوونەوە لە كۆنتێكستی جیادا |
| ١٧ | ١-٤-٤: كەرتنەبوون |
| ١٩ | ١-٥: تێكەڵبوونی سنووری مۆرفێمەكان |
| ٢٢ | ١-٦: ئاوێتەبوون لە چەمكی مۆرفێمدا |
| ٢٥ | ١-٧: ئەلۆمۆرف و هۆیەكانی پەیدابوونی |
| ٢٧ | ١-٧-١: هۆكاری فۆنۆلۆژی |
| ٢٨ | ١-٧-٢: هۆكاری ڕێزمانی |
| ٢٨ | ١-٧-٣: هۆكاری دیالێكتی |
| ٢٩ | ١-٨: تایبەتمەندییەكانی ئەلۆمۆرف و جۆرەكانی |
| ٣١ | ١-٨-١: ئەلۆمۆرفی ئەركی |
| ٣١ | ١-٨-٢: ئەلۆمۆرفی فەرهەنگی |
| ٣٢ | ١-٩: مۆرفێم و ئەلۆمۆرف و مۆرف |
| ٣٤ | ١-١٠: جۆرەكانی مۆرفێمی بەندو سیماكانیان |
| ٣٦ | ١-١٠-١: لەڕوانگەی چەمكەوە |
| ٣٦ | ١-١٠-١-١: گیرەكی فەرهەنگی |
| ٣٧ | ١-١٠-١-١-١: داڕێژە پۆلگۆڕەكان |
| ٣٧ | ١-١٠-١-١-٢: داڕێژە پۆلنەگۆڕەكان |
| ٣٩ | ١-١٠-١-٢: گیرەكی ڕێزمانی |
| ٤٢ | ١-١٠-٢: لە ڕوانگەی شوێنی دەركەوتنیان لە سەر وشە |
| ٤٢ | ١-١٠-٢-١: پێشگر |
| ٤٣ | ١-١٠-٢-٢: پاشگر |

| | |
|---|---|
| ٤٤ | ١-١٠-٢-٣: ناوگر |
| ٤٧ | ١-١٠-٢-٤: هەندێ گیرەکی تر، کە بەپێی شوێن ناونراون |
| ٤٧ | ١-١٠-٢-٤-١: interfix |
| ٤٧ | ١-١٠-٢-٤-٢: لاگر circumfixes |
| ٤٩ | ١-١٠-٢-٤-٣: transfix |
| ٥٠ | ١-١٠-٢-٤-٤: مۆرفێمی پچڕاو |
| ٥٢ | ١-١٠-٣: مۆرفێمی بەندی بنکە |
| ٥٤ | ١-١٠-٤: نووسەك |
| ٥٨ | ١-١٠-٥: شێوەگیرەك |
| ٥٩ | ١-١١: پێکهاتەی فۆنۆلۆژی مۆرفێمی بەند |
| ٦٢ | ١-١٢: دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕێگاکانی |
| ٦٣ | ١-١٢-١: داڕشتن |
| ٦٥ | ١-١٢-٢: لێکدان |
| ٦٦ | ١-١٢-٣: لێکدانو داڕشتن |
| ٦٨ | ١-١٢-٤: وەرگرتن |
| ٦٩ | ١-١٢-٥: تێکەڵکردن |
| ٧٠ | ١-١٢-٦: ئەکرۆنیم |
| ٧١ | ١-١٢-٧: گۆڕین |
| ٧٢ | ١-١٢-٨: کورتکردنەوە |
| ٧٣ | ١-١٢-٩: داهێنان |
| ٧٣ | ١-١٢-١٠: دووبارەکردنەوە |
| ٧٤ | ١-١٢-١١: مێتافۆڕ |
| ٧٥ | ١-١٢-١٢: وشەسازی بەڕێگەی سینتاکسی |
| ٧٦ | ١-١٣: پێگەی مۆڕفێمی بەند لەنێو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا |
| ٧٧ | ١-١٤: ئەرکە سینتاکسیەکان |
| ٧٨ | ١-١٥: پێگەی مۆڕفێمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا |

| بەشی دووەم: توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیو فارسیدا | |
| --- | --- |
| ٢-١: توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا | ٨٠ |
| ٢-١-١: پۆلێنکردنی مۆرفیمی بەند بەپێی چەمكو واتایان | ٨١ |
| ٢-١-٢: مۆرفیمەکانی بواری شوێن | ٨١ |
| ٢-١-٣: مۆرفیمەکانی بواری پیشە | ٩٠ |
| ٢-١-٤: مۆرفیمەکانی بواری بچووککردنەوە | ٩٤ |
| ٢-١-٥: مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی | ٩٩ |
| ٢-١-٦: مۆرفیمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی | ١٠٣ |
| ٢-١-٧: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری | ١٠٥ |
| ٢-١-٨: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو | ١٠٩ |
| ٢-٢: توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی فارسیدا | ١١١ |
| ٢-٢-١: مۆرفیمەکانی بواری شوێن | ١١١ |
| ٢-٢-٢: مۆرفیمەکانی بواری پیشە | ١١٩ |
| ٢-٢-٣: مۆرفیمەکانی بواری بچووککردنەوە | ١٢٥ |
| ٢-٢-٤: مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی | ١٢٧ |
| ٢-٢-٥: مۆرفیمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی | ١٣١ |
| ٢-٢-٦ مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری | ١٣٥ |
| ٢-٢-٧: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو | ١٣٩ |
| ٢-٣:بەراوردی توانای مۆرفیمی بەند لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیو فارسیدا | ١٤٢ |
| ٢-٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی | ١٤٢ |
| ٢-٣-١-١: مۆرفیمەکانی بواری شوێن | ١٤٢ |
| ٢-٣-١-٢: مۆرفیمەکانی بواری پیشە | ١٤٣ |
| ٢-٣-١-٣: مۆرفیمەکانی بواری بچووککردنەوە | ١٤٣ |
| ٢-٣-١-٤: مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی | ١٤٤ |
| ٢-٣-١-٥: مۆرفیمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی | ١٤٤ |
| ٢-٣-١-٦: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-١-٧: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو | ١٤٥ |
| ٢-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردیو فارسی | ١٤٥ |
| ٢-٣-٢-١: مۆرفیمەکانی بواری شوێن | ١٤٦ |
| ٢-٣-٢-٢: مۆرفیمەکانی بواری پیشە | ١٤٦ |
| ٢-٣-٢-٣: مۆرفیمەکانی بواری بچووککردنەوە | ١٤٧ |
| ٢-٣-٢-٤: مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی | ١٤٧ |
| ٢-٣-٢-٥: مۆرفیمەکانی بواری نەریتی فەرهەنگی | ١٤٧ |
| ٢-٣-٢-٦: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری | ١٤٨ |
| ٢-٣-٢-٧: مۆرفیمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو | ١٤٨ |
| بەشی سێیەم:توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسیدا | |
| ٣-١: توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی کوردی | ١٤٩ |
| ٣-١-١: مۆرفیمی بەندی ناساندن | ١٤٩ |
| ٣-١-٢: مۆرفیمی بەندی نەناساندن | ١٥٦ |
| ٣-١-٣: مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوە | ١٦١ |
| ٣-١-٤: مۆرفیمی بەندی پلەی باڵاو بەراورد | ١٦٥ |
| ٣-١-٥: مۆرفیمی بەندی ناکردن | ١٦٦ |
| ٣-١-٦: مۆرفیمی بەندی خستنەسەر | ١٦٩ |
| ٣-١-٧: مۆرفیمی بەندی نادیاری | ١٧٢ |
| ٣-١-٨: مۆرفیمی بەندیی ئەسپێکتەکانی کار | ١٧٣ |
| ٣-١-٩: مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن | ١٧٥ |
| ٣-١-١٠: مۆرفیمی بەندیی بانگکردن | ١٧٧ |
| ٣-٢: توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی فارسیدا | ١٨٠ |
| ٣-٢-١: مۆرفیمی بەندی ناساندن | ١٨٠ |
| ٣-٢-٢: مۆرفیمی بەندی نەناساندن | ١٨٣ |
| ٣-٢-٣: مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوە | ١٨٥ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-٤: مۆڕفیمی بەندی پلەی باڵا و بەراورد | ١٨٩ |
| ٣-٢-٥: مۆڕفیمی بەندی ناکردن | ١٩١ |
| ٣-٢-٦: مۆڕفیمی بەندی خستنەسەر | ١٩٤ |
| ٣-٢-٧: مۆڕفیمی بەندی نادیاری | ١٩٥ |
| ٣-٢-٨: مۆڕفیمی بەندی ئەسپێکتەکانی کار | ١٩٦ |
| ٣-٢-٩: مۆڕفیمی بەندیی تێپەڕاندن | ١٩٩ |
| ٣-٢-١٠: مۆڕفیمی بەندیی بانگکردن | ٢٠٠ |
| ٣-٣:بەراوردی تواناى مۆڕفیمی بەند لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسیدا | ٢٠٢ |
| ٣-٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی | ٢٠٢ |
| ٣-٣-١-١: مۆڕفیمی بەندی ناساندن | ٢٠٢ |
| ٣-٣-١-٢: مۆڕفیمی بەندی نەناساندن | ٢٠٢ |
| ٣-٣-١-٣: مۆڕفیمی بەندی کۆکردنەوە | ٢٠٣ |
| ٣-٣-١-٤: مۆڕفیمی بەندی پلەی باڵا و بەراورد | ٢٠٣ |
| ٣-٣-١-٥: مۆڕفیمی بەندی ناکردن | ٢٠٤ |
| ٣-٣-١-٦: مۆڕفیمی بەندی خستنەسەر | ٢٠٤ |
| ٣-٣-١-٧: مۆڕفیمی بەندی نادیاری | ٢٠٥ |
| ٣-٣-١-٨: مۆڕفیمی بەندی ئەسپێکتەکانی کار | ٢٠٥ |
| ٣-٣-١-٩: مۆڕفیمی بەندی تێپەڕاندن | ٢٠٦ |
| ٣-٣-١-١٠: مۆڕفیمی بەندیی بانگکردن | ٢٠٦ |
| ٣-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردیو فارسی | ٢٠٦ |
| ٣-٣-٢-١: مۆڕفیمی بەندی ناساندن | ٢٠٦ |
| ٣-٣-٢-٢: مۆڕفیمی بەندی نەناساندن | ٢٠٧ |
| ٣-٣-٢-٣: مۆڕفیمی بەندی کۆکردنەوە | ٢٠٧ |
| ٣-٣-٢-٤: مۆڕفیمی بەندی پلەی باڵا و بەراورد | ٢٠٨ |
| ٣-٣-٢-٥: مۆڕفیمی بەندی ناکردن | ٢٠٨ |
| ٣-٣-٢-٦: مۆڕفیمی بەندی خستنەسەر | ٢٠٩ |

| | |
|---|---|
| ٣-٣-٢-٧: مۆرفیمی بەندی نادیاری | ٢٠٩ |
| ٣-٣-٢-٨: مۆرفیمی بەندی ئەسپێکتەکانی کار | ٢٠٩ |
| ٣-٣-٢-٩: مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن | ٢١٠ |
| ٣-٣-٢-١٠: مۆرفیمی بەندی بانگکردن | ٢١١ |
| ئەنجام | ٢١٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢١٣ |
| الملخص | ٢٢٤ |
| Abstract | ٢٢٥ |

# پـــێـــــشـــەکی

## ٠-١: ناونیشانی نامەکە:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (**توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا-**)یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەکتیفیو پاسیفی مۆرفێمە بەندەکان، لە بواری فەرهەنگو سینتاکسی زمانی کوردی، بەراوردکردنی هەمان دیاردە لەگەڵ زمانی فارسیدا، بە شیکردنەوەی نموونەو داتا لە هەردوو زمان، لەسەر بنەمای ئاماریی.

## ٠-٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

نیشاندانو دەست خستنەسەر ئەکتیڤییو پاسیڤی مۆرفێمی بەند، وەك دانەیەکی مۆرفۆلۆژیو کارابوونی لە بواری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو گەیاندنی چەمکە ڕێزمانییەکان، هۆکاری سەرەکی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیوەندیو بەندیوارییە بەهێزەی لەم بوارەدا لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا هەیە، هەروەها ئەو لێکەوتە مێژوویەشی کە لەسەر هەردوو زماندا دەبینرێت، هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە.

## ٠-٣: کەرەستەو سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

لە نووسینی ئەم نامەیەدا، زمانی کوردی دیالێکتی خواروو، پەیڕەوی لێکراوەو ئەوەی پەیوەندی بە نموونەو داتاکانیش هەبێت هەر لەم دیالێکتەو لە زمانی قسەکردنی خەڵکی وەرگیراون. بۆ نموونەو داتاکانی زمانی فارسیش پشت بە زمانی فارسی ستاندارد بەستراوە، لە هەندێ شوێنیشدا پەنا براوەتە بەر نموونەی شێوازی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵك لەو زمانەدا، سەرچاوەکانیش بە هەریەك لە زمانەکانی کوردیو فارسی بە پلەی یەکەمو زمانەکانی ئینگلیزیو عەرەبیو ڕووسیش بەڕیزبەند بەدوای ئەواندا دێن.

## ٠-٤: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی بەراوردکاری وەسفی، پەیڕەوکراوە. واتە بۆ دەرخستنی تواناو ئەکتیڤیو پاسیڤی مۆرفێمەکان، پشتمان بە زمانی قسەکردنی ئێستای کوردیو فارسی بەستووە، ئامارەکانیش توانای ئەمڕۆی مۆرفێمەکانمان پیشان دەدەن. واتە شیکردنەوەیەکی وەسفی بەراوردکاریانەیە. هاوکات بە پێی پێویست پەنامان بردۆتە بەر لایەنی مێژوویی، چونکە زۆرجار ڕەگ داکوتراوی مۆرفێمەکانو بەردەوامی گەشەی مێژووییان، هۆکارێکە بۆ چالاکیو تواناداربوونی ئێستایان.

## ٠-٥: گرفتی نامەکە:

بوونی ڕای جۆراوجۆرو تاڕادەیەك دژیەك، لەبارەی هەندێ دیاردەی پەیوەست بەم باسەوە، لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیداو یەکالاکردنەوەیان گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە بووە. هەروەها بەکارهێنانی ڕێگەی ئاماریی بۆ شیکردنەوەی داتاکان، یەکێکی تربوو، لە گرفتەکان، چونکە ئەم ڕێگایە ئەنجامی تەواو و ورد لە شیکردنەوەی زمانەوانی نادات بەدەستەوە، ئەنجامەکانی بەزۆری بە شێوەی نزیکین.

## ٠-٦: گرنگیی‌و بایەخی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بۆ دیاریکردنی چەند ئامانجو گرنگییەکی تایبەت ئەنجام دەردێت. هەوڵی چارەسەری کۆمەڵێك گرفتو بەدەستهێنانی هەندێ زانیاری نوێ دەدات. ئەم توێژینەوەیەش گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە لەسەر بنەمای ئەکتیفی‌و پاسیفی دەڕوانێتە یەکەیەکی سەرەکی زمانو بەپێی ڕێبازی ئاماریی‌و لەم ڕووەوە هاوبەشی‌و جیاوازی نێوان هەردوو زمانی کوردی‌و فارسی دەردەخات. هەروەها لەڕووی تیۆرییەوە هەندێ دیاردەی زمانی کوردی شیدەکاتەوە، کە وەك نموونە هەن، بەڵام وەکو لایەنی تیۆری باسیان نەکراوە. لەڕووی فەرهەنگیشەوە واتای مۆرفێمە بەندەکان بە پێی سیمایی واتایی دیاریکراوە، سوودیش لە تیۆری بوارە واتاییەکان وەرگیراوە، بۆ پۆلێن کردنی مۆرفێمە فەرهەنگییەکان. لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانیشدا چەمك کراوەتە تەوەری کۆکردنەوەی ئەندامەکانی هەر بوارێك. هەروەها گەڕانەوە بۆ ڕەگو ڕەچەڵەکی مۆرفێمەکانو گرنگییەکی تری ئەم باسە پێك دەهێنێ.

## ٠-٧: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی‌و ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانو کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی، لە سێ بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (بیرو چەمكو تیۆری مۆرفێمو سەرهەڵدانیان)ە، چەند باسێکی تیۆری لەبارەی چەمکی مۆرفێمو تیۆری مۆرفێمو ڕێگاکانی پۆلین کردنیانو پلەبەندکردنی تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو. هەروەها باسکردنی چەند جۆرێکی تری مۆرفێم کە پێشتر لە زمانی کوردیدا ئاماژەیان پێ نەدراوە. لەگەڵ باس کردن لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، کە دوازدە ڕێگە خراونەتەڕوو. دواتر باس لە ئەرکە سینتاکسەکان کراوە، ڕۆڵی مۆرفێمی بەند لەم بوارەدا خراوەتەڕوو. هەروەها لەگەڵ هەریەکێك لە جۆرو چەشنەکانی مۆرفێم ئاماژە بە تواناو ئەکتیفییەتیان کراوە.

بەشی دووەم: لە ژێر ناونیشانی (توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیو فارسیدا)یە، کە تێیدا چەند بوارێکی تایبەت، لەوانە: (شوێن، پیشە، بچووککردنەوە،.......) لە هەردوو زمانەکەدا وەرگیراونو توانای دانەدانەی هەریەك لە مۆرفیمەکان لە هەر بوارێك لە هەر زمانێکیشدا دەرخراوە. دواتر بەراوردی مۆرفیمەکانی هەر بوارێك لە نێوان زمانی کوردیو فارسی کراوە، بە دەرخستنی خاڵی هاوبەشو جیاوازییان.

بەشی سێیەم: بە ناونیشانی (توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا)یە، بۆ ئەو مۆرفیمانە تەرخانکراوە، کە چەمکێکی ڕێزمانی دەگەیەنن، سەرەتا لە زمانی کوردیدا، باسی مۆرفیمەکانی (ناساندن، نەناساندن، کۆکردنەوە، نەرێکردن........) کراوە، پاشان هەمان ئەو مۆرفیمانە بە پێی ئەو چەمکەی دەیگەیەنن، لە زمانی فارسیدا خراونەتەڕوو، توانای هەریەکەیان لەسەر بنەمای داتای وەرگیراو خراوەتەڕوو، دواتر بەراوردی توانای مۆرفیمەکانی زمانی کوردیو فارسی کراوەو خاڵی هاوبەشو جیاوازییان پیشان دراوە.

# بەشی یەکەم

## بیرو چەمكو تیۆری مۆرفیێمو سەرهەڵدانیان

# بەشی یەکەم

# بیرو چەمك‌و تیۆری مۆڕفێم‌و سەرهەڵدانیان

## ١-١: تیشکێك بۆ سەر بیری مۆڕفێم‌و سەرهەڵدانی

زمانەوانی بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکانی، گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە. لە هەر قۆناغێکی بەرەوپێش چوونیدا، پەی بە هەندێ لایەنی شاراوە و نەزانراوی براوە. وشە وەك دانەیەکی زمانیی شوێنێکی بەرچاو و دیاری، لە زۆربەی قوتابخانە زمانەوانییەکاندا، بە هەموو سەردەمە جیاوازەکانەوە هەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم دانە زمانییە، نەیتوانیوە ببێتە وەڵامی هەموو پرسیارێك، کە لای زمانەوانان‌و توێژەرانی ئەم بوارە دروست بووە. بۆیە دانەی دیکە هاتوونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. ئەمەش بەتایبەتی لەکاتێکدا سەری هەڵداوە، کە کار لەسەر ڕۆنانی ناوەوەی وشە کراوە. ئەو ڕاستییە ڕوون بووەتەوە، کە هەندێ وشەش خاوەنی پێکهاتەیەکی ناوەکی فەرهەنگیی(واتایی)و ڕۆنانییە. هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم بیرە خۆی لەچوارچێوەی قوتابخانەیەکدا پیشان بدات، بەناوی قوتابخانەی ڕۆنانکاری، کە ئەویش بۆ دوو ڕێبازی تر دابەش بووە، ڕۆنانکاری ئەوروپی‌و ڕۆنانکاری ئەمریکی، بەجۆرێك (ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت.) (محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ٧) ئەمەش بە قۆناغێکی نوێی زمانەوانی دادەنرێت.

هەر لەسەر دەستی ڕۆنانکارەکان، هەوڵی جیاکردنەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی هەر دانەیەکی زمانیی درا، بەڵام (بنەمای شرۆڤەکارییەکانیان لەسەر دوو یەکەی سەرەکی بنیاد نرابوو، کە ئەویش بریتی بوون، لە فۆنێم‌و مۆڕفێم.) (ار .اچ. روبینز: ١٣٨٥: ٤٣٨) سروشتی کارەکانیان لەسەر ئەم دوو دانە زمانییە بەجۆرێك بوو، کە هەوڵیان داوە، پەیوەندییەکانی نێوانیان و کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتری دیاری بکەن. ئەمەش وای کرد کە دیاردەکانی وەکو ئەلۆمۆڕف و مۆڕفێمە لێکچووەکان و شێوەکانی وشە و چەند دیاردەیەکی پەیوەست بەم دوو ئاستە سەرهەڵبدەن، کە بۆ لێکدانەوەیان زیاتر سوود لە لایەنی فۆنۆلۆژی دەبینرێت. بەمەش بەشێك لە دیاردە مۆڕفۆلۆژییەکان لەچوارچێوەی فۆنۆلۆژی لێکدەدرێنەوە، بەجۆرێك، کە لە دیدی ساپێرەوە[1](یەکە بنچینەییەکان (سەرەتاییەکان)ی شیکردنەوە بریتین، لە مۆڕفێم، کە حوکمی بچووکترین (نزمترین) ڕەگەز minimal elementی هەیە، ئەوی تریان ڕستەیە، کە بەگەورەترین(بەرزترین) ڕەگەز maximum element هەژمار دەکرێت.) (پیتر ا. ام. سورن: ١٣٨٨: ١٢٢) ئەمەش بەو مانایە دێت، کە مۆڕفێم لە نزمترین ئاستی شیکردنەوە دایە، بەڵام ڕستە لە بەرزترین ئاستی شیکردنەوەدایە و بۆ زۆرترین پێکهاتەی دیکەی واتایی‌و سینتاکسی شیدەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش هەریەك لەم دوو دانە زمانییە دەکرێت بۆ پێکهاتەی بچووکتر

١- یەکێکە لەزمانەوانە بوونیادگەرە ئەمریکییەکان.

شیبکرێنەوەو پۆلێن بکرێن. بۆ نموونە هەر مۆرفێمێك بۆ پێکهاتەی دەنگیی بچووکتر شیدەکرێتەوە، لێرەشەوە پرۆسەی شیکردنەوەکە کۆتایی پێدێت. بۆیە لە نزمترین پلە و بە بچووکترین دانە دادەنرێت. هەروەها دەشێ ڕستەش بۆ چەند پێکهاتەیەکی تر شیبکرێتەوە، لەوانە فرێزو وشەو مۆرفێم. لەبەرئەوە لە بەرزترین پلە دانراوەو بە گەورەترین یەکەی شیکردنەوەش هەژمار دەکرێت. بەم پێیە مۆرفێم لە نزمترین پلەدا دەبێتو بە کەمترین هەنگاو کۆتایی پێدێت. بەڵام ڕستە لە بەرزترین پلەدایەو پێویستی بە چەند هەنگاوێکی شیکاری دەبێت.

ڕۆنانکارەکان تەنیا بەشیکردنەوەی پێکهاتە زمانییەکانەوە نەوەستان، بەڵکو (کارێکی گرنگیان بریتی بوو لە (پۆلێنکاری)و سوودیان لەدابەشکردنەکانی ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیشدا وەرگرتووە، بەچەشنێك هەندێك لە زمانەوانەکانی ئەم قۆناغە بە (پۆلێنکار – توزیع گرا) ناوبراون.) (ار .اچ. روبینز: ١٣٨٥: ٤٣٩) لە ئەنجامی ئەو کارەی ئەوانەوە، پەسنی هەریەك لە یەکە زمانییەکان، ئاسانتر دەبێتو ئەنجامی وردتری لێ دەست دەکەوێت. بۆیە هەموو ئەو پۆلێنانەی کە بۆ مۆرفێم کراون، بە لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی جیاواز، بۆ بونیادگەرەکان دەگەڕێتەوە.

سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم، دەکەوێتە (دوای داهێنانو ناسینەوەی بیری فۆنێم لە کۆتایی سییەکاندا، زمانەوانەکان کەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەکی ڕێزمانیدا، کە هەمان دەوریان بۆ ببینێت، ئەوەبوو لە سەرەتایی چلەکاندا، بیری مۆرفێم هاتە کایەوە، بە پێی ئەم بیرە هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووك، کە پێی دەوترێت مۆرفێم.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٤) دەشێت بڵێین، نەك هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی، بەڵکو بەشێکی زۆری کەرەستە فەرهەنگییەکانیش، شیانی ئەوەیان تێدایە بۆ دانەی بچووکتر شیبکرێنەوە، کە پێیان دەوترێت، مۆرفێم.

بیری مۆرفێم لە سەرهەڵدانییەوە، تاوەکو گەیشتووەتە ئەمڕۆ، چەندین قۆناغی بڕیووە، بە تایبەتی گەشەکردنەکەی، لەگەڵ هەنگاوەکانی پەرەسەندنی قوتابخانەی بونیادگەری ئەمەریکی هاوتەریب بووە، بە تایبەتی کارەکانی ساپێر، کە (بە یەکەمین بونیادگەری ڕاستەقینەی زمانەوانی ئەمریکی دادەنرێت، پیشاندەری ڕەگو ڕیشەی بونیادگەری ئەمریکییە، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠- ١٩٦٠) بە چەشنێك هەر لەسەر دەستی ئەو، بونیادگەری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٦٠ بەسەرکەوتنی تەواوی گەیشت.) (پیتر ا. ام. سورن: ١٣٨٨: ١٢٢) بۆیە دەکرێت ئەم سەروبەندە، بە ماوەی گەشەکردنو چەسپاندنی بیری مۆرفێمیش دابنێین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (لەمەو پێش، لە ژێر ناوی (ڕێزمان Grammar)، لەگەڵ ڕستەدا، لە پێکهاتەی وشەیان دەکۆڵییەوە، بەڵام بونیادگەرەکان هاتن، سنووریان لەنێوان ئەم دوو یەکە زمانییە داناو مۆرفۆلۆژییان وەك لقێکی تایبەتی زمانەوانی جیاکردەوە.) (Katamba, Stonham: 2006: 5) بۆیە لەگەڵ بەرەوپێش چوونی زانستی زماندا، بیری مۆرفێم جێگەو پێگەی گرنگیی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، کردەوەو لقێکیش لە زمانەوانیدا تەرخانکرا، بۆ توێژینەوە لە مۆرفێمو چۆنیەتی لێکدانیان لە دروستەی وشەو پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانی تردا.

لەئەنجامی هەموو ئەو توێژینەوەو گەشەکردنەی ئەم بیرەشدا، چەندین کەموکوڕیو ناتەواوی لە بیردۆزی مۆڕفیم دەرکەوتن، کە لەپاشاندا بوونە جێگەی سەرنج و تێڕامانی زمانەوانان، بەڵام هێشتا ئەمە نەبووەتە هۆی کەمکردنەوە لە گرنگی تیۆرەکەو پراکتیزەکردنو ڕەنگدانەوەی لە زمانە جیاجیاکانی جیهاندا.

## ١-٢: چەمکی مۆڕفیم

مەبەست لە مۆڕفیم ئەو دانە ئەبستراکتەی زمانە، کە لە هەموو زمانەکاندا، هەست بەبوونی دەکرێتو خاوەنی چەمکێکە. هەر لە سەرهەڵدانو ئاشکراکردنی بیری مۆڕفیمەوە، تاوەکو ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ناساندنەکەی بلۆمفیلد، کە تێیدا هاتووە، (مۆڕفیم بە بچووکترین یەکەی واتاداری زمانیی دادەنرێت.) (Bloomfield: 1954: 161) ئەم پێناسەیە بوو بە بناغەیەك، بۆ ناساندنی چەمکی مۆڕفیمو لە زۆربەی کارە مۆڕفۆلۆژییەکانی دواتردا کراوە بە بنەمایەك، بۆ دیاریکردنی چەمکی مۆڕفیمو سنوورەکەی. هەروەها، بەلای ساپیریشەوە (بچووکترین ڕەگەزی واتایی زمان، مۆڕفیمە.) (پیتر ا. ام. سورن: ١٣٨٨: ١٢١) بەپێی تێڕوانینو پێناسەکانی ئەم دوو زمانەوانە، چەمکی مۆڕفیم هەمان شت دەگەیەنێتو هەمان مەبەستیش بەدەستەوە دەدەن، دەشێ ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئەم دوو زمانەوانە سەر بە هەمان قوتابخانەی زمانەوانین، کە بونیادگەری ئەمریکییە، چونکە ژمارەیەکی زۆری زمانەوانی ئەم قوتابخانەیە لە مۆڕفیمو دروستەی وشەیان کۆڵیوەتەوە، لەوانە: (ساپیر١٩٢٥، هاریس١٩٤٤، بلوم فیلد١٩٣٣، هۆکێت١٩٥٢) (Katamba, Stonham: 2006: 5).

لە دوایدا لە هەندێك لە پێناسەکاندا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی مۆڕفیم، تایبەتییەکانی تێدا خراوەتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەندێ لە پێناسەکان زۆر گشتی بوونو سنوورێکی فراوانیان دەگرتە خۆو لەگەڵ کەرەستەی زمانیی تردا، تێکەڵ دەبوون. لەوانە، ستاگەبیرگ دەڵێت: (بچووکترین دانەی زمانی کە واتای هەبێتو دابەش نەبێت بۆ دانەی بچووکتر، شیانی دووبارەبوونەوەی هەبێت، پێی دەوترێت مۆڕفیم.) (Stageberg: 1980: 83) بەپێی ئەم تێڕوانینەش دەبێت هەر دانەیەکی زمانیی ئەو سیمایانەی تێدابێت، بۆئەوەی بە مۆڕفیم هەژماربکرێت. بەم پێیەش، چەمکی مۆڕفیم لە خۆیدا زۆر فراوانەو هەندێ جاریش، وشە لەخۆی دەگرێت. بەتایبەتی چەشنێك لە وشە دەبنە مۆڕفیم، کە لە ڕووی پێکهاتنەوە خاوەنی یەك دروستەی واتاییو ئەرکی بێت – وشەی سادە/ یەك مۆڕفیمی-. (بەو مۆڕفیمانەی کە دەتوانن، بەتەنیا بەشێوەی وشە سەربەخۆکان بەکاربهێنرێن، مۆڕفیمی فەرهەنگیان پێدەوترێت.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ٢٧)، بەڵام دەبێت، ئەوەش بزانین، کە ئەمانەش بەشێکیان، واتایەکی فەرهەنگییان نییە، بەڵکو ئەرکێکی سینتاکسی ڕادەپەڕێنن، بۆیە پێیان دەوترێت، مۆڕفیمی سەربەخۆی ئەرکی. کەواتە هەموو وشەیەکی سادە، کە فەرهەنگی

بێت، یان ئەرکی، بە مۆرفیمێك هەژمار دەکرێت، چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە، کە لە پێناسەکەی ستاگەبیرگدا، لە هەریەك لەواتاو دابەش نەبوونو دووبارەبوونەوە، ئاماژەیان پێدراوە.

لە زۆربەی پێناسەکاندا، ئەوەی جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە، کە مۆرفیم پێویستە واتا، یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێتو هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە، پۆلێنێکیان بۆ کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا، هەردووکیان لەچوارچێوەی چەمکدا کۆدەکەینەوەو دەڵێین، پێویستە مۆرفیم چەمکی هەبێت، چونکە (واتا بەشێکە لە چەمكو لە هەر وشەیەکدا بەشێك لە چەمك وەك واتا دەردەکەوێت.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٣١) بۆیە دەشێت ئەو مۆرفیمانەی کە وەك لایەنی ئەرکی، یان ڕێزمانی جیادەکرێنەوە، بێنە ژێر تیشکی ئەم بۆچوونە، لەبەرئەوەی هەموو مۆرفیمێکی ڕێزمانی، چ بەندبێت، چ سەربەخۆ بێت، چەمکیان هەیە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیو زۆربەی زمانەکاندا، ناساندنو نەناساندنو کۆکردنەوە......هتد، کە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەردەبڕدرێن، چەمکێکی یەکجار فراوانیان هەیەو ناشێت تەنیا لەڕوانگەی ئەرکی ڕێزمانییەوە کورت بکرێنەوە. هەروەها مۆرفیمە فەرهەنگییەکانیش، چەمکێکی فراوانیان هەیە، ئەوەی کە لە بەکارهێنانیان دەردەکەوێت، بەشێکە، هەموو چەمکەکە نییە.[٢]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین، بڵێین، مۆرفیم خاوەنی چەمکە، هەندێکیان چەمکی ڕێزمانی، دەگەیەنن‌و هەندێکی تریشیان چەمکێکی فەرهەنگییان هەیە، کە دەشێ ئەم چەمکەیان بکرێتە پێوەر بۆئەوەی لە کێڵگەیەکی واتاییدا، کۆببنەوە. هەردوو چەمکەکەش بەشێوەیەکی وەك یەك لە مێشکدا بە ئەبستراکتی هەڵگیراون‌و لەڕێگەی مۆرفەکانیانەوە بەرجەستە دەکرێن. هەر لەڕێگەی چەمکەکانیانەوە، دەشێت مۆرفیمەکان پۆلێن بکرێن‌و گروپی جیاجیایان لێ دروست بکرێت. کاتێك هەریەکێکیش لەم گروپانە بواری واتایی خۆی دروست دەکات. بۆ نموونە ئەو مۆرفیمانەی چەمکی شوێنیان تێدایە، یان ئەوانەی چەمکی بچووککردنەوە، یان پیشەو......هتد، کۆیان دەکاتەوە، لە بوارەکەی خۆیان دادەنرێن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە چەمکی هاوبەش‌و یەکسانیان هەیە، نەك واتای یەکسان. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆر بەکەمی نەبێت ناتوانرێت لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، بەڵام لە یەك بواریشدا، ئەندامن. خۆ ئەگەر چەمك‌و واتایان یەکسان بوایە، دەگونجا بەئاسانی لەبری یەکتر بەکارهاتبان. هەرئەوەشە، وای لە ستیپانۆڤ کردووە، کە باوەڕی وابێت، (لە چوارچێوەی مۆرفیمی بەند دا، لێکدانەوەو تێگەیشتن، لە هاوواتایی، قورسە.) (ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ١٤) ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ئەوانەی پێناسەی هاوواتایی دەکەن‌و دەڵێن: (نزیکییە لەواتادا، نەك یەکسانی.) (شیروان حوسێن: ٢٠١١: ٣٧) چونکە هەموو ئەو مۆرفیمانەی دەبنە ئەندام لە یەك بواردا، چەمکیان وەکو یەکەو واتایان تاڕادەیەك لێك نزیکە.

---

٢- بۆ زانیاری تەواو لەبارەی لێك جیاکردنەوەو جیاوازی چەمك‌و واتا، بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٢٣-٤٢)، (شەهاب شیخ تەیب تاهیر: ٢٠١٢: ١٤١)

بەم پێیەش سنوورێك لەنێوان چەمكو واتای مۆرفێم دادەنرێتو چەمکەکەی زۆر لە واتاکەی فراوانترە، بەجۆرێك دەتوانێت، هەموو چەشنە جۆراوجۆرەکانی مۆرفێم لەخۆی بگرێت. دەبێت ئەوەش بزانین، بۆئەوەی هەر یەکەیەکی زمانیی بە مۆرفێم هەژماربکرێت، پێویستە دوو تایبەتمەندی تێدابێت، کە ئەوانیش ئەوەن (لە یەك، یان چەند فۆنیمێك پێك بێت، خاوەنی واتا، یان ئەرکی سینتاکسی بێت.) (سیما وزیرنیا: ١٣٧٩: ٧١) لە هەر زمانێکیش لە مۆرفێم بڕوانین، زۆر کەم ناوێزە دەکەوێتە ئەم دوو تایبەتمەندییە، مەگەر مۆرفێمی سفر، ئەویش وەك دانەی ئەبستراکت لەمێشکدا، بەسفری هەڵنەگیراوە، بەڵکو مۆرفەکەی دەبێتە سفر.

## ١-٣: ڕێگاکانی پۆلێن کردنی مۆرفێم

لەبەر فراوانی بواری توێژینەوەکان لەبارەی مۆرفێمو سەرنجی زمانەوانان لەبارەیەوە، بوونی چەند شێوەو چەشنێك، کە هەموویان سیما سەرەکییەکانیان هاوبەشن. تاکو ئێستا چەندین پۆلێنی جیاواز بۆ مۆرفێم بەرچاودەکەوێت. ئێمەش لەم تەوەرەی باسەکەماندا، هەوڵدەدەین، لەسەر چەند بنەمایەكو لە ڕوانگەی جیاجیاوە، چەشنەکانی مۆرفێم بەشێوەکی گشتی لێك جیا بکەینەوە.

## ١-٣-١: لە ڕوانگەی دەرکەوتنیان

لەم پۆلێنەدا، سروشتی دەرکەوتنی مۆرفێمەکان دەکرێتە پێوەر. پشت بەوە دەبەستین، کە توانایی ئەو مۆرفێمە لە دەرکەوتنیدا چۆنە. چونکە لەم ڕوانگەیەوە دابەش دەبن بۆ دوو جۆر، ئەوانەی شیانی ئەوەیان هەیە، بە تەنیا دەربکەوەن، پێیان دەوترێت مۆرفێمی سەربەخۆ. ئەوانەشی شیانی ئەوەیان نییە، بە تەنیا دەربکەونو بەردەوام بەشێوەی وابەستە بە مۆرفێمی ترەوە دەبینرێن، پێیان دەوترێت مۆرفێم بەند. دەشێ لە نێوان ئەم دوو جۆرەشدا، چەشنێك لە دانەی زمانی ببینرێت، کە وەکو مۆرفێمی سەربەخۆ، لە هەندێ دەوروبەردا، بەرچاو دەکەون، بەڵام لەسەر هەندێ وشەی تر ببنە گیرەكو مەیلی بوونە گیرەکیان تێدا دەبینرێت، ئەمەش زۆرجار لە ئەنجامی گۆڕانی زمانەوە دێتە کایەوە.

## ١-٣-١-١: مۆرفێمی سەربەخۆ

بەو مۆرفێمانە دەوترێت، کە (دەتوانرێت بە تەنهاو بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن، هەر بۆیەش بە وشەیەکی سەربەخۆ دادەنرێن.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٢) کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو مۆرفێمێکی سەربەخۆ وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەك مەرج نییە، تەنیا مۆرفێمێکی سەربەخۆ بێت، چونکە هەندێ وشە هەن، لە مۆرفێمێك زیاتر پێك دێن، وەکو:

جوان(وشە)(م.س)

جوانی(وشە)

/-ی/(م.ب)

لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەیە، دەڵێین، کەواتە:

جوان = م. س ی = م. ب

جوانی ≠ تەنها م. س جوانی = م.س + م ب

لێرەدا، جیاوازی نێوان وشەو مۆڕفێمی سەربەخۆ دەردەکەوێت، کە (وشە بچووکترین فۆڕمی سەربەخۆی زمانە، بەڵام بچووکترین یەکەی واتاداری زمان نییە.) (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ١٥٣)، بەڵکو مۆڕفێم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە، کە دەشێت فۆڕمێکی سەربەخۆ بێت، یان وابەستە. هەروەها دەشێ وشە شیبکرێتەوە، بۆ یەکەی بچووکتری واتایی ناسەربەخۆ.

هەر مۆڕفیمێکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها وشە فرەمۆڕفێمەکانیش دەروازەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە، چونکە ئەوانیش فۆڕمێکی زمانیی سەربەخۆن. بەگشتی مۆڕفێمی سەربەخۆ، کە لەڕوانگەی چەمك‌و واتاکانیانەوە لێك جیادەکرێنەوە دەکرێت بەدوو جۆرەوە.[٣]

یەکێکی تر، لەسیماکانی مۆڕفێمی سەربەخۆ، ئەوەیە، کە دەبنە بناغەو بنکە، بۆ مۆڕفێمە بەندەکان. سەرباری ئەوەی ژمارەیان لە مۆڕفێمە بەندەکانیش زیاترە، بەڵام (هیچ زمانێك ناتوانێت بە تەنیا بەڕەگ‌و وشەی سادە مەبەست دەربڕێت.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣١) بۆیە پێداویستی گەیاندنی چەمك، مۆڕفێمی بەند دەهێنێتە ئاراوە.

تایبەتمەندییەکی تری ئەو چەشنە لە مۆڕفێم، ئەوەیە، کە لەچوارچێوەی ڕستەو بەگوێرەی ڕەگەزەکانی دەوروبەری تەواو جێگیرو چەسپاو نییەو تاڕادەیەك ئازادە لە ئاڵوگۆڕکردنی شوێنەکەی. (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ١٥٣) بۆنموونە:

- **منداڵ** پێوستە بەیانیان زوو هەڵسێ.
- پێویستە **منداڵ** بەیانیان زوو هەڵسێ.
- پێویستە بەیانیان زوو **منداڵ** هەڵسێ.

مۆڕفێمی سەربەخۆی (منداڵ) ئازادە، لە ئاڵوگۆڕکردنی جێگەکەی، بەڵام مۆڕفێمی بەند ناتوانێت، شوێنی خۆی بگۆڕێت‌و بچێتە سەر وشەیەکی تر- تەنها نووسەکەکان نەبێت-، هەربۆیە گەلێك جاریش بەو مۆڕفێمە

---

٣- لە (١-٣-٢)ی ئەم باسەدا بەتەواوی ڕوونکراوەتەوە.

دەوترێت، ئازاد. هەرچەندە ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شێوازو یاساکانی ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانەکەدا، کە بەگشتی ڕیزبوونی چەسپاو و ڕیزبوونی ئازادیان هەن.(٤)

## ١-٣-١-٢: مۆڕفیمی بەند

وەك بەناوەکەیدا دیارە، مۆڕفیمی بەند بەو چەشنەی مۆڕفیم دەوترێت، کە (ناتوانێت بەتەنهایی‌و بەشێوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێت، هەمیشە بەمۆڕفیمی ترەوە دەلکێت.) (علاءالدين طباطبائی: ١٣٧٦: ١٠)، کەواتە ئەم پۆلەی مۆڕفیم بوونێکی سەربەخۆیان نییە، چەمکەکەیان بە تەنیا ڕوون نییە، تاوەکو نەچێتە سەر ڕەگ‌و بنکەی ترەوە. بەشێوەیەکی گشتی دوو تایبەتمەندی لە مۆڕفیمی بەندا هەن، (یەکێکیان ئەوەیە، کە هەرگیز بەتەنیا دەرناکەون‌و بەکارناهێنرێن، ئەویتریان ئەوەیە، دەبێت بەمۆڕفیمی ڕەگ، یان وشەیەك (بنکەیەك)ەوە، بنووسێن.) (سیما وزیرنیا: ١٣٧٩: ٧٢) ئەمانەش لەنێو خۆیاندا بەپێی چەمك‌و شوێنی دەرکەوتنیان‌و ئەرکەکانیان، بۆ چەند بەشێك پۆلێن دەکرێنەوە.(٥)

ئەم چەشنەی مۆڕفیم، هەرکاتێك بەڕەگ‌و بنکەوە بەند بێت، زۆر بەکەمی جێگەی خۆی دەگۆڕێت، تەنیا چەند مۆڕفێمێکی بەندی ئەرکی نەبێت، کە ناونراون نووسەك‌و توانای گۆڕینی شوێنیان هەیە، لە چوارچێوەی ڕستەدا، بەڵام لە ڕووی چەمکەو واتاوە، هەر بە بنکە سەرەکییەکەی خۆیانەوە پەیوەستن. بۆ نموونە مۆڕفیمی /-ەکە/ لەم چەند ڕستەیەدا ئەم حاڵەتەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە:

- خوێندکارە**کە** خەڵاتکرا.
- خوێندکارە زیرەکە**کە** خەڵاتکرا.
- خوێندکارە زیرەك‌و چالاکـ**ەکە** خەڵاتکرا.

ئەم مۆڕفێمانە، تەنانەت لە فەرهەنگی وشەنامەشدا، هەر لەگەڵ بەندکەرەکانیان، هەڵدەگیرێن‌و بەواتایەکی دیکە، هیچ مۆڕفێمێکی بەند لە فەرهەنگدا نابینین، دەروازەی فەرهەنگی خۆی هەبێت، هەرچەندە خاوەنی چەمك‌و واتان. هەروەها لە گواستنەوەیان لە زمانێکەوە، بۆ زمانێکی تریش لە ڕێگەی بنکەو ڕەگەکانیانەوە دەبێت‌و پاشان لەنێو زمانەکەدا توانای زۆر دەبێت‌و دەچێتە سەر وشەی ڕەسەنی زمانەکەیشش. ئەم تایبەتمەندییە بۆ فۆنیمیش هەر دروستە.

خاسیەتێکی تری ئەم چەشنە لە مۆڕفیم ئەوەیە، کە لە ڕووی پێکهاتنەوە، دەشێ لە تاکە فۆنیمێك پێکهاتبێت، جا سەر بەهەر پۆلێك بێت. ئەم دیاردەیە لە مۆڕفێمی سەربەخۆدا، کەمتر بەرچاو دەکەوێت. سەرەڕای

---

٤- بۆ زانیاری ورد لەم بارەی ڕیزبوون‌و بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکانی ڕستە لەزمانی کوردیدا، بڕوانە: (ئاواز حمەصدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ٤٢- ٦٠)، (کاروان عومەر قادر: ٢٠٠٨: ٢٠-٤٣).

٥- ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ مۆڕفێمی بەند تەرخانکراوە، بۆیە لە دواتر بەوردی لەبارەی جۆرو چەشنەکانی دەدوێین.

ئەوەش لە ڕوانگەی دەرکەوتنەوە، مۆرفێمی بەند لە هەندێ باردا، شیانی ئەوەی تێدایە، کە خۆی بەشێوەی سفر بنوێنێت، کە مەبەست لێیان (ئەو مۆرفێمانەن کە بوونو شێوەی فیزیکییان نییە.) (محمد ضیاء حسینی: ١٣٨٩: ١٣) وەکو جێناوی کەسی سێیەمی تاك، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، لە زمانی کوردیدا. هەروەها بوونی مۆرفێمی سفری داڕشتن، کە لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە بەراورد بە زمانی فارسی کەمتر باسی لێوەکراوە. هەر لەچوارچێوەی ئەم جۆرە مۆرفێمەدا، مۆرفێمی بەتاڵ هەیە، کە دەرکەوتەیەکی دەنگیی زیادەیەو کار لە واتاو ئەرکی ڕێزمانی ناکات. کە هەموو ئەمانەش بەگرفتی بیری مۆرفێم دادەنرێن.

## ١-٣-٢: لە ڕوانگەی چەمكو واتاوە

لێرەدا، ئەو چەمكو واتایە دەکرێتە پێوەر، کە مۆرفێمەکە هەڵیگرتووە، بەشێوەکی گشتیش، دەکرێن بە دوو جۆرەوە، یەکەمیان ئەوانەن، کە واتایەکی فەرهەنگییان هەیەو بەشداری لە داڕشتنی چەمكو واتای نوێدا دەکەن. دووەمیان ئەوانەن، کە ئەرکی سینتاکسی دەبینن‌و چەمکێکی ڕێزمانی پیشان دەدەن. لە هەردوو چەشنەکەشدا، دەشێت دەرکەوتەی جیاوازیان هەبێت، چ بەسەربەخۆیی بێت، چ بەشێوەی بەند. لە زۆربەی زمانەکانیشدا، بەشێوەیەکی دیار هەردوو مۆرفێمەکە بەرچاودەکەون.

## ١-٣-٢-١: مۆرفێمە فەرهەنگییەکان

مەبەست لەو مۆرفێمانەیە، کە چەمكو واتایەکی فەرهەنگییان هەیە. دەشێ لە شێوەی سەربەخۆدا بن، یان بەند، لە چوارچێوەی مۆرفێمی سەربەخۆدا، بەو مۆرفێمانە دەوترێت فەرهەنگی، کە (واتایەکی سەربەخۆیان هەبێت.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٦٨)، کە بە زۆری لەم ڕووەوە بەرانبەر وشەی سادە دەوەستنەوەو تایبەتمەندییان ئەوەیە کە (پۆلێکی کراوە پێك دەهێنن،) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ٨٣) بە واتایەکی تر دەتوانرێت وشەی نوێیان بۆ زیادبکرێت، هەر لەنێو خۆیاندا پێکەوە بوارێك پێك دەهێنن، هەر یەك لە بوارەکانیش، دەشێ ئەندامی نوێی بۆ بێت، کە ئەمە لە ئەرکییەکاندا، کەمتر دەبینرێت، هەر بۆیەشە لەڕووی ژمارەو بەکارهێنانیان لەپێش مۆرفێمە ئەرکییەکانەوەن.

هەرچی مۆرفێمە بەندە فەرهەنگییەکانن، زیاتر بە گیرەکی وشەداڕێژ ناسراون، چونکە کاتێك دەچنە سەر وشە، یان هەر بنکەیەکی ترەوە، وشەی نوێ بە واتاو چەمکی تازەوە دادەڕێژن‌و دەروازەیەکی فەرهەنگیی نوێ بۆ وشەکان دەکەنەوە. ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە، کە (واتای نوێ دەبەخشن بەو وشەیەی کە دەچێتە سەری.) (صباح ڕشید قادر: ٢٠٠٠: ٥٣) سەرباری ئەوەش ڕێگەیەکی کاران، کە بەهۆیانەوە فەرهەنگی هەر زمانێك دەوڵەمەند

دەكرێت. هەرگیز ناتوانن بەتەنیا بەكاربهێنرێن، هەرچەندە واتای خۆیان هەیە، بەڵام واتاكەیان بەستراوەتەوە بە واتای وشەی ترەوە. لە فەرهەنگیشدا لەگەڵ واتای بنكەیانەوە، پێكەوە هەڵدەگیرێن.

ئەو مۆرفیمانەی واتایەكی فەرهەنگییان هەیە، دەشێت هەریەكەیان ئەندامی بوارێك بن، لەئاستی وشەدا بوارەواتاییەكان (پەیوەندی واتایی نێوان كۆمەڵە وشەیەكە، كە هەمیشە وشەیەك پێكەوەیان دەبەستێتەوە.) (احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٧٩) وەنەبێت ئەم پەیوەندییە تەنیا لە چوارچێوەی مۆرفیمە سەربەخۆكاندا كورت بكرێتەوە، بەڵكو مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەكانیش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن، دەشێ بكرێن بە چەند بوارێكەوە (چونكە ئەوانیش كۆ واتایەك كۆیان دەكاتەوەو چەمكێك دەگەیەنن.) (بەكر عمر علی‌و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١١: ٣٠) ئەم هاوبەشیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، كە هەردوكیان خاوەنی چەمكن. ئەوەی ئەندامانی هەر بوارێكیش كۆدەكاتەوە، چەمكە.[٦]

## ١-٣-٢-٢: مۆرفیمە ئەركییەكان

ئەم پۆلە زیاتر ڕۆڵیان پیشاندانی چەمكێكی سینتاكسییە، بۆیە مۆرفیمی ئەركییان پێ دەوترێت، چونكە تەنیا ئەركی سینتاكسی ڕادەپەڕێنن‌و ناچنە ناو پێكهاتەیەكی فەرهەنگییەوە. ئەوانەش بەهەمان شێوە لە ڕووی دەركەوتنەوە، لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆو بەندا دەبینرێن. لە چوارچێوەی مۆرفیمی سەربەخۆدا، (ئەو گروپە وشەیە دەگرێتەوە، كە واتایەكی فەرهەنگی ڕوون، یان چەمكێكی ڕۆشنی نییە، پەیوەست بێت پێیانەوە) (ویكتۆریا فرامكین: ١٣٨٧: ٨٣)، بەڵكو تەنیا ڕۆڵ لە ڕاپەڕاندنی ئەركی سینتاكسیدا، دەبینن. ئەم جۆرە مۆرفیمە پۆلێكی داخراون، واتە (لە هەر زمانێكدا ژمارەكەیان سنووردارو دیاریكراون.) (ادریان اكمجیان‌و دیگران: ١٣٨٢: ٢١)، وەكو ئامرازی نیشانە، ئامرازی لێكدەر........هتد، لە زمانی كوردیدا بەئاسانی دەتوانین ژمارەكەیان دیاری بكەین‌و ئەركی سینتاكسی هەریەكەشیان، هەڵاوێر بكەین، كە بەزۆری هەر لە ڕێگەی ئەركەكانیشیانەوە، ناودەنرێن.

بەم پێیە گەیاندنی چەمكی سینتاكسی لە ڕێگەی هەردوو جۆری مۆرفیمی بەندو سەربەخۆوە دەبێت، بەڵام ئەمە لەزمانێكەوە، بۆ زمانێكی تر جیاوازە. تەنانەت لە گەیاندنی هەندێ ئەركدا، لەنێوان دیالێكتەكانی زمانێكیشدا هەست بەو جیاوازییە دەكرێت. بۆنموونە لە هەردوو زمانی كوردی‌و فارسیدا، پیشاندانی چەمكی پلەی باڵاو بەراورد بەهۆی مۆرفیمی بەندی (/-تر/، /-ترین/)ەوە دەبێت. بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا، هەمان چەمك لەڕێگەی هەردوو مۆرفیمی سەربەخۆی more و most دەبێت لە هەمان كاتدا مۆرفیمی بەندیش بۆ گەیاندنی هەمان چەمك بەكاردێت. هەروەها لەم ڕووەوە جیاوازی لەنێوان زمانە هاوگروپە لێك نزیكەكانیشدا،

---

٦- بەشی دووەمی ئەم باسە بۆ ئەم جۆرە مۆرفیمانە تەرخانكراوە.

هەیە. بۆنموونە زمانی کوردی مۆرفیمی بەندی /-ەکە/ زۆر بەبەرچاوی بۆ دەربڕینی چەمکی گراماتیکی ناساندن بەکاردێنێت. بەڵام لە زمانی فارسیدا (مۆرفیمی ناساندن نییە، بەڵام وشەی سینتاکسی هەن، کە ئەم ئەرکە دەبینن، لەوانە (ان)، (این).) (محمد رضا باطنی: ١٣٨٨: ١٦٢) هەر هەمان چەمك لە کرمانجی ژووروشدا، لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە ناگەیەنرێت، بەڵکو لە ڕێگەی وشەی سینتاکسیەوە، بە شێوەی زمانی فارسی، دەردەبڕدرێت. لەم زارەدا، (بۆ دەستنیشانکردنی کەسو شتان، ڤی، ڤێ، وی، وێ، ڤان، وان، بەکاردەهێنرێن.) (محمد طاهر گوهەرزی : ١٩٩٩: ٧١) سەرەڕای ئەمانەش، هەندێ جار بۆ دەربڕینی چەمکێکی ڕێزمانی دەشێ هەردوو جۆرە مۆرفیمەکە بەکاربهێنرێت. بۆنموونە سەرباری کارایی /-ەکە/ لەدیاریکرندا، هەندێ جار مۆرفیمی سەربەخۆش بەکاردەهێنرێت.

ئەم پۆلەی مۆرفیمەکان، بەشێوەیەکی گشتی، تاوەکو نەچنە ناو پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە، بەکارناهێنرێنو لە فەرهەنگیشدا تۆمارناکرێن، بەڵکو ئەرکیان تەنیا ڕاپەڕاندنو پیشاندانی چەمکێکی ڕێزمانییەو لەڕووی ژمارەوە، لە مۆرفیمە فەرهەنگییەکان کەمترن، بەڵام لە بەکارهێنانو دووبارەبوونەوەیان، لەناو ڕستەدا، زۆر چالاکترنو کاریگەرییان بەسەر وشەکانی تری ناو ڕستەشەوە، دەبێت، نەك تەنیا ئەو وشەیەی کە دەچنە سەری. لە نێوان زمانەکانیشدا، کەمتر ئاڵوگۆڕ دەکەن. بەپێی ئەو چەمکە ڕێزمانییەی کە پیشانی دەدەن، لە گروپی جیاجیادا، پۆلێن دەکرێن. بۆ نموونە نەرێ کردن لە (نە-، مە-، نا-، نـ -) پێك دێت، یان پیشاندانی کۆ لە ڕێگەی (-ان، -هات، -جات، -وات)ەوە دەبێت. ئەندامانی هەر گروپێکیش ژمارەیان کەمترە لەچاو فەرهەنگییەکانو وەك سەربەخۆکانیشیان پۆلێکی داخراون.

## ١-٤: تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمو پلەبەندکردنیان

سیماکانی مۆرفیم، یەکێکن لە گرفتەکانی مۆرفۆلۆژی[٧] و زۆرترین، ڕای جیاوازو ناکۆك لەخۆ دەگرن، چ لە دیاریکردنی سیماکان بێت، یان لە ڕیزکردنیاندا بەپێی گرنگییان. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین، هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم لایەنە بکەینو سیماکان بخەینەڕوو.

### ١-٤-١: واتاداربوون

سەرەڕای ئەوەی لە بیری مۆرفیمدا، چەند سیمایەك بۆ مۆرفیم دادەنرێت، کە لەخودی پێناسەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، واتاداربوون بە گرنگترینو بەرچاوترینیان دەردەکەوێتو دەوترێت (مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٣٤١)، ئەم سیمایە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری مۆرفیمەوە، تاکو

---

٧- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (علی محمد حق شناس: ١٣٧٠: ٢٣٩ - ٢٥٠)

ئێستا، ناسراوترین، خاسیەت بووە. بەم پێیە دەبێت هەموو مۆرفیمێك واتاداربێتو سیمای سەرەکیی بوونی واتایە، چونکە دەوترێت، لەوە بچووکتر ناکرێتەوە، بێئەوەی واتای تێك بچێت.

چەند سیمایەکی تر لە مۆرفیمدا هەن، بەڵام (یەکەمین ڕەگەزی سەرەکی، کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین لەمۆرفیمدا، ڕەگەزی (واتا)یە.) (محمود السعران: ١٩٩٢: ٢١٧) بەم پێیە لە زۆربەی کارە مۆرفۆلۆژییەکاندا، لە پێکهاتەی مۆرفیمدا گرنگی بە ڕەگەزی واتا دەدرێت. ئەگەر بەوردی هەڵوەستە لەسەر ئەو مەرجە بکەین، ناشێت بیکەینە پێوەرێکی تەواو بۆ ناسینەوەی مۆرفیم، چونکە ئەوە تەنیا مۆرفیمە فەرهەنگییەکانن، کە واتایەکی ئاشکرایان هەیەو مۆرفیمە ئەرکییەکان هەست بە بوونی واتایان ناکرێت، بەڵکو بەجۆرێك (واتادارنینو واتای فەرهەنگیی سەربەخۆیان نییەو دەربڕی واتای ڕێزمانیین.) (ئەبوبکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٢٣) بەم پێیە بێت، دەبێت ئەوانە لە چوارچێوەی مۆرفیمی دووربکەونەوە. بەڵام دەشێت بڵێین، مۆرفیم خاوەنی چەمکێکە، کە لەوانەیە ئەم چەمکە واتایەکی فەرهەنگی بێت، یان چەمکێکی ڕێزمانی. سەرەڕای ئەوەش هێشتا ناوێزەیی دەکەوێتە ناو ئەم سیمایەیی مۆرفیم، چونکە لەڕوانگەی واتای فەرهەنگیشەوە، دوو جۆری مۆرفیم هەن:

**١-٤-١-١: مۆرفیمی ڕوون:** ئەوانەن کە بەئاسانی هەست بەواتاکانیان دەکەینو بەلای زۆربەی قسەکەرانەوە واتاکانیان ئاشکران. (علاءالدین طباطبائی:١٣٧٦: ١٩) وەکو:

/-ستان/ لە وشەکانی: گوڵستان، کوردستان، گۆڕستان......

/- گا/ لە وشەکانی: خوێندنگا، پەیمانگا، دادگا......

**١-٤-١-٢: مۆرفیمی لێڵ:** ئەوانەن کە واتایەکی ڕوونیان نییەو لێڵن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە زمانی دیکەوە، وەرگیراون، یان سنووری بەکارهێنانیان فراوان نییە.(هەمان سەرچاوە: ٢٠)، ئەم چەشنە مۆرفیمانە کەمترین دووبارەبوونەوەیان هەیە. وەکو:

/-اوز/ لە وشەکانی تەڕاوز، ئیشکاوز[٨]

/-ەندو/ لە وشەی دەستەندو

/-ینگە/ لە وشەی گوڵینگە

/زاڵ-/ لە وشەی زاڵبوون

/-میچ/ لە وشەی بنمیچ

هەندێ جار ئەو کۆمەڵە دەنگەی لە وشەیەك مۆرفیمنو کار لە واتا دەکەن، لە نموونەو وشەی تردا، دەنگی پێکهێنەری وشەکەن. وەکو لە وشەی (ناسك) دا دەردەکەوێت، کە لێرەدا، هەردوو دەنگی {ن}و {ا} هەمان مۆرفیمی بەندی /نا-/ی وشەکانی (ناشاد، ناخۆش، نابەلەد،........هتد) نییە، وەك چۆن هەردوو دەنگی {س} و

---

٨- ئەم دوو نموونەیە لە چاوپێکەوتنێکدا، لە (د.صباح ڕەشید قادر) وەرگیراون.

{i}و {ك} كە (سك) پێك دێنن بە واتای وشەی (زگ) نییە، لە وشەكانی وەكو: (سك چوون، سك هێشە، سك پڕ)دا. (محەمەد مەعروف و صباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٨)

جگە لەوانەی باسكران، بوونی جۆرێكی تری مۆڕفێم، بەناوی مۆڕفێمی بەتاڵ empty morpheme كەلێن دەخاتە ئەم خاسییەتەوە، چونكە ئەم چەشنە مۆڕفێمە هیچ چەمكێكی نییە، تەنیا دەركەوتەیەكی فۆنۆلۆژییە، بەوە پێناسە دەكرێت كە (خۆی هیچ مانای نییەو هیچیش بۆ مانای وشەكە زیاد ناكات، بەڵام بوونی پێویستە.) (كەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٥٧) بۆنموونە ئەو دەركەوتانەی خوارەوە بەمۆڕفێمی بەتاڵ هەژماردەكرێن، لەم نموونانەدا:

/-ە-/ لە وشەی بارەبەر

/-ر-/ لە وشەی بكەرەوە

ئەمەش بەوە چارەدەكرێت، كە ئەوانە بە مۆڕفێم هەژمارنەكەین، یان مەرج نییە هەموو مۆڕفێمێك خاوەنی چەمكو واتادار، بێت.

گرفتێكی تری سیمای واتاداربوون ئەوەیە، كە مەرج نییە، هەر مۆڕفێمێك لە هەر دەورووبەرێكدا، هەمان واتای هەبێت، بۆ نموونە گیرەكی /-یلكە/ كە یەكێكە لەو مۆڕفێمە بەندانەی چەمكی بچووككردنەوە، دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر لەم سێ نموونەیەدا بەراوردی بكەین واتای جیاوازی دەردەكەوێت:

/-یلكە/ لە وشەی جامیلكە {+ بچووكردنەوە}

لە وشەی نامیلكە {+- بچووكردنەوە}

لە وشەی چاویلكە {- بچووكردنەوە}

لەزمانی فارسیشدا، گیرەكی /-گاە/ لە زۆربەی وشەكاندا، سیمایی {+ شوێن} دەگەیەنێت، بەڵام لەهەندێ شوێندا، ئەم سیمایە دەگۆڕێت، بۆ چەمكی {+كات} وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

/-گاە/ لە وشەی دامگا، خوابگاە {+شوێن}

لە وشەی صبحگاە {+كات}

## ١-٤-٢: بوونی قاڵبی فیزیكی(بوونی فۆنەتیكی):

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی مۆڕفێم بوونی قاڵبی فیزیكییە، بەجۆرێك (هەندێ زمانەوان، دەركەوتنی فیزیاوی مۆڕفێم دەكەن بەمەرج.) (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ٧٦) واتە دەبێت بوونێكی هەستپێكراوی هەبێتو خاوەن زمان بە ئاسانی بیناسێتەوە، بەچەشنێك كە (لە یەك یان چەند فۆنیمێك پێك دێت.) (سیما وزیرنیا: ١٣٧٩: ٧١). بوونی مۆڕفێمی سفر كەلێن دەخاتە ئەو مەرجەوە، چونكە بەو چەشنەی مۆڕفێم، دەگوترێت، كە (ماناو دەوریان هەیەو قاڵبی فیزیاوییان نییە.)(وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٨١)، هەرچەندە

هەندێ لە زمانەوانانی کورد، مۆرفیمی سفر بەئەلۆمۆرف دادەنێن.(٩) لەم بارەشدا، ئەلۆمۆرف دەبێت بە سفرو قاڵبی فیزیکی نامێنێ. بەڵام لەڕاستیدا، مۆرفەکانن، دەبنە سفر، نەك خودی مۆرفێمەکەو ئەلۆمۆرفەکانی، چونکە مۆرفێم دانەیەکی ئەبستراکتە لە کاتی کۆنکرێت کردنیدا، لە هەندێ باری تایبەتیدا، دەبێت بە سفر. لە زمانی کوردیدا، بەزۆری لە چوارچێوەی مۆرفێمە بەندە ئەرکییەکانو بەتایبەتیش کلیتیکەکان، باس لە مۆرفێمی سفر دەکرێت، بەنموونەکانی وەکو کەسی سێیەمی تاك، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕدا، بۆ نموونە:

دەرچووم - دەرچووین ، دەرچوویت - دەرچوون ، دەرچووØ - دەرچوون

کەچی لەڕاستیدا لە چوارچێوەی هەردوو چەشنی مۆرفێمی بەند (فەرهەنگیو ئەرکی)دا، بوونی هەیە. بەیەکێك لەڕێگاکانی داڕشتن، دادەنرێتو پێی دەوترێت داڕشتنی سفر، کە لە زمانی کوردیدا، ڕێگایەکی ئەکتیفە.(١٠) لە زۆربەی کتێبە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی فارسیدا، باسکراوە.

زۆرجاریش، قاڵبی فیزیکی مۆرفێمەکان لە دەوروبەری جیاجیای فۆنۆلۆژیدا، وەك خۆی نامێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش ناونراوە ئەلۆمۆرف، کە قاڵبی فیزیکی مۆرفێم، دەخاتە ژێر تیشکی سەرنجەوە، بەتایبەتی کاتێك قاڵبە گۆڕاوەکە وەك فۆڕمی مۆرفیمێکی تری لێدێت. بۆ نمونە، مۆرفێمی ناساندنی /-ەکە/ لە دەوروبەری فۆنۆلۆژی جیاوازدا، ئەم ئەلۆمۆڕفانەی هەیە.




وەك دیارە، ئەم گۆڕانەی قاڵبەش، زۆرجار مۆرفێمەکە لە شێوە سەرەکییەکەی خۆی دوور دەخاتەوە و دەیکاتە، هاوبێژی مۆرفێمی تر، وەکو گۆڕانی /-ەکە/ بۆ /-ە/ هاوبێژی لەگەڵ مۆرفێمی بانگکردن، یان کلیتیکی کەسی دووەمی تاك، لەباری داخوازیدا، دروست دەکات. هەروەها گۆڕانی هەمان مۆرفێم بۆ /-ۆکە/ دەبێتە هاوبێژ لەگەڵ مۆرفێمی بچووککردنەوە. ئەم بنەمایەش لە پلەی دووەمدا دێت، بۆیە دەوترێت (سەرەکیترین بۆچوون تەریبکردنی واتاو فۆڕمە لە هەر مۆرفێمێکدا.)(Haspelmath, M. :2002: 34)

---

٩- بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦) و (کەوسەر عەزیز: ١٩٩٠)

١٠- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (١- ١٢- ٧)ی ئەم باسەو ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە.

## ١-٤-٣: دووبارەبوونەوەی لە کۆنتێکستی جیادا

بۆئەوەی هەر دەنگێك یان چەند دەنگێك بە مۆرفیم هەژماربکرێت، پێویستە توانای دووبارەبوونەوەی لە نموونەی جیاجیادا، هەبێت، بەجۆرێك (پێویستە لە دەقی جیاوازدا، بە واتاو ئەرکی تەواو یەکسان دەرکەوێت.) (والری ادمز: ١٣٨١: ٧١) ئەم خاسیەتەی مۆرفیم لە هەندێ چەشندا زۆر ڕوونو بەرچاوە، بەتایبەتی لە مۆرفیمی ئەرکی (سینتاکسی)دا، بەڵام لەمۆرفیمی فەرهەنگیدا، ئەمە کەمتر دەبێتەوە، بەجۆرێك هەندێ مۆرفیم لە دەورووبەرێکی دیاریکراودا نەبێت، دەرناکەون، لەوانە:

/-یاب/ لە وشەی نایاب

/پەیدا-/ لە وشەی پەیدابوون و پەیداکردن

/نقووم-/ لە وشەی نقووم بوون و نقووم کردن

/واز-/ لە وشەی وازهێنان

/پەك/ لە وشەی پەککەوتن

هەر کەمی دووبارەبوونەوەکەشیان، وادەکات، کە واتاو چەمکێکی ڕوونیان نەبێت. بەپێی ئەم مەرجە بێت، ئەمانەی سەرەوە پلەی مۆرفیمییان نییە، چونکە دەوترێت (نیشانەی مۆرفیم بوونی هەر دانەیەکی زمانیی ئەوەیە کە بتوانێت، لە ڕۆنانی تردا بەکاربهێنرێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٨) ئەمانەش ناتوانن لەڕۆنانی تردا بەشداری چالاکییان هەبێت.

لێرەدا، دەتوانین بڵێین، یەکێك لە سیماکانی مۆرفیم دووبارەبوونەوەیە، بەڵام ناشێت بکرێتە مەرجێکی بنەڕەتیو نەگۆڕ بۆ هەموو مۆرفێمێك. لەم ڕووەشەوە مۆرفێمەکان لە هەمان پلەو ئاستدا نین، هەندێکیان زۆر دووبارە دەبنەوەو هەندێکیان بەدەگمەن.

## ١-٤-٤: کەرتنەبوون

لە زۆربەی پێناسەکانی مۆرفێمدا، سیمایەك جێی دەکرێتەوە، کە بریتییە لە کەرتنەبوون، بەجۆرێك دەوترێت (بچووکترین پارچەی واتاداری وشەنو ناکرێت بچووکتر بکرێنەوەو مانا ببەخشن.)(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٣٤)، کەواتە یەکەیەکی پێکەوە بەستراوە، بەڵام زۆرجار، هەندێ مۆرفیم دێنە پێش چاو، کە وەك یەك فۆرم دەردەکەوێت، بەڵام دەشێت، ببنە دوو مۆرفیم. ئەمەش ناکرێت بە سیمایەکی سەرەکیو هەموو مۆرفێمێکی پێبناسرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر مەرجەکانی دیکەی بەمۆرفیم بوونی هەر دانەیەکی زمانی لەبەرچاو نەگرین. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ مۆرفێم هەن، بەناسادە هەژماردەکرێنو ڕێگەی کەرتبوونیان هەیە، لەوانە (/-کەلە/،

/-كیله/، /-یلكه/، جێگای سەرنجە ئەو كۆمەڵە مۆڕفێمە ناسادەن.)(شیركۆ حمەئەمین: ۲۰۰۲: ٥٨) بە نموونە لە وشەی (سوركەلە)دا




بەم پێیە مۆڕفیمی /-كەلە/ دەتوانرێت، كەرت بكرێت، بۆ هەردوو مۆڕفێمی /-كە/، /-لە/ كە چەمكی هەریەكەیان لە مۆڕفێمە كەرتكراوەكەدا هەیە، كە چەمكی (بچووككردنەوە)یە. ئەم شیكردنەوەیە، دەمانگەیەنێتە سەر ئەو ڕایەی كە مەرج نییە، هەموو مۆڕفێمێك، كەرت نەكرێت بۆ پارچەی بچووكتر، چونكە ئەوە مۆڕفێمێكە كراوە بە دوو مۆڕفێم، بەڵام لەسەر وشەكە بە یەك مۆڕفێم هەژماردەكرێت، نەك بەدوو مۆڕفێم. هەروەها لەم نموونانەشدا ئەمە باشتر ڕوون دەبێتەوە:

پاشایەتی = پاشایی /-ایەتی/ = /-ی/

دەرەبەگایەتی = دەرەبەگی /-ایەتی/ = /-ی/

كوێخایەتی = كوێخایی /-ایەتی/ = /-ی/

گۆڕانی یان كەرتبوونی مۆڕفێمی /-ایەتی/ بۆ /-ی/ بێئەوەی هیچ گۆڕانێكی واتایی دروست بكات، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە هەندێ، مۆڕفێم ڕێگە بەكەرتبوونو كورتبوونەوەیان دەدەن، هەروەها لە ئەلۆمۆڕفی هەندێ مۆڕفێمدا، ئەمە بەڕوونی هەست پێدەكرێت، وەكو گۆڕانی /-ێك/ی نەناسیاری بۆ /-ێ/، یان كەرتبوونی /-ەكە/ی ناساندن بۆ /-ە/ لەم دو نموونەیەدا:

پیاوێك = پیاوێ /-ێك/ = /-ێ/

ژنەكە = ژنە /-ەكە/ = /-ە/

ئەم دیاردەیە، لە چوارچێوەی مۆڕفێمەكانی زمانی فارسیشدا، هەستی پێدەكرێت، بۆ نموونە (مۆڕفێمی (انە) پاشگرێكی لێكدراوە، لە (ان)ی نسبت + (ە)ی نسبەت، كە وەكو هەر پاشگرێكی تر بە تەنیاو پێكەوەش بە وشەوە، دەلكێن.)(مصطفی مقرّبی: ١٣٧٥: ١٠٦)، هەروەها مۆڕفێمی /-انی/یش هەمان تایبەتمەندی تێدا دەبینرێت، بەنموونە:



نموونەکانی لەچەشنی (سرانە، خموشانە، دانشمندانە، پسرانە، دخترانە........) دەشێت بەهەمان شێوەی نموونەکەی سەرەوە شیبکرێنەوە.

ئەم چەشنە مۆرفێمە لەزمانی فارسیدا بۆ دروستکردنی ناوی ئەبستراکتو ئاوڵناو زۆر چالاکەو خالێکی هاوبەشە، لەنێوان هەردوو زمانەکەدا.

بەگوێرەی ئەو ڕوونکردنەوانەی لەگەڵ هەریەك لەسیماکاندا خرانەڕوو، ڕوون دەبێتەوە، کە مۆرفێم بەشێوەکی گشتی هەڵگری ئەو سیمایانە، کە لەڕێگەیانەوە مۆرفێم دەناسرێتەوەو سنوورەکەی دیاری دەکرێت. لە ڕووی پلەبەندکردنیشیانەوە، چەمكو واتا لەزۆربەی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا پلەی پێشەوەی دراوەتێ.[11] ئینجا مەرجەکانی دووبارەبوونەوەو، بوونی قاڵبی فیزیکیو کەرتنەبوون. ئێمەش دەڵێین هەر مۆرفێك بۆ ئەوەی پلەی مۆرفێم بوونی هەبێت، پێویستە بەشێوەکی گشتی ئەو سیمایانەی تێدا بێت، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن. بەڵام دەشێت ناوێزەیی بکەوێتە هەریەك لە سیماکان، کە لە هەندێ مۆرفێمو باردا نەبینرێن. وەکو نەبوونی قاڵبی فیزیکی لە مۆرفێمی سفرداو نەبوونی چەمكو واتا لە مۆرفێمی بەتاڵداو بینینی هەندێ مۆرفێم لە تەنیا چەند دەورووبەرێکی تایبەتدا. ئەمانەو چەند کێماسیەکی تر.

لە ڕووی پلەبەندکردنی سیماکانەوە، دەشێت شێوازێکی بازنەییان، پێبدرێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی هەموویان پێکەوە، دەردەکەون، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە هەموو مۆرفێمێك، پێویستە چەمکێکی تایبەتی خۆی هەبێت.

## ١-٥: تێکەڵبوونی سنووری مۆرفێمەکان

بەرلەوەی لە جیاوازی نێوان مۆرفێمە بەندەکان بدوێین، ئاماژە بە تێکەڵبوونی سنووری نێوان هەردوو جۆری مۆرفێمی بەندی فەرهەنگیو ئەرکی دەکەین، کە مەبەستمان دەرکەوتنی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییە، بەدوو چەمكو واتای جیاوازەوە، کە زۆرجار جیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت، هەربۆیە، (ئارۆنۆف) باوەڕی وایە کە (جیاکردنەوەی ئەم چەشنە مۆرفێمانە کارێکی زۆر ناسکەو هەندێ جاریش ئاڵۆزە.)(Aronoff: 1981: 2) ئەم جۆرە تێکەڵاوبوونەش دەشێت، لە ڕێگەی دەوروبەرەوە، یان هێزەوە جیاکردنەوەیان بۆ بکرێت. بۆ نموونە لە وشەی (هاتن)دا:

ن١ = مۆرفێمی فەرهەنگی

/-ن/

ن٢ = مۆرفێمی ڕێزمانی

---

١١- تەنیا لە کارەکەی دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر دا، نەبێ بەناونیشانی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی)، کە دوا پلە دراوە بە واتا.

هەمان فۆرم بە دوو جۆری مۆرفیم لێك دەدرێتەوە، لەباری یەکەمدا، لەفەرهەنگدا تۆماردەکرێت، بەم پێیە دەبێتە مۆرفیمی فەرهەنگیو بەشداری لە دارشتنی وشەکەدا دەکات. لەباری دووەمدا ئەرکێکی سینتاکسی دەبینێتو دەبێتە مۆرفیمی بەندی ئەرکیی، نووسەك (کلیتیك). هەروەها مۆرفیمی بەندی /نا-/ بەهەردوو شێوەی مۆرفیمی ئەرکیو فەرهەنگی دەردەکەوێتو لە هەردوو بارەکەشدا هەمان چەمکی هەیە، کە (ناکردن)ە، وەکو:

/نا-/ ←

(١) ناچم، نارۆم، ناخۆم.................

(٢) ناخۆش، ناشاد، ناپاك...................

لەهەردوو بارەکەدا مۆرفیمی /نا-/ هەمان چەمکیان هەیە (ناکردن)، بەڵام واتاو ئەرکەکەیان جیاوازە، لەباری یەکەمدا، وەك ئەرکێکی سینتاکسی کاردەکات، تەنیا لەگەڵ کاری ڕانەبردوو دەردەکەوێت، کە لەم کاتەشدا دوو چەمکی لە خۆدا کۆکردۆتەوە، (نەرێکردن)، (نیشانەی کاتی ڕانەبردوو). لەباری دووەمدا، وەك مۆرفیمێکی فەرهەنگی کاردەکات، لە وشەنامەشدا بەهەمان فۆرمەوە، تۆمار دەکرێت. بەزۆری بۆ دارشتنی ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێت. ئەمە لە ئاستی سیمانتیکیدا، بە هاوبێژی لە چوارچێوەی گیرەکەکاندا، لێك دەدرێتەوە، چونکە مۆرفیمی بەندیش وەك هەر دانەیەکی تری واتایی، دەشێ لەو چوارچێوەیەدا، پەیوەندییە واتاییەکانی وەکو، هاوواتاو فرەواتاو هاوبێژو....هتد تێدا دیاریبکرێت.[١٢]

لەلایەکی ترەوە، هەندێ لە مۆرفیمەکان بە تێپەڕبوونی کات، دەتوانن چەشنی خۆیان بگۆڕن، بە واتای ئەوەی لە پۆلێکەوە بچنە پۆلێکی تر، بۆ نموونە مۆرفیمی ئەرکی دەتوانێت ببێت بە بەشێك لە وشەکەو بچێتە ناو واتای فەرهەنگییەوە. زۆرجاریش دەبێتە بەشێك لەوشەکە و لێی جیا نابێتەوە، وەکو:

بناوان » بن + او + /-ان/

موسڵمان » موسلم + /-ان/

ئێسقان » ئێسق + /-ان/[١٣]

لەم نموونانەدا، هەست دەکەین، کە مۆرفیمی /-ان/ بە تێپەڕبوونی کات، بووە بە بەشێك لە وشەکەو نەك وەکو مۆرفیمی وشەدارێژ، دەچنە سەر وشەکە، کەواتە ئەمانە کە پێشتر مۆرفیمی بەند بوونە ئێستا مەیلی ئەوەیان تێدایە، ببنە بەشێکی پێکهێنەری وشەکە.

---

١٢- بۆ زانیاری تەواو، لە بارەی پەیوەندییە واتاییەکان لە چوارچێوەی مۆرفیمی بەندا، بڕوانە: (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠)، (شیروان حوسێن: ٢٠١١).

١٣- لەهەندێ ناوچەدا تاکو ئێستا /-ان/ وەکو مۆرفیمی سینتاکسی مامەڵە دەکاتو سیمای سەرەکی خۆی ون نەکردووە، لەوانە، باڵەکایەتیو موکریانو خۆشناوەتی.....هتد. بەنموونە دەگوترێت:

- ئێسکەکەم لەپێش سەی دانا.(تاك) - ئێسکان لەپێش سەی دادەنێم.(کۆ)

هەندێجار تێکەڵبوونی سنووری مۆڕفێمەکان، (لە نێوان مۆڕفێمی سەربەخۆو بەند دا، ڕوودەدات. بەجۆرێك هەندێ فۆڕمی زمانی بە هەردوو شێوە دەردەکەون، واتە هەمان فۆڕم بەشێوەی وشەی سەربەخۆ بە شێوەی مۆڕفێمی بەند هەیە.) (Coates, F. :1999: 3) بەنموونە هەریەك لە وشەکانی (زار، گەل، گا،......هتد) لە زمانی کوردیدا، بەهەردوو جۆرەکەی دەبینرێن، بەڵام زۆرجار لە یەکێکیاندا، چالاکتر دەبێتو بەرەو یەکێکیان دەڕوات. (پیشبینی ئەوە دەکرێت، کە هەردوو وشەی (خانە)، (گەل) مەیلی بوونە مۆڕفێمی بەندیان هەبێت.) (بەکر عمر علیو عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١١: ٣١) بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| **زار**جوو(م.س) | گوڵ**زار**(م.ب) |
| **گەلی** کورد(م.س) | گا**گەل**(م.ب) |
| **گا**گەل(م.س) | داد**گا**(م.ب) |
| **خانەی** وەرگێڕان(م.س) | کتێب**خانە**(م.ب) |

هەندێ وشەی خوازراو(وەرگیراو) لەزمانی ترەوە، کاتێك دێنە، ناو زمانی کوردییەوە، بەمۆڕفێمی ڕێزمانییەوە، دێن. بەڵام لەناو زمانەکەدا، مۆڕفێمە ڕێزمانییەکە دەگۆڕێت، بۆ بەشێکی فەرهەنگی وشەکەو لێی جیانابێتەوەو چەمکە ڕێزمانییەکەی لە دەست دەدات[١٤] بۆ نموونە مۆڕفێمی کۆی زمانی عەرەبی، (-ات)، کە لە زمانی کوردیدا، بەکاردەهێنرێت، وەکو:

**حلویات، شەکەرات، مرتبات تسجیلات...........هتد**

هەندێجار تێکەڵبوونی سنووری مۆڕفێمەکان، تەنیا لەنێوان ئەم دوو جۆرەی مۆڕفێمەدا نییە، بەڵکو لە نێوان نووسەكو گیرەکەکانیشدا، ئەم دیاردەیە دەبینرێت. ئەگەر (سیمایی {+جووڵەو جێگۆڕکێ} بکرێتە پێوەر بۆ ناسینەوەی نووسەك)[١٥] ئەوا هەندێ گیرەکی ڕێزمانیش ئەو توانایەیان تێدایە، کەواتە بەو پێیەش بێت، ئەم دوو چەشنەش تێکەڵ بەیەکتری دەبن، بۆ نموونە:

- هەڵ**م** بژارد.
- نوێنەرەکە**م** هەڵبژارد.
- نوێنەرە دڵسۆزەکە**م** هەڵبژارد.

/-م/ لەبەرئەوەی توانای جێگۆڕکێی هەیە، ناونراوە نووسەك، بەڵام /-ەکە/ کە گیرەکێکی ڕێزمانییە، دەتوانێت ئاڵوگۆڕی لە شوێنی خۆی بکاتو هەر پێشی دەوترێت، گیرەك، نەك نووسەك، کەچی لەم سیمایەدا، هەردوکیان هاوبەشن، بۆ نموونە:

- کتێب**ەکەم** خوێندەوە.

---

١٤- وانەی مۆڕفۆلۆژی، پ. د. فاروق عومەر، دکتۆرای زمانی کوردی، کۆرسی یەکەم، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠- ٢٠١١.

١٥- وانەی سینتاکس، پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، دکتۆرای زمانی کوردی، زانکۆی سۆران، ٢٠٠٩- ٢٠١٠.

- کتێبە باشـ**ەکە**م خوێندەوە.
- کتێبە کۆنو دەگمەنـ**ەکە**م خوێندەوە.

بەم پێیە /-ەکە/ش دەبێت، کلیتیك، بێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا، جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەوەیە، کە ئەم گیرەکە ڕێزمانییە ناتوانێت، لەهەموو جێگەیەکدا، یان لەهەموو بارێکی ڕێزمانییدا شوێنی خۆی بگۆڕێت، بۆیە دەشێت ناوی بنێین (subclitic) واتە نووسەك ئاسا، لەبەرئەوەی نە بەتەواوی سیماکانی گیرەکی تێدایە، نە سیماکانی نووسەکیش.

سنووری مۆرفێمەکانیش، بەهێڵێکی زۆر تۆکمە نەکێشراوە، بۆیە زۆرجار جۆرو چەشنە جیاوازەکانی مۆرفێم تێکەڵ دەبن. ئەو سیما جیاکەرەوانەش، کە دیاریی دەکرێن، بۆ هەر جۆرێکی مۆرفێم، ناوێزەییان تێدەکەوێت، دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی سنوورەکانیان.

## ١-٦: ئاوێتەبوون لە چەمکی مۆرفێمدا

لێرەدا، هەڵوەستە لەسەر فۆرمی ئەو مۆرفێمانە دەکەین، کە لەهەمان دەورووبەرو دەربڕیندا و بەهەمان شێوە فۆنەتیکییەکەی خۆیان، زیاتر لە چەمکێك لە خۆیاندا، هەڵدەگرن. بەزۆری بۆ هەر مۆرفێمێك یەك چەمك باسی لێوە دەکرێت وەك لە ڕێزمانی دێریندا، هاتووە کە (بۆ هەر ڕووکارێکی زمانی هاوتایەکی وردی مانایيان داناوەو ئەو ڕووکارە زمانییە هەمیشە بەدەربڕو درکێنەری ئەو مانایە دەزانن.)(محەمەد ڕەزای باتینی: ١٩٩٣: ٢٩) کەواتە هەر مۆرفیمێك واتا، یان چەمکێکی دەبێت، یەك بەرانبەر یەك دەوەستێت، بەڵام زۆرجار ئەمە بۆ بوونی یەکەی هاوواتاو فرەواتاو هاوبێژ، ناگونجێت، کە لە هەریەکەیاندا، فۆڕمێك بەرانبەر واتایەك ناوەستێت. ئەگەرچی لە هەریەکێك لەمانەدا، دەورووبەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەدیاریکردنی واتای ئەو ڕووکارە، بەڵام لە چوارچێوەی مۆرفێمی بەندا، هەندێ لەمۆرفێمەکان، لەهەمان دەورووبەری بەکارهێنراویشدا، زیاتر لە چەمکێك پێشان دەدەن، لە زوربەی زمانەکاندا هەستی پی دەکرێت بە نموونە: (لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕستەیەکی وەکو: (sam lives in london) (s) چەمکی کات (ڕانەبردوو)، ژمارە (کەسی سێیەمی تاك) پیشان دەدات.) (Katamba, Stonham: 2006: 53) لە زمانی کوردیشدا وەکو مۆرفێمی /نا-/ و /مە-/ لەم نموونانەی خوارەوەدا:



هەرچەندە، هەندێ لە زمانەوانان پێیان وایە، لەم چەشنە، حاڵەتانەدا، مۆرفێمی کات لەناو ڕەگی کاردا، دەتوێتەوە،[١٦] بەڵام ئەم مۆرفێمی ڕەگە بەهەمان فۆرم بەشدارە لە دروستکردنی چەندین وشەی فەرهەنگی، کە هیچ چەمکێکی کاتیان تێدا نییە، وەکو ڕەگی (نووس)، لە وشەکانی وەکو:

نووسەر، نووسراو، ڕەش نووس، دەست نووس، تیانووس، دادنووس..........∞

زۆرجاریش چەمکە ئاوێتەبووەکانی ئەم جۆرە مۆرفێمانە شیدەکرێتەوە. بۆ نموونە، دەوترێت (فۆرمی (مە-) پێکهاتووە لە مۆرفێمی (مـ-)ی ناکردن، کە پێچەوانەی مۆرفێمی (بـ-)یە، لەگەڵ (-ە-)ی کاتی ئێستا.) (عبدالله حسێن ڕەسول: ١٩٩٦: ١٨٤) ئەمەش هەمووکاتێ بە تەواوی ناگونجێ، چونکە، ئەگەر /بـ-/ فەرمان بە ئەرێ بکاتو /مـ-/ فەرمان بە نەرێ بکات، ئەوکات مۆرفێمی دەربڕی (فەرماندان) چی دەبێت، یان ئەوەتا دەبێت بڵێین، ئەویش دوو چەمکی تێدا تواوەتەوە، کە بریتین لە چەمکی فەرماندانو چەمکی (ئەرێ/نەرێ)، چونکە دەوترێت، فەرماندانی ئەرێ/نەرێ. لەئەنجامیشدا، مۆرفیمێکی وەکو /-مە/ سێ چەمك لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو ئاوێتەی یەکتردەبن.




ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە لە باری ئەرێدا (/بـ-/) چەمکی کات بووە، بە مۆرفێمی سفر، ئەگەر /-ە/ ئەو چەمکەی گەیاندبێت. لەهەندێ باریشدا، مۆرفێمی /بـ-/ دەتوانێت ببێت، بە سفرو دەرنەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەرهاتوو کارەکە لەڕووی ڕۆنانەوە، ناسادەبوو، وەکو: (هەڵبگرە » هەڵگرە، دابنیشە » دانیشە، دروست بکە » دروست کە،...........∞) لەم حاڵەتەشدا، کۆی ئەو چەمکانەی کە لەچوارچێوەی ئەم فۆرمەدا تواونەتەوە، بە مۆرفێمی سفر دەگەیەنرێن. کەواتە دەکرێت ئاوێتەبوونی چەمکی مۆرفێم لە ئاستی مۆرفێمی سفریشدا، بوونی هەبێت.

زۆرێك لە زمانەوانان ئەمە لە خانەی کەموکوڕییەکانی بیری مۆرفێم دادەنێن، بەڵام وەك دیاردەیەك بوونی هەیە، و لێکدانەوەی خۆی دەوێت، بەشێوەیەك (هەست دەکرێت، کە هەندێك مۆرفێم زیاتر لەواتایەکیان لەناو بۆتەی خۆیاندا تواندۆتەوە، واتە هەندێ مۆرفێم برتییە لە کۆی چەند واتایەك.) (کەوسەر عەزیز: ١٩٩٠: ٥٤) بەڵام دروستتر وایە، بڵێین چەند چەمکێك لە قاڵبی یەك مۆرفێمدا دەتوێنەوە، چونکە ئەگەر بەواتا لێکی بدەینەوە، دەچێتە خانەی فرەواتاییو هاوبێژی، لە ئاستی مۆرفێمدا، کە هەرچەندە ئەم دوو دیاردەیەش — ئاوێتەبوونی چەمكو فرەواتاییو هاوبێژی- لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن. هاوبێژیو فرەواتاییو دژواتاییو

١٦- بە نموونە بڕوانە: (کەوسەر عزیز: ١٩٩٠: ٥٥)

لیلّی، (که له دهرهوهی سیاقدا دروست دهبن، ئێمه به پێی سیاقهکه دهزانیین کام مانای مهبهسته.) (صباح ڕشید قادر: ۲۰۰۰: ٤٥) بهلاّم له ئاوێتهبووندا، زیاتر له ههمان دهوروبهری بهکارهێنراودا واتاکان دهردهکهون. بۆ نموونه مۆرفیمی بهندی /-ێ/ مۆرفیمێکی هاوبێژهو ههشت چهمكو واتای جیاجیای ههیه،[۱۷] لێڵه، بهلاّم کاتێك دهچێته دهوروبهری جیاوازهوه، واتاکهی ڕوون دهبێتهوه. وهکو:

شهوێ، بههارێ، زستانێ.........∞ به واتای ئاوهڵکاری کاتی

خوشکێ، پورێ، کچێ...........∞ بهواتای بانگکردن

کهواته له دهوروبهری بهکارهێنراودا، واتاکهی ڕوون دهبێتهوه. بهلاّم مۆرفیمی /ده-/ و کلیتیکی /-م/ لهههمان دهوروبهردا چهند واتاو چهمکێکیان تێدا دهتوێتهوه.




ئاوێتهبوون، بهزۆری له چوارچێوهی مۆرفیمه ڕێزمانییهکاندا، دهبینرێت، چهند چهمکێکی ڕێزمانی له قالّبێکدا، ئاوێته دهبنو بهیهك فۆڕمو لهیهك کاتدا دهگهیهنرێن. بهلاّم فرهواتاییو هاوبێژی زیاتر لهچوارچێوهی مۆرفیمه فهرههنگییهکاندا دهردهکهوێت.

گروپێکی تر، لهو مۆرفیمه بهندانهی که زۆرترین، بواریان ههیه، بۆ توانهوهی چهند ئهرکێك تیایاندا، کلیتیکه کهسییهکانن، بهجۆرێك که ههریهکهیان، زیاتر له ئهرکێکی تێدا تواوهتهوه، وهك لهم نموونانهی خوارهوهدا پیشان دراون:




له ههریهکێك لهم نموونانهدا، زیاتر له چهمکێك به فۆڕمێك گهیهنراوه، که ههلاّوێرکردنو جیاکردنهوهیان، ئهستهمهو نهکراویشه. ههرچهنده بهسفرکردنی ئهرکهکانیش بوونی ههبێت، هێشتا چارهسهری ناکرێت، چونکه چهمکهکان بهشێوهیهکی بههێز ئاوێتهبوون. وهنهبێت، ئهم دیاردهیه تهنیا له چوارچێوهی مۆرفیمه بهندهکاندا، ههبێت. بهڵکو مۆرفیمه سهربهخۆکانیش -بهتایبهتی ئهرکییهکان-، زۆرجار زیاتر له چهمکێکیان تێدا دهتوێتهوه. بۆ نموونه جێناوه سهربهخۆکان، بهگروپه جیاوازهکانیانهوه، وهکو:

---

۱۷- بۆ ههریهك لهم چهمكو واتایانهی ئهم مۆرفیمه بهنده بڕوانه: (صباح ڕشید قادر: ۲۰۰۰: ۲٤و ۲٥)




هەریەك لەو چەمکانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی، لەگەڵ جێناودا، دەمێنێتەوە، بەڵام، کە چووە نێو پێکهاتەی سینتاکسیەوە، ئەرکێکی ڕێزمانیشی بۆ زیاد دەبێت. بۆنموونە:




دەشێ ئەو چەمکانەی لە نێو یەك فۆڕمدا، ئاوێتەدەبن، گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەتایبەتی، لە کلیتیکەکاندا. بۆ نموونە دەکرێت، چەمکی خۆیەتی بەجێناوێکی لکاو پیشان، بدرێت، ((لەزمانی کوردیدا، جێناوی لکاو لە هەموو ڕێگاکانی تر، زیاتر بەکاردێت بۆ دەربڕینی خۆیەتی.)) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٧) سەرباری ئەوەی کە چەمکەکانی تریشی لەگەڵدا، دەمێنێتەوە. وەکو:




لێرەدا چەمکی (ڕێککەوتن) نەماوە، چونکە چەمکی خۆیەتی، پیشان دەداتو دەبێتە جێگرەوەی ئەم چەمکە. ڕێککەوتن دەکەوێتە نێوان فرێزی (ددانم)و فرێزی کاری ڕستەکە. بەم پێیە دەشێت ئەو ئەرکانەی ئاوێتە دەبن، گۆڕانیان تێدا ڕوودات. هەموو ئەوانەی باسکران، وەنەبێ تەنیا لەزمانی کوردیدا هەبن، بەڵکو زمانی فارسیش خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە، وەکو:




## ١-٧: ئەلۆمۆڕفو هۆیەکانی پەیدابوونی

هەندێ لە مۆڕفێمەکان، لە گەیاندنی چەمكو ئەرکەکانیان فۆڕمی جێگیرو نەگۆڕیان نییە، بەڵکو بەپێی دەورووبەرە جیاوازەکان، شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەڵام هەمان چەمكو مەبەست دەگەیەنن. ئەم دیاردەیەش ناونراوە، ئەلۆمۆڕف، کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیشدا بوونی هەیەو پێی دەوترێت، ئەلۆفۆن.

لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، (یەکێك لەگرفتەکانی بیری مۆرفێم ئەوەیە، کە ئەو دانە زمانییە هەمیشە شێوەیەکی نەگۆڕی نییە.) (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ١٥٥) ئەمەش وادەکات، گرفتێك لەنێوان فۆڕمو چەمکی مۆرفێمەکە دروست بێت.

لای هەندێ زمانەوانیش، ئەلۆمۆرف دەخرێتە چوارچێوەی جۆرەکانی مۆرفێمەوەو دەگوترێت (کاتێك قسە لەبارەی مۆرفێمو جۆرەکانی دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەجۆرێکیان بدەین بەناوی ئەلۆمۆرف (شێوەمۆرف تکواژگونە).) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٨٠) بەزۆریش دەخرێتە چوارچێوەی مۆرفێمی بەند، چونکە زیاتر ئەم دیاردەیە لە چوارچێوەی ئەم چەشنە مۆرفێمەدا دەبینرێت.

ئەلۆمۆرف، فۆڕمێکی فۆنۆلۆژی جیاوازە، لە فۆڕمە سەرەکییەکەی مۆرفێم خۆی، چونکە (هەندێك جار، مۆرفیمێك تەنیا یەك فۆڕمی فۆنۆلۆژی هەیە. بەڵام زۆرجاریش چەند فۆڕمێکی گۆڕدراوی هەن، کە بەئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفێمە ناسراون.) (Aitchison: 1993: 56) بەڵام دەبێت لێرەدا هەڵوەستە لەسەر خاڵێك بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە ئەلۆمۆرف، شێوەی مۆرفەکانە، نەك مۆرفێم، وەك لەناونانەکەشیدا دیارە. واتە دەکرێت لە چوارچێوەی مۆرفدا، ئەلۆمۆرفی هەر مۆرفێمێك بناسینەوەو دیارییانبکەین. چونکە لەکاتی کۆنکرێت کردنی مۆرفێمەکە، پەیدادەبێت، بەشێوەی ئەبستراکتیو لەمێشکدا هیچ مۆرفێمێك ئەلۆمۆرفی نییە. بەجۆرێك (ئەگەر هاتوو دوو مۆرفێم هەمان واتایان هەڵگرتبوو، بەڵام لە شوێنی جیاواز بەکارهاتن، ئەوا پێیان دەوترێت ئەلۆمۆرفی یەك مۆرفێم.) (ماریو پای: ١٩٩٨: ١٢٧) کەواتە بەکارهێنانو دەورووبەر ئەلۆمۆرفی هەر مۆرفێمێك، دروست دەکات. بۆنموونە /-ەکە/ مۆرفێمێکە بۆ ناساندن بەکاردێت، بەڵام کاتێك کۆنکرێت دەکرێتو دێتە دونیای بەکارهێنان، شێوە سەرەکییەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆ هەندێ شێوەی نزیك لەخۆی، لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکدا — دواتر ڕوون دەکرێنەوە — وەك لەم شێوەیەدا پیشان دراوە:

/-ەکە/ ←
/-ەك/ کوڕەکان
/-کە/ چراکە
/-یەکە/ کانییەکە
/-ۆکە/ خانۆکە
/-ێکە/ قاپێکە
/-ك-/ براکان
/-ە/ پیاوە
/-یەك/ مامۆستایەکان

لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە، کە لەنێو ئەو شێوە مۆرفانەدا، بۆچی یەکێکیان دەبێت بەمۆرفیمو ئەوانی تر ئەو پلەیەیان نادرێتێ؟ بۆ نموونە بۆچی لەنێو هەموو شێوەکانی سەرەوەی مۆرفێمی

ناساندندا، /-ەکە/ دەبێت بەمۆرفیم. هەندێکیان بوونی هەریەك لە فۆرمە گۆڕاوەکان، لەناو مۆرفە سەرەکییەکە بەمەرج دادەنێن، بەڵام ئەمەش لە هەموو بارێکدا دروست نییە، چونکە هەندێك لە ئەلۆمۆرفەکانی /-ەکە/ لە پێکهاتەی مۆرفیمەکەدا نین. وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە لە ڕێگەی ئامارەوە بەدەست دەهێنرێت، چونکە بەپێی ئامار دەردەکەوێت، ئەو فۆرمەی دەبێت بە مۆرفیم لە هەموویان زیاتر بەکاردێتو زۆرترین ڕێژەی لێدەبینرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر. هەروەها تارادەیەکیش شێوەکانی تر لەخۆی دەگرێت. ئەمەش لەئەنجامی وەرگرتنی زیاتر لە (١٥٠) ناو و ناساندنیان بە مۆرفیمی بەند ئەو ڕاستییە دەرکەوت، کە نیوە زیاتریانو نزیکەی (٩٠)یان بە /-ەکە/ ناسێنرانو ئەوانی تر بە ئەلۆمۆرفی تر.[١٨]

لە دروستبوونی هەر ئەلۆمۆرفێکدا، هۆکارێك هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ لایەنی فۆنۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بەڵام تاکە هۆکار نییە. بۆیە لێرەدا، بەکورتی لە هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف دەدوێینو بەپێی گرنگییان ڕیزیان دەکەین.

## ١-٧-١: هۆکاری فۆنۆلۆژی

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئاستی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیدا هەیە، بۆیە بوونی بەشی هەرە زۆری ئەلۆمۆرفەکان بۆ دیاردەی فۆنۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە (بوونی جیاوازی لە دەربڕیندا/ دانپێداناندا/ تەلەفوز Pronounciation ببینرێت، بەمەش ئەلۆمۆرفەکان دروست دەبن، زمانەوانان لەڕێگەیانەوە یاسای مۆرفۆلۆژی پەسنیان دەکەن، کە هۆهاندەرو بزوێنەرەکانیان لەبنجو بناواندا فۆنەتیکین.) (**محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٨**) بەم پێیە جیاوازی لە دەربڕینی مۆرفیمێکدا، کە بەهۆی دەنگەکانی دەوروبەرییەوە دروست دەبێت، دەبێتە فاکتەری سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرف. ئەوانەی لەزمانی کوردیشدا بەئەلۆمۆرف دیاریکراون، بەزۆری بەو هۆکارە دروست بوون. بەتایبەتی (لەزمانی کوردیدا، شێوەی مۆرفیم لەڕێگەی تێچوونی بزوێن یاخود پەیدابوونی نیمچەبزوێنەوە دروست بووە، کە ئەویش هۆی فۆنەتیکییە.) (**ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣٥**) وەکو ئەلۆمۆرفەکانی ناسیاریو نەناسیاری، بەشێك لە ئەلۆمۆرفەکانی کۆکردنەوە، لە زمانی کوردیدا، بۆنموونە:

/-یەکە/(ناسیاری) ، /کە/(ناسیاری) ئەگەر دەنگی کۆتایی بزوین بێت، وەکو: چرایەکە، چراکە دۆیەکە.....∞

/یەك/(نەناسیاری) ئەگەر دەنگی کۆتایی بزوین بێت، وەکو: چرایەك، دێیەك............∞

/-یان/(کۆ) ئەگەر دەنگی کۆتایی بزوین بێت، وەکو: چرایان، مامۆستایان........∞

---

١٨- بۆ زانیاری تەواو و بینینی ئەو خشتەیە بڕوانە بەشی سێیەمی لە (٣-١-١)دا.

## ١-٧-٢: هۆکاری ڕێزمانی

زۆرجاریش شێوەی مۆرفیمەکان بەپێی ئەو شوێنەی لە پێکهاتەی ڕێزمانییدا، دەیگرن، یان لە ئەنجامی بەدوایەکدا هاتنی مۆرفیمەکان لە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیدا، دەگۆڕێت، چونکە (مۆرفیم دەتوانێت بەهۆکاری دەنگیی، یان ڕێزمانی لە چوارچێوەی خۆیدا، بگۆڕێت.) (محمد ضیاء حسینی: ١٣٨٩: ١٠)و بەشێوەی جیاجیا خۆی پیشان دەدات بەمەش ئەلۆمۆرفێکی تر، بۆ مۆرفیمەکە بە هەمان چەمكو واتاوە زیاد دەبێت. وەکو پێکەوەهاتنی هەردوو حاڵەتی ناساندنو کۆکردنەوە لەزمانی کوردیدا، شێوە مۆرفیمێکی وەکو: /-ەك/و /-ك/ بۆ ناساندن دروست دەکات. بۆ نموونە:

قەڵەمەکان قەڵەم + /-ەك/(ناساندن) + /-ان/(کۆکردنەوە)

مامۆستاکان مامۆستا + /-ك/(ناساندن) + /-ان/(کۆکردنەوە)

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لێرەشدا، گۆڕانەکان هەر لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ڕوویانداوە، دیاردەی تێچوونی دەنگ لە مۆرفیمێکی ناساندندا پەیدابووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی لە سەرهەڵدانی خودی دیاردەکەش، هۆکاری ڕێزمانیو بەدوایەکدا هاتنی مۆرفیمەکانە. بە بەراورد لەگەڵ هۆکاری یەکەم تاڕادەیەك کاریگەری کەمترەو زۆر کارا نییە.

## ١-٧-٣: هۆکاری دیالێکتی

زۆرجار شێوەی مۆرفیمێك لە زارێك یان گۆڤەرێکی تر، دەگۆڕێت. دواتر بۆ ناو زارەکانی تر دەگوازرێتەوەو زمانەوانیش بەئەلۆمۆرفی دادەنێن، بۆ نموونە بوونی (هەردوو ئەلۆمۆرفی (/-ۆکە/ و /-ێکە/)ی مۆرفێمی ناساندن، لە شێوەزاری سلێمانیدا) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٥) و نەبوونیان لەزمانی نووسینو شێوەزارەکانی تر، بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە. هەروەها (بوونی ئەلۆمۆرفی /-ەك/ بۆ نەناسیاری لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا) (نەبەز فەتاح بابکر: ٢٠٠٩: ٣٧) هەر پەیوەستە بەهەمان هۆکارەوە، بۆنموونە:

/-ەك/(نەناسیاری) کوڕەك، کچەك، پیاوەك..........∞

ئەو ئەلۆمۆرفانەی بەهۆی هەمەچەشنەیی شێوەزارەکانی زمانێك دروست دەبن، (جیاوازی شێوەزار، یان جۆرە جیاوازەکانی زمان لەڕووی دەنگەوە، پیشان دەدات.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٧٧: ٥٤) بەمەش یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینەوەی شێوازو زمانی قسەکەرو نووسەر. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، ئەلۆمۆرفی /-ە/ی ناساندن، تەنیا لە گێڕانەوەدا بەکاردێت، کە زیاتر شێوازێکی ئەدەبییە. هەروەها شێوازی ناوچەییمان پێشان دەدات، وەك لەو نموونانەی پێشتر باسکران.

## ١-٨: تایبەتییەکانی ئەلۆمۆڕف و جۆرەکانی

بۆ ناسینەوەی ئەلۆمۆڕف زمانەوانان چەند سیمایەکیان دیاری کردووە، لەپێش هەموویانەوە، دەبێت (ئاماژە بەیەك واتا، یان ئەرکی ڕێزمانی بدەن.)(ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ١٤٠) واتە هەر ئەلۆمۆڕفێکی مۆڕفێمێك، هەمان چەمکیان دەبێت. چ فەرهەنگی بێتو چ سینتاکسی. ئەمە مەرجی سەرەکی ئەلۆمۆڕفەو لە هەر شێوە مۆڕفێمێکدا، بەدی نەکرێت، ناگاتە پلەی ئەلۆمۆڕف، بۆ نموونە:

/-ێك/ ← /-یەك/ یارییەك، دیارییەك......∞

/-ێك/ ← /-ەك/ مندالەك، پیاوەك،......∞

/-ێك/ ← /-ێ/ مندالێ، شارێ، دەڤەرێ.......∞

ئەم سێ ئەلۆمۆڕفە هەمان چەمکی سینتاکسیان هەیە، کە بریتییە لە نەناسیاریو تاك، هەروەها لە ڕووی مۆڕفێمی فەرهەنگیشەوە، دەشێت ئەم جۆرە نموونانە لە زمانەکەدا ببینرێن. وەکو:

/-گە/ خوێندنگە، /-گا/ خوێندنگا

/ەوان/ باخەوان /-وان/ گاوان

تایبەتمەندییەکی تری ئەلۆمۆڕف، دووبارەبوونەوەو پێکەوە هاتنیانە، لەم ڕووەوە دەوترێت پێویستە (هەرگیز هەموویان یان هەردووکیان لەیەك ژینگەدا نەوەستن، یان دەرنەکەون. واتە هەریەکەیان دەبێ ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێتو نەچێتە شوێنی ئەویتر، بەم جۆرە هەر مۆڕفێمێك دەبێت ئەو ناوچەیە بپارێزێت، کە تێیدا دەردەکەوێتو بوار نەدات بە مۆڕفێمی تر جێگەی ئەم بگرێتەوە.) (محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ١٧و١٨) ئەم تایبەتمەندییە ئەلۆمۆڕفەکان زۆر کەم دەکاتەوە، چونکە بەشێکی ئەلۆمۆڕفەکان توانای ئەوەیان هەیە لە شوێنی یەکتر بەکاربێن. بۆ نموونە هەردوو مۆڕفی /-کە/ و /-یەکە/ لە زۆربەی وشەکاندا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، ئەمەش وابەستەیە بەلایەنی فۆنۆلۆژی، کە یان فۆنیمێك تێدەچێت، یان فۆنیمێك دێتەناوەوە. وەکو:

**چراکە** = **چرایەکە**

مامۆستا**کە** = مامۆستا**یەکە**

یان هەریەکە لە مۆڕفەکانی (/-گە/و /-گا/) یان (/-ایەتی/و /ێتی/) دەتوانن لەزۆربەی شوێنەکاندا، لەبری یەکتر. بێنو شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەهەمان واتای فەرهەنگی. وەکو:

پەیمان**گە** = پەیمان**گا**، سەیران**گە** = سەیران**گا**............

بەڕێوبە**رایەتی** = بەڕێوبەر**ێتی**، باوک**ایەتی** = باوک**ێتی**.......

بەڵام مەرج نییە، لەهەموو شوێنێکیشدا، بتوانن لەبری یەکتری بێنو واتای وشەکە هەمان واتابێت، یان هاوڕێیەتیو پێکەوەهاتنی مۆڕفێمەکەو بنکە وەکو یەك بێت. بۆنموونە:

باز**گە** ≠ باز**گا**

کورد**ایەتی** ≠ کورد**ێتی**

لێرەدا، لە دیاردەیەکی تر نزیك دەبینەوە، ئەویش هاوواتایی نێوان مۆڕفێمەکانە. ئایا ئەم دوو شێوەیە دەبن بە ئەلۆمۆڕفی یەکتری، یان هاوواتایی یەکتری. هەربۆیەشە زۆرجار تێکەڵ دەکرێن‌و دەوترێت، (مۆڕفێم هەندێ جار هیچیان وشەی سەربەخۆ نیین، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەندێکیان هاوواتا Allomorphی سەربەخۆیان هەیە.) (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٦: ٦٨) بەڵام دەبێت ئەوە بزانیین، کە هاوواتاو ئەلۆمۆڕف لەم خاڵەدا لێك جیادەبنەوە، چونکە ئەلۆمۆڕفەکان (دابەشبوونێکی تەواوکارانەیان هەیە، کە هەریەکەیان لە ژینگەو دەورووبەری تایبەتدا دەردەکەوێت‌و ئەوی تریان ناتوانێت لە هەمان ژینگەدا بێت.) (Bauer: 1992: 13) بەڵام هەرچی هاوواتاکانن پێویستە بتوانن لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا لەبری یەکتر بێن. بەمەش ئەوانەی لەزمانی کوردیدا بە ئەلۆمۆڕف دادەنرێن، ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە، چونکە دابەشبوونی تەواوکارانەیان تێدا بەدی ناکرێت‌و بەشێکیان شیانی بەکارهێنانیان هەیە لە شوێنی یەکتری، وەکو:

/-ێك/ = /-ێ/ کوڕێك = کوڕێ

/-کە/ = /-یەکە/ چراکە = چرایەکە

/-یان/ = /-یەها/ دەیان = دەیەها

/-ان/ = /- ها/ سەدان = سەدەها

سیمایەکی تریان پێکچوونی شێوەی فۆنۆلۆژییانە، وەك ئاماژەمان پێدا، گۆڕانی فۆنۆلۆژی هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەلۆمۆڕفە، بۆیە زۆربەیان شێوەی فۆنۆلۆژییان پێکدەچێت. بەگشتی (شێوە مۆڕفێمەکان لێکچوونی دەنگییان هەیە.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ١٤٠) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە، بەڵام زۆرجار ئەم سیمایەش بە تەواوی لە هەموو شێوە مۆڕفێمەکاندا بەدی ناکرێت. بۆ نموونە: /-ە/ و /-ەکە/ زیاتر لە یەکتری دوورن وەك لە /-یەکە/و /-کە/و /-ەکە/. سەرەڕای ئەوەش، جۆرێك لە ئەلۆمۆڕف هەن هیچ لەیەك ناچن، بۆ نموونە ئەلۆمۆڕفەکانی کاتی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا، وەکو: /-ت/و /-د/و /-ا/و ....هتد. ئەمانەش ناونراون (ئەلۆمۆڕفی تەواوکارانە، ئەوانەن کە لەتەلەفوزیاندا بەهیچ جۆرێك لەیەك ناچن.) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٨) هەروەها مۆڕفێمەکانی کۆ، (/-ها/، /ان/، /-ات/) تاڕادەیەك لەیەك دوورن‌و لەیەك سەرچاوەشەوە، نەهاتوون، بەجۆرێك (بەو ئەولۆمۆڕفانەی کە لەڕووی مێژووییەوە، لەیەك سەرچاوەوە ڕەگ‌و ڕیشەوە نەهاتبن، هەر پێیان دەوترێت تەواوکارانە.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٧٧: ٥٤) بەم پێیە ئەلۆمۆڕفی تەواوکارانەی ڕێژەیی‌و تەواومان هەن. لە ئەلۆمۆڕفی تەواوکارانەی تەواودا، هیچ پەیوەندییەك نادۆزینەوە،

لەنێوانیاندا، بەڵام لە تەواوکارانەی ڕێژەییدا، بەپێی لێکدانەوەی ئیتیمۆلۆژی دەتوانین پەیوەندی نێوانیان بدۆزینەوە.[19]

ئەم شێوە مۆرفیمانە لەزمانی فارسیشدا هەمان تایبەتمەندییان هەیەو دەبنە ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە، بۆنموونە ئەلۆمۆرفەکانی کاتی ڕابردوو، کە (بریتین لە شێوەکانی (/-t/، /-d/، /-âd/، /-id/) لە ڕۆنانی کاری ڕابردوودا بەکاردێن‌و لەگەڵ یەکتری جیاوازن.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٦٨) سەرباری ئەوانەش باس لە جۆرێکی تری ئەلۆمۆرف دەکرێت، ئەویش ئەوانەن، کە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، ئەلۆمۆرفی بەندی هەبێت. بۆ نموونە، (دەکرێت، (من)و /-م/ کۆبکەینەوەو بەیەکەوە پێیان بڵێین ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی یەکەمی تاك لە زمانی کوردیدا.) (محەمەد مەعروف فەتاح‌و سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ٧) بەڵام بەپێی مەرجەکان، ناکرێت بە ئەلۆمۆرفی تەواو دابنرێن. چونکە لەهەندێ باردا، (من) ناتوانێت بە تەنیا دەربکەوێت‌و پێویستی بە کلیتیکی /-م/ دەبێت، وەك ڕێککەوتن. بەم پێیەش دەبنە تەواوکەری یەکتری، بەڵام بەشێوەکی گشتی، /-م/ دەتوانێت، لە شوێنی (من) بەکاربێت. بەتایبەتی لە ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا. ئەوەی کە باسکرا، بۆ هەموو کلیتیکە کەسییەکانی تریش دروستە. وەکو:

- **من** نامەکە**م** نووسی.
- * **من** نامەکە نووسی.
- نامەکە**م** نووسی.

کەواتە دەشێ، بڵێین، ئەم جۆرە مۆرفێمە نابنە ئەلۆمۆرفی تەواو. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی، ئەلۆمۆرف دابەش دەبێت، بۆ دوو جۆر:

## ١-٨-١: ئەلۆمۆرفی ئەرکی

لەچوارچێوەی ئەو مۆرفیمانەدا، دەبینرێت، کە ئەرکیان گەیاندنی چەمکێکی سینتاکسییە، وەکو، ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی ناساندن، نەناسیاری، کۆکردنەوە. بەشی هەرە زۆری ژمارەی ئەلۆمۆرفەکانی زمانی کوردی‌و فارسی پێك دەهێنن. زۆری ژمارەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری دووبارەبوونەوەیان‌و کەمی مۆرفیمەکە لەگەیاندنی هەر چەمکێکدا.

---

[19] - بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: (ویدا شقاقی: ١٣٨٧)، (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠)، (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٧٧)

## ١-٨-٢: ئەلۆمۆرڤی فەرهەنگی

لەچوارچێوەی ئەو مۆرڤێمانەدا، دروست دەبێت، کە واتاو چەمکی فەرهەنگییان هەیە. وەکو هەردوو شێوە مۆرڤێمی (/-گە/، /-گا/)ی ناوی شوێن، یان (/-ەوان/ و /وان/)ی ناوی پیشە، لە زمانی کوردیدا. ئەم چەشنەیان لە زماندا، کەمترن، چونکە زیاتر دەچنە خانەی هاوواتایی لەچوارچێوەی مۆرڤێمی بەند دا. هەروەها ژمارەی ئەندامانی هەر بوارێکی واتایی زیاترنو دووبارەبوونەوەیان کەمترە.

بەم پێیە ئەلۆمۆرڤ زیاتر لەچوارچێوەی مۆرڤیمی بەند – بە هەموو جۆرەکانیەوە- زیاتر دەبینرێت. بە بەراورد لەگەڵ مۆرڤیمی سەربەخۆ. هەروەها لە چوارچێوەی مۆرڤێمی ئەرکیدا زیاتر دەبینرێت، وەك لە مۆرڤێمی فەرهەنگی. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین زۆرجار مۆرڤێمی ڕەگیش ئەلۆمۆرڤی تایبەتی دەبێت، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕشتن | = | ڕشت(ڕەگی ڕابردوو) | ڕێژ(ڕەگی ڕانەبردوو) |
| خواستن | = | خواست(ڕەگی ڕابردوو) | خواز(ڕەگی ڕانەبردوو) |
| وتن | = | وت(ڕەگی ڕابردوو) | لێ(ڕەگی ڕانەبردوو) |

هەمان چەشنی ئەلۆمۆرڤ لە زمانی فارسیشدا بوونی هەیە، ئەمەش سیمایەکی لێکچوونی ئەو دوو زمانەیە لەڕووی ئەلۆمۆرڤەوە. وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| اموختن | = | اموخت( ڕەگی ڕابڕوو) | اموز(ڕەگی ڕانەبردوو) |
| کاشتن | = | کاشت( ڕەگی ڕابڕوو) | کار(ڕەگی ڕانەبردوو) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٧٧: ٥٢) |

## ١-٩: مۆرڤیم، ئەلۆمۆرڤو مۆرڤ

ئەم سێ زاراوەیە، لەبواری مۆرڤۆلۆژیدا، زۆر بەکاردێنو بەیەکەی پێوانەی ئەم ئاستەی زمان هەژماردەکرێن، بەڵام زۆرجار تێکەڵییەك لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بوارە هاوبەشەی کە هەریەکەیانی تێدا دەردەکەوێتو هەروەها بوونی هەریەکەیان لەوەی تریاندا. بەڵام سەرباری ئەوەش دەشێ سنوورو سیمای هەریەکەیان دیاری بکەین.[٢٠]

مۆرڤێم، وەك زانراوە، دانەیەکی هۆشەکیی Abstractە، واتە (یەکەیەکی هۆشەکی قەبارەدار نییە.) (محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ١٥) کەواتە، ئەوانەی دەنووسرێنو دەدرکێنرێن خودی مۆرڤێمەکان نین، چونکە ئەو دانەیە تەنیا لەمێشکدا بوونی هەیەو وەك کەرەستەیەکی هۆشەکی هەستی

---

٢٠- لە لێکجیاکردنەوەی سنوری ئەم سێ دانە مۆرڤۆلۆژییەو پەیوەندی نێوانیان سودمان لە (وانەی مۆرڤۆلۆژی پ.د. فاروق عومەر صدیق، کۆرسی یەکەمی دکتۆرای ساڵی ٢٠١٠- ٢٠١١) وەرگرتووە.

پێدەکرێت. بەم پێیە مۆرفێم چەمکێکی هۆشەکییە. ئەوەش ئاشکرایە، کە دانە هۆشەکییەکانی زمان دەبێت بەرجەستە(کۆنکرێت) بکرێن، لەڕێگەی یەکەی ترەوە. لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا، دانەی کۆنکرێتکەر، مۆرفە، چونکە (شێوەی فیزیکییەو مۆرفێمەکان وەسف دەکات.) (Katamba, Stonham: 2006:27)و بەرجەستەیان دەکات. لەڕێگەی مۆرفەکانەوە، مۆرفیمەکان دەناسینەوەو دیارییان دەکەین، بەجۆرێك (هەر کاتێك ئێمە مۆرفیمێکمان بەسەر زماندا دێت، یان دەینووسین، ئەوا کار لەگەڵ مۆرفەکە دەکەین، نەك مۆرفێمەکە خۆی.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٦٠) بۆ نموونە هەموو ئەو شێوانەی کە لەبەرجەستەکردنی چەمکی کۆدا بەکاردەهێنرێن، پێیان دەوترێت مۆرفێمی کۆ، کە دووبارەبوونەتەوە بە هەمان چەمكو فۆرم، بە هەر یەکێکیان دەوترێت مۆرف. چەمكو دانە ئەبستراکتەکەی مێشکیش کە هەموویان لەوەوە وەرگیراون، مۆرفێمە. کەواتە (نیشانەی بەرجەستەکراوی مۆرفێم، مۆرفە.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢١)

لەنێو ئەو مۆرفانەی هەر مۆرفێمێکدا، بەپێی ژینگەو پێکەوەهاتنی دەنگەکان، هەندێ جار لەڕووی فۆرمەوە، هەست بە جیاوازی دەکرێت، لەنێوانیاندا. ئەم جیاوازییەش بە ئەلۆمۆرف لێکدەدرێتەوە. واتە شێوەی گۆڕاوی مۆرفەکەن، بەڵام لەڕووی چەمكو واتاوە، هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا، نییە. بەم پێیە ئەلۆمۆرفیش دانەیەکی بەرجەستەکراوەو ئەبستراکت نییە، چونکە لەبەکارهێناندا، دروست دەبێت. لەمێشکدا تەنیا لەگەڵ چەمکی مۆرفێمەکە بوونی هەیە. هەر لەم ڕووەشەوە پەیوەندی لەگەڵ مۆرف بەهێزتر دەبێت، چونکە (ئەو بەشانەی کە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە، یان ئاماژەدەرنو مۆرفێم بەرجەستە دەکەن، پێیان دەوترێت، مۆرف، یان ئەلۆمۆرف.) (والری ادمز: ١٣٨١: ١٧١) کەواتە سیمای هاوبەشی نێوان مۆرفو ئەلۆمۆرف ئەوەیە، کە هەردووکیان بەرجەستەکەری مۆرفێمنو دانەی فیزیکین، کە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە. بەڵام جیاوازی نێوانیان لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەلۆمۆرفەکان لەچوارچێوەی مۆرفەکاندا پەیدادەبن، کە شێوەی گۆڕاوی خۆیانە، کە بەجیاوازییەکی کەمەوە، بەهۆکاری تایبەت دروست دەبن. پەیوەندییەکی هەرەمی لەنێوان ئەم سێ یەکە مۆرفۆلۆژییەدا دەبینرێت.

بە چەشنێکی تر، دەتوانین، پەیوەندی نێوان، مۆرفو مۆرفیم لەڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە، لێکبدەینەوە، کە هەموو دانەیەکی ئەبستراکت لەمێشکدا، بەهۆی دەنگەوە، بەرجەستەدەکرێت، مۆرفیش (بۆ ئاماژە کردنو دەرککردنی فۆنۆلۆژیانەی مۆرفێمێك بەکاردێت.) (Aronof, M., 2011: 2) هەروەها فۆنەکانیش بەرجەستەکەری فۆنیمەکانن، لەئاستی فۆنۆلۆژییداو دانە زمانییەکانی تریش بەهەمان شێوە.

لێرەدا، کێشەی هەردوو چەشنی مۆرفێمی سفرو بەتاڵ سەرهەڵدەدات، بەوەی کە مۆرفیمی بەتاڵ، فۆرمێکەو هیچ مۆرفێمێك بەرجەستە ناکات، واتە تەنیا مۆرفە بوونی هەیەو مۆرفێم (چەمك، واتا) بوونی نییە. لە مۆرفیمی سفریشدا، تەنیا مۆرفیم هەیەو بەهیچ شێوەیەکی فۆنۆلۆژی (مۆرف) بەرجەستەنەکراوە. ( Katamba, Stonham: 2006:27) ئەمەش بە گرفتێکی تری تیۆری مۆرفێم دادەنرێت، چونکە دەوترێت (هەر

مۆرفیمێکی ئەبستراکت بەرانبەر بەمۆرفێك دەوەستێت.) (ئەبوبکر عمر قادر: ۲۰۰۳: ۱۸) ئەمەش لە هەموو بارێکدا دروست بەشێوەی خۆی نایەتەوە. بۆ پیشاندانی ئەم پەیوەندییە لەنێوان مۆرفێمو مۆرفو ئەلۆمۆرف ئەم هێڵکارییە دەخەینەڕوو.[۲۱]




بەم پێیە سروشتی پەیوەندی نێوان، هەرسێکیان، بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە. سەرەتا خودی چەمکەکان هەن، بە وێنەیەکی ئەبستراکتی لەمێشکدا، هەڵدەگیرێن(خەزن دەکرێن)، کە مۆرفێمە. هەر بەکارهێنانێکیان، وێنەیەکە لە مۆرفێمەکە کە پێی دەوترێت مۆرف. بەهۆی ژینگەو بەکارهێنانی جیاوازەوە، هەندێ جار ئەم مۆرفانە شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەو شێوە گۆڕراوانەش دەوترێت ئەلۆمۆرف.

## ۱-۱۰: جۆرەکانی مۆرفێمی بەندو سیماکانیان

وەك پێشتر لە جۆرەکانی مۆرفێمدا، ئاماژەمان پێدا، ڕێگەی جۆراوجۆر هەن، بۆ پۆلێن کردنی چەشنەکانی مۆرفێم، لێرەشدا شێوەی جیاجیای پۆلێن کردن هەن. جیاوازی زمانەوانان لەم ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارەکەیانو وردبوونەوەو ڕۆچوون لەکارەکانیانداو ئەو زمانەی کاری تێدا دەکەن. بۆ نموونە (فرۆمکین) بەپێی سروشتی زمانی ئینگلیزی مۆرفێم بەم شێوەیە دابەش دەکات. (ویکتۆریا فرامکین: ۱۳۸۷: ۱۲۹)

---

۲۱- بیری ئەم هێڵکارییە بەدەسکارییەوە، لە (Katamba, Stonham: 2006) وەرگیراوە.




هەروەها (ئەکماجیان) بەشێوەکی نزیك لەم پۆلێنەی پێشتر، مۆرفێمەکانی زمانی ئینگلیزی دابەش دەکات.(ادریان اکمجیانو دیگران: ١٣٨٢: ٢٣)




ئەوەی کە لە پۆلێنەکەدا هاتووە، بۆ مۆرفێمە سەربەخۆکان هیچ جیاوازییەك بەرچاوناکەوێت، بەڵکو جیاوازییەکان لە دابەشکردنی مۆرفێمە بەندەکاندان، بەپێی پۆلێنەکەی (فرۆمکین) بۆ زمانی کوردیو فارسی، بەشێك لە مۆرفێمە بەندەکانی، وەکو: نەرێکردن، هەندێ مۆرفێمی کات، جێگەیان نابێتەوە. هەروەها بەپێی پۆلێنەکەی ئەکماجیانیش، شێوە کورتکراوەکان، لەزمانی کوردیو فارسیدا نین، هەموو جۆرە گیرەکێکیش ناشێت بەیەك چەشنو تەنیا بەپێی شوێنیان پۆلێن بکرێن، هەروەها بوونو نەبوونی ناوگریش بۆ خۆی یەکێکە لەگرفتەکانی هەر پۆلێنێك، بۆیە دەبێت لە پۆلێنی مۆرفێمی بەند، سروشتی ئەو زمانە لەبەرچاوبگرین، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. لێرەشدا، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی زمانی کوردیو فارسیو سروشتی لێکۆڵینەوەکەمان، کە بۆ (مۆرفێمی بەند) تەرخانکراوە، لەو دوو زمانەدا، بوونی تەواوی ئەم جەشنە مۆرفێمانە ئەم پۆلێنەی مۆرفێم دەخەینەڕوو:




پێشتر باسی جۆرەکانی مۆڕفێمو مۆڕفێمی سەربەخۆشمان کرد،[٢٣] لێرەدا، هەوڵدەدەین بەوردی لەجۆرەکانی مۆڕفێمی بەند، لەچەند ڕوانگەیەکەوە هەڵوەستە بکەین.

## ١-١٠-١: لەڕوانگەی چەمکەوە

لێرەدا، جەخت لەسەر ئەو واتاو ئەرکە دەکرێت، کە مۆڕفێمە بەندەکە، هەڵیدەگرێت، کە بەگشتی دەکرێن بەم جۆرانەی خوارەوە:

## ١-١٠-١-١: گیرەکی فەرهەنگی

بەو مۆڕفێمە بەندانە دەوترێت، کە واتایەکی فەرهەنگی دەگەیەننو ئیشیان (وشەڕۆنانە، بەو واتایەی کە وشەی نوێ دروست دەکەنو بەکارهێنانیان دەستووربەدەرو (سماعی)یە، واتە ناتوانرێت، یەکێکیان بۆ هەموو وشەیەك بەکاربهێنرێت.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٣) وەك بەشێك لەوشەکان لەنێو فەرهەنگدا تۆماردەکرێن. گرنگترین ئەو سیمایانەی کە ئەو جۆرە مۆڕفێمانەی پێدەناسرێتەوە ئەمانەن:

أ- بەزۆری پۆلی وشە دەگۆڕن: واتە (گیرەکی فەرهەنگی پۆلی ڕێزمانی ئەو وشەیە دەگۆڕن، کە دەچنە سەری.) (Katamba, Stonham: 2006: 5) بۆ نموونە:

جوان(ئاوەڵناو) + /-ی/ = جوانی(ناو)

ژن(ناو) + /-انە/ = ژنانە(ئاوەڵکار)

بەڵام ئەمەش بەشێوەیەکی گشتیو ڕەها نییە، بۆیە دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە، دوو جۆری گیرەکی فەرهەنگی، جیابکەینەوە:

---

٢٢- لەم پۆلێنەدا، تاڕادەیەك سوود لە (محەمەد مەعروف فەتاحو صباح ڕشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٩) وەرگیراوە.

٢٣- بڕوانە: (١-٣)

## ١-١٠-١-١-١: دارێژە پۆلگۆڕەکان - class changing derivation:

ئەگەر لەئەنجامی زیادکردنی گیرەکێکی فەرهەنگی پۆلی وشەکە بگۆڕێت، ئەوا بەو گیرەکە دەوترێت، پۆلگۆڕ. (علاءالدین طباطبائی: ١٣٧٦: ١٦) بۆنموونە:

چاك(ئاوەڵناو) + /-ە/ = چاکە(ناو)

پیاو(ناو) + /-انە/ = پیاوانە(ئاوەڵکار)

ئەم جۆرەیان لە زمانی فارسیدا بە ((مقولەساز)یش ناودەبرێن، ئەوانەن کە بەزیادکردنیان پۆلی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕن.)(خسرو غلامعلی زادە: ١٣٧٤: ٢٥٨) بۆ نموونە:

شاد(صفت) + /-ی/ = شادی(اسم)

شاد(صفت) + /-انە/ = شادانە(قید)

دیوار(اسم) + /-ی/ = دیواری(صفت)

## ١-١٠-١-١-٢: دارێژە پۆلنەگۆڕەکان- class maintaining

ئەو گیرەکە دارێژانە دەگرێتەوە، کە پۆلی وشەکە ناگۆڕن. (علاءالدین طباطبائی: ١٣٧٦: ١٥)، واتە وشەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت، لە بەشەئاخاوتنێکەوە بۆ بەشەئاخاوتنێکی تر. وەکو:

دار(ناو) + /-ستان/ = دارستان(ناو)

کەباب(ناو) + /-چی/ = کەبابچی(ناو)

برا(ناو) + /-یەتی/ = برایەتی(ناو)

خۆش(ئاوەڵناو) + /نا-/ = ناخۆش(ئاوەڵناو)

لە زمانی فارسیدا، پێشیان دەوترێت (واژەساز) بەوە دەناسرێن، کە (تەنیا بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکاردێن نەك بۆ گۆڕینی پۆلی ڕێزمانی ئەو بنکەیەی کە دەچنەسەری.) (خسرو غلامعلی زادە:١٣٧٤: ٢٥٨) بۆ نموونە:

گندم(اسم) + /-زار/ = گندم زار(اسم)

درست(صفت) + /نا-/ = نادرست(صفت)

دانش(اسم) + /-گاه/ = دانشگاه(اسم)

ده (اسم) + /-كده/ = دهكده(اسم)

بەم پێیە لەزمانی کوردیو فارسیدا، هەردوو جۆری پۆلگۆڕو پۆلنەگۆڕ، لەنێو گیرەکە فەرهەنگیەکاندا، هەن، بەڵام لەنێو توێژینەوە کوردییەکاندا، بەزۆریو بەگشتی دەگوترێت، (پۆلی وشە دەگۆڕن، واتە ئەگەر وشەکە، پێش

وەرگرتنی مۆرفێمەکە ناوبێت، دوای وەرگرتنی دەبێت بە ئاوەڵناو و بەپێچەوانەوەشەوە.)(شێرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٢: ٢٥) بەڵام وەك لە نموونەکانەوە دەرکەوت، زۆر ناو دوای وەرگرتنی ئەم گیرەکەش نابن بە ئاوەڵناو. هەندێ لە زمانەوانەکان لەسەر کارایی هەریەکیان دەوەستن، بەوەی کە پۆل نەگۆڕەکان سنووری تەسکی بەکارهێنانیان هەیە، (بوونی بە دیاردەیەك دادەنێن، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنچەکانی دەست تێپەڕ ناکات.) (علاءالدين طباطبائی: ١٣٧٦: ١٥)، بەڵام ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە، لە زمانی کوردیو فارسیش بڕوانین، نموونەی زۆری لەم چەشنەمان بەرچاودەکەوێت، بەتایبەتی لە مۆرفێمە بەندەکانی سازکردنی، ناوی پیشە، ناوی شوێنو ناوی بچووکراوە، کە ژمارەیان لە گروپەکەی بەرانبەریان کەمتر نییە.[٢٤]

هەندێ جار بۆ پێداگری لەسەر گۆڕینی بەشەئاخاوتن، دەوترێت، وشەداڕێژەکان بەگشتی پرۆسەیەکن، دەبنە هۆی ئەوەی پۆلی وشە بگۆڕن. هەندێ جار گۆڕانەکە بەتەواوی دەبێتو (کە سنووردارە)، هەندێ جاریش لەناو پۆلەکەدا، گروپەکە دەگۆڕێت.(Lyons: 1990: 32) بۆنموونە لەزمانی کوردیدا، گروپی مۆرفێمەکانی دروستکردنی ناوی ئەبستراکت، کە دەچنە سەر بنکەیەك، ناوی بەرجەستە دەکەن بەناوی واتایی، وەکو:

پیاو + /-ەتی/ = پیاوەتی

بووك + /ێنی/ = بووکێنی

بەهەر پێوانەیەك بێت، ئەم دیاردەیە بەڕێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، پێویستە بەپێی سروشتی زمانەکەش ئەو سیمایەی مۆرفێم باس بکرێت، چونکە دەوترێت (ژمارەی پۆل گۆڕەکان لە زمانی فارسیدا، سنووردارترو کەمترن لەپۆل نەگۆڕەکان، پۆلگۆڕەکان تەنیا بەشێوەی پاشگر دەردەکەون، بەڵام پۆل نەگۆڕەکان، بەشێوەی پاشگرو پێشگریش، دەردەکەون.) (خسرو غلامعلی زادە: ١٣٧٤: ٢٥٨) ئەمە تاڕادەیەکی زۆر بۆ زمانی کوردیش دروستە.

ب- گیرەکە فەرهەنگییەکان، بەشداری ڕۆنانی واتایی دەکەن، ئەم جۆرە (مۆرفێمە پێکهاتەیەکی واتایی ڕوونی هەیە، کە لەم ڕووەوە لە وشە فەرهەنگییەکان دەچن.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ١٠٣) هەرکاتێك ئەم گیرەکانە، بچنە سەر بنکەیەیەك، یان ڕەگێك واتاکەی دەگۆڕنو لەم ڕووەشەوە دەبن بەبەشێك لە وشەکەو پێکەوە یەك چەمك پیشان دەدەن، بۆ نموونە:

باخ + /-ەوان/ = باخەوان

\+ /+چە/ = باخچە

\+ /-داری/ = باخداری

کورد + /-ستان/ = کوردستان

\+ /-ەواری/ = کوردەواری

\+ /-ی/ = کوردی

\+ /-انە/ = کوردانە

٢٤- بۆنموونەی زیاتر بڕوانە: (٢-١-٢)، (٢-١-٣)، (٢-١-٤)، (٢-٢-١) (٢-٢-٢)، (٢-٢-٣)

بەم شێوەیە ئەم جۆرە گیرەکە، (سەروکاری لەگەڵ وشەڕۆناندا هەیە.) (علاءالدین طباطبائی: ١٣٧٦: ١٥) هەربۆیەشە لەڕووی بەرهەمدارییەوە، توانایەکی بەهێزی داڕشتنی فەرهەنگییان هەیەو بەرهەمدارن. ئەم تایبەتمەندییەشیان هۆکارە بۆئەوەی کاتێك لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا، لەسەر یەك بنکە دەردەکەون (بەبەراورد بە ڕێزمانییەکان نزیکترن لە بنکەوە چەسپ دەبن پێیەوەو لێی دوور ناکەونەوە.) (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ١٧١) ئەم ئاوێتەبوونو چەسپبوونەش پەیوەستە بەو چەمکە نوێیەی کە بنکەو گیرەکەکە پێکەوە دروستی دەکەن. دەشێ بەم یاسایە پیشان بدرێت:

**بناغە + گیرەکی فەرهەنگی ∞ + گیرەکی ڕێزمانی ∞**

گوڵ(بناغە) + دان(گ.ف) + ۆچکە(گ.ف) + کە(گ.ڕ) + ان(گ.ڕ) = گوڵدانۆچکەکان

کیژ(بناغە) + ۆڵە(گ.ف) + یەك(گ.ڕ) = کیژۆڵەیەك

پ- پۆلێکی کراوەن، گیرەکی فەرهەنگی (لە زمانە شیکراوەکان analyticی وەکو ئینگلیزیو فارسیدا، ژمارەیان زۆرترە لە گیرەکە ڕێزمانییەکان.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٧٠) ئەمە بۆ زمانی کوردیش بە هەمان شێوەیە، چونکە زمانێکی هاوخێزانی ئەو زمانانەیەو هەروەها، بەداتاو ئاماریش ئەم ڕاستیە دەردەکەوێت. بۆنموونە بۆ گەیاندنی چەمکی فەرهەنگی شوێن زیاتر لە دە گیرەك بەکاردێن. بۆ هەریەك لە چەمكو واتاکانی تریش بەهەمان شێوە چەند گیرەکێك دەبینرێن.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە هەریەکەیان سنووری بەکارهێنانیان تەسکەو لەسەر زۆرترین، نموونە بەکارنایەنو هەریەکەیان سیمایی جیاکەرەوەی خۆی دەبێت (هەر مۆرفیمێك پەیوەست بێت بەگروپێکی دیارینەکراو، فریکوێنسەکەی لەخوارەوە بێت، مۆرفیمی فەرهەنگییە.) (ابوالحسن نجفی: ١٣٨٧: ٩٥) واتە تەنیا تایبەت نین، بەناو یان ئاوەڵناو، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانەوە زۆر دووبارە نابنەوە. هەر دانەیەك بەکارهێنانێکی دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە (/-گین/) لە سەر چەند بنکەیەکی کەمدا دەبینرێت، وەکو: (غەمگین)، بەڵام گیرەکە ڕێزمانییەکان، هەریەکەیان لەسەر دەیان نموونە دووبارە دەبنەوە. واتە (گیرەکە فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ چینێکی تایبەتی بناغەدا کاردەکەن.) (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ١٧٩) شیانی دووبارەبوونەوەیان کەمترە، بەبەراود لەگەڵ ئەرکییەکان هەرچەندە، ئەرکییەکان پۆلێکی داخراون.

## ١-١٠-١-٢: گیرەکی ڕێزمانی

ئەو گیرەکانەن، کە (ئەرکی پێوەندی ڕێزمانی پیشان دەدەن.) (Crystal: 1992: 178) بەواتایەکی تر ئەم چەشنە مۆرفیمە چەمکێکی ڕێزمانی دەگەیەنن، و ناچنە ناو پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکەوە، بەمەش (جۆری

وشەکە ناگۆڕێت، تەنیا مانای ڕێزمانی نەبێت.) (محمد علی الخولی: ٢٠٠٩: ١٣٢) بوونیان لەئاستی سینتاکسدا دەردەکەوێت، بۆیە زۆرجار بە مۆرفێمی سینتاکسی ناودەبرێن. دەتوانین سیماکانیان لەم خاڵانەدا، بخەینەڕوو.

أ- ئەم جۆرە گیرەکە، (پۆلی ڕێزمانی وشە ناگۆڕێت.)(علاءالدین طباطبائی: ١٣٧٦: ١٦) بە بەراورد لەگەڵ مۆرفێمە فەرهەنگییەکان بەکەمترین شێوە کار لەسەر پۆلی وشە دەکەن، بەڵام دەکرێت، ئەمەش بەو شێوە ڕەهاییە نەبێت، چونکە زۆرجار مۆرفیمێکی ڕێزمانی دەتوانێ کەرەستەیەکی نوێی سەر بە پۆلی جیاواز بەرهەم بهێنێت، بۆ نموونە:

ئەگەرێك(ناو) « ئەگەر(ئامراز) + /-ێك/

یان لە زمانی فارسیدا،

رفته(صفه مفعولی) « رفت(فعل) + /-ه/

بەم پێیەش دەبێت، یان ئەو تایبەتمەندییە بەو ڕەهاییە وەرنەگرین، یان بەو چەشنە گیرەکانە بوترێت، فەرهەنگی، نەك ڕێزمانی.

ب- گیرەکە ڕێزمانییەکان بوونێکی ناچاری (خورتەکیی)یان هەیە، واتە هەر کاتێك، قسە لەسەر ئاستی ڕێزمان دەکرێت، ئەم مۆرفێمانە دەبنە پێداویستی ناچاری، بەجۆرێك، کە (هیچ ڕستەیەك نییە، مۆرفیمێکی ڕێزمانی تێدا نەبێت، هەر بۆیەش هەندێ زمانەوان لەو باوەڕەدان، کە ئەم جۆرە مۆرفێمە خورتەکیی obligatorیە.) (Katamba, Stonham: 2006:94) زۆرجاریش بوونێکی فیزیکی نابێتو لە شێوەی مۆرفێمی سفردا دەبێت. هەر بۆیەشە سیمای بە سفربوون لای هەندی زمانەوان تایبەتە بە مۆرفێمی ڕێزمانی، بەبۆچوونی هەندێ ڕێزماننووس (هەرگیز سفر لە مۆرفێمی وشەداڕێژدا بەدی ناکرێت.) (شیرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٢: ٣٨) کە لەڕاستیدا، ئەمەش بەو شێوە ڕەهاییە نییە، هەندێ جار مۆرفێمی فەرهەنگیش دەبێت بەسفر، وەکو:

دەست بڕین(چاوگ) « دەستبڕØ(ڕ.ك) / دەستبڕØ(ناوەڵناو)

سەرتاشین(چاوگ) « سەرتاشØ(ڕ.ك) / سەرتاشØ(ناوەڵناو)

زۆرجار ڕێگەیەکی سەرەکی دارشتن، بەهۆی سفرەوە دەبێت، بەوە پێناسە دەکرێت کە (پرۆسەیەکی فەرهەنگییەو لەڕێگەیەوە، وشەی نوێ دروست دەکرێ، بێئەوەی هیچ گیرەکێك بۆ وشە زیادبکرێت، لایەنی فەرهەنگی ئەو وشەیە دەگۆڕێت.) (علاءالدین طباطبائی: ١٣٧٦: ١٩) ئەم دیاردەیە لەزمانی فارسیشدا، بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، وەکو:

ساختن(مصدر) « ساختØ(مصدر مرخم) / ساختØ(اسم)

گفتن(مصدر) « گفتØ(مصدر مرخم) / گفتØ(اسم)

هەریەك لەمانە، بەبێ زیادکردنی هیچ گیرەکێك لە کارەوە، دەبن بەناو، یان ئاوەڵناو، کە تێیدا، گیرەکە دارێژەکە بەشێوەی سفر (Ø) دەرکەوتووە. بەڵام لە زمانی کوردیدا تاکو ئێستا ئەمە باس نەکراوە.

بەگشتی ئەم جۆرە گیرەکە (واتایەکی نەگۆڕو بەکارهێنانێکی بەرفراوانییان هەیە.) (والری ادمز: ۱۳۸۱: ۲۹) ئەم بوونە خورتەکییە، وادەکات، کە بەهەمان چەمکەوە، زۆر بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە، مۆرفێمی نەناسیاری /-ێك/ زۆرترین دووبارەبوونەوەی بۆ ئەو چەمکە هەیە، بەهەمان واتاوە. هەر ئەمەشە وادەکات، کە بڵێین ژمارەیی هەرپۆلێك داخراوە، بەڵام زۆرتر دووبارە دەبنەوە.

پ- لەڕووی شوێنەوە، ئەم چەشنەی مۆرفێم دوورتر لە بنکەوە، دەوەستێتو بەتایبەتی ئەگەر هاتوو بە شێوەی پاشگر دەرکەوتن. بەجۆرێك ئەگەر لەگەڵ گیرەکی فەرهەنگییدا بێت، ئەوا دەچێتە دوایی ئەمەوە. کەمتر لەگەڵ بنکەدا، بەیەکەوە دەلکێن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پەیوەندی نێوان بنکەو گیرەکەکان. ئەرکییەکان لەبەرئەوەی تەنیا لەباری سینتاکسیدا، بەکاردێن، بەشێکی فەرهەنگی نین، بۆیە لەبنکەوە دوورتر دەبن، بەڵام لەبەرئەوەی فەرهەنگییەکان، هەم لەناو پێکهاتەی فەرهەنگی و هەم لە ناو پێکهاتەی سینتاکسیشدا، لەگەڵ بنکەدا دێن، چەسپاوترو نزیکتر دەبن لە بنکەکەوە، بۆ نموونە:

گۆڕستانەکان « گۆڕ(بن) + /-ستان/(گ.ف) + /-ەکە/(گ.ڕ) + /-ان/(گ.ڕ)

فەرهەنگی     سینتاکسی

فەرهەنگیو سینتاکسی

بەڵام بەگۆڕینی سەرەوڕیزبوونی مۆرفێمەکان نارێزمانی دروست دەبێت، بۆ نموونە:

* گۆڕەکەستانان « گۆڕ(بن) + /-ەکە/(گ.ڕ) + /-ستان/(گ.ف) + /ان/(گ.ڕ)

کەواتە ئەم چەشنە مۆرفێمە (دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژی سینتاکسین، پەسنی شێوەی وشە دەکات، بەمەبەستی دیاریکردنی بارێکی ڕێزمانی.) (ئەبوبکر عمر قادر: ۲۰۰۳: ۲۳) سەرەوڕیزبوونی تایبەتییان هەیە، لەچوارچێوەی وشەدا، کە بریتین لە (م بن + م ف + م ڕ)، بەم پێیە (هاتنی گیرەکی ڕێزمانی لەدوایی گیرەکی فەرهەنگی ئەو ڕاستییە پیشان دەدات، کە خستنەڕووی ئەرکە سینتاکسییەکان دوای تەواوبوونی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی بەتایبەتی وشەڕۆنان، دەبێت.) (ویلیام اوگردیو دیگران: ۱۳۸۶: ۱۷۹) هەر لەڕوانگەی شوێنەوە، ئەم چەشنەی مۆرفێم ڕێگەیان پێدراوە —ئەو توانایییەیان هەیە- کە شوێنی خۆیان بگۆڕن، لە چوارچێوەی کەرەستەکانی ڕستەدا، بەمەش هەندێکیان دەچنە خانەی نووسەکەوە، بۆنموونە:

پیاوە**کە** هات.

پیاوە پیرە**کە** هات.

پیاوە پیرە ڕیش سپیـ**ەکە** هات.

سیمایەکی تری ئەم پۆلەی مۆرفیم ئەوەیە، کە (لەناو ڕستەدا، هێزو کاریگەرییان لەسەر وشەکانی تریش دەبێت.) (والری ادمز: ١٣٨١: ٣٠) بۆ نموونە مۆرفێمی تاك، یان کۆ، کە تایبەتە بەناو، کاریگەری لەسەر فۆرمی کارەکەش، دەبێت. خۆئەگەر ئەم کاریگەریو هێزەش بەشێوەیەکی دروست بەکارنەهێنرێت، ئەوا ناڕێزمانی، دروست دەبێت، ئەمەش لەبواری سینتاکسدا، بەڕێککەوتن ناسراوە. ئەم چەشنە کاریگەرییە لە مۆرفێمە فەرهەنگییەکاندا نابینرێت، بۆ نموونە:

خوێندکار**ان** یاری دەکە**ن**. خوێندکار**ێك** یاری دەک**ات**.

* خوێندکار**ان** یاری دەک**ات**. *خوێندکار**ێك** یاری دەکە**ن**.

## ١-١٠-٢: لەڕوانگەی شوێنی دەرکەوتنیان لەسەر وشە

هەر چەشنێك لە دوو جۆرەکەی تری مۆرفێمی بەند، لەڕووی دەرکەوتنەوە، بەدوو شێوەی سەرەکی دەردەکەون، کە ئەوانیش پێشگرو پاشگرن، لە هەندێ زمانیشدا، ناوگرو چەند جۆرێکی تر باس دەکرێن، بەڵام ئەم دابەشبوونە لەهەموو زمانێکدا، وەکویەك نییە، بۆ نموونە (لەزمانی ئینگلیزیدا، مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی تەنیا بەشێوەی پاشگر دەردەکەوێت.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ١٢٩) بەڵام لەزمانی کوردیو فارسیدا، هەردوو جۆرەکەی هەیە، وەکو نەرێساز بەشێوەی پێشگرو نادیاری بەشێوەی پاشگر. هەروەها مەسەلەی ناوگر لەهەندێ زماندا زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، وەکو زمانی ئینگلیزی، بەڵام لەزمانی کوردیو فارسیدا، بیروبۆچوونی جیاوازو دژیەکی لەسەرە. لێرەدا بەدیدو تێڕوانینێکی ورد لەهەریەکەیان دەدوێین.

## ١-١٠-٢-١: پێشـــــــــگر

بەو مۆرفێمە بەندانە دەوترێت، کە پێشەوەی بنکە دەگرن، لە (زاراوەی (perfixus)ی لاتینیەوە، هاتووە، کە زاراوەیەکی لێکدراوە لە (pre) کە بەواتای بەش‌و پێش دێت، (fixus) بەواتای لکاو، نووساو و چەسپاو، دێت. دەبنە هۆی گۆڕینی وشەکە لەڕووی فۆڕم‌و واتاوە.)(نەسرین فەخری: ١٩٧٣: ٢٣٩)

یەکێك لە سیماکانی پێشگر ئەوەیە، کە (دەچنە سەر بنکەکانیان زیاتر لە پاشگرەکان، خۆیان بەیەك پارچە پیشان دەدەن.) (والری ادمز: ١٣٨١: ٢٠٣) بۆیە پێشگرەکان زیاتر لەڕووی چەمك‌و واتاوە، لەگەڵ بنکەکانیاندا، دەتوێنەوەو هەر لەبەرئەوەشە زووتر دەبنە بەشێك لە وشەکەو ناسینەوەو جیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت، بەتایبەتی بۆ مۆرفێمە فەرهەنگییەکان. زۆرجاریش بەدروستی واتاکەیان دەستنیشان ناکرێت، مەگەر لەڕێگەی پێشبینییەوە، نەبێت، یان (پەنا دەبرێتە بەر واتای ڕەگەکانیان بۆ شیکردنەوەی واتاکەیان.) (صباح ڕشید قادر: ٢٠٠٠: ٦٨) بۆنموونە ئەگەر تەماشای واتای هەریەك لەو پێشگرانە بکەین، ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

/ڕا-/ (ڕاهێنان، ڕاگرتن، ڕاپێچان، ڕامالێن، ڕاتەکاندن، ڕاخستن، ڕاوەشاندن.......∞)

/وەر-/     (وەرگرتن، وەرپێچان، وەرگەڕان، وەرسوڕان، وەرگێڕان، ..................∞)

/هەڵ-/     (هەڵپەساردن، هەڵکەندن، هەڵگرتن، هەڵکۆڵین، هەڵمژین، هەڵپێچان.......∞)

/تێ-/     (تێبەردان، تێگرتن، تێفڕیدان، تێخستن، تێکردن، تێهەڵدان، تێچوون....∞)

پێشگر، بەگشتی ژمارەی کەمە، تەنانەت (هەندێ زمان لە زمانەکانی (تۆرانییەکان، ئۆگۆرە، فینی) پێشگر بەکارناهێننو هەموو ڕێزمانیان بەهۆی پاشگرەوە، دەردەبڕن.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ۱۹۸۷: ۳۷) لەزمانی کوردیشدا، ژمارەی پێشگر، کەمترە لە ژمارەی پاشگرەکان، بەڵگەشمان بۆ ئەوە پیشاندانی زۆربەی ئەرکە ڕێزمانییەکان بە پاشگر دەبێت، لەوانە (ناساندن، نەناساندن، کۆ، تێپەڕاندن، پلەی بەراوردو باڵا.....هتد) لەبەرامبەریاندا، تەنیا (نەرێکردنو چەند ئەسپێکتێکی کەمی کار) بەشێوەی پێشگر دەردەکەون. لەنێو مۆرفێمە فەرهەنگییەکانیشدا، پێشگر لەگەڵ کاردا، زۆر چالاکنو دەرکەوتەی زۆریان هەیە، لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تردا، بەزۆری پاشگر دەردەکەون. بۆیەش زیاتر بەدەوری چەقێکداو بەپێی کێڵگەی واتایی پۆلێن دەکرێن، وەك پاشگری شوێن، پیشە، بچووککردنەوە، ناوی ئەبستراکت.....هتد. بەڵام لە پێشگردا، ئەمە کەمتر دەبینرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە (ساپێر پێی وایە، زمانە پێشگرییەکانprefixing زۆر کەمترن، لە زمانە پاشگرییەکانsuffixing) (والری ادمز: ۱۳۸۱: ۲۰۳) زمانی کوردیو فارسیش زمانێکی پاشگریین، چونکە لە گەیاندنی واتاو ئەرکی ڕێزمانییدا، زیاتر پشت، بە پاشگر دەبەستن، نەك پێشگر.

## ۱-۱۰-۲-۲: پاشـــــــگر

بەو مۆرفێمە بەندانە دەوترێت، کە (بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنووسێ، ڕواڵەتو ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێو دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ۱۹۸۷: ۳۷) بەم پێیە لە ڕووی شوێنەوە هەردەم دواوەی بناغە دەگرن. لە هەردوو چەشنی گیرەکی فەرهەنگیو ڕێزمانی، هەروەها نووسەکەکانیش لەزمانی کوردیو فارسیدا بەشێوەی پاشگر دەردەکەون. لە ڕووی ژمارەشەوە لە پێشگرەکان زیاترنو لەڕوانگەی واتاییشەوە، واتایان زیاتر پێشبینی کراوە. یەکێك لە گرنگییەکانی پاشگر لە زمانی شیعردایە، (ئەو وشانەی بە پاشگر دروست دەکرێن، لەگەڵ یەکترییدا هاوسەروان، بەمەش پەیوەندی نێوان وشەکان لەگەڵ یەکتریدا دروست دەکات. ئەو زیاتر لە زمانی شیعردا دەردەکەوێ.) (والری ادمز: ۱۳۸۱: ۲۰۵) واتە شاعیر بۆ دروستکردنی سەروا پەنادەباتە بەر پاشگرەکان، ئەمە لە سەروای شیعری کلاسیكو جووت سەروادا بەڕوونی دەبینرێت، وەکو:

کێشایە سەری خوە وی عەیایەك

ئـــــــیڤارە نەشەمعو نە چـرایەك     (مەمو زین: ۱٦۷)

لەم ڕووەوە، گرنگی پێشگر (تەنیا بۆ دووبارەبوونەوەی دەنگییو جوانکاری دەنگیی لە شیعردا، بەکاردێت.)(هەمان سەرچاوە: ۱۰٦)، وەکو:

**نـــــاچار ب درکـــــەتـــم ژخانی**

**ناگەه مە خوە دی ل ڤی مەکانی** (مەمو زین: ١٦٧)

لە ڕووی هێزەوە، سیمایەکی جیاکەرەوە، لەنێوان پاشگرو پێشگردا، هەستی پێدەکرێت، کە هێز لە وشەی ناسادەدا، زیاتر دەچێتە سەر پاشگرو بەگشتی (ئەو مۆرفێمە بەندانەی هێز ڕاکێشن، زیاترن لەوانەی هێز ڕاناکێشن، ئەشێ ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو واتا نوێیەی کە مۆرفێمە بەندەکە دەیخاتە سەر مۆرفێمە سەربەخۆکە.) (عبدالوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٩: ٦٨) لەبەرئەوەی پاشگرەکانیش واتایەکی ڕوونتریان هەیەو کەمتر لەگەڵ واتای ڕەگەکەدا تواونەتەوەو هەروەها لەبەرئەوەی دواوەی وشە دەگرن، بۆیە زیاتر هێز ڕادەکێشن. هەرچی (پێشگرە، بەبێ هێز، یان نیمچە هێزداری دەخوێندرێتەوەو بۆیە لەشعریشدا، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، یان هەر بێکاریگەرییە) (والری ادمز: ١٣٨١: ٢٠٥) وەك لەم نموونانەدا، شوێنی هێز، لەسەر هەریەکێك لەپێشگرو پاشگردا، دیارە:

کرێـ/کار، کتێبـ/ەکە، فێڵـ/باز، داد/وەر، هەڵـ/بژاردن، هەڵـ/بژاردنـ/ەکە

## ١-١٠-٢-٣: نـــــــــــــاوگر

هەرچەندە لەو پۆلێنەی کە پشتمان پێی بەستووە، ناوگرمان نەختستووەتە ڕیزی مۆرفێمە بەندەکان، لەبەرئەوەی سیمای هیچ یەکێك لە مۆرفێمە بەندەکانی، ڕێزمانیو فەرهەنگی تێدا بەدی ناکرێت، تەنانەت بوونو نەبوونیشی، دەکەوێتە ژێر لێکدانەوەی جیاوازەوە. وەنەبێ ئەمە تەنیا لەزمانی کوردیدا بێت، بەڵکو لە زمانی فارسیشدا، ناوگر ڕای جیاوازی لەسەرە، لەنێوان بوونو نەبووندا، بۆیە لەم ڕووەشەوە، خاڵێکی لێکچوو لەنێوان هەردوو زمانەکەدا، بەدی دەکرێت.

وەك لەناوەکەیدا، دەردەکەوێت، ناوگر (ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەردەکەوێ.) (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ١١٩) واتە ڕەگی وشەکە دەکەن بەدوو بەشەوەو دەچنە نێوان هەردوو بەشەکەوە. بەوردبوونەوە لە زمانی کوردی ئەم چەشنە گیرەکە نابینرێت. ئەوەی کە بەناوگریش دادەنرێت، بەدەرنییە لەدوو حاڵەت. یان ئەوەتا بووەتە بەشێك لە وشەکە بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی، ئێستا جیاکردنەوەی ئەستەمەو لە نموونەی زۆر کەمدا دووبارەدەبنەوە، کە نەبوونە هەڵگری ئەم سیمایانە بەگیرەکیش هەژمارناکرێن. یان مۆرفێمێکی لێکدەرەو وەکو ئامرازێکی لێکدەر کاردەکات، ئەم حاڵەتەش بەزۆری لای هەندێ لە زمانەوانە فارسەکاندا، دەبینرێت. بەشێکیان بەوە پێناسەی ناوگر دەکەن، (ئەو دەنگانەن، کە لەنێوان وشە لێکدراوەکاندا دێنو هەندێ لە ئامرازەکانی دانەپاڵیش دەگرێتەوە.) (حسن انوری، حسن احمدی گیوی: ١٣٩٠: ٢٩٧) نموونەکانیشیان فۆنێمی /ا/ لەم نموونانەی خوارەوە بە ناوگر دانراون:

سراسر، لبـالب، دمـادم، بنـاگوش، سراپا.............∞

لەڕاستیدا، ئەوەی کە بەناوگر دانراوە، مۆرفیمێکی لێکدەرە، ئەرکی پێکەوە بەستنی دوو مۆرفیمی سەربەخۆی هاوشێوەیە، یان جیاواز لەم چەشنە نموونانە لە زمانی کوردیشدا، زۆرن. هەربۆیەش هەندێ لە زمانەوانانی فارسی بوونی ڕەت دەکەنەوە، (ئێران کەلباسی)، لەو باوەڕەدایە، کە ئەو چەشنە گیرەکە (لەناوەوەی ڕەگدا دێتو لە زمانی فارسیدا، بوونی نییە.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٤) هەروەها (ویدا شقاقی) لەم بارەیەوە دەڵێت: (ناوگر لەناوەوەی پێکهاتەی وشەدا چەسپ دەبێت. واتە دروستەی ڕەگێك کە پێشتر لە زمانەکەدا هەبێت، دەیشکێنێتو دەچێتە نێویەوە، لە زمانی فارسیدا بوونی نییە.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٦٨) بەپێی ئەم بنەمایەش ئەوانەی لە زمانی کوردیدا بەناوگر دانراون، لەبەرئەوەی پێشتر ئەم ڕەگە لە زمانەکەدا نەبووەو تا مۆرفیمەکە بچێتە نێویەوە، بۆیە لەگەڵ ئەم پێناسەیەی ناوگر بەتەواوی یەك ناگرنەوە، بۆ نموونە:

شەق > شەبەق

برێشکە > برژاندن

بواردن > بوردن(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٤٦)

قرێژ > قژ

لە هیچ یەکێك لەمانەدا، ئەم جۆرە گۆڕانکارییەی بەسەردا نەهاتووە، تا ببێت بە ناوگر. هەندێکیان وشەی جیاوازن، یان گۆڕانی فۆنۆلۆژییان بەسەردا هاتووە. بۆ شیکردنەوەی ئەو نموونانەی لە زمانی فارسیشدا، بەناوگر دانراون، دەوترێت (لەزمانی فارسیدا، ناوگر وەك دیاردەیەك بوونی نییە، ئەو بزوێنی /ا/یەی لە وشەکانی (سراسر)، (رنگارنگ) دەبینرێت، بەبەشێکی وشەدارێژ دادەنرێت، کە لەشوێنی ئامرازی لێکدەری (و) بەکاردێت، هەروەها لەهەندێ شوێندا لەبری ئامرازە لێکدەرەکانی (تا، در، بر، واو، بە) بەکاردێت.) (علی أشرفی صادقی: ١٣٨٠: ٢٤٧) بەنموونە:

تا: سرتاپا > سراپا

در: پی در پی > پیاپی

بر: گردبرگرد > گرداگرد

و: زنو شویی > زناشویی

بە: رنگ بەرنگ > رنگارنگ، لب بەلب > لبالب

بەوردبوونەوە لەو وشانەی سەرەوەی زمانی فارسی — کە ئەم چەشنە مۆرفیمانە لەزمانی کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەون- بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆڵیان لێکدانی دوو وشەیە، دەبن بەکۆنجێکشن. چونکە بەشداری پێکەوە بەستنی دوو وشە دەکەن، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو. لەلایەکی ترەوە، (بەگەڕانەوەمان بۆ پێناسەی گیرەك

ئەو ڕاستییە بەدەست دەخەین، کە ڕەگەزی /-ا-/ لەو جۆرە وشانەدا ناوگر نییە، بەڵکو بە شێوەساز (صورت ساز - Formative) هەژماردەکرێن.) (علاءالدین طباطبائی: ۱۳۷٦: ۱۲)

هەر بۆ بەزۆر سەلماندنی بوونی ناوگر، نەبوونی خودی دیاردەکە، لە زمانی کوردیو فارسیدا، هەندێجار ناوبرِ کە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە، بەناوگر دادەنرێت، کە دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژییە، بەجۆرێك کاری دارِژاوی ناوگری لەفارسیدا، باسی لێوە دەکرێتو بەوە پێناسە دەکرێت کە (ئەو کارە دارِێژراوانە دەگرێتەوە، کە بەزیادکردنی ناوگری /-ان-/ بۆ ڕەگی کاری ڕانەبردوو دروست دەبێت.)(محسین حافظیان: ۱۳۸۳: ۲۸) وەکو:

گشتن » گرد + ان + د/ید گرداندن/گردانیدن

پختن » پز + ان + د/ید پزاندن/پزانیدن

خوردن » خور + ان + د/ید خوراندن/خورانیدن

لەڕاستیدا، /-ان-/ ناوگر نییە، بەڵکو /-ا/ ناوبەندەو /-ن/ بەشێکە لە نیشانەی دروستکردنی کاری تێپەرِ، لە زمانی فارسیدا، چونکە (ڕێگەی دروستکردنی کاری تێپەرِ ئەوەیە، کە /انید/ یان /اند/ بۆ کۆتایی ڕەگی کاری زیادبکرێتو ڕابردووی تێپەرِ دروست دەبێت.)(عبدالعظیم قریبو دیگران: ۱۳۸۷: ۱۲۳) لە زمانی کوردیشدا ئەم مۆرفێمە ڕای جیاوازی لەسەرە، بەلاَم زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان، کە /-اند/ مۆرفێمی تێپەرِاندنە.[٢٥]

ئەم ڕا جیاوازانە دەگەرِێنەوە بۆئەوەی کە (ناوگر لەزمانە هیندۆ ئەورووپییەکاندا زۆر کەمەو زۆرتر لە زمانە ناوچەییەکانی ئەمریکاو زمانە نا ئەورووپییەکاندا دەبینرێت.) (Bauer: 1992: 13) چونکە زمانی کوردیو فارسیش سەربەهەمان کۆمەڵە زمانن، بۆیە دەشێ بڵێین ناوگریان نییە، هەروەها دەوترێت، (بەشێوەکی گشتی لەزمانی ئینگلیزیشدا، ناوگر بوونی نییە.) (Yule: 1996: 69) بۆیە دەشێ ئەمەیش بەخاڵێکی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانە دابنێین.

بۆ ئەوەی بزانین، سروشتی ئەم جۆرە مۆرفێمە چۆنە، وێنەی ڕاستەقینەی کەی دەردەکەوێت، دەبێت نموونەیەك لەو زمانەدا بهێنینەوە، کە بەتەواوی دەرکەوتەی ناوگری هەیە. زمانی بۆنتۆئیگۆرۆت، کە زمانێکی فیلیپینییە، ناوگری /-um-/ بۆ پیشاندانی بارێکی ڕێزمانی بەرهەمدارە، وەکو مۆرفێمی ڕێزمانی کاتی داهاتوو بەکاردێت، بۆنموونە، لەوشەیەکی وەکو:

tengao بە واتای (خۆشم گوزەراند - لە ڕۆژی پشوودا-) بەزیادکردنی ئەم ناوگرە دەبێت بە:

tumengao واتە (خۆش دەگوزەرێنم) (ادریان اکمجیانو دیگران: ۱۳۸۲: ۱۷)

---

٢٥- لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەوردی لەم مۆرفێمە دواوین، بڕوانە: (۳-۱-۹)

## ١-١٠-٢-٤: هەندێ گیرەکی تر، کە بەپێی شوێن ناونراون:

مەبەست لەو چەشنە گیرەکانەیە، کە لەچوارچێوەی وشەدا، شوێنێکی نەگۆڕیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانەکەماندا، کەمتر باسیان لێوە کراوەو بوونیان نییە، یان، دەگمەنن، بۆیە ئێمەش بەجیا لێیان دەکۆڵینەوە، کە گرنگترینیان، ئەمانەن:

## ١-١٠-٢-٤-١: Interfix بیناوند/اطراف وندها

ئەو مۆرفێمانە دەگرێتەوە، کە (لەنێوان دوو بەشی وشەی لێکدراودا دێن.) (بفرین احمد حماغا: ٢٠٠٩: ١٤) لەزمانی کوردیدا، زیاتر بە ئامراز ناویان ڕۆیشتووە، کە تەنیا ئەو ئامرازانەش دەگرێتەوە، کە دەچنە نێوان دوو مۆرفێمی سەربەخۆو وشەیەکی لێکدراو دروست دەکەن. سەرباری ئەوەش ماناو چەمکێکی ڕوونیان نییە. بەوە پێناسە دەکرێن کە (ئەو مۆرفێمە یاریدەدەرانەن، کە مانای خودییان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکاری دەکەنو دەکرێ پێیان بووترێ مۆرفێمی پەیوەندی.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٤١) وەك دیاردەیەکیش لەزمانی کوردیو فارسیدا، لەبەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا، زۆر چالاکن، وەکو:

/-ە-/: تەڕەپیاز، بەردەنوێژ، گوڵەگەنم......

/-و-/: دەموچاو، هیلکەوڕۆن، سەروپێ......

چشمورو، ابوهوا، دوستواشنا......

/-بە-/: گوڵبەدەم، دەست بەسەر...........

دیربەدیر، لابەلا، دست بەدست......

بەشێوەیەك ئەم چەشنە گیرەکە، بە (مۆرفێمێك هەژماردەکرێت، کە بە شێوەی ڕەگەزێکی لێکدەری (بە چەشنێکی کاراو بەهێز) دوو بەشی وشەیەك، کە وەك یەك بن، یان جیاوازبن، پێکەوە دەبەستێتەوە.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٥١) کەواتە دەشێ لە ڕیزی مۆرفێمە ئەرکییەکانی دابنێین، نەك فەرهەنگییەکان. بەو پێیەی کە (بە تەنیا مانا نابەخشێت، دەبێتە هۆی لێکدانی دوو مۆرفیمی مانادار یان زیاتر.) (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨: ٨٤) واتە ئەرکێك دەبینێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیین، ئەم ئەرکەی لە سینتاکسدا نییە، بەڵکو لە فەرهەنگدایە.

## ١-١٠-٢-٤-٢: لاگر Circumfixes پیراوند

مەبەست لەو گیرەکانەیە کە (بە پێشو دواوەی وشەوە دەنووسێنو هەندێ جاریش، بە مۆرفێمی پچڕاو یان پچڕپچڕ ناودەبرێن.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ٩٣) لە زمانی کوردیو فارسیدا، هەندێ نموونەی دەگمەنی ئەم

جۆرە مۆرفێمە بەرچاودەکەون. بەڵام لە شێوەی تەواوی ئەم چەشنە نین، شێوەیەکی نزیكو لێکچوویان هەن، کە دەکرێت، ئەمەی پێڕوون بکرێتەوە، وەکو:

نەزانی نە(پێشگر)+ زان + ی(پاشگر)

نەخۆشی نە(پێشگر)+ خۆش +ی(پاشگر)

وەرگرتنەوە وەر(پێشگر)+ گرتن +ەوە(پاشگر)

لە زمانی کوردیدا، بەوە ناسێنراوە، کە (بەکارهێنانی پێشگرێكو پاشگرێکە، لەیەك وشەدا، پێی دەوترێت، کۆنفێکس.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٤٣) واتە ڕەگێك یان بنکەیەك پێشگرو پاشگر پێکەوە وەربگرێت، لێرەدا، ئەم نموونانە هەمان تایبەتمەندییان هەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە مۆرفێمێکی پچڕاو نییە، بەشێکی لە سەرەتاو بەشێکیشی لە کۆتایی وشەکە هاتبێت، هەردووکیان گیرەکنو دەتوانن بەجیاش بەکاربێن، بەڵام سیمای سەرەکی ئەو چەشنە مۆرفێمە ئەوەیە، کە (پێویستە پچڕاوی هاونشین بن، واتە پێکەوە نەبێت دەرنەکەونو بەشێکی بە سەرەتای وشەکەو بەشەکەی تری بەکۆتایی هەمان وشەوە بلکێت.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٦٩) هەروەها پێویستە یەك مۆرفێم بێت، ببێت بەدوو پارچەوە. هەر لەبەر ئەم جیانەکردنەوەشیان دەوترێت (گیرەکی ئاوێتە هەردوو لای وشە یان فرێز دەگرن.) (فاضل عمر: ٢٠٠٥: ٩) پێش بەندو پاشبەندەکانیش لەگەڵ ئەم جۆرەی مۆرفێم تێکەڵ کراونو بەمۆرفێمی پچڕاو دانراون،[٢٦] کە لەڕاستیدا، سیماکانیان جیاوازنو یەکناگرنەوە.

بە چەشنی لە زمانی کوردی فارسیشدا، ئەم چەشنە مۆرفێمانە هەن، بەڵام ناتوانیین بە (پیراوند)ی تەواویان دابنێین، بۆنموونە:

ناپسندی نا(پیشوند) + پسند + ی(پسوند)

نامهربانی نا(پیشوند) + مهربان+ ی(پسوند)

بی ادبی بی(پیشوند) + ادب + ی(پسوند)

دەشێ، هەریەك لەم وشانەی سەرەوە، تەنیا یەکێك لە گیرەکەکان وەربگرنو تەنیا یەکێکیان دەربکەوێ. بەمەش سیمای تەواوی ئەم گیرەکەی تێدا دەرناکەوێ. بۆ پیشاندانی ئەم دیاردەیە نموونە لە زمانی ترەوە، وەردەگرین، بۆنموونە، (لە زمانی ئەڵمانیدا، ناوی کراو، بەهۆی زیادکردنی لاگرەکانی (پیراوند)ی (ge......t) بۆ ڕەگی کار دروست دەبێت.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ٨٣) بۆنموونە:

ڕەگی کاری (Lieb) بەواتای (خۆشویستن) دێت، بەهۆی ئەم گیرەکە دەبێت بە (geliebt) واتە (دڵدار)، (ئەو کەسەی خۆشەویستی دەکات)

---

٢٦- بۆئەم مەبەستە بڕوانە: (فاضل عمر: ٢٠٠٥: ٥٩)

هەروەها لە زمانی موسکوجی muskogean (کە زمانێکی ئەمریکای لاتینییە) نەرێ بەهۆی لاگری، (ik......o) دروست دەبێت. بۆنموونە:

Chokma واتە (باشە) بەهۆی ئەم گیرەکە دەبێت بە ikchokmo واتە (باش نییە)

Palli واتە (گەرمە) بەزیادکردنی ئەم گیرەکە دەبێت بە ikpallo واتە (گەرم نییە) (هەمان سەرچاوە: ٩٥.)

لەزمانی فارسیدا، نموونەیەك دەهێنرێتەوە، کە وشەی ("نارضیایتی" کەوشەیەکی وەرگیراوی عەرەبییەو لە (رضیایت)ەوە دروستکراوە، بەهۆی پێشگری /-نا/و پاشگری /-ی/. لەبەرئەوەی لەزمانەکەدا (نارضیایت*) یان (رضیایتی*) بەتەنیا بەرچاو ناکەون) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٦٩) ئەم فۆرمە بە لاگر(پیراوند) هەژماردەکرێت. بەلام تەنیا نموونەیەکیش -ئەویش وەرگیراو- بوونی ئەم دیاردەیە ناسەلمێنێ. ئەم نموونەیە بە کوردیش دەکرێت بەرجەستەکەری تەواوی هەمان دیاردەبێت. چونکە (نارەزایێتی) هەیە، بەلام (*نارەزا)، (*ڕەزایێتی) نییە.

## ١-١٠-٢-٤-٣: transfix درون وند

هەرچەندە ئەم جۆرە مۆرفێمە لە زمانی کوردیو فارسیدا، زۆر دەگمەنە، بەلام دەشێ لەو وشانەدا ببینرێت کە لەزمانی ترەوە، بەتایبەتی زمانی عەرەبییەوە، هاتبنە ناوەوە، چونکە تایبەتە بە زمانە سامییەکانو ڕێگایەکی کارای کۆکردنەوەیە لەزمانی عەرەبیدا، بەوە پێناسە دەکرێت کە (گۆڕانکارییەکی ناوەکییە لە پێکهاتەی دەنگی وشەدا، ڕوودادەت، وشەکە لەتاکەوە دەبێت بەکۆ، ڕێگەیەکی بەرهەمداری کۆیە لە زمانی عەرەبیدا.)(عبدالقادر عبدالجلیل: ١٩٩٨: ٣٦٩) لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە ئەم ڕێگایە هەیەتی – بەتایبەتی لەزمانی فارسیدا- پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێبدەین، بەگشتی (گیرەکێکی بزوێنییە، کە لەناو ڕەگێکی نەبزوێن دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی لە دوو بەش پێك دێتو دەکەوێتە ناوەوەی وشە، پێشی دەوترێت، گیرەکی پچڕاوی ناوەوە.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٦٨) بۆ نموونە، لەو وشە عەرەبیانەی بەهۆی هەردوو فۆنیمی بزوێنی، (o)و (u) دەبن بە کۆ، وەکو:

رسم rsm رسوم rosum

درسdrs دروس dorus

رمزrmz رموزromuz

صدرsdr صدورsodur

## ١-١٠-٢-٤-٤: مۆرفێمی پچڕاو(گسستە)

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی مۆرفێم ئەوەیە، کە کەرت ناکرێت، بۆ پارچەی بچووکتر، بەڵام کاتێك بەوردی شەنوکەوی مۆرفێمەکانی زمان دەکەین، هەندێکیان دەبینین، کە شیانی ئەوەیان تێدایە، کە کەرت بکرێن بۆ دوو پارچەی لێك پچڕاو. زۆرجاریش بە جووتە گیرەك دەناسێنرێن. کە (لەشێوەی پێشگرێك‌و پاشگرێکدا، یان وشەیەك‌و پاشگرێکدا، لەیەك کاتدا، بەبنکەیەکەوە دەلکێن.) (محەمەد مەعروف و صباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٣٤) بەڵام لە زمانی کوردیدا، ئەو نموونانەی بۆ ئەم دیاردەیە دەهێنرێنەوە، زۆربەیان کەرتی یەکەمی مۆرفێمەکە وشەیەکەو لەبواری سینتاکسدا، وەك ئامرازێکی پەیوەندی دادەنرێت، بەتایبەتی ئەو ئامرازانەی کە ناسادەن. وەکو:

**ئەم خوێندکارە**　　ئەم........ە

**لەخۆمــەوە**　　لە........وە.

یان هەریەك لە پێشبەندەکان، لەگەڵ پاشبەندەکانییان، بە مۆرفێمێکی پچڕاو، دادەنرێن. وەکو:

**پێــمەوە**　　بەمنــەوە　　بە........وە

**لێـتــەوە**　　**لەتۆوە**　　لە........وە

دیارە کە (پێ، لێ) هەر وشەن، فۆرمیان گۆڕاوە. بەڵام هەندێ نموونەی تری ئەم چەشنە مۆرفێمە لە زمانی کوردیدا، هەن، کە زیاتر بوونی ئەم دیاردەیە دەسەلمێنن، وەکو:

- **چ** منداڵـ**ێکـی** ژیرە.
- **چ** هاوڕێیـ**ـەکی** دڵسۆزە.
- لە **چ** بەشـ**ێك** دەخوێنی؟

(چ......ێك) زیاتر لەم چەشنە مۆرفێمەیە، هەرچەندە (چ) بە یەکێك لە ئامرازەکانی سەرسوڕمان، یان پرس دادەنرێت، کە وشەیەکی ئەرکییە. بەگشتی سنووری ئەو دیاردەیە، بەوە پێناسە دەکرێت، کە (ئەو مۆرفیمانەی کە لەیەك بەش پێك دێن، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانیان لە ڕستە مۆرفێمێکی تر لەگەڵ خۆیان دەهێنن، بە مۆرفێمی پچڕاو، ناسێنراون.) (بفرین احمد حمەاغا: ٢٠٠٩: ١٩)، بۆ نموونە:

- **هەر** کتێب**ێك** دەخوێنمەوە.
- **هەر** شار**ێك** دەبینم.

مۆرفێمی (هەر) کە بەئاوەڵناوی نادیار، دادەنرێت، (-ێك) ڕادەکێشێت، بەبێ ئەویش بەهەمان واتاو مەبەست، نایەت. مۆرفیمی /-ێك/ لەم نموونانەدا ئەرکی سەرەکی خۆی پیشان نادات، کە نەناسراوی‌و تاکە، بەڵکو واتاکەی ئاوێتەبووە، لەگەڵ چەمکی نادیاری (هەر)، بەم پێیەش واتای هەردوو بەشەکە تێکەڵ دەبێت‌و

دەبێت بەیەك واتا. بەدەربڕینێکی تر، (ئەو جۆرە مۆڕفێمانەی کە لە ڕووکاردا دوو بەشن، بەڵام یەك داڵو مەدلوولیان هەیە، مۆڕفێمی پچڕاویان پێدەوترێت.) (ابوالحسن نجفی: ۱۳۸۷: ۱۰۰)

لە زمانی فارسیشدا، هەمان چەشنی مۆڕفێم هەستی پێدەکرێت، وەکو:

در **چ** شهری ب دنیا امدی.

**چ** نامه‌ای را برایم نویشتی.

**چ** شبــی دیجور است.

**چه** رشته‌ای قبول شدی.

مۆڕفیمی (چ) بەشی دووەمی (/-ی/، /ای/) ڕادەکێشێت، هەر بەشێك لابرێت ناڕێزمانی دروست دەبێت. بەتایبەتی لەزمانی کوردیدا، وەکو:

* هەر کتێب دەخوێنمەوە.

* چ هاوڕێ دڵسۆزە.

* چ رشته قبول شدی؟

مۆڕفێمی پچڕاو، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دوو جۆری هەیە، گیرەکی پچڕاوی ناوەوەو گیرەکی پچڕاوی دەرەوە. (ویدا شقاقی: ۱۳۸۷: ٦٨و٦٩) کە تەنیا جۆری پچڕاوی دەرەکی لەزمانی کوردیو فارسیدا، دەبینرێن. هەرچەندە ئەوانەی لەکوردیدا، باسی ئەم دیاردەیەیان کردووە نموونەکانیان زیاتر لەگەڵ سروشتی دیاردەکەدا، یەك ناگرنەوە، چونکە نموونەکانیان زیاتر، ئامرازو پاشبەندن، نەك یەك مۆڕفێم بووبێت بەدوو کەرتەوە. هەروەها زۆرجار دەکرێت لە نموونەکانیان کەرتێك لابرێت بێئەوەی واتایان بگۆڕێتو ببێتە هۆی ناڕێزمانی، وەکو:

- ئەگەر بهاتبایە.........          بـ.........ایە

لێرەدا، (بـ......ایە) بەمۆڕفێمی پچڕاو، دانراوە، بەڵام لێرەدا دەکرێت، کەرتی یەکەم لابرێتو بڵێین: (ئەگەر هاتبایە) هیچ واتاو ئەرکی ڕێزمانیشی ناگۆڕێت. لە مۆڕفێمی پچڕاودا ڕێگەی لابردنی زۆر کەمە، بەڵام دەشێ (کەرتی دووەمی مۆڕفێمە پچڕاوەکە سەرپشکی (ئیختیاری) بێت.) (ابوالحسن نجفی: ۱۳۸۷: ۱۰۰) ئەمەش لەهەندێ نموونەی زمانی فارسی ڕێگەی پێدراوەو گونجاوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، ئەمەش ناگونجێت، وەك لە بەراوردکردنی ئەم نموونەیە، لە هەردوو زمانەکەدا، دەردەکەوێت:

- هر پسری امد.
- هر پسر امد. (ف)
- هەر کوڕێك هات.
- *هەر کوڕ هات. (ك)

## ۱-۱۰-۳: مۆرفێمی بەندی بنکە

هەرچەندە هەندێك لە مۆرفێمەکانی بنکە، بەشێوەی سەربەخۆش دەبینرێن، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکیان بە تەنیا واتای سەربەخۆیان نییە، دێنە ڕیزی بنکەبەندەکانو شوێنی دەرکەوتنی مۆرفێمە بەندەکانیش بە هەموو چەشنو جۆرەکانیانەوە سەر ڕەگو بنکەکانن، لەم سۆنگەیەوە (ئەو مۆرفێمانەی کە گیرەکەکانیان پێوەدەلکێت مۆرفێمی بنکە (stem- ستاک)یان پێدەوترێت، مۆرفێمی بنکە دەشێ سەربەخۆبێت، یان بەندبێت.) (ادریان اکمجیانو دیگران: ۱۳۸۲: ۱٦) بەنموونە مۆرفێمی (دار) لەهەریەك لەم وشانەی خوارەوەدا، مۆرفێمی بنکەی سەربەخۆیە:

- دارستان، دارەوان، دارەکە، دارکەر.........................∞

بەڵام مۆرفێمی /نووس/ لەهەریەکێك لەم نموونانەی خوارەوەدا، مۆرفێمی بەندی بنکەیە:

- نووسەر، نووسراو، دەسنووس....................∞

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان مۆرفێمی بنکەو مۆرفێمی ڕەگ، چونکە هەندێ لە بنکەکان دەبنە ڕەگ، بۆیە مۆرفێمی ڕەگ بەوە پێناسە دەکرێت، کە (کرۆكو ناوائاخنی وشەیە، کە لەمە دووردتر ناکرێتەوە، بۆ یەکەی بچووکتر.) (Katamba, Stonham: 2006:42) ئەم کورتکردنەوەیەش چ لەڕووی ڕێزمانییەوە بێت، یان لەڕووی داڕشتنەوە بێت، بەواتایەکی تر (هەر کاتێك لە فۆڕمێکی وشەدا، هەموو گیرەکە ڕێزمانیو فەرهەنگییەکان لابرێن، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگە.) (علاءالدین طباطبائی: ۱۳۷٦: ۱۳) بۆ نموونە مۆرفێمی (خۆ)و (ڕۆ) لەچاوگەکانی (خواردن)و (ڕۆیشتن)دا مۆرفێمی ڕەگن.

لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر سێ زاراوەی لێك نزیكو جیاوازیش بکەین، کە ئەوانیش (base- پایە)، (stem- ستاك)، (root- ریشە) ئەم سێ زاراوەیە (لە مۆڕفۆلۆژیدا جیاوازن لەگەڵ یەکتریدا.) (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۲۳) بۆ جیاکردنەوەشیان پێویستە سنووری هەریەکەیان دیاری بکەین. بە جۆرێك کە بنکەbase (مۆرفێمێك یان وشەیەکی سادە، یان ناسادە، یان لێکدراو، کە لەگەڵ مۆرفێمێك یان وشەیەکی تر لە داڕشتندا بەشداری دەکات، فۆڕمێکی تری وشەکە، یان وشەیەکی تری دروست دەکات، پێی دەوترێت، base) (ویدا شقاقی: ۱۳۸۷: ۱۳۷) بۆ نموونە:

سەربەرزی سەربەرز = بنکە

جوانی جوان = بنکە

بڕی بڕ = بنکە

هەرچی (stem)ە، بەو بنکانە دەوترێت، کە (لە فۆرمە – وشەی شکاوەدا inflected word هەیەو ناونراوە >>قەد<< stem) (محەمەدی مەحویی: ۲۰۱۰: ۱۲) بۆ نموونە:

نامەردی نامەرد = بنکە، بەڵام مەرد = stem.

ئەم چەشنە مۆرفێمە باشتر لە کردارەکاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

کڕین – ن » کڕی(stem) – ی(م.ك) » کڕ(root)

ڕەگrootیش (دوای لێکردنەوەی هەموو زیادە(مۆفێم)ێك دەمێنێتەوە.) (محمد علی الخولی: ٢٠٠٩: ٢٤٥) هەروەك لە نموونەکەی سەرەوە دیارە، کە هێشتا ئەم قەدە مۆرفێمی تری پێوە ماوە، ئەویش مۆرفێمی کاتی ڕابردووی /-ی/یە. بەڵام دوای لابردنی ئەم مۆرفێمە لەوە زیاتر دابەش نابێت، بۆیەش پێی دەوترێت (root-ڕیشە) ئەمەش بەوە دەناسرێتەوە کە (مۆرفیمێك یان وشەیەکی سادەن و توانای دابەشبوونیان تێدا نییە.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ١٤١) بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیین، (root)یش هەر بە بنکە هەژماردەکرێت، بەجۆرێك (بناغەیەك کە نەتوانرێت، چییدی بۆ مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی شیتەڵبکرێت و شیبکرێتەوە، ناونراوە >>ڕەگ<< root) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٣) بەم پێیە ئەم نموونەیە بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە:

(نەزانی): (نەزان) بناغەیە لە (نەزانی)، هەروەها (زان) بناغەیە بۆ هەردوو مۆرفێمی /نە-/، /-ی/، لە هەمان کاتیشدا، ڕەگە.

بەم پێیە، دەشێ ئەوە بڵێین، کە (هەموو ڕەگێك تواناو شیانی ئەوەی تێدایە ببێت بە بنکە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێناکەوێ) (Katamba, Stonham: 2006:46)، چونکە (زۆرێك لە بنکە دەشێت خۆیشی فرەمۆرفێم و ئاڵۆزبێت.) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٣) بۆ نموونە:

لە (دڵتەنگی)     (دڵتەنگ) بنکەی فرەمۆرفێمە

(دەستبەسەری)     (دەست بەسەر) بنکەی فرەمۆرفێمە.

ئەگەر لە پێکهاتەی ئەم وشانەی خوارەوە وردبینەوە، دەبینین هەر وشەیەك بۆ ئەوەی دوای خۆی دەبێت بەبنکە.

پرس = ڕەگ ، بنکە     کار

پرسی = قەد بنکەیە     ڕەگ + (م.ك)

بەرپرس = بنکە     پێشگر + ڕەگ

نابەرپرس = بنکە     پێشگر + پێشگر + ڕەگ

نابەرپرسانە = بنکە     پێشگر + پێشگر + ڕەگ + پاشگر

نابەرپرسانەتر = بنکە     پێشگر + پێشگر + ڕەگ + پاشگر + پاشگر

یان لەم نموونەیەدا:

داد     ڕەگ، بنکە     ناو

دادگەر     بنکە     ناو + پاشگر

نادادگەر     بنکە     پێشگر + ناو + پاشگر

نادادگەرانە     وشە          پێشگر + ناو + پاشگر + پاشگر

لێرەوە، تاڕادەیەك سنووری نێوان stemو root دەردەکەوێتو (هەرچەندە، گیرەك بۆ بنکە زیادبکەین، بنکەیەکی نوێو وشەیەکی تازەمان دەست دەکەوێت.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ٩٥)، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە کۆتاییەکی کراوەی هەبێت، بەڵکو تا سنوورێکی دیاریکراو ڕێگەی پێدراوە.

مۆرفیمی بنکە، لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، بەشێوەیەکی گشتی، لە چەشنی بنکەی بەندو سەربەخۆ هەن، بەڵام بنکەی بەند کەمترن، چونکە لەگەڵ وەرگرتنی یەکەم گیرەکدا، بەشێوەی وشەی سەربەخۆ کاردەکەن، بەواتایەکی تر (هەرکاتێك مۆرفێمێکی ڕەگ، لەگەڵ گیرەکێکدا یەکیان گرت، stemێك دروست دەبێت.) (هەمان سەرچاوە: ٩٤) بەڵام دەوترێت (لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆربەی ئەو ڕەگەزانەی بە بنکە هەژماردەکرێن، لەڕاستیدا، مۆرفێمێکی سەربەخۆ نین.) (Yule: 1996:76) بۆیە دەبێت سروشتی زمانەکەش ڕەچاوبکەین.

## ١-١٠-٤: نووسەك clitic

چەشنێك لە مۆرفێمی بەند، بەپێی چەند سیمایەکی تایبەتیانو جیاواز لە گیرەکەکان، ناونراون، نووسەك. هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە تەواو لێك دەچنو خاڵی هاوبەشیان هەیە، بۆیە لەو نموونانەی کە لە باسەکانی پێشتردا، وەك مۆرفێمی بەند پیشان دراون، هەندێکیان دەکەونە خانەی نووسەکەوە، بەڵام خاڵی سەرەکیو جیاکەرەوەیان ئەوەیە، کە نووسەك (بە جۆرێك لە جۆرەکانی وشە هەژماردەکرێت، کە بەکارهێنانێکی سەربەخۆی نییەو وەکو گیرەکەکان، بە وشەی پێش یان دوای خۆیەوە دەچەسپێتو بە پێچەوانەی گیرەك، وەك بەشێك لە پێکهاتەی وشەکە دانانرێت.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٥) کەواتە نووسەك وەك وشەیەکی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو زۆرجار دەگوترێت کورتکراوەی وشەیەکە، بە جۆرێك کە (لە هەندێ دەورووبەری زمانییدا، وشەیەك کە لە ڕووی دەنگەوە، بەشێوەی خورتەکی(ئیجباری) یان سەرپشکی (ئیختیاری) کورت دەکرێتەوە، ئەم شێوە کورتکراوەیە بە بێهێز بە وشەی دەورووبەریەوە دەنووسێتو ئەو یاسا دەنگیانەی وشەکە حوکمی بەسەردا دەکەن.) (ویدا شقاقی: ١٣٧٦: ١٤٥) بەزۆری ئەم کورتکراوانەش لەزمانی ئینگلیزیدا بەرچاودەکەون، وەکو

-’s ← is

-’ve ← have

-’as ← has[٢٧]

٢٧- ئەم نموونانە لە (Katamba, Stonham: 2006: 338) وەرگیراون.

بەپێی ئەم سیمایە لە زمانی کوردیو فارسیدا، چەند نموونەیەکی نزیك لەم چەشنە دەبینرێن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، ئەو کارانەی لە چاوگی (بوون) وەردەگیرێن، بۆ کاتی ئێستا دەبێت بە (ە)، وەکو:

- منداڵەکە جوانـ(ە).
- پیاوەکە لەبازاڕ(ە).

ئەم شێوەی کورتکراوەی (هەیە)، سیماکانی تری نووسەکیشی تێدا دەبینرێت. هەروەها لە زمانی فارسی، (ئەو شێوە جیاوازانەی لە کاری (بودن) وەك کاری یاریدەدەر وەردەگیرێن، بە جۆرێك لە نووسەك هەژماردەکرێن، پێیان دەوترێت: (کاری دواگر enclitic verb) لەوانە:

ام — ایم، ای — اید، است — اند.

(است) بۆ شەش شێوە کورت دەکرێتەوە، لەوانە: ( /ـە/، /ـِس/، /ـَس/، /ـَت/، /ست/ /ـَست/) کە (/ست/ /ـَست/) زیاتر لە شێوەی فەرمیو ئەوانی تر لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، بەکاردێن.) (ویدا شقاقی: ١٣٧٦: ١٥٢و ١٥٣) ئەوانەی لە زمانی کوردیدا، بە جێناو ناونراون، نووسەکنو (دوو فۆڕمیان هەیە، فۆڕمێکی کورتکراوەو فۆڕمێکی پڕ.) (محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ٣٣) ئەگەر فۆڕمە پڕەکە دەرکەوت، پێویستە فۆڕمە کورتکراوەکەشی لەگەڵدا بێت، بەڵام دەشێ فۆڕمە کورتکراوەکە بەبێ فۆڕمە پڕەکە بێت، وەکو:

- من چیرۆکەکەم نووسی.
- * من چیرۆکەکە نووسی.
- چیرۆکەکەم نووسی.

یەکێکی دیکە، لە سیماکانی نووسەك ئەوەیە، کە (بەلایەکی وشەوە دەلکێت، بەڵام بە بەشێکی وشەسازی فەرهەنگی (داڕشتن) یان ئەرکی (صرفی) دانانرێت.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٨: ١٦) بۆ نموونە لە فرێزی، (کتێبەکەم)دا، (م) نووسەکە. بەڵام بەشێك نییە لە داڕشتنی وشەکە. ئەرکێکی سینتاکسی پیشان داوە، کە دیارخەرییەو فرێزەکەی لە دواوە فراوانکردووە. هەروەها لە زمانی فارسیدا فرێزەکانی (کتابم، خانەات....) بە هەمان شێوەن. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەم جۆرە مۆڕفێمە لە سینتاکسدا نەبێت، کارناکات.

لە نووسەکەکاندا، سیمایەکی تر هەیە، کە توانای جووڵەو گواستنەوەی شوێنەکەیەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا، بەجۆرێك کە (نووسەك لە هەڵبژاردنی قەدی کارداو شوێنی چوونە سەری (لکانی) ئازادە.) (ئەبوبکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٢٣) بەڵام ئازادییەکی ڕەها نییە، بەڵکو توانایەکی سنووردارە، وەکو نووسەکی (م) لەم نموونانەدا:

- نانـم خوارد
- نانە گەرمەکەم خوارد.
- نانو ماست دەخۆم

هەروەها لە زمانی کوردیو فارسیدا، ئەوانەی بە گیرەکی ڕێزمانی دانراون، هەندێکیان، توانای گۆڕینی بنکەکانیان، هەیە، وەکو مۆڕفێمی /-ەکە/ لە زمانی کوردیدا، لە هەندێ باردا، بنکەکەی بەجێدەهێڵێتو دەچێتە سەر وشەیەکی تر، ئەمەش تەنیا لەچوارچێوەی ئەو فرێزانەدا ڕێگەی پێدراوە، کە دیارخەرەکەی ئاوەڵناوێکی چۆنیەتی بێت. وەکو:

- کتێبــ**ەکە**م کڕی. (لەسەر بنکە)
- کتێبە کۆنــ**ەکە**م کڕی. (دەجووڵێت)
- کتێبــ**ەکە**ی تۆم....... (ناجووڵێت)
- کتێبــ**ەکە**ی ئازادم...... (ناجووڵێت)

کەواتە دەشێت مۆڕفێمی /-ەکە/ بە (شێوەنووسەك/ نیمچەنووسەك)ی دابنێین، ئەگەر هاتوو، مۆڕفێمی کۆی /-ان/ لەگەڵ ناساندنەکە پێکەوە هاتن، ئەوا /-ان/یش، دەبێت بە نووسەك، چونکە ئەویش توانای جوڵەی تێدادەبێت، بەڵام مۆڕفێمی نەناسیاری توانای جووڵەی نییە، لەگەڵ هەر دیارخەرێك، بۆیە بەگیرەك دادەنرێت. بەڵام لە زمانی فارسیدا، بەپێچەوانەوە، (/-ی/)ی نەناسراوی بە نووسەك دادەنرێت چونکە توانای جووڵەو گۆڕینی بنکەی هەیە.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ٣١) بۆ نموونە:

- کتابی خریدم.
- کتاب خوبی.......
- کتاب بیسار خوبی......

لەبەرئەوە، (یاسای جوولە بەسیمایەکی جیاکەرەوەی نووسەك دادەنرێت.) (ویدا شقاقی: ١٣٧٦: ١٤٩) تاڕادەیەکی زۆر لە هەموو نووسەکێکدا هەستی پێدەکرێت. کەواتە نووسەك بە پێچەوانەی گیرەکەوە، تەنیا ناچێتە سەر مۆڕفێمی بنکە. بەڵکو دەتوانن (بەگرێوە یان بە کەرتێکی تری ڕستەوە بلکێن.) (محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ٣٢)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن بە مۆڕفێمی ڕەگیشەوە بلکێن، بەتایبەتی نووسەکە جێناوە کەسییەکان. وەکو:

- نان دەخۆ(م.ڕەگ)م(نووسەك).

لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانیین هەریەك لەو مۆڕفێمانە(/-ەکە/ی کوردیو /-ی/ی فارسی) بە گیرەك دابنێین، چونکە (وەکو مۆڕفێمی سەربەخۆی فەرهەنگیو ڕێزمانی پێڕەوی یاسای سینتاکسی دەکەن.) (محمد ضیاء حسینی: ١٣٨٩: ١٣) لایەنێکی تر، لە سروشتی نووسەك ئەوەیە کە وشە دادەخات بەرووی گیرەکەکاندا، بەڵام بەڕووی نووسەکی تردا هەر کراوە دەبێت. واتە (نووسەك دەتوانێت بچێتە سەر ئەو فۆڕمانەی کە پێشتر نووسەك یان گیرەکی تریان وەرگرتووە.) (ئەبوبکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٢٣) بۆنموونە:

خوێندنگەکەمان » {خوێندن(م.بنکە) + گە(گیرەك) + کە(نووسەك) + مان(نووسەك)}

* خوێندنەکەگەمان » {خوێندن(م.بنکە) + کە(نووسەك) + گە(گیرەك) + مان(نووسەك)}

بەپێی شوێنی هاتنیان نووسەك دابەش دەبن بۆ بەرگر(پێش‌بەست) و دواگر(پی‌بست) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٥) بە جۆرێك ئەوانەی سەرەتای وشەکە دەگرن، پێیان دەوترێت بەرگر proclitic، ئەوانەشی لە دواوەی (کۆتایی) دێن، پێیان دەوترێت دواگرenclitic (Katamba, Stonham: 2006:338) دەبێت ئەوەش بزانین، کە لەهەموو زمانێکدا بوونی بەرگرو دواگر وەکو یەك نییە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیو فارسیدا، نووسەکەکان بەزۆری دواگرنو ناچنەپێشەوە،[٢٨] مەگەر بەدەگمەن نەبێت، بۆ نموونە:

کلیلەکانم ون کردن. کلیلەکانم » {کلیل (م.بنکە) + ەکە (نووسەك)(دواگر) + ان(نووسەك)(دواگر) + م(نووسەك)(دواگر)}

تەنانەت لە زمانی فارسیدا دەوترێت، (نووسەکەکانی زمانی فارسی هەموویان دواگرن، وەکو (ـَم) لە (کتابم)، (خوبم)دا) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٥) بەڵام لە زمانی کوردیدا، هەندێ نووسەكو لە هەندێ باری تایبەتدا شیانی ئەوەیان هەیە، کە بێنە پێشەوە، وەکو:

نەم(بەرگر) ناردووە. نەمان(بەرگر) دەناسی.

هەرچەندە لێرەشدا، بە تەواوی نابێتە بەرگر، چونکە بەرگر پێویستە لەپێشەوەی وشەکە بێت، نەچێتە سەر هیچ مۆرفێمێکی تر، لەو نموونانەی سەرەوەدا، نووسەکەکە چۆتە سەر گیرەکێکی ئەرکی، کە بەشێوەی پێشگر، دەرکەوتووە. بۆ ڕوونکردنەوەی تەواو لەو نموونانەی زمانی فەرەنسی ورد دەبینەوە، کە (کەتامبا) بۆ ئەو مەبەستە هێناونیەتەوە، وەکو:

| | |
|---|---|
| **La**fille | کچەکە |
| **Le**chine | سەگەکە |
| **L'**idẽe | بیرەکە[٢٩] |

هەریەك لە (Le، La، L') نووسەکنو لە زمانی فەرەنسیدا بۆ ناساندن بەکاردێن، کە بەشێوەی بەرگر دەردەکەون.

بەم پێیە دوای وردبوونەوەمان لە نووسەك دەتوانین بڵێین، (ڕەگەزێکی زمانییە کە هەندێ تایبەتمەندی وشەی تێدایەو هەندێ سیمای گیرەکیشی هەیە.) (Mathews: 1991: 23) سیمایی وشەییان لە پیشاندانی ئەرکی سینتاکسیو ڕێزمانیدایە، بەوەی کە ئەرکی جیاجیای وەکو، بکەر، بەرکار،.......هتد، دەبینن. هەروەها تایبەتمەندی گیرەکییان لەوەدایە، کە (بەشێوەی سەربەخۆ بەکارناهێنرێنو هەمیشە بە وشەی پێش‌وخۆیان یان دوای

---

٢٨- پ. د. فاروق عومەر سدیق وانەی مۆرفۆلۆژی کۆرسی یەکەمی خوێندنی دکتۆرای ٢٠١٠- ٢٠١١

٢٩ - ئەم نموونانە لە (Katamba, Stonham: 2006: 338) وەرگیراون.

خۆیانەوە دەلکێن.) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٥: ٤٢٠)، بەڵام وەك گیرەکەکان بە بەشێك لە پێکهاتەی وشە ناژمێردرێن. ئەوانەی لەو باوەڕەدان، کە نووسەك جۆرێك بێت، لە وشە، سەرباری ئەو هاوبەشییەی سەرەوە، بەڵگەیەکی تریان بەدەستەوەیە، کە خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان نووسەكو وشەدا، ئەویش ئەوەیە کە نووسەك (توانای کرتاندنی بەمەبەستیان هەیە، لەشوێنو جێگەی خۆیاندا، نابێتە هۆی نارێزمانی ڕستەکە.) (ویدا شقاقی: ١٣٧٦: ١٤٩) بۆ نموونە:

- مامۆستا لێرەبوو، بەڵام ڕۆیشت.

لەم ڕستەیەدا، وشە کرتاوە، بەڵام دەشێ نووسەکیش بکرتێت[٣٠]، وەکو:

- کوڕەکەمو کچەکەم دەخوێنن.
- کوڕو کچەکەم دەخوێنن.

لەم ڕستەیەدا، نووسەکی (ەکە) لەسەر وشەی یەکەم کرتاوە، بەڵام مۆرفێمە ڕێزمانییەکان توانای ئەوەیان نییە بکرتێنرێن. ئەم تایبەتمەندییە بۆ زمانی فارسیش دروستە. وەکو:

- خانەامو مدرسەام بەهم نزديك نيستند
- خانەو مدرسەام بەهم نزديك نيستند.

## ١-١٠-٥: شێوەگیرەك (شبەوند)

لە ڕووی زاراوەوە، شێوەگیرەك لە ئەلۆمۆرفەوە نزیکە، بەڵام لە مەبەستدا، لێك جیاوازن، چونکە ئەلۆمۆرف شێوەی جیاوازی مۆرفێمە، بەڵام شێوە گیرەك، بە فۆرمێکی زمانی دەوترێت، کە لەنێوان وشەو گیرەکدایەو بەوە پێناسە دەکرێت، کە (ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە، کە لەبنچینەدا وشەبوون، بەتێپەڕبوونی کات، سەرەڕای واتای بنجی خۆیان واتایەکی تریان پەیداکردووە. بە واتای نوێوە لەسەر وشەی نسادە بەکارهاتوون.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٤و ٢٥) لێرەدا دەبێت بۆ لایەنی مێژووی واتای وشەکە بگەڕێینەوە، بە شێوەیەك گۆڕانی فراوانبوونی واتا تێیدا ڕووی داوە. بۆنموونە وشەی (ئاوایی)، (شا)، (نوێ) بەرەو ئەوە ڕۆیشتوون، کە ببنە گیرەکی فەرهەنگیو بەشداری بکەن لەداڕشتنی وشەی نوێدا، وەکو:

/-اوا/: حاجیاوا، مامزاوا، دۆلاراوا، قالاوا..........

/شا-/: شاڕێ، شاکەل، شاتوو، شاجوان.............

/نەو-/: نەوزاد، نەورۆز، نەوژین....................

ئەمەش دەشێت وەك لایەنێکی کەموکوڕی لە بیری مۆرفێمدا، سەیربکرێت، چونکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، شێوەو واتای مۆرفێمەکان بە جێگیری نامێنێتەوە، زۆرجار وشەیەك قاڵبی خۆی دەگۆڕێت بۆ گیرەك،

---

٣٠- بۆ زانیاری تەواو لەبارەی کرتاندن بڕوانە: (بەکر عومەر عەلی: ١٩٩٢)، کە هەموو نامەکە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە.

بەپێچەوانەشەوە. هەندێ جاریش دوو مۆرفێم یەك دەگرنو بەتێپەڕبوونی کات دەبنە وشەیەکی سادەو سەربەخۆ. بۆنموونە (وشەی (ژن) لە بنجدا، لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە، {(ژ-) + (-ن)} کە ڕەگی (ژ-)و پاشگری (-ن)ە.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ١٥٨) لێرەدا دەبینین، کە گیرەکی /-ن/ سیفەتی گیرەکی لەدەست داوەو بووە بە بەشێك لە وشەکە. کەواتە دوو واتا لەم فۆرمە زمانییەدا، هەیە، کە واتایەکی وەکو گیرەك دەردەکەوێت، واتایەکی تریشی لە شێوەی وشەدا، کە هەردووکیشیان لە بەکارهێناندان. بۆ نموونە (زار) لە زمانی کوردیدا بە هەردوو جۆر بەکاردێت:

/-زار/ = گیرەکی فەرهەنگی بۆ سازکردنی ناوی شوێن، وەك: گوڵزار، لالەزار

زار

زار = وشەیەکی فەرهەنگی، کە بەچەند واتایەك بەکاردێت، لەوانە (دەم، لاواز)

دەبێت ئەوەش بزانیین، کە زۆرجار هەردوو واتای شێوەگیرەکەکان نامێننەوە، چونکە (دەشێ پێبەپێ واتای ئەسڵی خۆیان لەدەست بدەنو بەو مانایەی کە بەشێوەی سەربەخۆ بەکارنەهێنرێت، لەم حاڵەتەشدا، بە تەواوی دەبن بە گیرەك.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٥) بۆ نموونە هەروەکو لەپێشەوە باسکرا بەکارهێنانی پاشگری /-اوا/ ئەمڕۆ زیاتر بەرەو گیرەکیی دەڕوات، خەریکە سیمای یەکجاری گیرەکی وەردەگرێتو سیمای وشەیی لەدەست دەدات.

ئەم دیاردەیە بەشێوەکی ڕوون لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، دەبینرێت. بەڵام لای زمانەوانە کوردەکان، بە کەمترین شێوە ئاماژەی پێدراوە. زۆرێك لە شێوە گیرەکی هاوبەشیش لەنێوانیاندا دەبینرێت، بە نموونە وشە (گاه) کە پێشتر لە هەردوو زمانەکەدا بەشێوەی وشە بەکارهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ بووە بە شێوەگیرەكو وەك گیرەکی شوێنو کات لە هەردوو زمانەکەدا بەکاردێت. وەکو:

سەحەرگا {+کات}

/-گا/(ك)

دادگا {+شوێن}

صبحگاه، دیرگاه {+کات}

/-گاه/(ف)

دادگاه، خلوتگاه {+شوێن}

## ١-١١: پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی مۆرفێمی بەند

بۆ تێگەیشتن لە توانای مۆرفێمەکان پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئەم دیاردەیە لە فۆنیمەکانەوە دەست پێدەکات، واتە هەندی فۆنیم ئەکتیفەو هەندێکی تریان پاسیفن. چونکە لە نێو فۆنیمەکانی هەر زمانێکدا هەندێکیان لە هەندێکی تریان چالاکترن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنێمە بزوێنەکان چالاکترن، هەروەها لە نێو

برگەکانیشدا قالّبی (CV) لە هەموو قالّبەکانی تر چالاکترە. هەریەك لەم دوو یەکە فۆنۆلۆژییەش دەبێتە مۆڕفێمو هەر لێرەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەلایەنێکی دیاریکراوی سروشتی پەیوەندی مۆڕفۆلۆژیو فۆنۆلۆژی دەدوێین، لەوانە  توانای فۆنیمەکان بۆ بوونە مۆڕفێم. واتە ئەو فۆنیمانە کامانەن، کە شیانی ئەوەیان تێدایە، ببنە مۆڕفێم. هەروەها دیاردەی ئەلۆمۆرف[٣١] کە بەشێکی زۆریان وابەستەی لایەنی فۆنۆلۆژی مۆڕفێمەکانە، چ مۆڕفێمی بنکە بێت یان گیرەکەکان. بەجۆرێك (مۆڕفێم دەتوانێت لەسەر بنەمای دەنگیو وشەییو ڕێزمانیو گەردانی شێوەی خۆیان بگۆڕن.) (محمد ضياء حسينى: ١٣٨٩: ١٦) کەواتە هۆکاری فۆنۆلۆژی یەکەم سەرچاوەی دروستبوونی شێوە جیاوازەکانی مۆڕفێمە، هەر ئەمەش تێکەڵاویو پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەم دوو ئاستەی زماندا پەیدادەکات.

دیاردەیەکی دیکەی پەیوەست بەم دوو دانە زمانییە و بەڵگەیەکی تری بواری هاوبەشی نێوان ئەم دوو ئاستە، بوونی مۆڕفێمی ناوبڕی (تکواژ ميانجى)یە، کە لە هەندێ زماندا، باسی لێوەدەکرێتو بەوە پێناسە دەکرێت، (ئەو مۆڕفێمانەن، کە شێوەی فۆنەتیکییان هەیە، بەڵام واتایان نییەو ئەو فۆنیمە نەبزوێنانە دەگرێتەوە، کە هەمیشە لەنێوان دوو بزوێنی بەدوایەکدا هاتوودا، دێن.) (ويدا شقاقى: ١٣٨٧: ٧٥) هەرچەندە ئەم دیاردەیە، لە زمانی کوردیدا، بە مۆڕفێم لێك نادرێتەوەو هیچ پەیوەندییەکی بە مۆڕفۆلۆژییەوە، نییە. بەڵکو زیاتر وەك دیاردەیەكو یاسایەکی فۆنۆلۆژی دادەنرێتو پێی دەوترێت ناوبڕ، یان ناوگر.[٣٢] ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ بەگرنگ دانانی پێوانەی واتاداربوون لەمۆڕفێمدا، ئەگەرنا هەموو سیماکانی دیکەی مۆڕفێمیان تێدایە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەوەیە کە (دەستنیشانکردنی پێکهاتنی فۆنەتیکیەتی مۆڕفێمەکان بەیەکێك لە یاساکانی مۆڕفۆفۆنیمی دادەنرێت.) (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٧٩) بەم پێیە ئێمە لە بوارێکدا کاردەکەین، کە هەردوو ئاستی مۆڕفۆلۆژیو فۆنۆلۆژی لە بوارێکی هاوبەشدا کاری تێدا دەکەن. بۆ نموونە زۆرێك لەو یەکە زمانیانەی لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، بەفۆنیم هەژماردەکرێن، بەهەمان فۆرمەوە دەچنە ئاستی مۆڕفۆلۆژیش، بەڵام لەوێدا بەمۆڕفێم شیکردنەوەیان بۆ دەکەین،  نەك بەفۆنێم. ئەمەش زیاتر لە مۆڕفێمە تاك فۆنێمییەکاندا دەردەکەوێتو سەرەتای باسکردن لەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ (کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسیەکان - ١٩٥٧)ی چۆمسکی، کە یەکێك لەگرنگترین بنەما تیۆرییەکانی بریتیبوو لەپێکهاتەی یاساکانی مۆڕفۆفۆنیمی.) (حاتەم وليا محمد: ٢٠٠٩: ٥٥) هەرچەندە یاسا مۆڕفۆفۆنیمییەکان بەچەند شێوازێك باسیان لێوەکراوە. بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەست بەزمانی کوردیو فارسی ئەم دیاردەیە ڕوون بکەینەوە. پێکهاتەی فۆنۆلۆژی مۆڕفێمە بەندەکان جیاوازن، بە جۆرێك هەندێ مۆڕفیمی بەند لە تەنیا مۆڕفێمێك پێك دێت، بۆ نموونە:

---

٣١- بڕوانە (١-٧)، (١-٨)

٣٢- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠)، (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٩)، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦)

/-ی/ ← وەك مۆرفیمی ڕێزمانی: کتێبـ**ـی** من

/-ی/ ← وەك مۆرفیمی فەرهەنگی: جوانـ**ـی**[٣٣]

/-ێ/ ← وەك مۆرفیمی ڕێزمانی: کچێ

/-ێ/ ← وەك مۆرفیمی فەرهەنگی: شەوێ[٣٤]

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر زمانی کوردیو فارسی بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی بزوێنەکان توانای بوونە مۆرفیمیان هەیە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، بزوێنەکان — جگە لە بزرۆکە — هەموویان دەبنە مۆرفیمو زۆربەشیان زیاتر لە چەمکێك هەڵدەگرن. زۆرجاریش وەك ئەلۆمۆرفی فۆنیمێك دەردەکەون. بۆ نموونە {ە} زیاتر لەدە ئەرکو چەمکی پێ دەردەبڕدرێت، بەگوێرەی دەرکەوتە جیاجیاکانی[٣٥] وەکو:

/-ە/ ← وەك مۆرفیمی ڕێزمانی: کوڕە،

/-ە/ ← وەك مۆرفیمی فەرهەنگی: چاکە

هەریەك لە فۆنیمە ڤاوڵەکانی تری ({ا}، {ۆ}، {وو}، {و}) توانای ئەوەیان هەیە، لەئاستی مۆرفۆلۆژییدا ببنە مۆرفیم.

دەنگە کۆنسۆنانتەکان، کەمتر تواناو پلەی بوونە مۆرفیمیان هەیە. بە بەراورد لەگەڵ ڤاوڵەکان، ئەمەش ڕەنگە بۆ ژمارەی ڤاوڵەکان، یان سروشتو پێویست بوونیان بگەڕێتەوە. بەڵام بەهەر هۆکارێك بێت ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بزوێنەکان زیاتر هەڵگری چەمکن. سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە فۆنیمە نەبزوێنەکانیش، ئەو توانایەیان هەیە سنووری فۆنۆلۆژی ببڕنو لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، ببن، بە مۆرفیم، لەوانە:

/-ت/، /-د/: وەکو مۆرفیمی کاتی ڕابردوو.

/-ن/، وەکو نیشانەی چاووگو ئەلۆمۆرفێکی نەرێ.

/ب-/ وەکو نیشانەی داخوازیو دانانی لەکاردا.

هەرچەندە لەگەڵ ئەم کۆنسۆنانتانەدا، ڤاوڵی بزرۆکە دەردەکەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی نموونەکان بە ڕێنووسی لاتینی نەنووسراون، دەرناکەوێت.

---

٣٣- بۆ زانیاری لەبارەی بەکارهێنانەکانی مۆرفیمی /-ی/، بڕوانە: (ئازاد ئەحمەد مەحموود: ٢٠٠١)

٣٤- بۆ زانیاری تەواو لەبارەی بەکارهێنانەکانی مۆرفیمی /-ێ/، بڕوانە: (لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ: ١٩٩٨)

٣٥- بۆ زانیاری تەواو لەم بارەیەوەو ئەرکە جیاجیاکانی ئەم مۆرفیمە بڕوانە: (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨)

لەزمانی فارسیشدا، ئەم هاوکێشەیە، بەهەمان شێوە دەبینرێت، بۆ نموونە بزوێنەکانی زمانی فارسی بەزۆری توانای ئەوەیان هەیە ببنە مۆرفیم، وەکو:

/-ا/: زیاتر لە یازدە ئەرکی بۆ دیاری کراوە

/-ە/ نزیك بە حەڤدە ئەرکی بۆ دیاریکراوە.

/-و/ چەند ئەرکێکی بۆ دیاریکراوە(٣٦)

بەم پێیە هەردوو زمانەکە تاڕادەیەکی زۆر لەم ڕووەوە لێك دەچن، بەڕێژەی ٨٠٪ بزوێنەکانیان توانای بوونە مۆرفیمیان هەیە، بەڵام ١٤٪ نەبزوێنەکان ئەو توانایییەیان تێدا بەدی دەکرێت، بە لەبەرچاونەگرتنی ڤاوڵی بزرۆکەش، لەگەڵیاندا.(٣٧)

هەرچی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی مۆرفیمەکانی ترە، لە دوو فۆنیم زیاتریش هەن، هەندێکیان دەگەن، بە چوار فۆنیم، لەهەردوو زمانەکەشدا، دەبینرێن، وەکو:

یەك فۆنیمی: /-ا/، /-ە/، /-ێ/.....

دوو فۆنیمی: /-ان/، /-گا/..........

سێ فۆنیمی: /هەڵ-/، /-ەکە/......

چوارفۆنیمی: /-ستان/، /-ترین/....

## ١-١٢: دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕێگاکانی

لەبەرئەوەی زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی بیرو گوزارشت کردن لە دیاردەو شتەکانی دەورووبەرمان، بۆیە بەپێی گۆڕانی هەریەك لەمانە زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر کاتێك بیرێکی نوێ یان شتێکی نوێ، دێتە بواری ژیانەوە، بەر لە بەکارخستنی پێویستی بەناونان هەیە، کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە وشەیەك، یان دەستەواژەیەکی بۆ دادەنرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکە، سەرەڕای ئەوەی کە فەرهەنگ (بەردەوام بەپێی پێویستی وشەی تێدەڕژێت و لێشی دەردەچێت.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٤٩) ئەو وشانەی تێی دەڕژێن لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەبێت، زۆرجار ئەمەش بە هۆکاری گەشەو گۆڕانی زمان دادەنرێت، چونکە هاتنە ناوەوەی وشە بەهەر ڕێگایەك بێت زمان لە چەقبەستوویی دەپارێزێت، بەم پێیە (زمان بەهۆکارێکی

٣٦- لە بارەی بەکارهێنانەکان و ژمارەکانی، هەریەك لەم مۆرفیمانە لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٢٥، ٢٩١، ٤٥٤)

٣٧- بە پێی ئەو نموونانەی کە وەرمانگرتوون، هەریەك لە بزوێنەکانی (وو، ۆ، ە، ێ، ا، ی، و)، توانایان هەیە وەکوو مۆرفیم، لە ئاستی مۆرفۆلۆژی دەرکەون، بەڵام نەبزوێنەکان تەنیا (ب، م، ن، د، ت) ئەم توانایەیان هەیە.

گەیاندنی گۆڕاو دادەنرێت بەپێی تێپەڕبوونی کاتو لە شوێنی جیاوازدا.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ١٤٥) ئەم دیاردەیەش بەزۆری لەچوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا لێك دەدرێتەوە.

گۆڕانی زمان تەنیا تایبەت نییە، بە ئاستێکی زمان، بەڵام لە هەموو ئاستەکانیشدا، وەکو یەك نییە. ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، ئەو گۆڕانانە دەگرێتەوە، کە کار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ دەکەن، بەتایبەتی گۆڕانە مۆڕفۆلۆژییەکان. دەبێت ئەوەش بزانیین، کە (لە هەر ئاستێکدا گۆڕان بەپێی یاساو دەستوور ڕوودەداتو لەخۆوەو بێسەرو شوێن نابێت.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١١٩) بۆیە لە هاتنەناوەوەی هەر وشەیەك بۆ ناو زمان ڕێگەی تایبەتی دەبینرێت، کە ئەمەش لەچوارچێوەی مۆڕفۆلۆژیدا ناویان لێنراوە، لەم سۆنگەیەوە (پرۆسەکانی وشەڕۆنان، کە لە دوو کردەی سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە ئەوانیش بریتین لە داڕشتنو لێکدان.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٨٤) لە زمانی کوردیو فارسیدا، ئەم دوو ڕێگایە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ زۆر چالاکنو لەهەردوو ڕێگاکەشدا، مۆڕفیمی بەند ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەتایبەتی لە داڕشتندا، تەنانەت هەندێ لەزمانەوانان هەموو ڕێگاکانی سازکردنی وشەی نوێ لەژێر تیشکی (لێکدانو داڕشتن)دا کۆدەکەنەوە[٣٨]. بەڵام ئێمە لێرەدا، بەشێوەکی گشتی ئاماژە بەهەموو ڕێگاکان دەکەینو هەڵوەستەش لەسەر ئەو ڕێگایانە دەکەین، کە مۆڕفیمی بەند ڕۆڵیان تێدا دەبینێت.

## ١-١٢-١: داڕشـــــــــــتن

یەکێك لە پڕبەرهەمترین ڕێگاکانی دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، داڕشتنە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە مۆڕفێمە بەندەکان تواناو بڕشتێکی زۆریان هەیە لەم بوارەدا. وەنەبێت ئەمەش تەنیا تایبەت بێت بەزمانێك، چونکە (داڕشتن، بەسوود وەرگرتن لە گیرەکەکان، لە زۆربەی زمانەکاندا، باوترینو پڕبەرهەمترین ڕێگەیە بۆ داڕشتنی وشە.) (داود غیاثی، امیر حسین ابوالحسنی: ١٣٨٤: ١٨٦) زاڵبوونی ئەم ڕێگایە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بە جۆرێك (شێوەی ئیشتیقاق یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە ئارییاییەکانی، کوردیو فارسیو ئەڵمانیو ئینگلیزی.) (کامەران ڕەحیمی: ٢٠٠٧: ٢١) زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بەگشتی. لەم ڕووەشەوە زمانی کوردیو فارسی هاوبەشی زۆریان هەیە.

لە داڕشتندا، گیرەکەکان، بەپێی سروشتی خۆیان، وشەکان هەڵدەبژێرنو وشەو چەمکی نوێ دروست دەکەن، بەمەش پێکهاتەیەکی واتایی نوێ دێتە ناو فەرهەنگەوە، کە دەروازەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆی دەبێت. هەرچەندە مۆڕفێمی بنکەیان هاوبەش بێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مۆڕفێمە بەندەکە توانیویەتی

---

٣٨- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١)، (ازیتا افراشی: ١٣٨٨)

فەرهەنگ فراوان بکات. بۆنموونە مۆرفیمی بنکەی /زان/، /خۆش/ لەگەڵ هەریەك لەو گیرەکانەدا، وشەی نوێی سازکردووە، کە خاوەنی دەروازەی فەرهەنگی جیاوازن، وەکو:

/زان/ زانا، نەزان، زانایی، نەزانی، زانکۆ، زانیاری، زانست، زانستیانە، زانستگا، زانراو.........

/خۆش/ نەخۆش، نەخۆشی، خۆشی، ناخۆش، ناخۆشی، بەخۆشی، نەخۆشخانە، خۆش ڕۆ............

ئەم ڕێگایە دەروازەیەکی فراوانتر لەبەردەم قسەکەری زماندا دەکاتەوە، بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانێت، وشەی نوێ بۆ بیرو شتە نوێیەکان دابڕێژێت. هەر بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە توانای مۆرفیمەکان، لەناو یەك گروپدا، دەردەکەوێت چ مۆرفیمی بنکە بێت، یان گیرەکەکە بێت.[٣٩] تەنانەت هەندێ جار دوایی تێپەڕبوونی کاتیش دەکرێت سوود لەم ڕێگەو کەرەستەی زمانیی کۆن وەربگیرێت، (لەبارەی فراوانکردنی بواری وشەکان، پێڕەوی وشەسازی زمان ڕێگە بەوە دەدات، کە وشەی نوێ بەگیرەکە کۆنەکان دابڕێژرێت، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی زمان لە وشەی بێگانەو بە خاوێن هێشتنەوەی زمانو بەڵگەیەکە بەدەست پەتیگەراییەکان (سرەگرایان) بۆ پاراستنی زمان.)(نگار داوری اردکانی: ١٣٨٧: ١١٩)، وەکو بەکارهێنانی گیرەکی /-ەکی/ بۆ دروستکردنی هەندێ وشە بۆ ئەوەی خۆمان لە وشە بێگانەکە بپارێزین، کە دیارە ئەم گیرەکە، کۆنەو ئەو وشانەشی کە لێوەی دروست کراون، کۆن نین، وەکو:

کارەکی » {کار(م.بنکە) + ەکی(گ. ف)} لە جیاتی وشەی (عملی)

زارەکی » {زار(م.بنکە) + ەکی(گ. ف)} لە جیاتی وشەی (شفهی)

زانەکی » {زان(م.بنکە) + ەکی(گ. ف)} لە جیاتی وشەی (معریفی)

سەرباری ئەوەی کە ڕێگەیەکی کارایە، لە هەموو شێوەکانی تری وشەڕۆنان، باشترو شیاوترە([٤٠])، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (لەڕووی بڕگەوە، لە هەموو شێوەکانی وشەسازی کورتترە، بەشێك لە گیرەکەکانو مۆرفیمی بنکە کاری پێدەکرێت، کە واتایەکی پێشبینی کراوی هەیە، بۆیە لە کاتی فێربووندا تەنیا ئەوەندە بەسە واتای مۆرفیمی بنکە بزانین.) (کامەران ڕەحیمی: ٢٠٠٧: ٢١) بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم ڕێگەیە بتوانێت، تەواوی پێداویستییەکانی زمان جێبەجێ بکات، هەربۆیە دەبینین، چەندین ڕێگەی تر لەناو هەر زمانێکدا، دەبینرێن.

---

٣٩- بۆ توانای مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەروەها بۆ توانای مۆرفیمی ئەرکیش بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە.

٤٠- پ. د. فاروق عومەر سدیق، وانەی مۆرفۆلۆژی کۆرسی یەکەمی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠- ٢٠١١

## ١-١٢-٢: لێکـــــــــــــــدان

پێکەوەبەستنی دوو مۆرفێمی سەربەخۆ، یان مۆرفێمێکی سەربەخۆو مۆرفێمێکی ڕەگ، بەبێ ئامرازو بەیاریدەی ئامراز دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە وشەیەکی نوێ سازدەکرێت. (لێکدانی وشەکانو دروستکردنی وشەی نوێ لەڕووی ڕووخسارو واتاوە کردەیەکی گشتییەو دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لە زمانەکانی سەر بەخێزانی هیندۆ ئەورووپی.)(نازەنین جەلال ئەحمەد: ٢٠٠٤: ٩٨) لەهەمبەر زمانی کوردییەوە (هەروەك لە وشەسازیدا باوە، زمانێکی پێکدا لکاوەو وشەو دەربڕینەکانی ناسادەو لێکدراون، ئەمەش بەهۆی ئەوە چەسپیوە، کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە زۆربەی ناوو کردارەکان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زۆرتر لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا، پەیدابوون.) (جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ٦٨) کەواتە ئەم ڕێگایەش بە وردبوونەوە لە فەرهەنگدا دەردەکەوێت، کە ڕێگەیەکی چالاکە، لە داڕشتنی وشەی نوێداو خاوەنی چەندین بنەماو دەستووری جیاوازە، بەگشتی (وشەی لێکدراو لە کوردیدا، لەچەند شێوەیەکی جیاوازدا دەبینرێت.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٧٥) کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی واتاییو مۆرفۆلۆژی تایبەتی خۆیەتی، کە پێویستی بەلێکدانەوەی وردو دیاریکراو هەیە.[٤١] ئێمە لێرەدا تەنیا وەك ڕێگەیەك بەکورتی ئاماژەی پێدەدەین. بۆ نموونە:

بەردەنوێژ، سەرچنار، کێوەڕەش، خۆکوشتن، لەرزوتا، سەربەرز..............∞

لە ڕووی دروستەی واتاییو ڕێزمانییەوە، ئەو وشانەی لە ئەنجامی پرۆسەی لێکدان دروست دەبن، پەیوەندی نێوانیان کەرتەکانیان بەشێوەی جیاواز دەبینرێت، بۆ نموونە هەندێکیان تێکەڵییەکی واتایی هەردوو کەرتەکە دەبێت، بۆ نموونە:

هێلکەوڕۆن، کەموزۆر، چاوڕەش....................∞

هەندێکی تریان لە ڕووی واتاییەوە، واتاکانیان پێشبینی ناکرێتو سروشتێکی ئیدۆمییان هەیە، کە بەشی زۆری وشە لێکدراوەکانی زمان دەگرێتەوە، لەوانە:

دەم درێژ، چاوباز، زمان درێژ، دووڕوو، کونەبا.................∞

بەم پێیە (هەر زمانێك ڕێسای تایبەتی لێکدانو ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، پرۆسەی لێکدان، پرۆسەیەکی بەرچاو و گشتییە، لەهەموو زمانەکاندا.) (ویکتۆریا فرامکین: ١٣٨٧: ١١٦) ئەوەی کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، لەم ڕێگەیەدا، ئەوەیە کە لە زۆر پرۆسەی لێکداندا، مۆرفێمێکی لێکدەر بەشداری پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان دەکات، کە لای هەندێ لە زمانەوانان، بە مۆرفێمێکی بەند هەژماردەکرێت، وەك دەگوترێت (وشە-لێکدان لە مۆرفۆلۆژییدا بریتییە لە پرۆسە یان کردەی لەیەکدانو

---

٤١- بۆ ئەم مەبەستە و زانیاری زیاتر، بڕوانە: (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠)، (نازەنین جەلال ئەحمەد: ٢٠٠٤)

ئەنجامەکەی لەڕێی بەستنەوەی چەند تاکە تووخمێکی سەربەخۆ (مۆڕفێمی سەربەخۆ)وە، بەیاریدەی مۆڕفێمێکی لێکدەر یان بەبێ ئەو مۆڕفێمە دروست دەکرێتو بەدەست دەخرێت.) (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٨٢) دیارترین ئەو مۆڕفێمە بەندانەش ئەمانەن:

/-ە-/ شۆڕەژن، گەورەکچ، گێلەپیاو، ڕەشەبا، گوڵەگەنم..........∞

/-بە-/ دەست بەسەر، ژن بەژن، گوڵبەدەم، لێوبەخەندە............∞

/-و-/ دەموچاو، دۆوڕۆن، ڕەشوسپی، دوورونزیك..............∞

/-ەو-/ماڵەوماڵ، ساڵەوساڵ، ............ ..∞

/-او-/ دۆڵاودۆڵ، دەستاودەست، دەماودەم، پشتاوپشت........∞

دەکرێت هەریەکێك لەو مۆڕفێمانە، وەکو مۆڕفێمی بەندی لێکدەر هەژماربکەین، چونکە توانای دەرکەوتەی سەربەخۆیان نییە، دەبنە بەشێك لە وشەکەو پێکهاتەی فەرهەنگی وشە دروستکراوەکەو لە فەرهەنگیشدا تۆمار دەکرێن، بەمەش لە گیرەکی فەرهەنگی نزیك دەبنەوە. لە ڕووی ئەرکیشەوە، چونکە ئەرکی لێکدان دەبینن، واتایەکی فەرهەنگییان نییە، پۆلێکی داخراونو دووبارەبوونەوەیان زۆرە، لە گیرەکە ڕێزمانییەکان نزیك دەبنەوە. بە مۆڕفێمی پەیوەندیش ناوی دەهێنرێت.

## ١-١٢-٣: لێکـــــــدانو داڕشـــــــــتن

لە مۆڕفۆلۆژی کوردیدا، بەکەمترین شێوە ئەم ڕێگەیە باسی لێوەکراوە، کەچی لە فەرهەنگیشدا، چەندین وشەی بواری جیاجیا دەبینین، کە بەم ڕێگەیە سازکراون. هەندێ لە وشەکانی زمان، نە لێکدراون، نە داڕژاون، بە تەنیا، بەڵکو بەهەردوو ڕێگەی لێکدانو داڕشتن سازکراون. ئەم وشانە لە هەردوو زمانەکەدا، بەڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێن، بەوە دەناسرێن، کە (هەر کاتێك چەند وشەیەك لە ڕێبازی بەرهەمهێنانیاندا، بە پرۆسەی داڕشتنو لێکدان دروست بوون، ئەو وشەیە بە وشەی (داڕژاوی لێکدراو) -ئاوێتە- ناودەبرێت.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٨٧) وەك لەم وشانەدا دیارە:

سەربەرزی = /سەر-/ /-بەرز-/ /-ی/

{سەربەرزی(لێکدراو/داڕژاو)، سەربەرز(لێکدراو) + بەرزی(داڕشتن)}

(وڵات+ پارێز) (لێکدان)

وڵاتپارێزی

(وڵاتپارێز+ ی) (داڕشتن)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەریەکێك لەم وشانە، ناشێ بەتەنیا بەداڕێژراو، یان بە لێکدراو دابنێین، چونکە (بەرهەمی ئەم پرۆسەیەی وشەڕۆنان، چەشنێك لە وشەن، کە لە دوو مۆڕفێمی بنکە (سەربەخۆ)و یەك یان

چەند گیرەکێکی وشە دارِێژ بەشداری تێدا دەکەن.) (محمد ضیاء حسینی: ١٣٨٩: ١٤) کە ئەمەش لەم نموونانەدا دەبینرێت. هەر ڕێگەیەکی وشەڕۆنان، لەئەنجامی پرۆسەیەکەوە وشە بەرهەم دەهێنیێو بەو ناوەش ناودەنرێت، بەڵام لەم ڕێگەیەدا، دوو پرۆسە بەشداری سازکردنی یەك وشەی فەرهەنگی دەکەن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە هەردوو زمانەکەدا، لەکاتی سازکردنی وشە بەم ڕێگەیە، پرۆسەی لێکدان پێش پرۆسەی دارِشتن دەکەوێت. واتە یەکەم جار، وشەکە وەك دانەیەکی فەرهەنگی لێکدراو، لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، دروست دەکرێت. دواتر، بەڕێگەی دارِشتن وشەیەکی نوێ لە وشە لێکدراوەکە سازدەکرێت. بەزۆریش ئەو گیرەکە وشە دارِێژەی لە هەردوو زمانەکەدا، بەشداری دەکات، مۆرفیمی بەندی دروستکردنی ناوی ئەبستراکتە، لەنێو ئەو گروپەشدا، مۆرفیمی /-ی/ لەهەموویان چالاکترە، بۆ نموونە:

لەکوردیدا:

ئاشتیخوازی {(ئاشتی + خواز)(لێکدان) +/-ی/(دارِشتن)}

دورەپەرێزی {(دوور +ە + پەرێز)(لێکدان) +/-ی/(دارِشتن)}

میواندۆستی {(میوان + دۆست)(لێکدان) +/-ی/(دارِشتن)}

لەفارسیدا:

خوش‌رفتاری {(خوش + رفتار)(لێکدان) + /-ی/(دارِشتن)}

انسان‌دوستی {(انسان + دوست)(لێکدان) + /-ی/(دارِشتن)}

صلح‌طلبی {(صلح + طلب)(لێکدان) + /-ی/(دارِشتن)}

هەندێجاریش، دەشێت، مۆرفیمی بەندی /-انە/ لەجیاتی /-ی/ ئەم ڕۆڵە ببینێ، لە هەردوو زمانەکەدا، بۆنموونە:

لەکوردیدا:

چاونەترسانە {(چاو+ نە+ ترس)(لێکدان) +/-انە/(دارِشتن)}

سەربەرزانە {(سەر+ بەرز)(لێکدان) +/-انە/(دارِشتن)}

ژێردەستانە {(ژێر+ دەست)(لێکدان) +/-انە/(دارِشتن)}

لەفارسیدا:

ضاهرپرستانە {(ضاهر+ پرست)(لێکدان) +/-انە/(دارِشتن)}

انسان‌دوستانە {(انسان + دوست)(لێکدان) + /-انە/(دارِشتن)}

لەم ڕێگایەشدا[٤٢]، ئەوەی پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەیە، هەیە، بوونی مۆرفێمی بەندە وەك پێداویستییەکی سەرەکی بۆ سازکردنی وشەی نوێ.

## ١-١٢-٤: وەرگرتـــــــــــــــــــــن

بەهۆی پێویستیو بەرهەم هێنانی بەردەوام لە نێو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، زمان هەردەم پێویستی بە وشە دەبێت، بەڵام ئەم پێداویستییە هەمیشە لەناوخۆی زمانەکەدا تەواو نابێت. بۆیە لە زمانانی ترەوە وشە هاوردە دەکات، کە پێدەوترێت وەرگرتن (قرض گیری - borrowing) ئەم ڕێگایە زۆر چالاكو گشتییە، چونکە (ئەم دیاردەیە وەنەبێ هەر لە زمانێکدا هەبێت، بەڵکو لە نێو هەموو زمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات، لە زمانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو لە زمانە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانیشدا، هەیە.)(ابراهیم انیس: ١٩٧٢: ١١٨) فەرهەنگی زمانی کوردی لەم ڕووەوە وشەی زۆری تێدا دەبینرێت، کە زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووەو بوون بە بەشێك لەوشەکانی زمانی کوردیو لەفەرهەنگیشدا تۆمارکراون. ئەمە بۆ زمانی فارسیش هەر بەهەمان شێوەیە. زۆرجار سەرچاوەی وەرگرتنی وشە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا هاوبەش بووە. بەتایبەتی لە زمانی عەرەبییەوە، چونکە لە قۆناغێکی مێژوویدا هەردووکیان لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بوون. بۆیە بە سەدان وشەی عەرەبی لە هەردوو زمانەکەدا دەبینرێت، بەڵام جێی سەرنج ئەوەیە، کە ئەمڕۆ زیاتر ڕوو لە زمانە ئەوروپییەکان دەکرێت بۆ وەرگرتن. کە هەندێ جار ئەم وەرگرتنە پێویستیش نییە، چونکە خودی وشەکە لە زمانی کوردیدا هەیە. وەکو:

میلۆدی - ئاواز

ستادیۆم - یاریگا

سایکۆ - دەروون

وەرگرتن، دەشێ لە زمانە هاوخێزانو گروپەکانەوە بێت، وەکو زمانی کوردی لە فارسیو بەلوجیو ئینگلیزیو زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی تر، وەربگرێت. هەروەها دەشێت لە زمانی جیاوازەوە بێت، وەکو لە زمانی عەرەبیو تورکی. زۆرجار وشەکان ڕاستەوخۆ بە هەمان فۆڕمو گۆکردنەوە وەردەگیرێن، بەڵام هەندێ جاریش وشەکان لە ڕووی دەنگسازییەوە، لەگەڵ زمانە وەرگرەکەدا دەگونجێنرێتو کەمێك گۆڕانکاری بەسەرردادێت. وەکو:

فتبۆڵ، تەلەفۆن، کۆمپیتەر، ڕەمەزان.........................∞

ئەوەی کە پەیوەست بێت بەمۆرفێمی بەندەوە، هەندێ وشە کە لە زمانێکەوە، دێنە ناو زمانێکی تر، بە مۆرفێمێکی بەندەوە، دێت، پاشان، ئەم مۆرفێمە بەندە لە ناو زمانە وەرگرەکە، توانا پەیدادەکاتو دەبێتە

---

٤٢- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕێگەیەوە، بڕوانە: (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٨٨)، (محمد ضیاء حسینی: ١٣٨٩: ١٤)، (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٩٧- ٩٩)

مۆرفیمێك لەسەر وشەی ئەو زمانەش دەردەكەوێت، بەنموونە مۆرفیمی /-چی/ لە زمانی توركیەوە لەڕێگەی وشەیەكەوە هاتووە، دواتر پەرەی سەندووە، وەكو:

بۆیاغچی، تەنەكەچی، ............ ∞

هەروەها گیرەكی /- ۆلۆژی/ ology-/، /-لۆژی/ logy-/ لەزمانی كوردیدا هەمان تایبەتمەندی هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا (ئەم پاشگرە بۆ ئەو ناوانە زیاد دەكرێت، كە لەبواری لێكۆڵینەوە یان سستەمێك بەكاردەهێنرێن.)(جان سینكلر: ١٣٨٧: ٢٢٩) بەهەمان واتاش لە رێگەی وشەی وەرگیراوەوە هاتۆتە ناو زمانی كوردیو دواتر لەسەر وشەی رەسەنی زمانەكەش دەبینرێن، (رەگی ئەم پاشگرە دەگەرێتەوە، بۆ وشەی یۆنانی (logia) بە مانای قسە وتنو باسو گوتار دێت، لە زمانی ئینگلیزیدا، دەبێتە هاووواتایی پاشگری /ics-/ بە واتای زانست /-ناس/ دێت.)(حسین داوری اشتیانی: ١٣٧٢: ٥٨) لە كوردیشدا، هەمان شێوەی هەیە، بەنموونە:

كوردۆلۆژی = كوردناسی

هێمالۆژی = هێماناسی

## ١-١٢-٥: تێكەڵكردن (ادغام – Blending)

وەك بەناوەكەیدا، دیارە بریتییە لە تێكەڵ كردنی دوو وشە، یان مۆرفیمی فەرهەنگی. وشە بەم رێگایە، (وەكو پرۆسەی لێكدان، دروست دەبێت، كە مۆرفیمی فەرهەنگیی بەدوای یەكتردا دێن، تەنیا جیاوازیان لەوەدایە، كە بەشێك لەو مۆرفیمانە لە تێكەڵكردندا، لادەبرێن- دەكرتێن-)(ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ٨٨، ٨٩) بۆیە دەشێت بە دوو هەنگاو لێكدانەوەی بۆ بكرێت، كە یەكەمیان كرتاندنەو دووەمیان لێكدانە. بۆیە زۆرجاریش ناودەنرێت، (كرتاندنو لێكدانەوە)[٤٣] بۆ نموونە:

زانكۆ = {(زان) لە (زانین)ەوە + (كۆ) لە (كۆكردنەوە)وە}

رۆڤار = {(رۆ) لە (رۆژنامە)وە + (ڤار) لە (گۆڤار)ەوە}

دایباب = {(دای) لە (دایك)وە + (باب) لە (باوك)ەوە}

لە تێكەڵكردنی وشەكاندا پێڕەوی بنەمایەك دەكرێت، ئەویش بریتییە لەوەی كە (بەشی كۆتایی وشەیەك بە بەشی سەرەتایی وشەیەكەوە دەنووسێتو وشەی تێكەڵ دروست دەكات.)(Yule: 1996:66) ئەم رێگایە یەكێك لەمەبەستە سەرەكییەكانی بریتییە لە ئابووریكردن لە زماندا، لە زمانی فارسیشدا، شێوازێكی دارشتنی وشەی نوێی فەرهەنگییە، چەند نموونەیەكی لێ دەبینرێن، وەكو:

فوتسال = {(فوت) لە (فوتبال)ەوە + (سال) لە (سالونی)یەوە.}

---

٤٣- بۆ نموونە بڕوانە: (عەبداواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٦٣)

عكاشی = {(عكا) له (عكاسی)یەوە + (شی) له (نقاشی)یەوە.}

به شێوەیەكی گشتی، ئەم پرۆسەیه له ڕۆنانی وشه له هەردوو زمانەكەدا، دەبینرێت، بەڵام ئەوەندەی سەرنج دەدرێت، ڕێگایەكی زۆر به بەرهەمو توانادار نییه، له دروستكردنی وشەی نوێدا، هەروەك (ویدا شقاقی) دەڵێت: ((ئەم پرۆسەیه به یەكێك له پرۆسه بەرهەمدارەكانی وشەڕۆنان هەژمارناكرێت، بەرهەمی زۆری نییه چاو له ڕێگەكانی تری وشه ڕۆنان.)) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ١٠٩- ١١٠) كەمی نموونەش لەزمانی كوردیدا، كه بەم ڕێگەیه دروست كراون، ئەم ڕاستییه باشتر دەسەلمێنێ.

## ١-١٢-٦: ئەكرۆنیم (سەروشه)

جۆرێك له جۆرەكانی داڕشتی وشەی نوێ ئەكرۆنیمه. ڕێگایەكی باوی داڕشتنو سازكردنی وشەیه، كه (دەنگی یەكەمی وشەكان وەردەگیرێتو یەك وشەیان لێ سازدەكرێت، یان به جیا گۆدەكرێن یان به شێوەی وشەیەك.)(ابراهیم چگنی: ١٣٨٢: ١١) ئەكرۆنیم له چوارچێوەی دەستەواژەو ناوێكدا بەكاردێت، كه له چەند وشەیەك پێك دێن. به دوو هەنگاو سازدەبێت، یەكەمیان كورتكردنەوەو وەرگرتنی یەك دەنگ، هەنگاوی دووەم لێكدانه. واته (مەرج نییه، تەنیا بەلابردنی چەند دەنگێك ئەكرۆنیم دروست بكرێت، بەڵكو به لێكدانو پێكەوەنووساندنیش دروست دەبێت.)(یو. س. ماسلۆڤ: ١٩٧٥: ١٩٧) ئەم دیاردەیه له زۆربەی زمانەكاندا دەبینرێت به تایبەتی له كورتكردنەوەی ناوی ڕێكخراو دەستەو دامەزراوەكاندا، له زمانی كوردیو فارسیش بەڕێگەیەكی چالاكو به توانا دادەنرێ، له سازكردنی وشەدا، بۆ نموونه:

له زمانی كوردیدا:

ك.ژ.ك: كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان

ف.ل.ك: فەرماندەیی لەشكری كوردستان.

پ.ك.ك: پارتی كرێكارانی كوردستان

له زمانی فارسیدا:

نهاجا: نیروی هوایی جمهوری اسلامی ایران.

ازفا: اموزش زبان فارسی

ا. م. ا: ایالات متحده امریكا

بەشێك لەو وشانەی كه بەم ڕێگەیه سازدەكرێن هاوبەشن له نێوان زمانەكانی جیهاندا، بەتایبەت ناوی دامەزراوه جیهانییەكان. كه بەزۆری لەلایەن ئەو دامەزراوەكان خۆیانەوه به شێوازێكی گونجاو بەشێوەی كورتكراوه بەكاردەهێنرێت. ئەم دیاردەیه به پرۆسەیەكی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، بەڵام دەشێت وەك تواندنەوەی چەند مۆرفیمێك له قاڵبی یەك مۆرفیمدا تەماشا بكرێت، لەڕووی دەربڕینو دركاندنەوە، دەكرێن به دوو جۆرەوە،

(یەکەمیان ئەکرۆنیمی لێکدراو، کە بەشێوەی یەك وشە دەخوێندرێتەوەو دەنووسرێت، دووەمیان ئەکرۆنیمی پچڕاو، کە بەشێوەی دەنگی دابڕاوو پچڕاو، دەنووسرێنو دەخوێندرێنەوە.)(مصطفی ذاکری: ۱۳۸۰: ۳٦۱)، لە نموونەکان هەردوو جۆرەکە پیشان دراون.

## ۱-۱۲-۷: گۆڕیـــــــــن conversion:

ئەم ڕێگایە زۆرجار بە داڕشتنی سفر (zero derivation)یش ناسراوە. (لەم شێوەیەدا وشە تووشی هیچ گۆڕانکارییەك نابێت، بەڵکو تەنیا دەوری ڕێزمانی وشە لە ڕستەدا دەگۆڕدرێ.) (کامەران ڕەحیمی: ۲۰۰۷: ۲۰) لەهەریەکێك لە ڕێگاکانی تری سازکردنی وشەدا گۆڕانکارییەك بەسەر وشەکاندا دێت، بەڵام لێرەدا هیچ گۆڕانێك نابینین لە فۆڕمی وشەکەدا، تەنیا ئەوەندە نەبێ لەنێو ڕستەدا پۆلی وشەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

خواست(کار) کتیبەکەم لە کتێبخانە خواست. کچێکی جوانی بۆ کوڕەکەی خواستووە.

خواست(ناو) خواستەکانتان لەبەرچاو دەگرین. هیوادارم خواستەکەت بێتە دی.

لێرەدا تەنیا پۆلی ڕێزمانی وشە گۆڕاوە، بەبێ گۆڕانی فۆڕم (هەر کاتێك وشەیەك وەکو پۆلێکی ڕێزمانی جیاواز لە پۆلە ڕێزمانییەکەی پێشووی بەکارهات، ئەوا گۆڕین ڕووی داوە، بەبێ زیادکردنی مۆڕفیمێك.) (ازیتا افراشی: ۱۳۸۸: ۹۰) کە دوو وشەی فەرهەنگی جیاواز دروست دەبن، ئەم دیاردەیەش لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا بەڕوونی هەست پێدەکرێت،[٤٤] بۆ نموونە:

لە زمانی کوردیدا:

{جوان} (ئاوەڵناو) > {جوان} (ناو)

{جوان} (ئاوەڵناو) > {جوان} (ئاوەڵکار)

لە زمانی فارسیدا:

{خوب} (صفت) > {خوب} (اسم)

{خوب} (صفت) > {خوب} (قید)

لە گۆڕینی پۆلی ڕێزمانی ئەو وشەیە، (بەبێ هیچ جۆرە زیادکردن یان کەم کردنێك گۆڕینەکە دروست دەبێتو وشەیەکی نوێ ساز دەبێت، لەبەرئەوەی هیچ نیشانەیەك دیارنییە، بە مۆڕفێمی سفر ناودەبرێت.) (ویدا شقاقی: ۱۳۸۷: ۱۰۳، ۱۰٤) ئەمەش دەمانباتە سەر گرفتێك لە دیاریکردنی پۆلی ڕێزمانی وشەکان، تێڕوانینە کۆنەکان،

---

٤٤- ئەم ڕێگەیە لە زمانی کوردیدا، لە ڕووی تیۆرییەوە، کەمترین قسەی لەسەر کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کامەران ڕەحیمی: ۲۰۰۷)، (ازیتا افراشی: ۱۳۸۸: ۹۰)، (ویدا شقاقی: ۱۳۸۷: ۱۰۳- ۱۰۵)، (علاءالدین طباطبائی: ۱۳۷٦)، (yule:1996)

وشەکان بە پۆلی ڕێزمانی نەگۆڕ دەناسێنن، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (دەست کەوت)، کارە، یان (باش) ئاوەڵناوە، یان (نەبەز) ئاوەڵناوە. بەڵام دەبینین لە بەکارهێناندا، پۆلی وشەکەیان دەگۆڕێت، وەکو:

{دەست کەوت} (کار)  >  {دەست کەوت} (ناو)

کارێکم دەست کەوت.    دەست کەوتەکان مەشێوێنن.

{باش} (ئاوەڵناو)  >  {باش} (ئاوەڵکار)

کتێبکی باشم خوێندەوە    کتێبەکەم باش خوێندەوە.

لە ڕاستیدا، تیڕوانینی نوێ لەم بارەیەوە گونجاوە، کە لەو باوەڕە دایە، پۆلی ڕێزمانی وشە لە بەکارهێنانو دەورووبەری بەکارهێنراودا دیاری دەکرێت.

## ١-١٢-٨: کورتکردنەوە

کورتکردنەوە، چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، تەنانەت هەندێ لە زمانەوانان ئەکرۆنیمو تێکەڵکردنیش لەگەڵ کورتکردنەوە هەژمار دەکەن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمان لە کردەیی برین clipping، کە (بریتییە لە برینی بەشێکی فرێزەکە یان وشەکە، هەندێ جار برینەکە لەپێشەوە دەبێت، هەندێ جار لە دواوەیە.) (دەرون عەبدولرەحمان: ٢٠١٢: ١٠٨) بەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی وشەیەکی نوێ، وەکو:

نێت  »  ئەنتەرنێت

ترافیک  »  ترافیك لایت

جۆرێکی تری کورتکردنەوە هەیە، کە پێی دەوترێت تاك پیتی abbrevition، کە (یەکەم دەنگی وشەکە وەردەگیرێت، هەندێ جاریش دەنگی کۆتایی.) (مصطفی ذاکری: ١٣٨٠: ٣٦٠) بەڵام لە کوردیدا، بەگشتی دەنگی یەکەم وەردەگیرێت، وەکو:

ل: لاپەڕە    م: مامۆستا

د: دکتۆر    ف: فرێز

پ: پرۆفیسۆر    ن: ناو

ئەم ڕێگەیە، کورتکردنەوەیە، تا ئەو پەڕی ڕادە، واتە، تەنیا یەك دەنگی لێ دەمێنێتەوە، کورتکراوەکان تاڕادەیەکی، زۆر گۆڕاون، بۆیە پێویستیان بە لیستی ڕوونکردنەوەیە. لەبەرئەوەی کورتکردنەوە زۆر ناچێتە بواری

لێکۆڵینەوەکەمان، بۆیە بەوردی هەڵوەستەی لەسەر ناکەین،[٤٥] بەڵام ڕێگایەکە بۆ ئاسانی دەربڕین، کە لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی خێرای ژیان‌و سنووورداری توانا، مرۆڤ لە گەیاندندا هەوڵی ئاسانکاری دەدات.

## ١-١٢-٩: داهێـــــــــنان coinage

دروستکردن‌و داهینانی وشەیەك لە نەبوونەوە، یەکێکە لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان. ئەم ڕێگایە بە زۆری لە ناو ئەو زمانانەدا کارایە، کە لەڕووی بەرهەمهێنان‌و دروستکردنی کەرەستەی ماددی‌و بیری مەعنەوی پێشکەوتوون. چونکە (لەم شێوەیەدا، ناوی بازرگانی کاڵا، یان بەرهەمهێنەر دەبێتە ناوی خودی کاڵا یان بەرهەمەکە.) (کامەران ڕەحیمی: ٢٠٠٧: ١٩) بەڵام وەنەبێت تەنیا لەزمانە پێشکەوتووەکاندا هەبێت، چونکە هەموو میللەتێك جۆرێك لە داهێنانی خۆی هەیە. ئەم ڕێگایە بەوەش پێناسە دەکرێت کە: (بریتییە لە داهێنان‌و دۆزینەوەی وشەو دەربڕاوی تەواو نوێ‌و تازە، دەگمەنترین‌و دانسقەترین ڕێگەو سەرچاوەیەکی وشەی نوێیە، کە بریتییە لە داهێنان لە هیچەوە، بەگشتی ئەسڵی داهێنانەکە نە لە ڕێی بەکارهێنان‌و سوودبینین لە مۆرفێمی زمانەکانی ترەوە دەکرێت، نە لە ڕێی مۆرفێمی زمانە خۆماڵییەکەوە، زمانەوان ناتوانێت پەیوەندی وشە داهێنراوەکە بە مۆرفێم‌و وشە خۆماڵییەکانی زمانەکەوە دیاری بکات.) (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ١٢١، ١٢٢) لەناو زمانی کوردیدا چەند داهێنانێکی خۆماڵی هەن کە وشەیان بۆ داهێنراوە، لەوانە: شاڵ، کڵاش، ...............هتد.

جۆرێکی تری داهێنان (لەسەر دەستی نووسەران‌و شاعیران دەبێت، لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەك وشەی نوێ دادەهێنێت.) (محمد ضياء حسيني: ١٣٨٩: ١٥) لەم ڕووەوە لە زمانی کوردیدا، شاعیر شێرکۆ بێکەس زۆر وشەی نوێ دادەهێنێت‌و لەگەڵ بڵاوکردنەوەشیان لە فەرهەنگۆکێکدا واتای وشەکان ڕوون دەکاتەوە.

## ١-١٢-١٠: دووبـــــــــارەکردنەوە reduplication

پرۆسەی سازکردنی وشە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە، لای هەندێ لە زمانەوانان، لەگەڵ لێکدان، دادەنرێت، چونکە پێکهاتەی وشە دووبارەکراوەکە، لە دوو مۆرفێمی بنکە پێك دێت. بەڵام باشتر وایە جیابکرێنەوە، لەبەرئەوەی لێکدان بۆ دوو کەرەستەی جیاواز بەکاردێت. هەرچی دووبارەکردنەوەیە، هەریەك مۆرفێمی بنکە دووبارە دەکرێتەوە، (لە کردەیی دووبارەکردنەوەدا دەگونجێ هەموو، یان بەشێکی وشەی بنکە دووبارە بکرێتەوەو وشەیەکی نوێی بە واتایەکی جیاواز لە واتای بنکە دروست بکات.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٩٩) لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی چالاکمان هەن، کە بەم ڕێگەیە سازکراون، لەوانە:

---

٤٥- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دەرون عەبدولرەحمان: ٢٠١٢)، (مصطفى ذاكرى: ١٣٨٠) (علی أشرفی صادقی: ١٣٨٠) (سید مهدی سمائی: ١٣٨٤)، (yule:1996)

ڕێڕێ = {ڕێ}(ناو) + {ڕێ}(ناو) > {ڕێڕێ}(ئاوەڵناو)

دەستەدەستە = {دەستە}(ناو) + {دەستە}(ناو) > {دەستەدەستە}(ئاوەڵکار)

دوودوو = {دوو}(ژمارە) + {دوو}(ژمارە) > {دوودوو}(ئاوەڵکار)

دووبارەکردنەوە، چەند جۆرێکی هەیە، وەکو (دووبارەکردنەوەی تەواو، ناتەواو، زیادکراو)، (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٩٩) لە دووبارەکردنەوەی تەواودا، وشەکە وەك خۆیو بە بێ هیچ زیادو کەمییەك دووبارە دەبێتەوە، وەك نموونەکانی سەرەەوە. لە دووبارەکردنەوەی ناتەواو، وشەکە بە تەواوی دووبارە نابێتەوە بەڵکو کەمبوونەوەیەك لە فۆنیمەکانیدا، ڕوودەدات. دووبارەکردنەوەی زیادکراو، ئەوەیە، کە لەگەڵ وشە دووبارەبووەوەکەدا، زیادەیەك دەبینرێت.[٤٦] واتە هەندێ جار وشە دووبارەکراوەکان پێویستیان بە مۆرفیمێکی تر دەبێت، کە دەشێ لە ناوەڕاستی هەردووکیان، یان لە کۆتایی کەرتی دووەم بێت،[٤٧] وەکو:

دەست بەدەست > دەست+ بە+ دەست (لە ناوەڕاست)

سەرسەری > سەر+ سەر+ ی (لە کۆتایی)

لە زمانی فارسیشدا، ئەم ڕێگەیە زۆر چالاکە لە داڕشتنی وشەی نوێدا، چونکە (زۆر وشە لە زمانی فارسیدا بە ڕێگەی دووبارەکردنەوە سازدەکرێن.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٩٩)، بۆ نموونە:

راەراە، ارام ارام، تکەتکە، چرخ چرخان.......................∞

## ١-١٢-١١: میتافۆڕ (ئاوەڵواتا)

زۆرێك لە زمانەوانان خواستن، بە ڕێگەیەکی، دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگ دادەنێن. سەرباری ئەوەی کە فۆڕمێکی نوێ نایەنێتە نێو زمانەکەوە، بەڵام واتایەکی نوێ لە فۆڕمێکی کۆن بار دەکرێت، بەمەش فراوانبوون لەئاستی فەرهەنگدا ڕوودەدات. یەکێك لە بەکارهێنانەکانی میتافۆڕ (پڕکردنەوەی فەرهەنگی وشەیە، فەرهەنگی هەر زمانێك چەندە دەوڵەمەندو پڕ بێت، هێشتا بۆشایی گەورە بەخۆیەوە دەبینێ، هەرگیز ناتوانێت پێشەکی پێشبینی هەموو ئەو بارانە بکات، کە لە دونیای دەورووبەرو مێشکی مرۆڤ دروستی دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایك بوونی میتافۆڕ.) (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠: ١٢، ١٣) هەرچەندە ئەمە زۆرجار وابەستەی زمانی ئەدەب دەکرێت، لە زمانی ئاسایی دادەبڕێت، بەڵام بە وردبوونەوەمان دەیان نموونە لە زمانی ڕۆژانەدا دەبینین، کە واتایی میتافۆڕییان هەیە. سروشتی سەرهەڵدانی میتافۆڕ بۆ (فراوانکردنی واتای وشە فەرهەنگییەکانە.) (کامل حسن بصیر: ١٩٧٩: ٦٠) ئەمەیش لە ئەنجامی پێویستی واتاییو پیداویستی وشەکان دێتە کایەوە، هەوڵ دەدرێت

---

٤٦- پ. د. فاروق عومەر سدیق، وانەی مۆرفۆلۆژی کۆرسی یەکەمی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٠- ٢٠١١

٤٧- بۆ زانیاری وردتر لەبارەی دووبارەکردنەوە، بڕوانە: (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ٩٩- ١٠٣)

واتایەك بۆ وشەكە زیادبكرێت، كە لێوەی نزیك بێت، لە سەر بنەمای لێكچوونی یەكێك لە ڕووەكانیان ئەم واتایە دادەنرێت.

میتافۆر دیاردەیەكی گشتییە لە زۆربەی زمانەكاندا هەستی پێدەكرێت، لە نێویشیاندا زمانی كوردیو فارسی، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین كە (مێتافۆر پڕۆسەیەكی مۆرفۆلۆژی نییە، بەڵكو فراوانكردنی واتای وشەكانە، واتە سوود وەرگرتنێكی نوێیە لەو وشانەی كە لەزماندا هەن، پێدانی واتای ترە بەو وشانە.) (ویدا شقاقی: ١٣٨٧: ١١٠) بەڵام لەبەرئەوەی كاریگەری لەسەر دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان دەبێت بۆیە پێویستی بەو ئاماژەپێدانە دەكرد.[٤٨]

## ١-١٢-١٢: وشەسازی بەڕێگەی سینتاكسی:

یەكێكە لەو ڕێگایانەی كە دەتوانێت وشەی نوێ بەرهەم بهێنێت، كە بەوە پێناسە دەكرێت (یەكێكە لەو ڕێگا ئەكتیڤو چالاكو بەپێزو بەرهەمانەی كە لەگەشەكردنو پەرەسەندنی فەرهەنگی كوردیدا، شوێن پەنجەی بەڕوونو ئاشكرا، دیارە. بەم ڕێگایە، چەندین پێكهاتەی سینتاكسیی سازێنراوی پێشوو بەرهەمهێنراونەتەوە.) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣ب: ١٢١) كە تێیدا مەبەست لەو یەكە سینتاكسیانەن، كە دەتوانن ناوبنێنو بچنە فەرهەنگەوە، وەكو فرێزی چەسپاو، بۆ نموونە: شەقامی مەولەوی، زانكۆی سلێمانی...

ئەم ڕێگایە گشتییەو لە نێو هەموو زمانەكاندا هەست بە بوونی دەكرێت، (لە زمانی فارسیشدا، (خاتەمی) دەربارەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئەم زمانە بە (وشەسازی بەڕێگای سینتاكسیی)، وتوویەتی: {یەكێك لەڕێگاكانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی گشتی زمانی فارسی (وشەسازی بەڕێگای سینتاكسیی)یە. بەڕێزو بەكۆمەڵ وشەی گران لەم زمانە هەن كە لەبنجدا، سازبوویی فرێزی ئیزافەن. لەو جۆرانەیاندا كە لەئەنجامی تێپەڕبوونی كاتو زۆری بەكارهێنانیان، (دەرخراو دەرخەر)ەكانیان واتای لێكسیكیی خۆیان لەدەست داوەو لە دوا قۆناغدا لەفرێزەوە بوون بەدانەیەكی لێكسیكی، یا فەرهەنگی.) (هەمان سەرچاوە: ١٢٣- ١٢٤)، وەكو: جام جم، دست روزگار، دیوار باغ، سیل سرشك، صندوق سینه

واتای ئەم دوو كەرتەی فرێزەكە بە شێوەیەك لەگەڵ یەكتریدا دەتوێنەوە، كە هەردووكیان دەبن، بە ناولێنەرێكی دیاریكراو. پیان دەوترێت فرێزی ئاوێتە. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٢: ١٠٤). ئەم ڕێگەیە پێچەوانەكەیشی هەیە، واتە پەڕینەوە لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاكس، كە پێی دەوترێت بەگراماتیكبوون. بریتییە لە (پەڕینەوەی وشە لەدانەیەكی فەرهەنگی كۆنكرێتەوە بۆ مۆرفیمی ئەبستراكتی ئەركبین، واتە (grammaticalization)[٤٩]

---

٤٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بەكر عومەر عەلی: ٢٠٠٠)، (كامل حسن بصیر: ١٩٧٩)، (ویدا شقاقی: ١٣٨٧)

٤٩- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم دیاردە بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣: ١٧١) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣أ: ١٧١)، (بهروز محمود: ١٣٧٨: ١٨٧)

دیاردەیەکە کە سروشتە هەمەچەشنەکانی گەشەسەندنی زمانی تیادا بەدی دەکرێت. لەم پرۆسەیەدا، وشە لە لێکسیکێکی تاکی فەرهەنگییەوە بۆ مۆرفیمێکی گشتی ئەبستراکتیی ئەرکبین لە سینتاکسدا، دەگۆڕێت.)(فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣أ: ١٧١)،

## ١-١٣: پێگەی مۆرفیمی بەند لە نێو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا

جگە لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، دەشێ چەند ڕێگەیەکی تر بۆ دەوڵەمەندکردنو سازکردنی وشەی نوێ هەبن. کە بە پێی سروشتی زمانەکان، ژمارەیەك لە ڕێگاکان، ئەکتیڤییان زیاتر دەبێت. هەندێ زمانەوانیش لە شیکردنەوەی ڕێگاکاندا بۆچوونیان جیاوازن، بە گشتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کارەکەی ئێمەوە، ڕۆڵی مۆرفیمە بەندەکانە لەنێو ڕێگاکانی داڕشتنی وشەدا. لەم ڕووەشەوە مۆرفیمی بەند ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕێگای داڕشتندا. هەروەها لە لێکدانیشدا، هەندێ جار بەشداری دەکاتو لە ڕێگەی هاوبەشی داڕشتنو لێکدانیش، بەشدارییەکی کارای هەیە.

لە ڕێبازی (داڕشتندا کۆمەڵە وشەیەك دەبینین، کە لە ناوێکی سادەی واتادار، یان ئاوەڵناو، یان قەدی کردار، یان ڕەگی کردارو زیادەیەك پێکهاتوون، ئەو زیادەیە بە پێشگر یان پاشگر، یان هەردووکیان پێکەوەن.) (جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ١٦٠) ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە مۆرفیمە بەندەکان لە داڕشتندا، لەسەر بنکەی جیاواز، چالاکن.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، (چالاکترین ڕێگەی سازکردنی وشەی نوێ لە زماندا، لێکدانو داڕشتنە) (أحمد سمعی(گیلانی): ١٣٨٤: ٢١٤) بۆیە مۆرفیمی بەند ڕۆڵێکی گرنگی ئەم چالاکییەی بەر دەکەوێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین، ئاماژە بە ڕێگای دووبارەکردنەوەش بدەین، کە هەندێ جار مۆرفیمی بەند بەشداری تێدا دەکات.

گرنگێکی تری ئەم دوو ڕێگایە لەوەدا دەردەکەوێت، کە وشە سازبووەکانیان، لە ڕووی سیمانتیکییەوە، لێڵ نین، چونکە ((وشە لەڕووی سازبوونیەوە، کە لە مۆرفیمێك زیاتر تێپەڕ بکات، سیمانتیکەکەی بە لێڵی نامێنێتەوە، بەڵکو ڕوون دەبێتەوە.)) (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٤٥) هەرچەندە بەشێك لە مۆرفیمە بەندەکان بەتەنیا واتاکەیان لێڵە بە چەشنی وشەکان. بەڵام دەتوانن واتای ئەو وشانە ڕوون بکەنەوە، کە دەچنە سەری. سەرباری ئەوەش مۆرفیمی بەند لە شێوەی پاشگرو پێشگر زۆر چالاکە وەك ئەنترفێکسیش یارمەتیدەری سازکردنی وشەی نوێیە، (لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی پێوەندی (ئینترفێکس - interfex) ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وشەی لێکدراودا. ئەوەش بەهۆی لێکدانی لەگەڵ یەکداو لە ئەنجامی ئەم لێکدانەش وشەیەکی نوێ لە ڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە ڕۆدەنرێت.) (نازەنین جەلال ئەحمەد: ٢٠٠٤: ١٠٤)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی ئەو وشانەی لە ڕێگەی گیرەکەوە دروست دەکرێن، ئەوەیە کە بەرهەمدارن. (بەبەرهەمی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی وشە دارێژراوەکان کە بە هۆی جۆراوجۆری گیرەکەکانەوە دەتوانرێت وشەی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە، لە کاتێکدا وشەی سادە، لێکدراو، دوای چەند قۆناغێك نەزۆك دەبن.) (کامەران ڕەحیمی: ٢٠٠٧: ٤٥) بۆ نموونە وشەی (زانست) لە زمانی کوردیدا، بەهۆی گیرەکەکانەوە چەندین وشەی نوێی لێ دادەڕێژرێت، لەوانە:

زانستی، زانستیانە، زانستگا، زانستخواز..............∞

هەروەها وشەی (اموزش) لە زمانی فارسیدا، بەهەمان شێوە بەهۆی گیرەکەکانەوە، تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمدارە، لەوانە:

اموزش، اموزشگا، خوداموز، پراموزی..............∞

## ١-١٤: ئەرکە سینتاکسیەکان

سینتاکس وەك لقێك لە لقەکانی زانستی زمان، (دەستووری ریزکردنو دانەپاڵ یەکتری کەرەستەکانو دیاریکردنی ئەو لێکدانانەیە، کە پەسەندن لەزمانێکدا.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٢٨) خودی وشەکەش هەمان مەبەست دەگەیەنێت، (کە وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییەو بەمانای پێکەوە ڕێکخستن، گونجان arrangement دێت.) (Yule: 1996:100) ئەم پرۆسەیەش وەنەبێ کارێکی ئاسان بێت، چونکە (یەکێك لە ئاڵۆزترینو قورسترین لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی چۆنیەتی پێکەوە بەندبوونی وشەکانە بۆ بەدەست هێنانی ڕستەی بێکۆتایی لە هەر زمانێك، ئەو بەشەی کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەو لایەنەی زمان دەکات بەشێوەی گشتی بە ڕێزمانو یان بە زاراوەیەکی وردتر پێی دەوترێت سینتاکس.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٥) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەریەك لە دانە زمانییەکان لە دەرەوەی سینتاکسدا، تەنیا قسە لەسەر چییەتییان دەکرێت. بەڵام کاتێك دەچنە ناو دروستەیەکی سینتاکسیەوە وەك ئەرك تەماشا دەکرێن. هەر دانەیەکی فەرهەنگیش لە دروستەی جیاجیادا ئەرکی جیاجیا دەبینن. ئەم قورسیو ئاڵۆزییەش بۆ ئەو سروشتە گۆڕاوەیان دەگەڕێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ئەرکە سینتاکسییەکان، هەموو ئەو ڕۆڵو دەورانە دەگرێتەوە، کە هەر دانەیەکی فەرهەنگیی لە دروستەیەکی سینتاکسیدا دەیبینێت. کە بە پێی سروشتو هەڵکەوتەی وشەکە لەناو پێکهاتەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو پێکەوە هاتنەیە، کە کەرەستەکانی ڕستەکە لەگەڵ یەکترییدا هەیانە، دێتە ئاراوە بەجۆرێك (کەرەستە دراوسێکان، کارێکی ڕێزمانی لە سەر ئەوی تر، یان ئەوانی تر دەکات، کە پێکەوە بێن.) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ٣٥) هەر ئەم پێکەوەبوونەش کاریگەری لەسەر ئەرکی سینتاکسی دانە زمانییەکانو گۆڕانیان دەکات، لە دەورووبەری ڕێزمانی جیاوازدا.

لە ئەرکە سینتاکسییەکانیشدا، دەبێت، ڕەچاوی پێگەی وشەکە بکەین، بە جۆرێك هاریس Harris لەوباوەڕە دایە، (هەر وشەیەك پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ناگونجێ بۆ هەر وشەیەكو ڕۆنانێك لە هەموو شوێنێکی تردا بەکاربهێنرێت.) (ابراهیم خلیل: ٢٠٠٧: ٨٨) واتە کۆتی واتاییو ڕێزمانی لە سەر پێگەی هەر وشەیەك هەیە، کە لادان لێی دەبێتە هۆی ناڕێزمانی، وەکو:

- منداڵەکە شیرەکەی خوارد.
- * منداڵەکە شیرەکەی دوێنێ.
- * منداڵەکە ئەوی خوارد.

وشەی (دوێنێ)و هەر ئاوەڵکارێكو ناوێك، یان هەر بەشە ئاخاوتنێك، جگە لە کردار، ناتوانێت جێگەی (خوارد) بگرێتەوە، چونکە ئەو چاڵە ڕێزمانییە تەنیا بە کارێك پڕدەکرێتەوە، کە پێویستە ڕەچاوی لایەنی گونجانی واتاشی تێدا بکرێت. هەروەها هیچ جێناوێكو بەشە ئاخاوتنی وەکو کردارو ئاوەڵکرادارو ئاوەڵناو و هاوشێوەیان، ناتوانێت جێگەی ناوی (شیر) بگرێتەوە.

بە پێی تیۆری دەستەڵاتو بەستنەوەش، (بۆ ئەوەی یاسا فەرهەنگییەکان وەکاربخرێن، یەکەم جار پێویستە لە فەرهەنگی زمانەوە، یەکەی گونجاو هەڵبژێرین، دواتر لە شوێنی گونجاوی خۆیان، دابنرێن.) (سید علی میر عمادی: ١٣٨٨: ٢٣) بە یەکگرتنی یاسا فەرهەنگییەکانو یاساکانی فرێز پێکهێنان، لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانە ئەرکییەکان دەبێت. بەم پێیەش هەر یەکەیەکی فەرهەنگی دەبێتە ڕۆنانێکی ئەرکی. بەو پێیەی کە مۆڕفیمە بەندەکانیش هەڵگری چەمکێکنو بەشداری دەکەن لە گەیاندنی چەمکێکی سینتاکسیو بەشێك لەو دەورە دەبینن، کە لە ڕێزماندا بە ئەرکی سینتاکسی ناسراوە.

پەیوەست بە کارەکەی ئێمەوە، ڕۆڵو توانای مۆڕفێمە بەندەکانە، لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیو پیشاندانی توانای مۆڕفێمە لە ئاستی سینتاکسدا، بەمەش دەرکەوتەو بنەماکانی ئاستی مۆڕفۆلۆژی لە ئاستێکی سەرووی خۆیەوە دەردەکەوێت. کە دەکرێت وەك پەیوەندییەك لە نێوان ئەو دوو ئاستەی زمانیش لێك بدرێتەوە. وەك لە پێشتریش ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ئاستی مۆڕفۆلۆژیو فۆنۆلۆژی دراوە.

## ١-١٥: پێگەی مۆڕفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا

تەماشای هەر دروستەیەکی سینتاکسی بکەین، کاتێك وردی دەکەینەوە، بۆ دانەی بچووکتر، دەبینین، بەشێك لە پێکهێنەرەکانی، مۆڕفێمی بەندن، بەشێکی دیاری چەمکە ڕێزمانییەکانیش لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە دەگەیەنرێن. کە بە پێی کەتیگۆرییەکان، مۆڕفێمەکان دابەش دەبن، کە ناویان لێنراوە، مۆڕفێمی بەندی ڕێزمانی (گراماتیکی). بۆ نموونە (ئەو مۆڕفێمە بەندانەی کە لەگەڵ کەتیگۆری ناودا بەکاردێن، بریتین لە ناساندنو نەناساندنو کۆکردنەوە.) (دەرون عەبدولرەحمان: ٢٠١٢: ١٢٩) هەر کاتێك ناو وەك پێکهاتەیەکی فەرهەنگی

دەچێتە ناو دروستەیەکی سینتاکسی، هەریەك لەو چەمکانەی لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە پێشان دەدرێت. هەریەك لە بەشە ئاخاوتنەکانی تری کارو ئاوەڵناو......هتد، کەتیگۆری تایبەتی خۆیان هەیە، کە لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە پیشان دەدرێن.[٥٠]

پەیوەندی ڕێزمانی نێوان یەکەکانی هەر ڕستەیەك، لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە، دەردەبڕدرێت، بە جۆرێك لە زمانە گەردانییەکان(inflectional language/ زبانهای تصریفی)دا، شێوەی دروستبوونی وشە دەرخەری پەیوەندی ڕێزمانییە، زمانی یۆنانیو لاتینیو سانسکریتو فارسی کۆنو ئاوێستایی لە زمانە گەردانییەکانن.) (ازیتا افراشی: ١٣٨٨: ١١٠) زمانی کوردیش بەشێك لەو تایبەتمەندیتەی تێدایە. لەم جۆرە زمانانەدا مۆڕفێمە بەندە ڕێزمانییە جیاوازەکان، دەتوانن، بۆ پیشاندانی تایبەتمەندی هەر کەتیگۆرییەك، بەکاربێن، بۆ نموونە لە کەتیگۆری کاردا، ڕووکاری کار، کاتی ڕێزمانیو کەسو ڕەگەزو حاڵەتو ژمارە پیشان دەدەن.

گەردانکردن لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە دەبێت، کە پرۆسەیەکی زمانییە (لەسەر هەندێ پۆلە زمانییەکان جێبەجێ دەکرێتو دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەم پۆلە زمانییە. ئەم گۆڕانە هەرچەندە کە واتاو چەمکیشیان هەبێت، بەڵام زیاتر ڕۆڵێکی ڕێزمانی دەنوێنن.) (مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد: ٢٠١١: ٦٨) دیارە کە لە ڕێگەی مۆڕفێمە بەندەکانەوە ئەم پرۆسە زمانییە جێبەجێ دەکرێت.

بەکارهێنانی مۆڕفێمە ڕێزمانییەکان، بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەبینرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەمە، هەر وشەیەك – بەتایبەتی کار – کاتێك دێتە ناو پێکهاتەیەکی سینتاکسی، پێویستی بە گەردان کردن دەبێت، ئەمەش لەڕێگەی مۆڕفێمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە دەکرێت، هەرچەندە هەندێ جار لەوانەیە شێوەی فیزیکیشی نەبێت. بەڵام وەك مۆڕفێمی سفر، هەمان ڕۆڵی گەردان کردن دەبینێت. بەجۆرێك (بوونی مۆڕفێمی بەندی ڕێزمانی بە پێویستو ناچاریobligatoryدادەنرێت، لەچوارچێوەی دروستەی سینتاکسیدا.)( Katamba, Stonham: 2006:224) بۆیە دەوترێت، هیچ دروستەیەکی سینتاکسی نییە، مۆڕفێمێکی بەندی ڕێزمانی تێدانەبێت.

هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر لێکسیمێك لە ڕێگەی گەردان کردنیەوە، دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەیەکی سینتاکسی، ئەمەش لە چوارچێوەی مۆڕفێمی بەند دا، خۆی دەبینێتەوە، چونکە (گەردان کردن، مۆڕفێمێکی بەندی تایبەتە، کە جیاوازییەکانی گەردان کردن بەدیار دەخاتو جیاوازییەکی مۆڕفێمە لە وشەیەکدا، بەهۆی ڕۆنانی گراماتیکی جیاواز لە وشەکاندا ڕوو دەدات.) (مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد: ٢٠١١: ٦٩) ئەمەیش سیمایەکی گشتییە لە زمانەکاندا، چونکە خودی پرۆسەی گەردان کردن[٥١] (دیاردەیەکی گشتی زانراوو هەستپێکراوەintution، لە نێو هەموو زمانەکاندا) (Katamba, Stonham: 2006:223) بۆیە ڕۆڵی ئەم چەشنە مۆڕفێمەش لە نێو هەموو زمانەکاندا، هەستپێکراو و گرنگە.

---

٥٠- لە بەشی سێیەمی ئەم باسەدا، بە وردی لە مۆڕفێمەکانی گەردان کردن دواوین.

٥١- بۆ زانیاری ورد لەبارەی گەردانکردن بڕوانە: (مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد: ٢٠١١)

# بەشی دووەم

## توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیو فارسیدا

## بەشی دووەم

# توانای مۆرفیمی بەند لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیو فارسیدا

### ٢-١: توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لەزمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا، یەکێك لە ڕێگاکانی سازکردنی وشە، بەهۆی مۆرفیمی بەندەوە دەبێت، (لە ڕووی بەرهەمو تواناشەوە، سازکردنی وشە بەهۆی گیرەکەوە لە پلەی دووەمدا دێتو لە پلەی یەکەمدا لێکدانە.)[٥٢] بە شێوەکی گشتی ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، گیرەکنو لە نێو گیرەکەکانیشدا، پاشگرەکان ژمارەیان زیاترەو بەبەرهەمترنو توانایان زیاترە. هەر ئەمەیش وای کردووە، کە ئەم گیرەکانە ڕۆڵو ئەرکی یەکجار گرنگیان لەزماندا پێبسپێردرێتو بەجۆرێك ((ئەرکو دەوری گیرەك لە زماندا لە وشە زیاترو پترە، لەبەرئەوەی لە وشەیەکەوە چەندین وشەی جۆراوجۆر پێکدەهێنن.))(ڕەفیق شوانی: ٢٠١٢: ٨٩١) بەڵام دەبێت ئەوە بزانیین کە هێشتا ڕێگەی لێکدان چالاکترو بۆ هەموو زمانێکیش ئەمە بەتەواوی دروست نییە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، گیرەکە فەرهەنگییەکان پۆلێکی کراوە پێك دەهێنن، بۆیە لە هەر بوارێکدا، ئەندامی زیاتریان لێ دەبینرێت، ئەمەش وای لێکردوون، کە توانای گەیاندنی ئەو چەمکە بەسەر کۆی ئەندامانی هەر بوارێکدا دابەش ببێت، لەگەڵ بوونی چەند سیمایەکی لاوەکی جیاوازیان لەهەندێك دەوروبەری تایبەتو دیاریکراودا.

لەنێو گیرەکەکاندا، پلەی توانایان لەڕووی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەوە، جیاوازن. بەجۆرێك لە ئاستی فەرهەنگدا توانا بەستراوەتەوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەك (دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.) (R.Lieber: 2009: 203) واتە پلەی توانای هەر گیرەکێك بەوە دیاریدەکرێت، کە تا چ ڕادەیەك توانای سازکردنو داڕشتنی وشەی نوێی هەیەو تا چەند بەرهەمدارو چالاکە. بەجۆرێك تاوەکو بتوانێت زیاتر وشەی نوێ دروست بکات، ئەوا توانای زیاتر دەبێتو بە پێچەوانەوەشەوە. لەهەمان کاتدا دەشێ هەندێ لە گیرەکەکان بەبێتوانا دابنرێن، چونکە (یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەشێت کەم بەرهەم بن لەبەرئەوەی هەندێ لاگر هەن، ناتوانرێت لەگەڵێك لە حاڵەتەکانداو بۆ گەلێك لە حاڵەت بەکاربهێنرێن.) (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٢٧٩) ئەمەش دەشێت بەهۆی کۆتی مۆرفۆلۆژی یان واتاییەوە بێت. لەنێوان بەتواناییو بێتواناییشدا، هەندێ لە گیرەکەکان پلەی نێوەندی وەردەگرن، بەجۆرێك کە دەشێ پێیان بڵێین توانا مام ناوەند. وەك لە دەرخستنی توانای مۆرفیمە بەندەکانی هەر یەکێك لەو گروپانەی دەکەونە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان، بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە. بەڵام لە سەرەتادا، هەوڵدەدەین، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر چەمكو مەبەستی پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان، بەپێی چەمكو واتایان، هەڵوەستەیەك بکەینو بواری واتایی مۆرفیمە بەندەکان دیاری بکەین.

---

٥٢ - چاوپێکەوتن د.فاروق عومەر سدیق، ڕێکەوتی ٣٠ی ئابی ٢٠١٣.

## ٢-١-١: پۆلێنكردنی مۆرفیمی بەند بەپێی چەمكو واتایان

لە زمانی كوردیدا، دەشێ مۆرفیمە بەندەكان، بەپێی ئەو چەمكو واتایانەی كە لە هەر گروپێكدا، دەیگەیەنن پۆلێن بكرێن، كە چەمكو واتایەك كۆیان دەكاتەوە، بەلام مەرج نییە ئەندامانی هەر گروپێك لە تەواوی سیما سەرەكیو لاوەكییەكاندا، وەكو یەك بن. واتە هەمان چەمكی یەكسان لە نێوان ئەندامەكانی هەر گروپێكدا هەبێت. بۆیە باشتر وایە بلێین بوارێكی واتایی دروست دەكەنو سیمایەكی واتایی هاوبەش ئەندامانی ئەم بوارە كۆدەكاتەوەو دەشێ سیمایەكی واتایی جیاوازیشیان هەبێت،[٥٣] چونكە (یەكەكانی هاوبوار، یەك سیمایی واتایی سەرەكیان هاوبەشە.)(كورش صفوی: ١٣٨٥: ٩٨)و دەگونجێ لە سیمای تردا، جیاوازبن. ئەمە بۆ كۆبوونەوەی گیرەكەكانیش لەچوارچێوەی یەك بواردا دروستە، وەك بواری واتایی مۆرفیمە بەندەكان هەژماردەكرێت. بۆ نموونە هەموو ئەو گیرەكانەی چەمكی شوێن پیشان دەدەن لە سیمای {+شوێن}دا، هاوبەشن، هەموو ئەوانەیشی كە چەمكی ناكردن دەگەیەنن لە سیمای {+نەرێ}دا، هاوبەشنو......هتد. بەلام لەنێو ئەندامانی هەر بوارێكیشدا، سیمای جیاواز هەیە، بەنموونە، /-ستان/ سیمای {-حوكمی چاو}ی، لەڕووی قەبارەو ڕووبەرەوە وەردەگرێت، بەلام /-دان/ سیمای {+ حوكمی چاو} لەگەڵ دایە.

لەم ڕووەوە دەشێ قسە لەبارەی چەمكی مۆرفیمەكان بكەینو دواتر توانایان لە گەیاندنی ئەو چەمكە بخەینەڕوو، وەك دیارە پەیوەندییەكی بەهێزیش لە نێوان چەمكی مۆرفیمە فەرهەنگییەكانو بوارەواتاییەكاندا هەیە، بەجۆرێك ((بەچەمك ناساندنی كێڵگە واتاییەكان، دەرگا بۆ بەكێڵگەبوونی مۆرفیمە بەندەكانیش دەكاتەوە، ئەوانیش كۆواتایەك گردیان دەكاتەوەو چەمكێك دەگەیەنن.)) (بەكر عومەر علیو عەبدولجبار مستەفا: ٢٠١١: ٣٠) لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو مۆرفیمە بەندانەی كە توانایان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردیو فارسیدا هەیە، چەند بوارێكیان كراوەتە كەرەسەی لێكۆڵینەوەو لە نێو ئەندامانی هەر بوارێكیشدا، بەڕێگەی ئاماری هەوڵدراوە، توانای ئەو گیرەكانە بزانرێت.

## ٢-١-٢: بواری مۆرفیمە بەندەكانی شوێن

مەبەست لەو مۆرفیمە بەندانەن، كە دەچنە سەر هەر بنكەیەك، ناوی شوێن دروست دەكەنو چەمكی گشتی شوێن پیشان دەدەن. لە زمانی كوردیدا، ئەم مۆرفیمانە هەموویان گیرەكنو بەشێوەی پاشگر دەردەكەون، ئەو بنكانەشی كە وەریان دەگرن، بەشە ئاخاوتنی جیاوازنو بەهەردووكیشیان ناوی شوێن دروست دەكەن.[٥٤] هەرچەندە

---

٥٣- ئەم زانیارییە لە (د. فاروق عومەر سدیق، وانەی لێكسیكۆلۆژی، خوێندنی ماستەر، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩) وەرگیراوە.

٥٤- بۆ یەكەم جار دیاریكردنی ئەم گروپە بە ناوی پاشگرەكانی (لۆكاتیف) لە كورتەی نامەی دكتۆرای (د. فاروق عومەر سدیق)دا هاتووە بەناونیشانی (وشەسازی لە زمانی ئەدەبی كوردی عێراقدا)، كە بە زمانی ڕووسی بڵاوكراوەتەوە.

دەوترێت، ((ناوی جێگا، لەو چاوگەوە وەردەگیرێن‌و شوێنی ڕوودانی فرمان لـە ئـیش‌و کـارێکی تایبەتیـدا دیـاری دەکەن.))(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٠) بەڵام ئەگەر بەوردی تەماشای بنکەی ئەو پۆلە مۆرفێمە بکـەین، دەبیـنین بەشی کەمییان لە چاوگەوە دروست دەکرێن‌و بەشی زۆریان دەچنە سـەر نـاوو هەنـدێ لـە بەشـەئاخاوتنی تـریش. لەبارەی ژمارەی ئەو پاشگرانەی کە ئەم چەمکە فەرهەنگییە دەگەیەنن ڕای جیاواز هەیە، بەڵام بەشێوەکی گشتی‌و بەگوێرەی ئەو نموونانەی کە وەرگیراون، دەتوانیین ئەندامەکانی ئەم بوارە بەم مۆرفێمانە دیاری بکەین.




هەر یەکێك لەم گیرەکانە سیمای واتایی {+شوێن} لە یەك بواردا کۆیان دەکاتـەوە. بەگشـتی پلـەی توانـای بەکارهێنانیان جیاوازە، واتە هەندێکیان ئەکتیفن‌و هەندێکیان پاسیفن. دەشێ هەریەکێکیان لە سێ پلـەی توانـای بەرز، یان نزم، یان مام ناوەند، جێبگرێت. بۆیـە هەریـەکێکیان لـە چوارچێوەی چـەند نموونەیەکـدا دەخەینـەڕوو بۆئەوەی سیمای واتایی وردیی‌و تواناکەی‌و جۆرو سروشـتی ئـەو بنکەیـەی کـە وەری دەگرێـت، بـە تـەواوی ڕوون ببێتەوە. پاشان بە شێوەی ئاماریی ڕێژەی بەکارهێنانی پلەی تواناکەی دیاری دەکەین.

/-ستان/: کوردستان، پاکستان، کازاخسـتان، ئەفغانسـتان، تورکمانسـتان، بلوجسـتان، تاجیکسـتان، گوڵسـتان، تاریکستان، جەنگەڵستان، شارستان، کێوستان، کافرستان، فەرهەنگستان، مێروستان، گۆڕستان..........

ئەم پاشگرە، (بەناوبانگترین‌و ناسراوترین پاشگری شوێنە لەناو زمانە ئێرانییەکان.) (فـاضـل عمـر: ٢٠٠٥: ٨)و ئێستایش بەهەمان فۆڕم لە زۆربەی زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا ماوەتەوە، کە ڕیشەکەی بۆ زمانی ئێرانی کـۆن دەگەڕێتەوە. (لە زمانی فارسی کۆنـدا stāna- لـە پەهلـەوی‌و فارسـی ناوەڕاستیشـدا stan- بـووە.) (خسـرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٥٥)، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٣٢) کەواتە ڕەگێکی داکوتراو و لەمێژینـەی هەیـە. لـە

زمانی کوردیدا، بەشێوەکی گشتی بۆ دروستکردنی ناوی وڵاتو شوێنی نیشتەجێبوونی میللەتان زۆر کارایە، بە پلەی دووەم لەگەڵ هەندێ ناوی گشتی، دەردەکەوێتو ناوی شوێنی گشتی پێسازدەکرێت. هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەبینرێت، بەنموونە: (تاریکستان)، بەڵام لێرەدا هەست دەکرێت، پلەی ئاوەڵناوەکەی بەرزترو بەهێزتر کردووە، واتە زۆر تاریک. چەمکی شوێنی تێدا بەلاوازی دەبینرێت، وەکو:

- ئەم وڵاتەیان کردووە بەتاریکستان.

لەم ڕستەیەدا، چەمکی (تاریکستان) تەواو یەکسان نییە بە (شوێنی تاریك) بەڵکو واتایەکی ئیدیۆمی دەگەیەنێت، کە ناخۆشی، نەزانی، دواکەوتوویی. هەروەها هەمان واتاو لێکدانەوەیش لە وشەی (جەنگەڵستان) هەست پێدەکرێت.

سیمای ئەم پاشگرە پێك دێت لە {+شوێن، -حوکمی چاو، +زۆری}، لەڕووی تواناشەوە، لە پلەی ئەو پاشگرانەدا دێت، کە لەئاستی مام ناوەندی دان، چونکە زۆرتر ناوی تایبەتی شوێن دروست دەکەنو زۆر بەرهەمدارنین.

/-خانە/: قوتابخانە، دەرمانخانە، سەرتاشخانە، سەموخانە، دیوانخانە، سەربڕخانە، خومخانە، چاپخانە، چایخانە، نەخۆشخانە، شێتخانە، هەتیوخانە، میوانخانە، نانەواخانە، باڵەخانە، قەسابخانە، فڕۆکەخانە، قاوەخانە، کەبابخانە، بەنزینخانە، عەنتیکەخانە، دەباغخانە، مەیخانە، فەرهەنگخانە، نامەخانە..........

ئەم مۆرفیمە، دەرکەوتەکانی وەکو مۆرفیمی بەند نوێنو هەربۆیە تاکو ئێستا، لای هەندێ لە زمانەوانان بە گیرەك دانانرێت. لەنێوان گیرەكو وشەدا، کەرەسەیەکی تر هەیە کە پیدەڵێن گیرەك ئاسا(شبەوند) و (مەبەست لەو وشانەیە کە بەتێپەڕبوونی کات، واتایەکیان بۆ زیاد دەبێت لەسەر واتای خۆیان، واتای دووەمیان پەیدادەکەن، بەڵام ئەم واتایە تەنیا لە وشەی نسادەدا، وەکو گیرەك دەردەکەوێت.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢١٠) بۆ نموونە وشەی (خانە) کە لە زمانی کوردیو فارسیشدا بەواتای (ماڵ) دێت، بەشێوەی پاشگر واتای (شوێنو جێگە) دەدات. بەم پێیە دەشێت پلەی گیرەکی تێدا بەدی بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا بەرەو پلەی گیرەکی تەواو هەنگاو دەنێت، چونکە (دەگونجێ گیرەك ئاسا بەرەبەرە واتای ئەسڵی خۆی لەدەست بدات، واتە بەشێوەی سەربەخۆ بەکارنەهێنرێتو لەم بارەشدا دەگۆڕێت بۆ (گیرەك).) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٢٥) وەك ئەوەی کە بەسەر ئەم گیرەکەدا هاتووە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لەزمانی فارسیدا هێشتا ئەم قۆناغەی نەبڕیوە.

بەشێوەیەکی گشتی، بنکەی ئەم مۆرفیمە، ناوی گشتییە، هەندێجاریش دەچێتە سەر ڕەگی کاری لێکدراو، وەکو: سەرتاشخانە، سەربڕخانە، هەروەها دەچێتە سەر ئاوەڵناویش، وەکو: شێت خانە، نەخۆشخانە، هەتیوخانە. سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە {+شوێن}، {+مام ناوەند} لەڕووی قەبارەوە. واتە ئەو شوێنەی کە دروستی دەکات سنووردارو دیاریکراوە لە چوارچێوەیەکدا کە نەزۆر بچووکەو نەزۆر گەورەیەو لە حوکمی چاودایە. بەزۆری لە سنووری بینایەك دەرناچێت، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە.

/-گە، -گا/: خوێندنگا، ڕێگا، جێگا، پـەیمانگا، خێوەتگـە، کۆگـا، فرۆشـگا، دایـەنگا، سـەیرانگە، پەرسـتگا، کوشتارگە، سەربازگە، خەڵوەتگە، پەناگا، ئارامگا، باوەڕگا......

ئەم دوو شێوەیە، بە یەکێك لە مۆرفێمە بە تواناکانی بواری گەیاندنی چەمکی شوێن دادەنـرێن. ئـەوەی کـە سەرنج ڕادەکێشێ بوونی دوو فۆرمی لێك نزیکـە، کـە بـە زۆری دەتـوانن لـەبری یـەکتری بـێنو شـوێنی یـەکتری بگرنەوە. هەرچەندە دەوترێت، (لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاستدا، /-گە/، /-گا/ هەردووکیان بەکاردەهێنرێن، بـەڵام لە کرمانجی ژووروودا، بەزۆری /-گە/ بەکاردەهێنرێت، نەك /-گا/.)(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٦٣) ئەمەش بەیەکێك لە سیما جیاوازەکانیان دادەنرێت، کە پەیوەستە بە شوێنی بەکارهێنانەوە. بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەکی گشـتی سـاڵ لـە بەکارهێنانی /-گا/ دەکرێتەوەو زیاتر /-گە/ بەکاردێت، ئەمەش بۆ هۆکاری تابوو دەگەڕێتەوە. سـەرەڕای ئـەوەش ناکرێت لە هەموو شوێنێکدا، لەبری یەکتر بەکاربهێنرێنو ئاڵوگۆڕییان پێبکرێت، بەنموونە:

کارگە ≠ کارگا، ڕووگە ≠ ڕووگا، فەرمانگە ≠ فەرمانگا، نووسینگە ≠ نووسینگا

بۆیە دەشێ بڵێین، /-گە/ دەتوانێت لە هەموو شوێنێکدا لەبری /-گا/ بێت، بـەڵام ناکرێـت لـەبری /-گـە/ لەسـەر هەموو بنکەیەك /-گا/ بەکاربهێنین. بۆیە توانای /-گە/ زیاتر دەبێت، لە گەیانـدنی ئـەو چـەمکەدا. هەربۆیـەش دەوترێت (/-گە/ زیاتر گونجاوو لەبارو مۆسیقی ترە، بـۆ پێکهێنـانی نـاوی جێگـە لـەزمانی کوردیـدا.) (ڕەفیـق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٠) هەرچەندە هەندێك لە زمانەوانان ئەمەیان بـە ئـەلۆمۆرف دانـاوە.[٥٥] بـەڵام لـە ڕاسـتیدا سیماکانی ئەلۆمۆرفی تێدا نییە، چونکە هـەردوکیان لەیـەك ژینگـەدا دەردەکـەون. بەمـەش زیـاتر دەکرێـت وەك هاوواتایی لەچوارچێوەی مۆرفێمی بەند دا، تەماشابکرێن.

ئەم مۆرفێمە لەگەڵ بنکەی، چاوگ (نووسینگە)، (خوێندنگا)، ڕەگی ڕانـەبردوو (فرۆشـگا)، ڕەگـی ڕابـردوو (پەرستگا)، ناو (سەیرانگا)، ئاوەڵناو (ئارامگا)، دەردەکەوێت. هەروەها لـەڕووی سـیمای واتـایی ئـەم مۆرفێمـە هەردوو سیمای {+شوێن}، {+مامناوەندیی} لەڕووی قەبارەوە وەردەگرێت. بەم پێیەش لـە گیرەکـی /-خانـە/ی هەمان بوار نزیك دەبێتەوە، بەوەی کە هەمان سنووری دیاریکراوی هەیـە، ئـەو شـوێنەی کـە پیشـانی دەدەن لـە چوارچێوەیەکی دیاریکراوە، بۆیەش زۆرجار لەسەر بنکەی جیاواز لەبری یەکتری دێنو دەبن بە هاوواتا، بەنموونە:

قوتابخانە = خوێندنگا

سەربڕخانە = کوشتارگە

کتێبخانە = پەڕاوگە

٥٥ - بەنموونە بڕوانە (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧: ٢٥٧)

لەڕووی ڕەگ‌و ڕیشەوە، ئەم مۆڕفیمەش، دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئێرانی ناوەڕاست، بەڵام لە شێوەی (گاه) (لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا، gāh بووە.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٥) کەواتە، شێوەی ئەمڕۆی کورتکراوەی /-گاه/ی فارسییە. چونکە لەزمانی فارسیشدا بەشێوەی کورتکراوەیی دەبێت بە /-گە/، وەکو" منزلگە.

/-دان/: گوڵدان، شەکردان، زبڵدان، قەنددان، چادان، فیشەکدان، خەڵوزدان، ئاگردان، مۆمدان، مەمکدان، کلدان، هێلکەدان........

ئەم گیرەکە، ڕەگ‌و ڕیشەیەکی کۆنی لە زمانی ئێرانی کۆندا، هەیە لە شێوەی (dāna-) هەبووە، لە زمانی ئێرانی ناوەڕاستیشدا، بووە بە (dān-) بۆ سازکردنی ناوی شوێن بەکارهاتووە. (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٦٨) لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا، بەیەکێك لەو مۆڕفیمانە دادەنرێت، کە لەڕووی تواناوە مام ناوەندە، چونکە بەرهەمی زۆری نییەو تاڕادەیەك لەبەرهەمهێنان کەوتووە. ئەم مۆڕفیمە، زۆرجار بە هەڵە دەکرێتە شێوەیەك لە مۆڕفیمی /-دانە/، /-دانك/ بەڵام لەبەرئەوەی لەکرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، ئەم فۆڕمانە بەکارناهێنرێن، بۆیە ناکرێت پێکەوەیان ببەستینەوە.

لەڕووی سیمای واتاییەوە، /-دان/ {+شوێن}، {+بچووکی}، {کەرەستەی مادیی} وەردەگرێت. واتە هەموو ئەو ناوی شوێنانەی بەهۆی ئەم گیرەکەوە، سازدەکرێن، لەڕووی ڕووبەرو قەبارەوە، شوێنی بچووکن، بەبەراورد بە ناوە سازبووەکانی بەهۆی (/-گە/گا/، /-ستان/، /-خانە/) هەروەها ئەو ناوانە بەواتای شوێنی هەڵگرتن‌و پاراستنی ئەو شتە دێت، کە پاشگرەکە وەردەگرێت، کە بەزۆری کەرەستەی مادین. هەربۆیەش دەبینین، ئەو بنکانەی کە ئەم گیرەکە وەردەگرن، بەزۆری ناوی گشتی بەرجەستە (کۆنکرێت)ن.

/-ەڵان/: بەردەڵان، نەرمەڵان، پوشەڵان، قامیشەڵان، هەنگەڵان، سەوزەڵان، کەندەڵان.

ئەم مۆڕفیمە، بۆ سازکردنی ناوی شوێن، لە زمانی کوردیدا، بەکاردێت. لەگەڵ هەریەك لە بنکەکانی ناو، ئاوەڵناو دەبینرێت‌و توانایەکی زۆری نییە. زیاتر ناوی شوێنێك سازدەکات، کە بە شێوەی ئاوەڵناوئاسا، بەکاردەهێنرێت‌و سیفەتی شوێنێك بەرجەستە دەکات. بە نموونە شوێنێك کە قامیشی زۆر بێت، بە (قامیشەڵان) ناودەبرێت. بەواتایەکی تر ئاماژە بۆ زۆری‌و تێکەڵاویی، ئەو شتە دەکات.

سیمایی واتایی ئەم مۆڕفیمە، {+شوێن}، {+مام ناوەندیی}، {+زۆریی} دەگرێتەخۆی. واتە شوێنەکە لەڕووی ڕووبەرەوە، مام ناوەندە، کەرەستەی بنکەیش تێیدا زۆرە.

/-ەوار/: لێڕەوار، زستانەوار، ئاسەوار، نوێوار[٥٦].

بەیەکێك لە گیرەکە ناچالاکەکانی، سازکردنی ناوی شوێن دادەنرێت، چونکە توانایەکی کەمی هەیەو لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت. دەشێت ئەم مۆڕفیمە، گیرەك ئاسا بێت نەك گیرەکی تەواو. چونکە بە شێوەی

٥٦- لەم نموونەیەدا دەنگی {ە} بە گۆڕانی فۆنۆلۆژی تێچووەو مۆڕفیمەکە بووە بە /-وار/

مۆرفێمی سەربەخۆیش، بە هەمان واتا بەکاردێت. وشەی (وار) لە فەرهەنگی کوردیدا، بۆ واتای ئەو شوێنە بەکاردێت، کە ماڵی کۆچەرانی لێدادەنرێت. بەتایبەت ئەوانەی گەرمیانو کوێستان دەکەن. زۆرجاریش بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا دەکات، وەکو: (وارەمیر)، (جێوار). هەروەها دەوترێت، (ئەم پاشگرە، لە بنچینەدا، (هەوارە)ە، بە سوانی {هـ} لەناوەوە، بۆتە پاشگری /-وار/.)(ڕەفیق شوانی: ٢٠١٢: ٨٩٥)، بۆیە لەکاتی دیاریکردنی سیمای واتاییەکەیدا، بەوردی دیاری ناکرێت، بۆ نموونە، لە وشەی (شوێنەوار)دا، هیچ پەیوەندی بە واتای وشەی بنجیو واتای گیرەکەوە نییە، کە دەبێت واتای پێشبینی کراوی (شوێنی شوێن) بێت. کە واتایەکی نەگونجاوە. بۆیە لێرەدا چەمکی شوێن ناگەیەنێت. بەڵام لە وشەی (ئاسەوار) کە بە واتای شوێنی (ئاسار)، دێت تاڕادەیەکی زۆر گونجاوترە. لە وشەکانی (لێرەوار) واتای شوێنی لێرو دارستان دەدات، لە (زستانەوار، کۆنەوار) واتای (هەوار) شوێنی نشتەجێبوونی زستانان، کۆنو پێشتر، دەدات.

بنکەی ئەم گیرەکە بە زۆری ناوە، هەندێ جاریش ئاوەڵناو. سیمای سەرەکیشی {+شوێن}ە، {+نیشتەجێبوون}ە.

/-زار/: گوڵزار، لالەزار، چەمەنزار، مێرغوزار.

یەکێکە لە گیرەکە کەم تواناکانی زمانی کوردیو لە چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت. بەگشتی (کەم بەکاردێتو لە چەند وشەیەکدا دەردەکەوێت، لە هیچ شوێنێکی تردا نابینرێت.) (فاضل عمر: ٢٠٠٥: ٧٦) لەسەر بنەمای ئەو نموونانەیش سیمایی واتایی {+شوێن}، {+مامناوەند}، {+زۆری}، {+گوڵوگیا} وەردەگرێت. بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین، کە لەڕووی مێژووییەوە ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنو لەمێژیینەی هەیە. دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئێرانی ناوەڕاست (پەهلەوی) (لە پەهلەویدا، شێوەی žārو لەفارسی ناوەڕستدا، zar وەکو پاشگری شوێن بەکارهاتووە.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٣١) بەڵام ئەمڕۆ لە بەکارهێنانیدا وردە وردە بەرەو کەمی دەچێت. لە وشەی (گوڵزار)یشدا، دەشێ /-ستان/ شوێنی بگرێتەوە بە هەمان واتای، کە دەبێتە (گوڵستان).

/-جاڕ/: نێرگزەجاڕ، شەتڵەجاڕ، توتنەجاڕ، گوڵجاڕ.

بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن، پاشگری /-جاڕ/ بە یەکێك لە مۆرفێمە کەم تواناکان دادەنرێت. چونکە تەنیا لە چەند نموونەیەکی کەمدا، دەبینرێتو بەبەرهەم نییە. سروشتی ئەو بنکانەیشی کە لەگەڵیدا دەردەکەون، بە زۆری ناوی گوڵو گیان. ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە ئەم مۆرفێمە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ /-زار/دا هەیە. دەوترێت (/-جار/ پاشگری شوێنەو شێوەی پەهلەوی /-زار/ە.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٤٠) لەڕووی سیمای واتایشەوە هەڵگری هەمان سیمای واتایی /-زار/ە، کە {+شوێن}، {+مامناوەند}، {+زۆری} دەگەیەنێت، هەروەها لە بەکارهێناندا سیمای {+گوڵوگیا}ی هەیە.

/-اوا/: تۆبزاوا، وارماوا، عەلیاوا، حاجیاوا، قادراوا، ئەحمەداوا، قەرەجاوا، تەیراوا، دۆلاراوا، تۆپاوا، چۆلیاوا، جاشاوا......

ئەم مۆرفێمە لە سازکردنی ناوی شوێنی تایبەتیدا، چالاكو بەتوانایە، بەزۆریش دەچێتە سەر ناوی تایبەتیو ناوی گشتی، ئەوەی کە دروستیشی دەکات ناوی تایبەتی گەڕەكو گوندو شارۆچکەیە. لەڕووی پێکهاتەو دەرکەوتنیەوە، دەشێت لە ڕیزی شێوەگیرەك دابنرێت، واتە هەردوو بەکارهێنانی وشەییو گیرەکی هەیە. واتایی گیرەکیەکەی کە چەمکی شوێن دەدات، بەبەرهەمو بەتوانایە. وەك وشەیش بە واتای (ئاوایی، گوند، لادێ، ئاوەدانی) دێت، لە گوێزانەوەی بۆ گیرەك کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بووە بە /-اوا/.

سیمای واتایی ئەم گیرەکە {+شوێن}، {+تایبەت(دیاریکراو)} وەردەگرێت، بەڵام لەم بارەدا بەرهەمداریو توانای کەمتر دەبێت، چونکە تەنیا توانای سازکردنی ناوی تایبەتی هەیە. ئەم جۆرە ناوەیش کەمتر بەپرۆسەی داڕشتن سازدەکرێت.

/-ەن/: ڕەقەن، ڕووتەن، پووشەن، بەردەن، نەرمەن، ڕەشەن، لێژەن....

ئەم گیرەکەیش زۆر بەتوانا نییە، بەزۆری لەگەڵ ئەو بنکانەدا دێت، کە ئاوەڵناون، یا ناوی گشتین. ئەو شوێنەی کە دروستی دەکەن، لەسەر بنەمای زۆری ئەو شتە ناودەنرێت. واتە ئەو شتەی لێ زۆرە. بەنموونە شوێنێك پووشی زۆر بێت پێی دەوترێت (پوشەن)، یا کە شوێنێك زۆر (ڕەق)بێت بە (ڕەقەن) ناودەبرێت. سیمای واتایی {+شوێن}، {+زۆریی}بییە، وەکو ئاوەڵناو ئاسا بەکاردێن. لەڕووی واتاییەوە سیماکانی هاوشێوەی گیرەکی (/-ەڵان/، /-ایی/)یە. بۆیە زۆرجاریش دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، وەکو:

ڕووتەن = ڕووتەڵان = ڕووتایی

بەردەن= بەردەڵان

لێژەن = لێژایی

/-دێن/: کادێن، ناندێن.

گیرەکێکی کەم توانایە، سیمایی واتایی {+شوێن}، {+مام ناوەندیی}، {+کەرەستەی مادی} لەخۆی دەگرێت. دەچێتە سەر ناوی گشتیو واتای شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە دەگەیەنێ، لە ڕووی چەمكو واتاوە لەگەڵ پاشگری /-دان/ وەکو یەکن. بەڵام کەم تواناترە. لە هەندێ گۆڤەریشدا، بەنموونەی لە خۆشناوەتیو موکریان شێوەکەی دەبێت بە /دین/، واتە هەمان وشە دەبن بە (کادینو ناندین)

/-شەن/: گوڵشەن.

بە گیرەکێکی یەکجار کەم توانا دادەنرێت لە زمانی کوردیدا، چونکە تەنیا لەو نموونەیەدا دەبینرێت. دەشێ لەسەر ئەو بنکەیەش بە هەردوو پاشگری /-زار/، /-ستان/، شوێنی بگیرێتەوە. بە هەمان واتاو مەبەست، وەکو: (گوڵستان، گوڵزار) تەنانەت لە زمانی فارسیشدا دەوترێت (یەکێکە لە پاشگرە مردوو و لە کارکەوتووەکانی شوێن.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٦٣) سیماکەی خۆی لە {+شوێن}، {+مام ناوندی}، {+گوڵ} دەبینێتەوە.

/-ایی/: سەوزایی، بەرزایی، نزمایی، تەختایی، دۆلایی، دەشتایی، قولایی......

ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر هەردوو بنکەی ئاوەڵناو و ناو، بۆ دروستکردنی ناوی شوێن بەکاردێت. کە سیفەتی شوێنەکە دەکرێتە پێوەر، بۆ ناونانەکە. وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت. لە هەردوو گیرەکی هاوبواری خۆی /-ەلان/و /-ەن/ نزیکە لەڕووی چەمكو سیماکانیەوە. کە {+شوێن}، {+زۆریی}ییە، بەنموونە (سەوزایی) واتای شوێنێکە کە گژوگیای زۆر بێتو سەوزبێت، لەبەرامبەردا (سەوزەلان)یش هەمان چەمك دەدات. لەڕووی پلەی تواناشەوە، لە پلەی مام ناوەندیی دایە.

/-یان/: گەرمیان، بازیان، شیخ منسوریان، موکریان، باپشتیان........

بەیەکێك لەمۆرفیمە کەم تواناکانی سازکردنی ناوی شوێن دادەنرێت، چونکە تەنیا لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێتو سەرەڕای ئەوەیش تەنیا بۆ دروستکردنی ناوی شوێنی تایبەتی بەکاردێتو دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو، سیمای {+شوێن}، {+تایبەت}ی هەیە.

/-مان/: نیشتمان[٥٧]

مۆرفیمێکی ناچالاكو کەم توانای دروستکردنی ناوی شوێنە لە زمانی کوردیداو لەسەر ئەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە چووەتە سەر ڕەگی کار. هەرچەندە پێدەچێت پێشتر چالاکتر بووبێت، بەلام ئەمڕۆ وردە وردە بەرەو گیرەکی مردوو هەنگاو دەنێت.

/-ان/: زورکان، سەروەران، شەهیدان، حاجی ئۆمەران، پڵنگان، یاخیان،.......

لە دروستکردنی ناوی شوێنی تایبەتیدا، ئەم گیرەکە بەتوانایە، چونکە دەتوانێت ناوی ژمارەیەکی زۆر گوندو گەرەك دروست بکات، هەرچەندە لەبنەڕەتدا وەکو مۆرفیمی کۆ بەکاردێت، بەلام بەتێپەڕبوونی کات لەگەڵ هەندێ ناوی تایبەتیشدا چەمکی شوێنیشی گەیاندووە. سیمایی {+شوێن}، {+تایبەت}ی هەیە.

/-ار/: بنار، کەنار، لێوار

گیرەکێکی ناچالاکە لە دروستکردنی ناوی شوێندا، لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەبینرێتو ناوی شوێنی گشتی دروست دەکات. کە زیاتر بەشێك لە شوێنێك ناودەنێت.

/-انی/: ڕەقانی، تەختانی، زورکانی.

مۆرفیمێکی کەم تواناو بێبەرهەمە، هەروەها دەشێت بەهۆی /-ایی/ شوێنی بگیرێتەوەو دەچێتەسەر ئاوەڵناو و بەزۆری لەڕێگەی سیفەتی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێتو وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت، لەگەڵ /ایی/دا هاوواتایە، هەمان سیمای {+شوێن}، {+زۆریی} هەیە. وەکو:

ڕەقانی = ڕەقایی

---

٥٧ - هەرچەندە دوو نموونەی تر دەهێنرێتەوە، بەلام لەبەرئەوەی بەتەواوی بۆ ئەو مەبەستە بەکارناهێنرێتو مۆرفیمەکە بووە بە بەشێك لە وشەکە، بۆیە وەك نموونە نایان هێنینەوە، ئەوانیش (خەرمان، زایمان)ن.

تەختانی = تەختایی

زورکانی = زورکایی

/-ەوانی/: چۆڵەوانی.

مۆرفیمێکی زۆر کەم تواناو بێبەرهەمە، تەنیا لەم نموونەیەدا دەبینرێت بەو چەمكو واتایەو بنکەی ئاوەڵناو هەڵدەبژێرێت. لەرێگەی سیفەتی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێتو وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت. هەمان چەمكو سیمای /-ایی/ واتە هەمان سیمای {+شوێن}، {+زۆریی} هەیەو بۆیەش دەشێ لەبری یەکتر بەکاربێنو ببنە هاوواتا، وەکو: چۆڵەوانی = چۆڵایی

/-وو/: خواروو، سەروو، ژووروو

ئەم مۆرفێمە بۆ دروستکردنی هەندێ ناوی شوێن بەکاردێت، کە وەکو ئاوەڵکار دەردەکەون، بەگشتی لەم چەمکەیاندا کەم توانایە، چونکە لەم چەند نموونەیە زیاتر بەرهەمی نییە. چەمکی تر دەگەیەنێ، بەتایبەتی لە ئاوەڵناوی کراودا کارایە.

/-ەتی/: خۆشناوەتی، بەرانەتی، جافەتی، کرمانجەتی، زرارەتی....

ئەم گیرەکە سەرباری چالاکیو بەبەرهەمی لەبواری ئەبستراکتیدا، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێنیش بەکاردێت. چونکە (لەسەر هەندێ بنکەدا بەواتای شوێن دێت.)(صباح رشید قادر: ٢٠٠٠: ٧٧) لەرووی تواناشەوە، لەپلەی مام ناوەندیدایە. بەزۆری لەسەر ناوی عەشیرەت دەبینرێتو ناوی شوێنی نشتەجێبوونی ئەو عەشیرەتە پیشان دەدات. سیمای {+شوێن}، {+نشتەجێبوون} وەردەگرێت.

هەر یەکێك لەو مۆرفێمانەی کە باسکران، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن بەکاردێت. هەرچەندە دەشێ لە دەورووبەرو لەگەڵ بنکەی تردا، هەندێکیان، چەمکی تریش پیشان بدەن. بەڵام باسی هەندێ مۆرفێمی تر دەکرێت، لەوانە (/-ین/، لە وشەی (بۆسکین)و /-وێن/ لە وشەی (بیتوێن)، /-اوە/ لە وشەی (کەندیناوە، تۆپزاوە) /-کێ/ لە وشەکانی (شاخکێ، خانکێ).)(ڕەفیق شوانی: ٢٠١٢: ٨٩٥) هەریەکێك لەمانە ناتوانرێت بە گیرەکی شوێن دابنرێن، چونکە دوای لابردنیان بنکەیەکی واتادار نامێنێتەوە، بۆیە بەشێکن لە وشەکە بەتایبەتی /-ین/و /وێن/، هەروەها /-اوە/ لە بنەڕەتدا /-اوا/یەو گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەسەرداهاتووە. /-کێ/ لەچەند نموونەیەکی کرمانجی ژوورودا بەکاردێتو لە ناوەڕاستدا لەبەکارهێناندا نییە. هەروەها مۆرفێمەکانی (/-ین/ لە وشەی (شەوین)، /-گ/، لە (خورگ، ژوورگ)، /-ك/ لە (سۆرك، شینك). /-کە/ لە (لوتکە، سووتکە)، /-بەند/ لە (مەڵبەند). (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧: ٥٤) بۆ پاشگری /-ین/ لە وشەی (شەوین)دا، واتای شوێن نادات، بەڵکو بەخودی کارەکە دەوترێت (شەوین)، نەك شوێنی ماڵاتەکە کە پێیدەوترێت (مۆڵگە). /-گ/ لەکرمانجی ناوەڕاستدا بەکارناهێنرێت. /-ك/ لەم نموونانەدا چەمکی شوێن نادات بەڵکو پلەیەکی ڕەنگە. /-کە/ واتای (شوێنی لووت) نادات. لە بنەڕەتدا (/-گە/ی پاشگری شوێن > لووتگە > لووتکە هەمیشە لوتکەی کیو هیچی لێ ناڕوێت واتە

ڕووتەنە.)(فاروق عومور سدیق: ٢٠١١: ٢٣٠) واتە ئەسڵی ئەم وشەیە (ڕووتگە) دواتر گۆڕاوە بە (لووتکە).[٥٨] کەواتە ئەلۆمۆڕفێکی /-گە/یە. هەروەها /-بەند/ بە واتاو چەمکی شوێن نایەت، بەڵکو زیاتر واتای بەستن‌و دانیشتن دەدات. بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرگیراون لە ناوی شوێن، توانای هەریەکێك لە گیرەکەکان بەم شێوەی خوارەوە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (١)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری شوێن لە زمانی کوردیدا




## ٢-١-٣: بواری مۆڕفێمە بەندەکانی پیشە

مەبەست لە مۆڕفێمەکانی پیشە، هەموو ئەو گیرەکانە — هەموویان پاشگرن- دەگرێتەوە، کە دەچنە سەر بنکەی جیاجیاو چەمکی (ئیش‌و کارێکی تایبەتی یان شارەزاییو لێهاتوویی خاوەن پیشەکە دیاردەخەن.) (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٨١) ئەم پۆلە مۆڕفێمە بەزۆری لە ڕووی چەمکی گشتیان کە بە سیمای {+پیشە} دیاری دەکرێت هاوبەشن. بەمەش دەبێتە سیمایەکی سەرەکی لە نێوانیاندا، بەڵام هەریەکێکیشیان سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کە لە بەکارهێنانیدا دەردەکەوێت. پلەی مۆڕفێمبوون‌و توانای مانەوەی پێ‌بەخشیوە، سەرەڕای ئەوەش، هەندێکیان دەتوانن لە دەوروبەری دیاریکراودا، لەبری یەکتر بێن‌و ببنە هاوواتا. لەڕووی تواناشەوە هەر یەکێك لەم مۆڕفێمانە پلەی توانایان جیاوازە، دەشێ لە سێ پلەی زۆرو کەم‌و مام ناوەندا پۆلێنیان بکەین. لەنێوان گیرەکەکانی سازکردنی ناوی پیشەو ئاوەڵناوی بکەری لێك نزیکی زۆر هەیە، بۆیە هەندێ لە گیرەکەکان لە نێوان هەردوو بواردا هاوبەشن. لەبارەی ژمارەی ئەندامانی ئەم بوارە ڕای جیاوازیان لەسەرە، دوای شەن‌و کەوکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان بۆمان دەرکەوتووە کە هەریەك لەم مۆڕفێمانە دەتوانن چەمکی پیشە بگەیەنن.

٥٨- بۆ زانیاری تەواو لە بارەی ئەم گۆڕانەو چەمکی ئەم وشەیە بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٢٣٠)




/-گەر/: ئاسنگەر، مسگەر، زێڕینگەر.

ئەم مۆڕفێمە کەم توانایە، چونکە (زۆر چالاك نییەو تەنیا دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە کانزا)(ڕۆژان نوری عەبدولا: ٢٠٠٧: ٣٤)و مادەی دیاریکراون، بەمەش سیمای {+پیشە}، {+مادەی کانزایی} وەردەگرێت. ئەم مادە کانزاییانە وردە وردە لە کەمی دەدەن، بۆیە گیرەکەکەیش بڕشتی کەم دەبێتەوە، هەرچەندە ڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیەو (لە پەهلەویدا بەشێوەی (kar)و (gar) وەکو پاشگری ئاوەڵناوی بکەریو پیشە بەکارهاتووە، لە ئاوێستایشدا، بە فۆڕمی (kara) بووە.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٩٢)

/-کەر/ تیژکەر، یاریکەر، دارکەر، سواڵکەر، دەرۆزەکەر، شەڕکەر.......

یەکێکە لە گیرەکە چالاكو بەتواناکانی دارشتنی ناوی پیشە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا دەربکەوێت لەسەر بنکەی جیاجیاو لەڕووی ڕەگو ڕیشەوە لەگەڵ /-گەر/ هاوبەشییەکی زۆریان هەیە. —پیشتر ئاماژەمان پێداوە- لە دروستکردنی ناوی پیشەو بکەریدا زۆر چالاکە، بەپێی بنەماکانی گیرەك ئاسا، بێت، ئەم مۆڕفێمە دەچێتە ئەو خانەیەوە، چونکە لەمۆڕفێمێکی سەربەخۆی ڕەگی کار/کە/و پاشگری /-ر/ پێك دێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ لەڕووی پێکهاتنەوە، بە گیرەکێکی نسادە دابنرێت. بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەی یەك گیرەك بەکاردەهێنرێتو واتاو چەمکی پیشە دەدات.

هەرچەندە، ئەم گیرەکە زۆر چالاکە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش سڵ لەبەکارهێنانی دەکرێتەوە، هەوڵدەدرێت خۆی لێ ببوێرن یان بەگۆڕینی وشەکە بەگشی بۆ هاوواتایەکی یان بە گۆڕینی ئەم گیرەکە بە گیرەکێکی تر لە هەمان بوار. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تابوویی گیرەکەکە بە شێوەی وشەی سەربەخۆ، وەکو:

نوێژکەر > نوێژخوێن، یاریکەر > یاریزان، جێبەجێکەر > جێبەجێکار، تەواوکەر > تەواوکار

لەگەڵ بنکەی جیاجیادا دێن، لەوانە، ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کار، هەرئەمەیش پلەی توانای زیادکردووە. لە ڕووی ڕەگو ڕەچەڵەکیشەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مۆڕفێمی /-گار/دا، هەیە.[٥٩]

---

٥٩ - بڕوانە: گیرەگی /-گار/ لە زمانی فارسی لە (٢-٢-٢) لەم باسەدا.

/-کار/: خوێندکار، شانۆکار، کاسبکار، کرێکار، نوێکار، جوانکار، پێشکار، گونهکار، پاچکار، نمایشکار، پێشکەشکار.

مۆرفێمێکی بەتوانایە لە دروستکردنی ناوی پیشەدا، بەتایبەتی بۆ دوورکەوتنەوە لە گیرەگی /-کەر/یش پەنا دەبرێتە بەر ئەم گیرەکەو دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە، بەنموونە:

کاسبکەر > کاسبکار، گوناهکەر > گوناهکار.........

بەڵام مەرج نییە لەهەموو شوێنێکدا بتوانن لەبری یەکتری بەکاربێن، بەنموونە:

کرێکار > *کرێکەر، خوێندکار > *خوێندکەر، شانۆکار > *شانۆکەر، نانکەر > نانکار......

هەر ئەمەش وای کردووە کە /-کار/ بەتواناتر بێت. لەڕووی سەرچاوەو ڕەگو ڕیشەیشەوە وەك یەکن، چونکە ئەم گیرەکە دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی (کردن)، بەڵام بەگۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە، ئەویش بە گۆڕانی: {ە} > {ا} واتە /-کە/ > /-کا/ + /-ر/. ئەم مۆرفێمە زیاتر دەچێتە خانەی گیرەك ئاساکان، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ وەك مۆرفێمی سەربەخۆ لەکاردایەو واتایەکی سەربەخۆی هەیە، کە کتومت ئەو واتایە نییە، کە بەشێوەی گیرەك هەیەتی.

/-چی/: چایچی، پەنچەرچی، کوشنچی، سکرابچی، ڕاوچی، پینەچی، جامچی، ساختەچی، بۆیاغچی، ئاژاوەچی.....هتد.

بەتواناترین مۆرفێمی گەیاندنی چەمکی پیشەیە، هەرچەندە هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە بنەڕەتدا، لە زمانە تورکو مەغۆلەکانەوە هاتبێ،[٦٠] بەڵام ئەمڕۆ پڕبەرهەمترین مۆرفێمی ئەم بوارەیە، تەنانەت ئەمە بۆ زمانی فارسیش دروستە. سیماکەی {+پیشە}، {+بەردەوامی}ییە، بەو واتاییەی ئەو پیشانەی بەم گیرەکە سازدەکرێن بەردەوامییان زیاترەو لەئەنجامی دووبارەبوونەوەی زۆری کارێکەوە ئەم گیرەکە ناوی پیشە دروست دەکاتو دەچێتە سەر ناوەکە. لایەنێکی تری بەتوانایی ئەم مۆرفێمە لە زمانی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی کوردیدا بەشێوەی چالاك دەبینرێ.)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠٩) سەرەڕای ئەوە دەتوانێت لەنێو بوارەکەی خۆیدا جێگەی هەندێ مۆرفێمی تر بگرێتەوە، ئەمەش پلەیەکی تر، تواناکەی بەرزتر دەکاتەوە، وەکو:

تەنەکەساز = تەنەکەچی، ڕیاکار = ریاچی، پینەدۆز = پینەچی.

سەرباری ئەوە کە زۆر چالاکە، بەڵام بەزۆری لەگەڵ بنکەی ناودا دەردەکەوێتو لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تردا، دەرناکەوێ. لەگەڵ هەندێ بنکەیشدا، ئاوەڵناوی بکەری دروست دەکات.

/-ەوان/: مەلەوان، دارەوان، بزنەوان، مریشکەوان، پاسەوان، شاخەوان، توتنەوان، گۆلکەوان، باخەوان، بەرخەوان، پاکەوان، هەنگەوان....هتد.

---

٦٠ - بڕوانە: (فاضل عمر: ٢٠٠٥: ٦٣)، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٥)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٤٢)، (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٢٨)

یەکێکە لەمۆرفێمە بەتواناکانی دارشتنی ناوی پیشە، بەزۆری دەچێتە سەر ناو، بەڵام جیاوازی لە سیمای لاوەکیدا هەیە، بەوەی کە بەزۆری سیمای {+پیشە}، {+پارێزگاری} تێدایە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ جاریش سیمای {+ ئەزموونو شارەزایی} هەڵدەگرێت. لە هەندێ دەورووبەری تایبەتیدا، بەهۆی گۆڕانی فۆتۆلۆژییەوە، فۆڕمی ئەم گیرەکە، دەبێت بە /-وان/، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت، وەکو:

مەلە + /-ەوان/ > مەلەوان.

گا + /-ەوان/ > گاوان.

سیمایەکی تری ئەم گیرەکە، ئەوەیە، کە زیاتر لەبواری کشتوکاڵیو ئاژەڵداری بە بەرهەمە، واتە هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکانی ئەم بوارەدا، هەیە. وەك چۆن /-گەر/ زیاتر لە بواری کانزاکاریدا کارایە.

/-دۆز/: پینەدۆز، دڵدۆز

مۆرفێمێکی یەکجار کەم توانایە، لە زمانی کوردیدا بۆ دروستکردنی ناوی پیشە. هەرچەندە لە زمانی فارسیدا، لە ڕەگی (دوزیدن)ەوە بووە بە (دوز) لە کوردیدا بووە بە /-دۆز/ بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا بەشێوەی ڕەگ لەبەکارهێناندا نییە، تەنیا بە گیرەك دادەنرێت.

/-بەند/: ناڵبەند، تەختەبەند.

بەواتای پیشە، مۆرفێمێکی کەم توانایە، بەڵام بۆ دروستکردنی ناوی ئامێریش بەشێوەیەکی چالاك بەکاردێت. لە ڕووی پێکهاتنەوە (لەڕەگی کرداری ئێستای (بستن)ی فارسییەوە هاتووە کە بە واتای (بەستن)و (گرێدان)، (داخستن) هاتووە.)(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٥٠)، بۆیە لە هەردوو چەمکی پیشەو ناوی ئامێریشدا، ئەم واتاییەی لەدەست نەداوەو دەچێتە سەر ناوی کۆنکرێت. لە شێوەی ڕەگی کارەکەی دوور کەوتۆتەوە بۆیە بە گیرەك دادەنرێت.

/-دار/: بەهرەدار، پارەدار، دوکاندار، ئاژەڵدار، چەکدار، باڵدار، سەرمایەدار، ڕێزدار، مەڕدار....

ئەم پاشگرە (چالاکەو دەچێتە سەر ناو لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و ناوەڕاستدا دەبینرێت. ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی (داشتن)ی فارسی کە بەواتای (بوون، هەبوون) دەدات.)(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠٨) بەڵام لە گەیاندنی چەمکی پیشەدا کەم توانایە. چونکە لەم نموونانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زیاتر چەمکی خاوەنییەتیو سیفەت دەدات نەك پیشە. هەر بنکەیەك کە ئەم مۆرفێمە وەردەگرێت، دەبێت بە (خاوەنی ئەو شتە) بەنموونە: بەهرەدار = خاوەنی بەهرە. تەنیا لە وشەی (دوکاندار) کتومت واتای پیشە دەدات. لەڕووی واتاوە لە گیرەکی /-مەند/ نزیکە، بەشێکی ئەو وشانەشی کە دروستی دەکات، بە پلەی دووەم دەبنە ئاوەڵناوی بکەری.

/-ساز/: دانساز، گۆزەساز، بیناساز، چخماخساز، تەنەکەساز، زاراوەساز، ڕەخنەساز، دەرمانساز.....

یەکێکە لەو مۆرفیمانەی، کە بەپراوپڕی چەمکی پیشە بەدەستەوە دەدات. دەچێتە سەر هەر بنکەیەك واتای دروستکردنی ئەو شتە دەدات. (لە ڕەگی (ساختن)ی فارسی بەواتای (دروست کردن)ەوە، هاتووە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٥٠). ئەم واتایەشی لەگەڵ هەر بنکەیەکدا پاراستووە، لەبەرئەوەی لەزمانی کوردیدا وەکو ڕەگ بەکارناهێنرێتو بووەتە گیرەك، بۆیە ئەندامێکە لەم بوارەدا. لەڕووی تواناوە لە پلەیەکی بەرزدایەو زاراوەی نوێشی پێسازدەکرێت. سیمای واتای {+پیشە}، {+دروست کردن} وەردەگرێت. بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرمان گرتوون، توانای هەریەك لەو مۆرفیمانە بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

ئاماری ژمارە (٢)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی بواری پیشە لە زمانی کوردیدا




## ٢-١-٤: مۆرفیمەکانی بواری بچووککردنەوە

ئەندامەکانی ئەم بوارە، پۆلێك مۆرفیمن بۆ گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوە بەکاردێن، کە (زۆرجار بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستیو خولیابوون، یا پیشاندانی پەیوەندیو لێك نزیکی، یان دەرخستنی بچووکی قەبارەی کەرەستەکانیش پیشان دەدات.)(Cruse: 2006: 49) لە زمانی کوردیدا، هەر لە سەعید سدقی کابانەوە تا ڕێزماننووسو زمانەوانانی ئەمڕۆ ئاماژەیان بە ناوی بچووککراوەو مۆرفیمەکانی داوە، هەرچەندە ڕای جیاواز لەبارەی ژمارەی مۆرفیمەکان لە نێوانیاندا، هەست پێدەکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو مۆرفیمانەی کە بەتەواوی دەتوانن ئەو چەمکە پیشان بدەن[٦١]، دەخەینەڕوو، لەگەڵ پیشاندانی توانای هەریەکەیان بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تریان دەخەینەڕوو. لە گرنگترین ئەو مۆرفیمانە ئەمانەن:

---

٦١- پۆلبەندکردنی ئەم مۆرفیمانە بۆیەکەمین جار لەسەر بنەمای چەمك دەگەڕێتەوە بۆ نامەی دکتۆرای (د. فاروق عومەر سدیق) بەناونیشانی (وشەسازی لە زمانی ئەدەبی کوردی عێراقدا)، کە بە زمانی ڕووسی بلاوکراوەتەوە.




/-کە/: پووشکە، وردکە، جوانکە، خدرکە، برایمکە........

هەرچەندە ئەم مۆڕفیمە بە شێوەی سەرەکی دادەنرێتو چەند ئەلۆمۆڕفێکی تری بۆ دیاری کراوە، بەڵام لە ڕووی تواناوە کەم توانایە، چونکە بەرهەمی زۆر کەمی هەیە، هەرچەندە، بۆ سازکردنی وشەی نوێ بە چەمکی تر لەکاردایە. سەرباری ئەوەی وەك مۆڕفێمێکی ڕێزمانیش ئەرك ڕادەپەڕێنێ. زۆرێك لەوانەی کە بە ئەلۆمۆڕف دادەنرێن تواناو بەرهەمییان زیاترە. لەسەر ناوی تایبەتی بەکاردێت، بەڵام مەبەست لێی بچووککردنەوەی شکاندنە، نەك ناسکی. بۆیە سیمای {+ناشیرینیو شکاندن} وەردەگرێت.

/-ۆکە/: کەپرۆکە، مندالۆکە، کرمۆکە، ترشۆکە، بەرخۆکە، لێفۆکە، مەنجەلۆکە، تەشتۆکە، فاتمۆکە، خدرۆکە، مزرۆکە، ساردۆکە..................

یەکێکە لە مۆڕفێمە بەتواناکانی گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوە، کە تێیدا هەست بە واتای ناسکیو خۆشەویستی دەکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ ناوی تایبەتیدا سیمای {+خۆشەویستیو ناسکی} هەیە. دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و هەندێجار دەبێت بە /-وکە/ کە شێوەیەکی /-ۆکە/یەو لەهەندێ ناوچەدا بەکاردێت، وەکو: بەردوکە، کەپروکە، داروکە.......

/-ۆك/: سمایلۆك، حەمەدۆك، خدرۆك.....

لەگەڵ ناوی تایبەتیدا، بۆ پیشاندانی چەمکی بچووکردنەوە بەکاردێت کە سیمای {+-خۆشەویستی} تێدا بەدی دەکرێت، تاڕادەیەك کەم توانایە، چونکە لە سنوورێکی دیاریکراودا تەنیا لەگەڵ ناوی تایبەتیدا بەکاردێت.

/-لە/ جۆگەلە، كانیلە، دەرزیلە، دەزوولە....

هەرچەندە ئەو مۆرفیمە بەشێوەی سەرەكی دادەنرێت، چەند ئەلۆمۆرفێكی تری بۆ جیادەكرێتەوە، بەڵام لە ڕووی تواناوە بە كەم توانا دادەنرێت، شێوە مۆرفیمەكانی تری بەتواناترن. زیاتر بۆ بچووككردنەوەی هەندێ كەرەستەی دیاریكراو بەكاردێت.

/-ڵە/ەڵە/: كوپەڵە، گۆزەڵە، دیزەڵە، بووكەڵە، دۆشەكەڵە، تۆپەڵە، ڕەقەڵە، كورتەڵە........

مۆرفیمێكی بەتوانای گەیاندنی چەمكی بچووككردنەوەیە، كە دەچێتە سەر ناوی بەرجەستەو ئاوەڵناو، فۆرمی سەرەكی /-ەڵە/یە، بەڵام ئەگەر هاتوو مۆرفیمی بنكە كۆتایی بە {ە} هاتبوو دەبێت بە /-ڵە/، ئەمەش دەچێتە خانەی گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە

/-ۆڵە/: زەنگۆڵە، مەشكۆڵە، بەرخۆڵە، كزۆڵە، نەرمۆڵە، دۆشەكۆڵە، ناسكۆڵە.

یەكێكە لە مۆرفیمە بەتواناكانی گەیاندنی چەمكی بچووككردنەوە، كە دەچێتە سەر ناوی گشتیو چەمكی بچووككردنەوە، بە سیمای واتایی بچووكی قەبارەو خۆشەویستی پیشان دەدات، لەسەر بنكەی ئاوەڵناویشدا، سیمای {+ئەرێنی} دەدات بە ئاوەڵناوەكەی.

/-چە/ باخچە، دەریاچە، پارچە، بێڵچە.

لەڕووی تواناوە كەم توانایە، لە گەیاندنی چەمكی بچووككردنەوەیشدا، هەرچەندە بە فۆڕمی سەرەكی چەند شێوە فۆڕمی تری گەیاندنی ئەو چەمكە دادەنرێت، كە سیمای بچووكیو سنوورداری ڕووبەرو قەبارەی شتەكان دیاریكردنی بەشێك لە شتێك پیشان دەدات.(سازان زاهیر سەعید: ٢٠٠٩: ٧٠) بەهەمان شێوەی مۆرفیمەكانی تر ئەلۆمۆرفەكانی بەتواناترن.

/-وولە/: مێشوولە، دەبوولە، داسوولە....

مۆرفێمێكی كەم توانای داڕشتنی ناوی بچووككراوەیە، هەرچەندە چەمكی تریش دەگەیەنێ، بەڵام بە شێوەكی گشتی (دەچێتە سەر ناو، واتای بچووككردنەوە دەگەیەنێ.)(صباح رشید قادر: ٢٠٠٠: ٧٦) تەنیا لە وشەی (مێشوولە) ئەم چەمكە بەتەواوی پیشان دەدات. لە نموونەكانی تریش دەشێ بەهۆی گیرەكی ترەوە بچووكبكرێتەوە، شوێنی بگیرێتەوە. وەكو: (دەبۆكە)، (داسوولكە)

/-چكە/: خانووچكە، ڕێچكە، گوێچكە

لە ڕووی تواناوە، لە پلەی مام ناوەندیدایە، هەرچەندە شێوەی تریشی هەیە، كە لە هەمان پلەی توانادایە. دەچێتە سەر ناوی بەرجەستەو لەڕووی قەبارەوە بچووكی دەكاتەوە. هەندێجار جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان چەمكی مۆرفێمی بنكەو وشە داڕێژراوەكە نییە، بەنموونە: (گوێو گوێچكە)، یا (پێو پێچكە).

/-ۆچكە/: شارۆچكە، ئاگرۆچكە، مندالۆچكە، داپیرۆچكە.

بە ئەلۆمۆرفی /-چکە/ دادەنرێت، لە ڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندی دایە، دەچێتە سەر ناوی کۆنکرێت، لە ڕووی قەبارەو سنوورەوە ئەو ناوە بچووك دەکاتەوە.

/-یلکە/: جامیلکە، تەشیلکە، نامیلکە.

مۆرفێمێکی کەم توانایە، چونکە لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی بنکەدا دەردەکەوێت، دەچێتە سەر ناوی کەرەستەو بچووکی دەکاتەوە، لەڕووی قەبارەوە. ئەم مۆرفێمە (لە ڕووی پێکهاتنەوە بە ناسادە دادەنرێت.)(ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧: ٦٢) هەرچەندە بە لێك جیاکردنەوەی پارچە پێکهێنەرەکانی، کەرتێکی (نامۆ) دەمێنێتەوە کە لە نێو هیچ دانەیەکی مۆرفۆلۆژیدا جێگەی نابێتەوە. زۆرجاریش ناشێ واتای بنکەی بچووککردبێتەوە، بۆ نموونە (نامیلکە) بە واتای نامەی بچووك نایەت، بەڵکو بە جۆرێك لە کتێبی بچووك لە ڕووی قەبارەوە دەوترێت، هەروەها لە وشەی (چاویلکە) ناوی ئامێری دروست کردووە.

/-ولکە/: داسولکە، جامولکە، پاچولکە.......

مۆرفێمێکی کەم توانای پیشاندانی چەمکی بچووککردنەوەیە، لە زمانی کوردیدا. لەڕووی پێکهاتنەوە، بە مۆرفێمێکی ناسادە دادەنرێت، کە لە (ول + کە) پێکهاتووەو دەچێتە سەر ناوی کۆنکرێتو سیمای {+بچووکی قەبارە}ی بنکەکەی پیشان دەدات.

/-ۆڵکە/: تەپۆڵکە، گردۆڵکە.......

یەکێکە لە مۆرفێمە کەم تواناکانی پیشاندانی چەمکی بچووککردنەوە، لە زمانی کوردیدا. لەڕووی پێکهاتنەوە، بە مۆرفێمێکی ناسادە دادەنرێت، کە لە (ۆڵ + کە) پێکهاتووەو دەچێتە سەر ناوی کۆنکرێتو سیمایی {+بچووکی قەبارە}ی بنکەکەی پیشان دەدات.

/-یژگە/: کوڕیژگە، کچیژگە، پیاویژگە، ژنیژگە

مۆرفێمێکی کەم توانایە، لە گەیاندنی ئەم چەمکەدا. تەنیا دەچێتە سەر ناوی گشتی تایبەت بە مرۆڤو بچووکیو ناسکیو خۆشەویستی پیشان دەدات.

/-کەلە/ سورکەلە، سپیکەلە، پانکەلە...

ئەم مۆرفێمە لە ڕووی پێکهاتنەوە، بە مۆرفێمی ناسادە دانراوە، کە لە (/-کە/ + /-لە/) پێکهاتووە، تایبەتمەندییەکی تری ئەوەیە کە تەنیا دەچێتە سەر بنکەی ئاوەڵناو و چەمکی بچووکیو ناسکی پیشان دەدات، لەڕووی تواناشەوە، کەم توانایە.

/-یلە/: کاریلە، مەمیلە، خڕیلە، وردیلە.........

مۆرفێمێکی توانا مام ناوەندییە لە گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوەدا، سیمای واتایی بچووکی لە قەبارەو ناسکیو خۆشەویستی پیشان دەدات. دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو.

/-وچکە/: کەپروچکە، ئاگروچکە، قاپوچکە، بەردوچکە، داروچکە.

به هەمان شێوەی /-وچکە/، مۆڕفێمێکی توانا مام ناوەندییە، لە سازکردنی ناوی بچووککراوەدا، سیمای واتایی بچووکی لە قەبارەی هەندێ کەرەستەی کۆنکرێتکراو پیشان دەدات.

/-ۆل/: خەجۆل، سەعۆل، ڕەشۆل، بەهۆل......

ئەم مۆڕفێمە (بە ژمارەیەکی زۆر ناوەوە دەلکێتو ڕۆڵێکی دیار لە بچووککردنەوەدا دەبینێت.) (سازان زاهیر: ٢٠٠٩: ٦٠) تەنیا لەگەڵ ناوی تایبەتی زیاتر لە بڕگەیەك، دوای کورتکردنەوەی، دێت. بە بەراورد لەگەڵ مۆڕفێمەکانی تر تاڕادەیەك تواناکەی سنووردارە، بەتایبەتی لە گۆڤەری سلێمانیدا بەکاردێت.

/-ە/: ڕۆژە، زرە، شەوە، کەژە، نازە، نەسە، حەمە......

تەنیا لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دێت، بەتایبەتی ئەوانەی لەڕووی پێکهاتنەوە لە بڕگەیەك زیاترن، دوای ئەوەی کە ناوەکە کورت دەکرێتەوە، ئەم مۆڕفێمەی بۆ زیاد دەکرێت. لەڕووی تواناشەوە، لەم چوارچێوەیەدا، بەتوانایە، چونکە لەگەڵ ناوی نێرو مێو کۆنو نوێشدا بەکاردێت.

/-ەکە/: نەسەکە، عەلەکە، وەلەکە، حەمەکە....

لەڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندییدا دێت، لەڕووی فۆڕمیشەوە، دەبێتە هاوبێژ لەگەڵ مۆڕفێمی ناساندن، لەگەڵ ناوی تایبەتی نێرو مێدا، دوای کورتکردنەوە، بەکاردێت.

/-ۆ/: سمۆ، جەمۆ، مستۆ، ڕەشۆ، محۆ، دلۆ.....

ئەم پاشگرە (بۆ بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤە.)(ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٨٢) بەتایبەت ئەوانەی لە یەك بڕگە زیاترن. دوای کورتکردنەوەی ناوەکە بەکاردێت. بەڵام بەزۆری لەگەڵ ناوی تایبەتی ڕەگەزی نێر دەبینرێت. ئەم تایبەتیەشی لە بانگکردندا هەیە. (چونکە ئەم مۆڕفێمە لە کرمانجی ژووروو بۆ بانگکردن(فۆکاتیف)یش بەکاردێت.)[٦٢]

هەرچەندە باسی هەندێك مۆڕفێمی تر دەکرێت، کە وەکو گیرەکی بچووککردنەوە بەکاردێن، بەڵام پێمان وایە بەتەواوی ئەم چەمکە ناگەیەنن، یان کورتکراوەی مۆڕفێمێکی ترن، بۆیە نایانخەینە سنووری توێژینەوەکەمان. لەوانە /-یل/ کورتکراوەی /-یلە/یە، /-ڵ/ لە هیچ نموونەیەکدا ئەم چەمکە ناگەیەنێت، /-یلانە/، شێوەی /-یلە/یە، /-ەڵ/ لە وشەی (تۆپەڵ، کۆمەڵ) واتای بچووککردنەوە نادات، /-ك/ واتای بچووککردنەوە لە وشەکانی (پەتك، دەستك، پرتك) نادات. هەروەها /-ەك/ لە (کرمەك، مێخەك، کورتەك) و /-یك/ لە (پەلیك، گولیك، نازیك)، هەمان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، /-ۆك/، لە (بەرۆك، بیرۆك)، /-وك/ لە دۆولك، گولوك[٦٣] ناچنە ئەم بوارەوە.

---

٦٢- د. فاروق عومەر سدیق، وانەی لێکسیکۆلۆژی، خوێندنی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩

٦٣ - بۆ هەموو ئەوانەی کە ئاماژەیان پێدرا، لەگەڵ مۆڕفێمەکانی /-ژە/، /-یژە/، /-وچە/.....کە بە مۆڕفێمی بچووککردنەوە دانراون، بڕوانە: (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧: ٥٥- ٦٣)

هەریەك لەو مۆڕفێمانەی کە چەمکی بچووککردنەوە، پیشان دەدەن، تواناکەیان بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

ئاماری ژمارە (٣)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری بچووککردنەوە لە زمانی کوردیدا




## ٢-١-٥: مۆڕفێمەکانی بواری ئەبستراکتی

ئەبستراکتی، پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بیرە، کە (بریتییە لە دابڕینی فۆرم لە کەرەستەو بابەتو مێشکی مرۆڤدا ڕوودەدات.)(مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ١١) لە زمانیشدا ئەم پرۆسەیە لە هەموو ئاستەکاندا هەستی پێدەکرێت. لەئاستی فەرهەنگیشدا، دوو جۆرە ناو هەن، هەندێکیان لە بنجدا، ئەبستراکتنو هەندێکی تریان بەهۆی مۆڕفێمی بەندەوە دەکرێن بە ئەبستراکت. لە زمانی کوردیدا، ژمارەیەك مۆڕفێمی بەند هەن کە چەمکیان بریتییە لەداڕشتنی ناوی ئەبستراکتی نوێ لە کەرەستەی ترەوە. لەبەر بە بەرهەمی ئەم گروپە مۆڕفێمە هەوڵ دەدەین یەك بەیەك شییان بکەینەوەو بەوردی توانایان بخەینەڕوو.

بەم پێیە مۆڕفێمەکانی ئەبستراکتی[٦٤]، ئەو گیرەکە فەرهەنگییانە دەگرنەوە، کە دەچنە سەر بنکەی جیاجیا لە ڕووی پۆلی ڕێزمانیو ناوێکی ئەبستراکتی بە واتایەکی نوێ دروست دەکەن، لەبارەی ژمارەی ئەو مۆڕفێمە بەندانەش ڕای جیاجیا هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا بەپێی بەکارهێنانو شیکردنەوەی ورد بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم مۆڕفێمانە دەشێ ببنە ئەندام لەم بوارەدا:

٦٤- باسکردنی ئەبستراکتی لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی مۆڕفێمی بەندا، دەگەڕێتەوە بۆ: (فاروق عومەر سدیق: ١٩٧٥)




/-ی/:[٦٥] جوانی، چاکی، پاکی، دووری، کرێکاری، منداڵی، بەرزی، نزمی، دووڕووی، دڵتەنگی، سەربەستی، نانەوایی، جۆڵایی.....

شێوەی سەرەکی ئەم مۆرفێمە وەك لە نموونەکانەوە، دیارە /-ی/یە، بەڵام ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە کە /-یی/یە، ئەویش لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بەدەنگی بزوین هاتبێ.

لەڕووی تواناوە، ئەم مۆرفێمە لە پلەی یەکەمدایە، بەجۆرێك (بەرهەمدارترین سوفێکسی زمانی کوردییە، چونکە هەتا ئێستا ئەم سوفێکسە ژمارەیەکی یەگجار زۆری لە ناوی ئەبستراکتی، لەزمانی کوردیدا دروست کردووە.) (فاروق عومەر صدیق: ١٩٧٥: ٢٤) لەڕووی ڕەگو ڕیشەوە، ئەم مۆرفێمە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا بنجی داکوتاوەو تا ئەمڕۆ لە پێشکەوتن‌و گەشەکردن دایە.[٦٦] ئەم بەهێزییەی لایەنی مێژوویشی هۆکارێکە بۆ بەتوانایی ئەم مۆرفێمە لەئەمڕۆدا. بەزۆری دەچێتە سەر ئاوەڵناو و ناوی جیاواز لەڕووی پێکهاتنەوە، زیاتریش لەگەڵ ئاوەڵناودا بەکاردێت، چونکە لەگەڵ ناودا زیاتر هەندێ مۆرفێمی تریش دەردەکەون، بەڵام بنکەی ئاوەڵناو بۆ دروستکردنی ناوی ئەبستراکت بەزۆری بەڕووی /-ی/، /-ە/دا کراوەترە.

/-ا/: گەرما، سەرما.

لە پیشاندانی چەمکی ئەبستراکتیدا، ئەم مۆرفێمە کەم توانایە، چونکە تەنیا لەگەڵ ئەو دوو ئاوەڵناوەدا، دەردەکەوێت، ناتوانێت لەگەڵ هیچ بنکەی تریشدا ببینرێن. لەڕووی واتاشەوە، هەندێجار دەتوانرێت مۆرفێمی تری وەك /-ی/، /-ایی/ لە دەورووبەری تایبەتدا، لە شوێن بەکاربهێنرێت. ئەمەش تاڕادەیەك لە چالاکی‌و توانای ئەم مۆرفێمەی کەم کردۆتەوە. ئەمەش بەتایبەتی بۆ وشەی (گەرما) دروستە، چونکە لە وشەی (سەرما) گۆڕانێکی فۆنۆلۆژی تێیدا ڕووی داوە، بەم چەشنە: سارد > سەرد > سەرم > سەرما

واتە پەڕینی فۆنیمی {د} و هاتنەناوەوەی دەنگی {م} ڕووی داوە، بۆیە دەشێ بوترێت:

---

٦٥ - ئەم مۆرفێمە دەبێتە هاوبێژو فرەواتا لەگەڵ زۆر چەمکی تردا، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (صباح رشید قارد: ٢٠٠٠: ١٠٠-١٠١)، (ئازاد ئەحمەد محمود: ٢٠٠١: ٣٣- ٥٩)

٦٦ - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (فاروق عومەر صدیق: ١٩٧٥: ١٠-١٥)، (فاروق عومەر صدیق:٢٠١٣ب: ١١٧- ١٣٩)

گەرم > گەرما = گەرمایی = گەرمی

سارد > سەرما = *سەرمایی = *سەرمی

سەرباری ئەو کەم تواناییەی ئەم مۆرفێمە ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەسازکردنی ناودا، (/a-/ ئەم پاشگرە بۆ سازکردنی ناو و ئاوەڵناو لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا بەکاردێت.) (محسین ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٠٩) بەم پێیە توانای مۆرفێمەکە لەگەیاندنی ئەم ئەرکەدا بەرەو کەمی دەچێت.

/-ە/: چاکە، خراپە، پرسە، کۆکە، ناڵە، گریە، چلە، سەدە.......

مۆرفێمێکی فرە چەمکە، لەڕووی فەرهەنگو سینتاکسیشەوە، لە گەیاندنی چەمکی ئەبستراکتیەتی ناودا، توانایەکی مام ناوەندی هەیە، بەڵام دەتوانێت لەگەڵ بنکەی جیاجیادا دەربکەوێت، لەوانە، ئاوەڵناو، ڕەگی کار، ژمارە.

/-ەتی/: پیاوەتی، برسیەتی، گەورەتی، دروستیەتی، باخەوانیەتی، پێشەوایەتی، برسیەتی، پاشایەتی.

ئەم مۆرفێمە بە دوو شێوە دەردەکەوێت، /-ەتی/، /-یەتی/، کە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو بنکانەی کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێت. لەڕووی تواناشەوە لە پلەی مام ناوەندییدا دێت، ئەو بنکەیەی کە ئەم مۆرفێمە وەردەگرێ جیاوازن، لەوانە ناو، ئاوەڵناو. هەندێجاریش لەگەڵ /-ێتی/ دەبن بە هاوواتا هەر ئەمەش وای کردووە، کە بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دابنرێن.[٦٧]

/-ایی/: نەرمایی، قورسایی، ڕەشایی، تارمایی، تەڕایی، پانایی، کوێرایی، شیرنایی....

ئەم مۆرفێمە دوو واتایی زۆر لێك نزیك دەگەیەنێت، ئەوانیش واتایی ئەبستراکتیو واتای شوێنە. بەنموونە لە وشەکانی (بەرزایی، سەوزایی)، واتای شوێن دەدات، واتە شوێنی سەوز، یان شوێنی بەرز. بەڵام لە وشەکانی (تارمایی، قورسایی، شیرنایی) ناوی ئەبستراکت دروست دەکات. هەرچەندە سنوورێکی زۆر تەسك لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. بۆیە زۆرجاریش تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن.[٦٨] بەم پێیە لەڕووی تواناوە، بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە ئەم مۆرفێمە کەم توانایە، چونکە لە زۆربەی نموونەکان بە واتای شوێن دێت. لەڕووی بنکەشەوە دەچێتە سەر ئاوەڵناو بەتەنیاو لەگەڵ بنکەی تردا دەرناکەوێ.

/-ێنی/: کوڕێنی، بووکێنی، کچێنی.

مۆڕفیمێکی کەم توانای دروست کردنی ناوی ئەبستراکتە، چونکە لەسەر ژمارەیەکی کەمی بنکەی ناودا دەردەکەوێت، هەرچەندە دەوترێت لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەردەکەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم وشانە بەشێوەیەکی نامۆ

---

٦٧ - بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٦٠)

٦٨ - بڕوانە: (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٩٠)

دەکەونە بەرگوێ، بۆیە ناچنە ڕیزی نـاوە ئەبسـتراکتەکان، ڕێگـەی تـر هەیـە بـۆ بەئەبسـتراکت کردنیـان، لەوانـە (قۆزێنی) = (قۆزی)، (ڕەشێنی) = ڕەشی/ ڕەشاتی، ڕەشایی.[٦٩]

/-ایەتی/: برایەتی، دۆستایەتی، خزمایەتی، دوژمنایەتی، کوردایەتی، باوکایـەتی، ، ئاغایـەتی، بەڕیوبەرایـەتی، ئازایەتی......

مۆرفیمێکی بـەتواناو پڕبەرهـەمی سـازکردنی نـاوی ئەبسـتراکتە، چـونکە لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆر وشـەدا دەبینرێـتو بەشـێوەیەکی گشـتیش دەچـێتە سـەر نـاو و ئاوەڵنـاو. سـەرەڕای ئـەو چـەمکە چـەمکی شـوێنیش دەگەیەنێتو ئەندامی ئەو بوارەی مۆرفیمەکانیشە.

ئەم مۆرفیمە بەپێی ئەو بنکانەی لەگەڵیدا دەردەکەون، ئەلۆمۆرفی /-یەتی/ هەیـە. بەتایبـەتی لەگـەڵ ئـەو بنکانەی کە کۆتاییان بە دەنگی {ا} هاتووە، لە هەندێ ناوچەیشدا، /-اتی/ ئەلۆمۆرفێکی تـری ئـەو مۆرفیمەیـە کە هۆکاری بوونی زارو شێوەزار هێناویەتی. بەنموونە دەوترێت: دۆستاتی، خزماتی، خوشکاتی....

/-ێتی/: بەڕێوبەرێتی، دورێتی، منداڵێتی، باوکێتی......

هەرچەندە ئەو مۆرفیمە دەتوانێت لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو بنکانەدا دەربکـەوێت، کـە پاشـگری /-ایـەتی/ وەردەگرن، بەڵام نابێتە ئەلۆمۆرفی ئەو، چونکە دەبنە هاوواتای یەکتری، مەرجێکی ئەلۆمۆرف ئەوەیە، کە لەیـەک ژینگەدا دەرنەکەون، بەڵام هاوواتا پێویسـتە لـە هـەمان ژینگـەدا دەربکـەون. لـەڕووی تواناشـەوە لەپلـەی مـام ناوەندییدا دێت. بەگشتی لەگەڵ بنکەی نـاو و ئاوەڵنـاودا دەردەکـەوێت، تـەنیا چـەمکی ئەبسـتراکتی دەدات بـە پێچەوانەی /-ایەتی/ کە چەمکی شوێنیش دەدات. لێرەدا توانای ئـەو پۆلـە مۆرفیمـەی کـە لـەبواری گەیانـدنی چەمکی ئەبستراکتیدا بەکاردێن، بەم پێیەی خوارەوە پیشان دەدەین.

ئاماری ژمارە (٤)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی لە زمانی کوردیدا




---

٦٩ - بڕوانە: (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٩٠)

## ٢-٢-٦: مۆرفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی

هەرچەندە ناکردن وەك پرۆسەیەکی سینتاکسی لێکدەدرێتەوە، بەڵام زۆرجار وەك پرۆسەیەکی فەرهەنگیش بەرچاو دەکەوێتو لەڕێگەیەوە، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکرێت. چونکە هەندێ یەکەی فەرهەنگی —بەتایبەتی ئاوەڵناوە داڕێژراوەکان- لەڕێگەی مۆرفێمێکەوە سازدەکرێت، کە چەمکی نەرێ پیشان دەدات، بۆیە دەشێ وەك بەشێك لە سازکردنی وشە بەڕێگەی سینتاکسی[٧٠] تەماشا بکرێت. لەم بوارەشدا کۆمەڵێك مۆرفێم دەتوانن ئەم چەمکە پیشان بدەن، پێکەوە بوارێك دروست دەکەن کە پێی دەوترێت بواری نەرێی فەرهەنگی. بەشێکیان هەمان ئەو مۆرفێمانەن کە ئەرکی ناکردنی سینتاکسی ڕادەپەڕێنن. بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، ناکردنی سینتاکسی، زیاتر لەسەر کەرەستەیەکی وەکو کردار دەردەکەوێو ڕوودان نەرێ دەکات، بەڵام ناکردنی فەرهەنگی زیاتر ئاوەڵناوی نەرێو دژ دروست دەکاتو سیفەت پێچەوانەو دژ دەکاتەوە. لە گرنگترین مۆرفێمەکانی ئەم بوارەش ئەمانەن:




/نا-/: ناڕێك، ناپاك، نایاسایی، نادروست، ناخۆش، ناڕەوەست، نالێك، نامەرد، ناپیاو، نابینا، نادیدە.....

ئەم گیرەکە لە گەیاندنی چەمکی نەرێی فەرهەنگییدا زۆر بەتوانایەو (دەچێتە سەر ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵناوی داڕژاو دروست دەکات.)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٦٩) بە بەراورد بە توانای ئەم مۆرفێمە لە بواری سینتاکسدا، لە بواری واتایی فەرهەنگیدا توانای زیاترە. چونکە لەبواری سینتاکسدا، تەنیا لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕووکارە هەوالّدا دەتوانێت، ئەم ئەرکە ڕابپەڕێنێ. لەڕووی سیمای واتاییەوە، ئەو نەرێیانەی بەم گیرەکە سازدەکرێن، هەندێکیان دەشێ پلەبەندییان لەنێواندا هەبێت، وەکو:

ناخۆش > زۆرناخۆش > کەمێك ناخۆش ....

ئەو بنکەیەی کە ئەو مۆرفێمەی دەچێتە سەر بەزۆری (ئاوەڵناو، ناو، ئاوەڵناوی بکەری)یە، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت، لەهەندێ بواردا ئەم مۆرفێمە خەریکە دەبێت بە بەشێك لە وشە، چونکە (هەندێ جار /نا-/ بۆ ناکردن نییە، بە لابردنی مۆرفێمی بنکە واتای نامێنێ، یان واتایەکی جیاوازو دوور لەخۆی وەردەگرێ.)(کەوسەر

٧٠ - بۆ زانیاری ورد لەبارەی ئەم ڕێگەیە بڕوانە: (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١٣ب: ١١٧- ١٣٩)

عەزیز: ١٩٩٠: ٧)، وەکو: ناقولا، ناجیز، ناشی،........ بەڵام لەڕاستیدا واتای بنکە نامێنێت دوای لابردنی گیرەکەکە. یەکێکیشە لەو مۆڕفیمانەی کە توانای ئەوەی هەیە پۆلی وشە لەهەندێ باردا نەگۆڕێت، لەهەندێ باریشدا بەپێچەوانەوە، پۆلی وشە دەگۆڕێت، وەکو:

/نا-/ + پاك(ئاوەڵناو) > ناپاك(ئاوەڵناو) (نەگۆڕاوە)

/نا-/ + پیاو(ناو) > ناپیاو(ئاوەڵناو) (گۆڕاوە)

/نە-/: نەخۆش، نەزان، نەفام، نەساغ، نەبەز، نەمان، نەشارەزا، نەزانین.

لە ڕووی تواناوە، لە پلەی مام ناوەندییدا، دێت. چونکە لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە بنکەدا دێت، بەڵام دەتوانێت لەگەڵ بنکەی جۆراوجۆردا بێت، لەوانە: ئاوەڵناو، ڕەگی کار، ناو، چاوگ. لە هەموو بارێکیشدا ئاوەڵناوێکی نەرێ و دژو بەرانبەر دروست دەکات. بەجۆرێك مۆڕفیمی /نا-/ بەتواناترو پڕبەرهەمترە، لە مۆڕفیمی /نە-/ لە گەیاندنی چەمکی نەرێی فەرهەنگیدا. بە پێچەوانەی ناکردنی سینتاکسی کە /نە-/ بەتواناترو پڕبەرهەم ترە. هەروەها لە بواری فەرهەنگدا لەگەڵ هەندێ بنکەی تایبەتیدا دەتوانن لەبری یەکتری بێن و ببنە هاوواتایی یەکتری، وەکو:

نەشارەزا = ناشارەزا

نەساغ = ناساغ

نەشیرین = ناشیرین

ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هاوواتایی لە چوارچێوەی مۆڕفیمی بەند. سەرەڕای ئەوەی وەك ئامرازی نەرێ بەکاردێت، (وەکو پێشگری نەرێش بۆ چەمکی پێچەوانەیی (بەرڤاژ)ی بەکاردێت.)(فاضل عمر: ٢٠٠٥: ١٠١)

/بێ-/: بێتام، بێڕەنگ، بێبۆن، بێلەزەت، بێناز، بێخەم، بێغیرەت، بێدەنگ، بێشەرم، بێحەیا، بێڕێز، بێڕوو، بێهۆش، بێکار، بێئاقڵ، بێغیرەت، بێحەیا......

ئەم پێشگرە بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی فەرهەنگیی و پیشاندانی واتای دژو پێچەوانە، توانایەکی زۆری هەیە، تاڕادەیەك بەرانبەر /بە-/ دەوەستێت. سەرەڕای ئەوەی کە واتایەکی نەرێ پیشان دەدات، لە هەمان کاتدا سیمایەکی {+خراپ (نێگەتیڤ)} لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بەزۆریش لەگەڵ بنکەی ناودا بەکاردێت، ئاوەڵناوی داڕژاوی نەرێ دروست دەکات، بە شێوەیەکی تەواو دەچێتە ڕیزی مۆڕفیمە وشەدارێژەکان، (چونکە پۆلی سینتاکسی بنجەکە دەگۆڕێت لەناوەوە بۆ ئاوەڵناو.)(صباح رشید قادر: ٢٠٠٠: ٥٥) جیگەی سەرنجە ئەم مۆڕفیمە دەچێتە سەر ئەو بنکانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وەکو: بێزەواد، بێعار، بێمەکان.....

/لا-/: لاشەڕ، لازیان، لادین.

ئامرازی نەرێی زمانی عەرەبییە، (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٨٨) بەڵام لە چەند نموونەیەکدا بەهەمان چەمك هاتۆتە ناو زمانی کوردیو چەمکی نەرێ بەدەستەوە دەدات. بەڵام لەڕووی تواناوە لەپلەیەکی نزم دایە، چونکە بەرهەمی زۆری نییەو ناچالاکە. هەروەها ئەو چەمکە نەرێییەی کە پیشانی دەدات جیاوازە لە گیرەکەکانی تری هەمان بوار. چونکە زیاتر بەواتای خۆدورگرتنو خۆپارێزیو نەکردنی شتێك دێت.

/غەیرە-/: غەیرەدین، غەیرەکورد، غەیرەنوێژ، غەیرەموسڵمان.

لە زمانی عەرەبیدا، وەکو ئاوەڵکاری نەرێ بەکاردێت، بەڵام کە هاتووەتە ناو زمانی کودییەوە، وەکو پێشگر دەچێتە سەر هەندێ بنکەو واتایی نەرێنی پیشان دەدات. بەڵام لە ڕووی تواناوە کەم توانایە، چونکە ناتوانێت لەگەڵ نموونەی زۆردا دەرکەوێت. بەم پێیە پلەی توانا لە نێوان مۆرفیمەکانی نەرێی فەرهەنگی پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٥)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا




## ٢-١-٧: مۆرفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی بکەری

ئەم بوارە لە زمانی کوردیدا، زیاتر تێکەڵ بە بواری پیشە کراوە. بەڵام بەپێی ئەو نموونانەی لەبەردەست دان، دوای ئەوەی بەشێوەیەکی ورد شیکراونەتەوە، دەرکەوتووە، کە سیمای واتایی هەریەك لەو مۆرفێمانەی ئەم بوارە جیاوازە لە بواری پیشە، چونکە هەریەك لەو وشانەی کە پێیان سازدەکرێت، بەرلەوەی ناوبێت، ئاوەڵناوە، دیارخەری ناوێك بووە. بەڵام بۆیان هەیە بێنە خانەی ناوەوە، بەوەی کە نیشانە ڕێزمانییەکانی ناو وەردەگرێتو دیارخراوەکە لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەوێ. بەم پێیە ئاوەڵناوی بکەری سیفەتێکی هەمیشەییو توانایەکی تایبەتی بە دیارخراوەکەی دەبەخشێت، لە زمانی کوردیدا، بەهۆی یەکێك لەم گیرەکانەوە دەگەیەنرێت:




/-زان/: یاریزان، قسەزان، فێڵزان، زمانزان، نوکتەزان، زۆرزان.

ئەم مۆڕفێمە لە ڕەگی (زانین)ەوە هاتووە. بۆیە هەندێکیان بە مۆڕفێمێکی سەربەخۆی دادەنێن. بەڵام بەپێی ئەو پێوەرانەی لە گیرەك ئاسادا هەن، دەشێ بخرێنە ئەو خانەیەوە. چونکە کاتێك بە مۆڕفێمی ڕەگ هەژمار دەکرێت، ئەگەر هاتوو گیرەکی تری وەرگرتو خۆی بوو بە مۆڕفێمی بنکە، ئەو بەکارهێنانەیشی هەیە، بەڵام لێرەدا بە شێوەی گیرەك کاردەکات، بۆیە پێی دەڵێین گیرەك ئاسا. لە ڕووی واتاوە، زیاتر مەبەستی شارەزاییو ئەزموون پیشان دەدات. ئەو بنکەیەی کە وەری دەگرێت، بەزۆری ناوی گشتیو واتایی دەبێت. جیاوازییەکەی لەوانی تر ئەوەیە، کە چەمکی پیشەیی تەواو نادات. بەنموونە ئەوەی پێی دەوترێت (قسەزان) کاروپیشەی تەنیا (قسە) نییە، بۆیە دەچێتە خانەی ئاوەڵناوی بکەری. لە ڕووی تواناشەوە لە پلەی مام ناوەندییدایە. هەندێجار فۆڕمێکی کورتکراوەی بە شێوەی /-زن/ هەیە، بەنموونە لە وشەی (درۆزن)، کە هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنێ.

/-باز/: قومارباز، نوکتەباز، مێباز، فێڵباز، چاوباز، دەست باز، تەڵەکەباز، کۆترباز......

یەکێکە لەو مۆڕفێمانەی کە توانایەکی مام ناوەندی هەیە، لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەریدا. دەچێتە سەر ناوی واتاییو کۆنکرێتو سیفەتێکی نێگەتیڤ دەبەخشێت بەو بنکەیەی وەری دەگرێت.

/-یار/: کڕیار، فرۆشیار، بەختیار

مۆڕفیمێکی ناچالاکی بواری ئاوەڵناوی بکەرییە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش چەمکی پیشە نیشان دەدات. بەزۆریش دەچێتە سەر ڕەگی کار، بەڵام دەشێت، ئەم گیرەکەش بە گیرەك ئاسا دابنرێت، چونکە بەشێوەی مۆڕفیمی سەربەخۆش کاردەکات، بە شێوەی گیرەکیش، بەڵام لێرەدا شێوەی گیرەکیمان مەبەستە. لەڕووی تواناوە بەکەم توانا دادەنرێت.

/-مەند/ کارمەند، بەهرەمەند، هونەرمەند، ئارەزوومەند، زەرەرمەند، دەوڵەمەند، هۆشمەند.....

ئەم گیرەکە لەڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەنـدیی دایـە، لـە ڕووی واتاشـەوە، زیـاتر خاوەنـداریّتی پیشـان دەدات، ئەو بنکەیەی کە ئەم مۆرفیّمە وەردەگریّت، زیاتر ناوی واتایین، بۆیە دەشی ئەو وشەیەی کـە سـازدەکریّت، ئاوەڵناوی بکەری بیّت، نەك ناوی پیشە، چونکە بەشیّکی زۆری ئەو وشانەی کـە بـەهۆی ئـەم پاشـگرەوە دروسـت دەکریّن، دەشیّ وەکوو ئاوەڵناو بەکاربهیّنریّن.

/-ەر/: نووسەر، خویّنەر، بینەر، بیسەر، ڕیّخەر، پیّکهیّنەر، بیّژەر، دانەر......

مۆرفیّمیّکی بەتوانای سازکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە، کە بەزۆری دەچیّتە سەر ڕەگی کارو هەندیّ جاریش کە وەکـو ناو بەکاردیّت، بەشیّوەی ناڕاستەوخۆ واتایی پیشە بەدەستەوە دەدەن‌و هەڵگری سیمایەکی گۆڕاوە.

/-ر/: ناندەر، بەڵیّندەر، نامەبەر، پەیام بەر، دڵبەر

ئەم مۆرفیّمە بەیارمەتی ڕەگی ڕانەبردووی کاری (دان)و (بـردن) دەتوانیّـت بەشـداری بکـات لـە سـازکردنی ئاوەڵناوی بکەریدا. بە واتایەکی تر، بە وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبردووی هەندیّ کاری لیّکدراوو زیادکردنی ئەم گیرەکـە ئاوەڵناوی بکەری سازدەکریّت. بۆیە هەندیّ جاریش (دەر، بەر) بەیەك مۆرفیّم دانراون.[٧١]

/-ەك/: نووسەك، گیرەگ، کوژەك

پاشگریّکی ناچالاك‌و کەم توانای سازکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە. کە دەشیّ وەکوو ناویش بەکاربهیّنریّن.

/-نۆك/: گرینۆك، ترسنۆك.

پاشگریّکی ناچالاك‌و کەم توانای سازکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە. دەچیّتە سەر ڕەگی کار، سیمای سـیفەتیّکی هەمیشەیی‌و نەریّنی پیّوە دیارە.

/-ندە/: دڕندە، کوشندە

پاشگریّکی ناچالاك‌و کەم توانای سازکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە. بەزۆریش دەچیّتە سەر ڕەگـی کـارو سـیمای سیفەتیّکی هەمیشەیی‌و نەریّنی بە بنکەکەیان دەبەخشن.

/-ا/: زانا، توانا، بینا، دانا

ئەم مۆرفیّمە بۆ سازکردنی ئاوەڵناوی بکەری بەکاردەهیّنریّن. لەم بوارەدا بـە کـەم توانـا دادەنریّـت، چـونکە لەسەر چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینریّت، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا چەمکی تـری فەرهـەنگی‌و ئـەرکی تـری سینتاکسی ڕادەپەڕیّنیّ.

/-گار/: پەروەردگار، کردگار..

پاشگریّکی ناچالاکی دروسـتکردنی ئاوەڵنـاوی بکـەری داڕیـژراوە. بنکەکـەی تـەنیا نـاوە، سیفەتەکەیشـی تاڕادەیەك هەمیشەییە.

---

٧١ - هەریەك لە (دەر، بەر، گر، گیر) بە مۆرفیّمی بەند دانراون، وەك دیارە ئەمانە ڕەگن، یان ڕەگ‌و پاشگری /-ر/ بۆیە ناکریّت وەك گیرەکیّکی فەرهەنگی هەژماریان بکەین. بڕوانە: (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧: ٤٠)

/-ۆك/: خشۆك، لەرزۆك، گەڕۆك، مژۆك، بیژۆك.......

ئەم گیرەکە دەچێتە سەر ڕەگی کارو ئاوەڵناوی بکەری دروست دەکات لەڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندیدا دێت. سیفەتێکی هەمیشەیی بە هەڵگرەکەی دەبەخشێ.

/-ەوا/: پێشەوا، نانەوا، دەستەوا

گیرەکێکی ناچالاکی داڕشتنی ئاوەڵناوی بکەرییەو دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵکار. سیمای هەمیشەیی بە بنکەکەی دەدات.

/-بار/: تاوانبار، ستەمبار، غەمبار...

گیرەکێکی ناچالاکی داڕشتنی ئاوەڵناوی بکەرییەو دەچێتە سەر ناوی واتایو سیفەتی بکەری دەبەخشێتە بنکەکە.

/-وو/: نووستوو، خەوتوو، مردوو، کەوتوو، بەزیوو.......

گیرەکێکی بەتوانای دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە، لە ڕەگی ڕابردووی کارە تێنەپەڕەکانەوە، کە سیفەتەکە بەگوێرەی بنکەکەی گۆڕاوە بە نموونە (نووستوو) کاتییە، بەڵام (مردوو) هەمیشەییە. دەکرێت وەکوو ناوی بکەریش بەکاربهێنرێت، تەنانەت هەندێ جار بە تاکە پاشگری ناوی بکەری دادەنرێت، دەوترێت (بەیارمەتی پاشگری /-وو/ لەگەڵ ڕەگی ڕابردوو، دێت، ئەگەر کۆتایی بە دەنگی {وو}، یان {ا} هات دەبێت بە /-و W-/) (ك.ك.کوردۆیڤ: ١٩٨٤: ٢١٤).

هەموو ئەو گیرەکانەی کە باسکران بەشێوەی پاشگر دەچنە سەر بنکە. بەڵام لەنێو گیرەکەکانی ئەم بوارەدا، هەندێ پێشگر هەن. هەروەها هەندێ جار پاشگرو پێشگر پێکەوە دەردەکەون، واتە بەشێوەی مۆرفێمی پچڕاو دەبێت. لەوانە:

/بـ-/: بنووس، بگۆڕ، بکوژ

بە یەکێك لەو مۆرفێمانە دادەنرێت، کە دەتوانێت واتاو چەمکی جیاجیا بدات، چ لەبواری فەرهەنگو چ لەبواری سینتاکسدا، یەکێك لەو ڕۆڵانەی کە دەیبینێت لە بواری فەرهەنگدا، دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە، لەگەڵ هەندێ ڕەگی کاردا دەردەکەوێتو واتایەکی ئەرێنی دەدات.

/نە-/: نەزان، نەبەز، نەگۆڕ، نەزۆك

لەگەڵ ڕەگی کاردا دەردەکەوێتو ئاوەڵناوی بکەری دروست دەکات، بەشێوەیەك کە توانایەکی مام ناوەندی هەیە، هەرچەندە لە سینتاکیشدا ئەرکی نەرێکردن ڕادەپەڕێنێ، بەڵام لێرەدا نەرێی ئاوەڵناوی بکەری پیشان دەدات.

/بـ-/نە-.... -ر/: بخۆر، نەخۆر، بکەر،

هەندێجار دەشێ هەردوو گیرەك واتە پێشگرو پاشگر لەسەر یەك بنکەدا دەربکەونو ئاوەڵناوی بکەری دروست بکەن. بەم شێوەیە کە دەشێ وەکو نموونەی مۆرفێمی پچڕاو هەژماربکرێت. بۆنموونە:

بـ (گیرەك پێشگر) + کە (م.بنکە) + ر (گیرەك پاشگر) = ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو.

توانای هەریەك لەم مۆڕفێمانەی ئەم بوارەش بە پێی شیکردنەوەی نموونەکان بەم پێیە دەردەکەوێت:

ئاماری ژمارە (٦)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری لە زمانی کوردیدا




## ٢-١-٨: مۆڕفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی کراو(پارپارتسپڵ)

ئاوەڵناوی کراو، ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کارێك بەسەر کەرەستەیەکدا، بۆی دەبێتە سیفەت، هەندێ لەو سیفەتانە هەمیشەیین‌و هەندێکی تریشیان کاتین، بەواتایەکی تر (چەمکی ڕوودانی کارێك بەدیارخراوەکەی خۆیەوە پیشان دەدات.)(فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢٢٢) لەڕووی داڕشتنەوە، بەشێوەی داڕژاو، یا لێکدراو، یا هەردووکیان پێکەوە هەن. زۆربەی ئەو ئاوەڵناوانە، دەشێت وەکو ناو بەکاربهێنرێن، کە پێیان دەوترێت ناوی بەرکاری، کە (ناوێکی گشتییە لە چاوگەوە وەردەگیرێ‌و بکەرەکەی تێدا بەدی ناکرێت‌و ڕووداوەکەی دەکەوێتە سەر بەهۆی واتاو بەردەوامی کردەوە بۆی بووەتە سیفەت.)(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١١٢) وەك دیارە ئەم ئاوەڵناوە، تەنیا بەزۆری لەکاری تێپەر دروست دەکرێت، بۆیە زۆرجار ئەو کارانەی کە تێنەپەڕن هێزەکەیان دەگۆڕدرێت‌و دواتر بەیارمەتی مۆڕفێمەکانی ئەم بوارە، ئاوەڵناوی کراویان لی سازدەکرێت. بەزۆریش ڕەگی ڕابردوو دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنەکەی. لەزمانی کوردیدا، ئەم مۆڕفێمانە دەبنە ئەندام لەم بوارە:



/-ە/: کوشتە، بابردە، هەڵبژاردە........

دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردوو، تاڕادەیەك لەڕووی تواناشەوە مام ناوەندییە، چەمکی ئاوەڵناوی کراو دەبەخشێتە ئەو ڕەگەی کە دەچێتە سەری. سیفەتەکەشی هەمیشەییە.

/-راو/: دزراو، فرۆشراو، گیراو، هەڵکەنراو، وەرگیراو، پالێوراو......

مۆڕفیمێکی زۆر بەتواناو چالاکە لە بواری داڕشتنی ئاوەڵناوی کراودا، چ لە چاوگی سادە، یا ناسادەوە بێت. تاڕادەیەك چەمکی نادیاری لەم جۆرە ئاوەڵناوانەدا دەمێنێتەوە، چونکە هیچ نیشانەیەك بۆ بکەرەکە دیار نییە، بەڵکو بەنادیاری ماوەتەوە.

/-ار/: دیار، گوفتار، ڕفتار، مردار

مۆڕفیمێکی بێبەرهەمو کەم توانای سازکردنی ئاوەڵناوی کراوە، لەگەڵ هەندێ ڕەگی کاردا بەکاردێت. هەریەك لەم بنکانەیش بەکارهێنانێکی سنووردایان هەیە.

/-وو/-و/: گیراو، لێدراو، سواو، ڕووخاو، سوتاو، برژاو، لکاو، دڕاو، دزراو.....

مۆڕفیمێکی چالاکو بەتوانای سازکردنی ئاوەڵناوی کراوە، چونکە بەشداری لە سازکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەم چەشنە ئاوەڵناوانە دەکات. ئەم گیرەکە، بەزۆری لەگەڵ ئەو ڕەگی کارانەدا دێت، کە لە ڕووی هێزەوە تێپەڕن، هەروەها لەگەڵ ئەو تێنەپەڕانەیش کە لەڕووی لۆجیکەوە پێویستیان بە بەرکارێك دەبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنج دانە، گیرەکەکانی ئەم بوارە بەپلەی یەکەم بەشداری لەسازکردنی ئاوەڵناوی کراوی داڕژاو دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ داڕشتنی ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو دەتوانن ببنە یارمەتیدەریش، وەکو: ماسی برژاو، سەرتاشراو، بابردوو، کۆچ کردوو.........

لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی کە وەکوو داتا شیکراونەتەوە، توانای هەریەك لە مۆڕفیمەکانی ئەم بوارە بەم شێوەی خوارەوە، دەردەکەوێت.

ئاماری ژمارە (٧)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی کراو لە زمانی کوردیدا



## ٢-٢: توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ لە زمانی فارسیدا

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، مۆرفیمی بەند لە زۆربەی زمانەكاندا، بەتایبەتی لەزمانە نووساوەكان ڕێگەیەكی چالاكە بۆ سازكردنی وشەی نوێ، زمانی فارسیش بەهەمان شێوەی زمانی كوردی، یەكێكە لەو جۆرە زمانانە، كە بە هۆی مۆرفیمی بەندەوە، ژمارەیەكی زۆر وشەی نوێی سازكردووە. ئەو مۆرفیمە بەندانەی لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگدا ڕۆڵ دەبینن، دەچنە خانەی گیرەكەوەو لە نێویشیاندا بەشی هەرە زۆریان پاشگرن.

لە نێو هەر بوارێكی واتایی گیرەكەكاندا، كۆمەڵێك گیرەك هەن، كە لەڕووی تواناوە، لێك جیاوازن، ئەوەی لەزمانی فارسیدا، دەبینرێت جۆرێك لە گیرەكی مردووش هەیە، كە لە قۆناغەكانی زمانی فارسی كۆنو ناوەڕاستدا بەكارهاتوونو لە ئەمڕۆی زمانەكەدا لەكاركەوتوون، یان ئەوەتا مۆرفیمی تر جێگەی گرتوونەتەوە، چونكە (زمانی فارسی بۆ سازكردنی وشەی نوێ لە وشەی دیكە، سوودێكی زۆر لە گیرەكەكانو لێكدان دەبینێت. واتە زمانی فارسی یەكێك لە ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی بە بەرهەمی مۆرفۆلۆژییە، كە مەبەست لێی سازكردنی وشەی نوێیە لە ڕێگەی داڕشتنو لێكدان.)(علأدین طباطبایی: ١٣٧٦: ٢١) ئێمە لەم تەوەرەی لێكۆڵینەوەكەماندا، لەسەر بنەمای ئەو بوارە واتاییانەی گیرەكە فەرهەنگییەكان، كە لەزمانی كوردیدا وەرمان گرتوون، هەوڵ دەدەین لە زمانی فارسیشدا، گیرەكەكانی هەمان بوار وەربگرین، بەشی كردنەوەو لێكدانەوە، نموونەی لەبارو گونجاو توانای ئەو مۆرفیمانە لەناو هەریەك لەبوارەكاندا پیشان بدەین، و جیاوازیو هاوبەشیشیان لەگەڵ زمانی كوردیدا بخەینەڕوو. لەگرنگترین ئەم بوارانەیش ئەمانە دەچنە سنووری توێژینەوەكەمان.

## ٢-٢-١: بواری مۆرفیمەكانی شوێن

لە زمانی فارسیدا، ژمارەیەك مۆرفیم چەمكی شوێن دەگەیەنن، كە بەپێی سروشتو شێوازی كاركردنی ئەو مۆرفیمانە، چەمكو واتای هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، كە سیمای {+شوێن} هەموویان لەیەك بواردا كۆدەكاتەوە. بەڵام سەرباری ئەم سیما گشتییەش هەندێ لایەنی جیاوازیو سیمایی جیاكەرەوە لە نێوانیاندا هەیە، ئەم مۆرفیمانە بەشێوەیەكی گشتی پاشگرن، ئەمانە ئەو گیرەكانەن، كە لە ئەمڕۆی زمانی فارسیدا بەكاردێن.




/-کده/: اتشکده، غمکده، دانیشکده، دیوکده، صورتکده، ماتمکده، میکده.......

ئەم مۆرفێمە (پێشتر وەك وشەی سەربەخۆ بە واتای (ماڵ) بەکارهاتووە، لە زمانی فارسی نوێدا، لەگەڵ وشەکانی (میکده، دهکده، بتکده) بەکارهێنراوە. بەڵام لەو چەند دەیەی کۆتاییدا لە دوای هەندێ وشەی تریش دەبینرێتو وشەی نوێ سازدەکات، لەوانە: دانیشکده، پژوهشکده، هنرکده، زبانکده.) (علی اشرفی صادقی: ١٣٨٤: ٥٠٠) بەم پێیە لە زمانی فارسیدا، ئەم مۆرفێمە توانای بەرهەمهێنانی لەبەرزبوونەوە دایە. بەزۆری دەچێتە سەر ناو، لەناویشدا ناوی بەرجەستەو ناوی واتایی. لەڕووی سیمایی واتایشەوە، سەرباری {+شوێن} سیمایی {+سنوردارو دیاریکراوی}، دەگەیەنێت، لەڕووی تواناشەوە، لە پلەیەکی بەرزدایە، چونکە، (مۆرفێمکی زۆر بەبەرهەمە.) (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٤) زۆرجاریش دەشێ بەهۆی مۆرفێمی ترەوە شوێنی بگیرێتەوە، کە هەمان سیمای واتایی هەبێت، لەوانە /-گاه/، (اتشگاه)، /-خانە/ (میخانه)، (پرسخانه = ماتمکده).

لەبارەی ڕەگو ڕیشەی ئەم مۆرفێمە دەوترێت (خۆی داڕێژراوە، لە (کد)و (ە)ی نسبەت سازبووە، کە لە ڕەگی (کته - kata) ئاوێستایی هاتووە ئەو وشەیەش لە چاوگی (کن kan) بە واتای (کندن) هاتووە.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٥٣)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٧٦) بەڵام وەك دەبینین ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا بە یەکێك لە گیرەکە بە تواناکانی سازکردنو گەیاندنی چەمکی شوێن دادەنرێت.

/-گاه/: چراگاه، شکارگاه، اتشگاه، منزلگا، ارامگاه، خلوتگاه، نشتنگاه، فروشندنگاه، گذگاه، ایستگاه، دیدگاه، خاستگاه........

ئەم مۆرفیمە لە زمانی فارسیدا، (پاشگری شوێنو کاتە.) (حسن انوری، حسن احمدی گیوی: ۱۳۹۰: ۲۹۸) ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە توانای گەیاندنی ئەو مۆرفیمەیە لە بواری چەمکی شوێندا. وەك لە نموونەکانەوە دیارە گیرەکێکی زۆر بەتوانایە، چ لە ڕووی بەبەرهەمیو ژمارەی ئەو وشانەی کە سازی دەکات، چ لەڕووی ئەو بنکە جیاوازانەی کە دەچێتە سەریان. لە ئەمڕۆی زمانی فارسیدا، (پاشگرێکی زۆر چالاکە، لەسەرەتادا، ناوبووە، هەم بەواتای (کات)و هەم بە واتای (شوێن) هاتووە.) (خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۳۸۷) بەڵام ئەمڕۆ زیاتر وەکو پاشگر بەکاردێت، -بەتایبەت لە گەیاندنی چەمکی شوێندا-[۷۲] زۆریش چالاکەو ڕەگێکی کۆنی هەیە. (/-گاە/ گۆڕاو و بەجێماوی (gāh)ی فارسی ناوەڕاستە، کە بە واتای شوێنو کات دێت.)(محسن ابوالقاسمی: ۱۳۸۷: ۳۵۱) سیمای {+شوێن}، {+سنوورداریو دیاریکراوی} هەیە.

ئەم مۆرفیمە، دەچێتە سەر بنکەی جیاواز لەڕووی پۆلی ڕێزمانییەوە. لەوانە، ناو (شکارگاە)، ئاوەڵناو (نهانگاە)، (ارامگاە)، چاوگ (کشتنگاە)، (فروشدنگاە)، ڕەگی ڕانەبردوو (فروشگاە)، (ایستگاە)، (باشگاە)، ڕەگی ڕابردوو (دیدگاە)، (خاستگاە).

هەندێجار ئەم گیرەکە لە زمانی فارسیدا شێوەیەکی تری هەیە، کە پێی دەوترێت شێوەی کورتکراوە، کە دەبێت بە /-گە/و بە ئەلۆمۆرفێکی /-گاە/ دادەنرێت، بەنموونە: منزلگە، سیلگە، دامگە، خانگە......

/-لاخ/: سنگلاخ، دیولاخ، نمك لاخ، رودلاخ، اتش لاخ......

(گیرەکێکی بێبەرهەمە، بە واتای شوێن دێت.) (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱۳۸) ئەو بنکانەشی کە ئەو گیرەکە وەردەگرن بە زۆری ناوی بەرجەستەنو دەیکات بەناوی ئەو شوێنە، لەپاڵ چەمکی شوێنش چەمکی زۆری دەدات، واتە ژمارەی ناوی بنکە لەو شوێنەدا زۆرە. لە ڕووی تواناشەوە کەم توانایە، چونکە لەسەر ژمارەیەکی کەم بنکە دەبینرێت. سەرەڕای ئەوەش (کاتێك ئاماژە بۆ زۆری دەکات، زیاتر واتایەکی نەرێنی پیشان دەدات.) (خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ٤٠٣) واتە بوونی ژمارەیەکی زۆر نەرێنی بێت. تەنانەت دەوترێت (ئاماژە بۆ شوێنی قەڵەباڵغو ژمارەیەکی زۆرو ترسناكو جیگەی بە ترسو سام دەکات.) (سید محمد صمصامی: ۱۳۸٤: ۳٦۸) بۆیە سیمای {+شوێن}، {+زۆریو نەرێنی} هەڵدەگرێت. لە ڕووی ڕەگو ڕیشەشەوە (پێشینەی مێژوویی ئەم مۆرفیمە ڕوون نییەو لە بەردەستدا نییە.) (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱۳۸).

/-دان/: نمکدان، گلدان، قنددان، فلفل دان، زبالەدان، روغن دان، شمعدان، تخمدان......

مۆرفیمێکی چالاكو بە توانای بواری گەیاندنی چەمکی شوێنە لە زمانی فارسیدا، وەکو گیرەك (ڕیشەکەی بۆ زمانە ئێرانییە ناوەڕاستەکان دەگەڕێتەوە لە شێوەی dān لە زمانی پەهلەویو زەردەشتیو فارسی ناوەڕاستدا هەبووە.) (محسن ابوالقاسمی: ۱۳۸۸: ٦۸) بەنموونە: لە زمانی پەهلەویدا zēn-dān، لە فارسی ناوەڕاستدا

۷۲ - چونکە لە گەیاندنی چەمکی کاتدا تاکو ئێستا، لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، بە شێوەی وشەی سەربەخۆش بەکاردێت.

zēn-dān، زەردەشتی āb-dān ئەم گیرەکە بە زۆری دەچێتە سەر ناوی بەرجەستەو ناوی شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە دروست دەکات. (ئەم گیرەکە زۆر بەتواناو بە بەرهەمە، ئەو ناوی شوێنانەی کە سازیان دەکات، بە شێوەیەکی گشتی وەکو کۆگا، یان شوێنی هەڵگرتنی کەلوپەل بەکاردێت، بەگشتی یەکێکە لە گیرەکە بەنرخەکانی زمانی فارسی، چونکە توانای سود لێ وەرگرتنی زۆری هەیە.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٧٩) بەم پێیە دەچێتە ڕیزی یەکێك لەو مۆڕفیمە بە تواناکانی زمانی فارسی لە گەیاندنی چەمکی شوێندا. سیمایەکی تری ئەوەیە ئەو شوێنەی ئەم مۆڕفیمە دروستی دەکات بچووکە، واتە (ئاماژە بۆ شوێنێکی بچووك دەکات، کە واتای شوێنی هەڵگرتنو دانانی کەلوپەلو کەرەستەی مادی دەدات.)(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٤٨) بەو پێیەی هەموو ناوەکانی شوێنی سازبوو بەم گیرەکە لە حوکمی چاودانو سنووریان کەمو دیاریکراوە. بۆیە سیمای {+شوێن}، {+کەرەستەی مادی}، {+هەڵگرتنو پاراستن}، {+بچووکی} وەردەگرێت. لە زمانی ڕۆژانەشدا، هەندێجار دەبێت بە /-دانی/، وەکو: شکدانی، گاودانی، هیزم دانی، هلف دانی..... (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١١٩)

/-آباد/: علی آباد، خیر آباد، خراب آباد، عشق آباد، سعادت آباد، غم آباد، حسن آباد.....

لە زمانی فارسیدا، سەرەڕای ئەوەی کە وەك وشەیەکی سەربەخۆ بە واتای (ئاوەدان، ئاوایی) لەکاردایە، بەڵام وەکو (گیرەك ئاسا، واتای شوێن دەدات.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢١٠) بەڵام لەڕووی تواناوە، لە سازکردنی ناوی شوێندا، زۆر بەبەرهەمو چالاك نییە، واتا پلەی توانای مام ناوەندییە، چونکە بەزۆری بۆ هەندێ ناوی شوێنی تایبەتی بەکاردێت.

هەرچەندە ئەم مۆڕفیمە ڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێکیان بە مۆڕفیمی سەربەخۆی دادەنێن، بەڵام لە ئەمڕۆی زمانی فارسیدا بەرەو گیرەك دەڕواتو پلەی مۆڕفیمی سەربەخۆی کەم دەبێتەوە. (ئەم پاشگرە، لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆ بووە، بەڵام دواتر بووە بە پاشگرو مانای شوێنی گەیاندووە، بەزۆریش بۆ ناوی ئەو شوێنانە بەکارهاتووە، کە بەهۆی ئەو کەسە یان شتەوە ئاوەدان کراونەتەوە.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ١٩٠) بۆیە سیمای واتایی {+شوێن}، {+تایبەتی} وەردەگرێت.

/-آن/: زانستان، ایران، آبادان، گیلان، دیلمان، گرگان...

ئەم مۆڕفیمە لە زمانی فارسیدا، فرەچەمکە.[٧٣] لەوانە (پاشگری شوێن، نیشانەی کۆ، پاشگری ئاوەڵناوی بکەرییە، مۆڕفیمی نسبیو مۆڕفیمی شوێن.) (محمد راویی: ١٣٨٤: ٨٦) کەواتە، بە چەمکی شوێن مۆڕفیمی بەندەو دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و ناوی شوێن دروست دەکات. لە ڕووی تواناشەوە، لە پلەی مام ناوەندییدا دێت، چونکە (بۆ ئاماژەدان بەچەمکی شوێن پاشگرێکی نیمچە کارابووە.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣١٥) زۆرجاریش بەشێوەیەك لەناو وشەکەدا تواوەتەوە، کە بووە بە بەشێك لێی بۆنموونە:

---

٧٣ - بۆ زانیاری تەواو لەبارەی چەمکی ئەم مۆڕفیمە لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٢١١- ٢١٨)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣١٣- ٣٢٧).

بی + اب + ان = بیابان (واتە شوێنێکی بێ ئاو)

خور (خورشید) + اس (بە واتای هەڵاتن/ دەرکەوتن) + ان = خوراسان

لە گەیاندنی چەمکی شوێندا، (زیاتر شوێنی نیشتەجێبوون دەگەیەنێت، بەشێکی زۆری ناوی شارو گوندەکانی ئێران بەهۆی ئەم پاشگرەوە سازکراون.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٢١٦) بەم پێیە سیمای {+شوێن}، {+نیشتەجێبوون}، {تایبەت} هەڵدەگرێت.

/-ه e/: ترکیه، ابریزه، پای شویه، اب خوره، پاکنه

(گیرەکی (-ه e) لە زمانی فارسیدا، بەکارهێنانی زۆری بە واتای جیاجیا هەیە.) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٧٠) یەکێك لەو چەمکانەی کە دەیگەیەنێت، چەمکی شوێنەو بەزۆری (ناوی لێکدراوی شوێن، دروست دەکات.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٥٥) بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مۆرفێمەکانی تری ئەم بوارە کەم تواناو ناکارایە. لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت.

/- ستان/: گلستان، کردستان، گرجستان، ارمنستان، بلوجستان، سیستان، لالەستان، شبستان، نگارستان، گورستان، کودکستان، فرهنگستان، غریبستان، غم ستان، خارستان، خندستان، دبیرستان، .......

لە زمانی فارسیدا، (ئەم مۆرفێمە دوو واتا دەدات، وەك گیرەکی شوێن‌و گیرەکی کات، کاردەکات.) لە گەیاندنی چەمکی شوێندا، بە مۆرفێمێکی کارا دادەنرێت‌و توانایەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە دەتوانێت ناوی وڵات‌و شوێنی گشتیش پیشان بدات. دەچێتە سەر بنکەی جیاجیا. ئەم مۆرفێمە لە ڕووی مێژووییەوە گۆڕاوی وشەی stāna یە، چونکە (لە زمانی ئێرانی کۆندا، ناوەو بە واتای شوێن هاتووە، دواتر بە شێوەی istān گەیشتووە بە زمانی ئێرانی ناوەڕاست‌و وەك پاشگری شوێن‌و کات بەکارهاتووە.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٣٢)، بەنموونە: پەهلەوی band-istān، فارسی ناوەڕاست band-istān، زەردەشتی tab-istān

/-سار/: کوهسار، چشمەسار، یخسار، دیوسار، نمکسار، چاهسر، کوهسر، کچسر، رودسر....

ئەم گیرەکە بە دوو شێوە دەبێت /-سار sār-/، /-سر sar-/ بەپێی ئەوەی کە ڕوون کراوەتەوە، بەشی زۆریان /-سار sār-/ بە مۆرفێمی سەرەکی دادەنێن‌و /-سر sar-/ بە ئەلۆمۆرفیی، هەژماردەکەن. بەڵام لە هەردوو شێوەکەی بە مۆرفێمێکی ناکاراو بێبەرهەم هەژماردەکرێت.[٧٤] لە ڕووی تواناوە بە مۆرفیمێکی کەم توانا دادەنرێت، لە ڕووی چەمك‌و واتاشەوە، مانای قەرەباڵغی‌و زۆری دەدات بە بنکەکەی، بۆیە سیمای {+شوێن}، {+زۆری} دەدات. ڕەگو ڕیشەشی دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری (sār) لە زمانی ئێرانی ناوەڕاست، بە نموونە:

٧٤ - بڕوانە (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٠، ١٣١)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٥٠- ٣٥٩) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٨٠)

(ان) لەگەڵ ئەم مۆرفێمە هەندێجاریش (محسن  ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٢٩-٣٣٠) sangsār = sang + sār یەك دەگرێتو دەبێت بە /-ساران/و هەمان چەمكو واتا دەداتو لەڕووی پێكهاتنیشەوە دەبێتە مۆرفێمێكی ناسادە، وەكو: كچساران، كوساران، چەشمەساران.

/-گری/: منشی گری، كنسولگری

لە ڕووی پێكهاتنەوە، مۆرفێمێكی ناسادەیە، لە دوو كۆمپانێنت پێك هاتووە، گر gar + ی i، بەڵام لە گەیاندنی ئەم چەمكەدا بە یەك گیرەك هەژماردەكرێت. واتای جیاجیا دەدات، یەكێك لە واتاكانی كە زۆر بەكەمی دەبینرێت، چەمكی شوێنە، بۆیە بە كەم توانا دادەنرێت. (ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١٣٧) كە شوێنێكی دیاریكراو و سنووردار پیشان دەدات. بۆیە بە سیمای {+شوێن}، {+دیاریكراویی} دەناسرێتەوە.

/-زار/: گلزار، لالەزار، چمنزار، شن زار، شالیزار، گندم زار، علفزار، سبززار....

ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسیدا، بە شێوەیەكی بەرچاو بەكاردێت بۆ گەیاندنی چەمكی شوێن. بە زۆری دەچێتە سەر ناو و (چەمكی فراوانیو زۆری دەدات.) (حسن انوریو حسن احمدی گیوی: ١٣٩٠: ٢٩٥) واتە ئەو شتەیە زۆرو بەرفراوانە لەو شوێنەدا. بەشێوەیەكی گشتی لەم بوارەدا، بە مۆرفێمێكی بەتوانا دادەنرێت. سەرباری ئەوەی كە واتای دیكەیشی هەیە، چ وەك گیرەكو چ وەك وشە. سیمای {+شوێن}، {+گوڵوگیا} وەردەگرێت.

لەڕووی ڕەچەڵەكەوە، دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پەهلەویو لەم زمانەدا (بە پیتێك نووسراوە، كە دەگونجێ بە شێوەی (چار جار، زار) بخوێندرێتەوە.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٤٨) لە زمانی فارسی كۆنیشدا، بە شێوەی وشەی čarna كە بەواتای (شوێنی جوڵەكردن) هاتووە. دواتر بەشێوەی (žār) لە پەهلەویو zār بە زمانی فارسی ناوەڕاست گەیەشتووە، وەك پاشگری شوێن.(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٣١) هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەندێ جار (/-جار/، /-چار/) بە ئەلۆمۆرفی /-زار/ دادەنرێن.

/-شن/: گلشن.

ئەم مۆرفێمە زۆر بێتوانایە، تەنانەت دەوترێت (پاشگرێكی مردوو و ناكارای شوێنە.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٦٣) لەبارەی ڕەگو ڕیشەكەشیەوە، ڕای ئەوە هەیە كە (بنچینەكەی نادیارەو ئاشكرا نییە.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٤٤)، (ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١٣٢) ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسی نوێشدا بەرەو مردنو لەناوچوون هەنگاو دەنێ، چونكە تەنیا لەگەڵ بنكەی (گول)دا، دەردەكەوێتو ئەو بنكەیەش بۆ هەمان چەمكو واتا دەتوانێت هەردوو پاشگری /-ستان/، /زار/ وەربگرێت. بەڵام لەگەڵ گیرەكی /-شن/ زیاتر لە زمانی ئەدەبیدا بەكاردێت. بەسیمای {+شوێن}، {+گوڵ} دەناسرێتەوە.

/-ایە/: حسنیە، سوریە، مالیە، زعفرانیە، بلدیە، عدلیە، داودیە، امانیە، تركیە، مجیدیە......

مۆرفیمێكی زمانی عەرەبییە، لەگەڵ ناوی عەرەبی یا فارسی دێتو واتای شوێنو نسبی دەگەیەنێت. (ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١٢٤) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٧٧) ئەوەی سەرنج دەدرێ ئەوەیە، كە زیاتر لەگەڵ ناوی

تایبەتی شوێن و ناوی فەرمانگەی گشتی دروست دەکات، لە وشەی بێگانەوە. لەم ڕووەشەوە بە مۆرفێمێکی بە توانا دادەنرێت، سیمای {+شوێن}، {+فەرمانگە}، {+تایبەت} هەیە.

/-بار/: رودبار، دریابار، هندوبار، زنگبار، مالەبار، جويبار.....

مۆرفیمێکی ناچالاكو کەم توانای زمانی فارسییە، کە لەسەر چەند بنکەیەکی دیاریکراودا دەبینرێت. لە (پەهلەویدا /-بار/ لە سانسکریت /vāra/ یە، پاشگری شوێنەو ئاماژە بە زۆریو چڕی دەکات.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٢) بە شێوەیەکی گشتی دەچێتە سەر ناوی گشتیو ناوی شوێن دروست دەکات. هەروەها ڕایەکی تر هەیە، کە لەگەڵ مۆرفێمی /-وار/ یەك ڕیشەیان هەبێتو شێوەی جیاوازی درکاندن وای کردووە ببن بە دوو مۆرفێم[٧٥] زیاتر واتای شوێنی لێوارو کەنار پیشان دەدات.

/-سیر/: سردسیر، گرمسیر.

ئەم مۆرفێمە پلەی توانای زۆر نزمە، چونکە (گیرەکێکە تەنیا لەسەر دوو ئاوەڵناو دەبینرێت، کە ناوی شوێن دروست دەکات.) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٨١) لە ڕووی ڕەگو ڕیشەوە، لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا، بە شێوەی ser لەسەر هەمان بنکە بینراوە. sardsēr ،garmsēr (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٢) لە ڕووی چەمکەوە، ئەم گیرەکە واتای زۆریی ڕێژە دەگەیەنێ، بە واتای ئەوەی (گرمسیر) بە مانای شوێنێکی زۆر گەرم دێتو (سردسیر)یش بە پێچەوانەوە، بەواتای شوێنی زۆر سارد دێت.

/-خن/: گلخن، بادخن.

یەکێکە لەو گیرەکانەی کە واتای شوێن دەدات، (کورتکراوەی (خانە)یە، بە شێوەی پاشگری شوێن بەکاردێت، هەرچەندە کورتکراوەی (خانە)یە، بەڵام لەبەرئەوەی بەتەنیا واتا نادات‌و بەکارناهێنرێت، بە پاشگر دادەنرێت.)(سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٠١) لە ڕووی تواناوە، بە پاشگرێکی کەم توانا دادەنرێت، چونکە (ناچالاکەو هەمان واتای، (خانە) دەدات.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٤٢)، بەشێوەیەکی گشتی تەنیا ئەم دوو نموونەیە لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا دەبینرێن.

/-خانە/: سربازخانە، مسافرخانە، یتم خانە، نانواخانە، کنسوا خانە......

بەشێوەکی گشتی لە زمانی فارسیدا، ئەم پاشگرە، ڕای جیاوازی لەسەرە. هەندێکیان بەگیرەکی دادەنێنو هەندێکی تر بە گیرەك هەژماری ناکەن[٧٦]. بۆیە لە پێکهاتەو ڕۆنانی هەر وشەیەکدا بەشداری دەکات ئەم وشەیە بە لێکدراو دادەنێن. بەڵام دەتوانین بڵێین فۆڕمێکی فەرهەنگییە، (وەك پاشگرێکی شوێن بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوەی وشەی سەربەخۆش بەکاردێت.)(بهروز محمود:١٣٧٨: ١٨٤) هەریەك لەو سیمایانەی کە لە هەر گیرەکێکدایە، لە /-خانە/یشدا دەبینرێت، لەوانە سەربەخۆ نەبوونی واتایی، لە زۆر بنکەدا، لکانی بە کۆتایی

---

٧٥ - بڕوانە: (پرويز ناتل خانلرى: ١٣٧٣: ١٤٧)

٧٦ - بڕوانە: (محمد معین: ١٣٨٥: ٤٤١، ٦٩٦، ٦٩٨، ١٠٣٦)، (بهروز محمود:١٣٧٨: ١٨٣- ١٩٠)

وشە(بنکە)ی ترەوە، گەردان کردنی واتای بنکەو گۆڕینی شێوەو حاڵەتی بنکە. لەسەر ئەو بنەمایانە لەگەڵ ئەو ڕایە داین، کە گیرەك بێت، چونکە هەردوو بەکارهێنانی هەیەو دەشێت وەك شێوە گیرەك دابنرێت. سیمایی {+شوێن}، {+مرۆڤ} وەردەگرێت.

/-سرا/: کاروانسرا، مهمان سرا، بستان سرا.

هەرچەندە، ئەم مۆرفێمە، لای هەندێ ڕێزماننووسی فارسی بەگیرەك هەژماردەکرێت. بەڵام لای هەندێکی تریان، بە گیرەکی شوێن دانراوە.[٧٧] (بە واتای ژوور، خانوو، ماڵو بینای بەرز (کۆشكو تەلار) دێتو پاشگرێکی شوێنە.) (محمد معین: ١٣٨٥: ٤٨٢) ئەم مۆرفێمە دەشێ لە ئەمڕۆی زمانی فارسیدا، بە گیرەك ئاسا دابنرێت، چونکە هەردوو بەکارهێنانی هەیە بەهەمان چەمك، واتە وەك وشەو وەك گیرەك. بۆیە لە زۆربەی فەرهەنگەکانیشدا ئاماژە بە هەردوو شێوەکەی دەکرێت، چونکە (ئەم فۆڕمە بە شێوەی پاشگرو بەشێوەی وشەی سەربەخۆ، هەمان واتا دەگەیەنێت.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٢٨) لە ڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندییدا دێت، چونکە دەتوانێت چەند وشەیەکی جیاجیا بە چەمکی شوێن دروست بکات.

/ای/: سنگتراشی، عکاسی، کتابفروشی، نانوائی، جلوکبابی، ماست بندی، میکانیکی، کلاتزی، شهربانی، ابادی، بهداری.......

مۆڕفیمێکی فرەچەمکە لە زمانی فارسیدا، یەکێك لەو چەمکانەیشی شوێنە.(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١١٧) لەڕووی تواناشەوە، لە پلەی مام ناوەندیدا دێت. بە زۆری ناوی شوێنی سازکردنی بنکە، یان فرۆشتنی دروست دەکات.

/-من/: خرمن، نشیمن، گلمن.

ئەم پاشگرە، لەگەڵ زۆر وشەی زمانی فارسیدا دەبینرێت، بەڵام لە چەند نموونەیەکی کەمدا چەمکی شوێن پیشان دەدات، لەو نموونانەی سەرەوەدا (ئاماژە بۆ ناوی شوێن/جێگە دەکات، هەرچەندە لە نموونەکانی تردا، لە چەمكو واتای پاشگری /-مان/ نزیك دەبێتەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا ڕوون نییە کە /-مان/، /-من/ دوو پاشگرن، یان یەك پاشگرن.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٧٠)، بەڵام بەپێی ئەو سیما جیاوازانەی کە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت زیاتر بەدوو گیرەکی سەربەخۆ دەچن نەك یەك گیرەك.

/-لان/: شیرلان، نمك لان، سنگلان، کندلان، عفولان.

پاشگرێکە بۆ سازکردنی ناوی شوێن بەکاردێت، بەڵام (ناچالاکەو سەرباری چەمکی شوێن ئاماژە بۆ زۆری دەکات.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٠٣) لە ڕیزی ئەو مۆڕفێمانەیە، کە ئاماژەیی بوونی ژمارەیەکی زۆر دەکەن، بەڵام لە ڕووی تواناوە کەم توانایە، ((-لان) وەکو /-لاخ/ بەهەمان واتا بەکاردێت، بەکارهێنانی

---

[٧٧] - بڕوانە: (محمد معین: ١٣٨٥: ٤٨٢) (پنج استاد: ١٣٨٧: ٣٠٩)(سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٢٨).

سەربەخۆی نییە، هەروەها دەگونجێ هەر /-دان/ بووبێتو {ل} شوێنی {د} گرتبێتەوە. بەواتای شوێنو جێگەو مەقام دێتو واتای قەرەبالغیو زۆری پیشان دەدات.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٦٩).

هەریەك لەو مۆرفیمانە كە باسمان كردن، تواناكەیان، بەپێی ئەو نموونەو داتایانەی كە وەرگیراون، بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

ئاماری ژمارە (٨)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەكانی بواری شوێن لە زمانی فارسیدا




## ٢-٣-٢: بواری مۆرفیمەكانی پیشە

لە زمانی فارسیدا، چەند مۆرفیمێكی زۆر دیار هەن بۆ گەیاندنی چەمكی پیشە، هەرچەندە لێرەشدا، هەندێجار مۆرفیمەكانی بكەریو پیشە لێك نزیك دەبنەوە، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، مۆرفیمەكانی پیشە لە بنەڕەتدا ناو دروست دەكەن، بەڵام مۆرفیمەكانی بكەری ئاوەڵناو سازدەكەن. ئاوەڵناوەكەیش دەشێ وەكو ناو بەكاربهێنرێت. هەروەها ئاوەڵناوی بكەری بە زۆری لە چاوگەوە وەردەگیرێت. لە زمانی فارسیدا، چەمكی پیشە بە زۆری لە ڕێگەی ئەم مۆرفیمانەوە، دەگەیەنرێت:




لێرەدا هەریەك لەو مۆرفێمانە بە نموونەوە دەخەینە بەر تیشکی شیکردنەوەو لێکدانەوەو توانای هەریەکێکیان پێشان دەدەین.

/-ای i/: اشغالی، نفتی، شیری، گازی، لیوئی، مرغی، نانی، کبابی، اب حوضی....

ئەم گیرەکە، پڕبەرهەمترینو زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا، بە واتاو چەمکی جیاجیا بەکاردێت. دەچێتە سەر بنکەی جیاواز. لەوانە، ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕەگی کار.....هتد. یەکێك لە واتا سەرەکییەکانیشی پیشەیە. (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١١٧) دەتوانێت ناو و ئاوەڵناو سازبکات. لە سازکردنی ناودا، ناوی پیشەو لە ئاوەڵناویشدا ئاوەڵناوی نسبی. لەڕووی مێژووییەوە، ڕەگو ڕیشەکەی (دەگەڕێتەوە بۆ īkā، زمانی فارسی کۆنو بەشێوەی agو āg هاتۆتە ناو زمانی فارسی ناوەڕاستو دواتر لە زمانی فارسی نوێدا بووە بە (ی).) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٤٤) چەمکی پیشە لەم مۆرفێمەدا، دوو سیمای لاوەکی لەگەڵ خۆیدا، هەڵدەگرێت. یەکێکیان {+دروست کردنو فرۆشتن}ە، وەکو: کبابی، لبوئی، جوهری. ئەوەی تریان {+خاوەندارییێتی}یە، وەکو: هنری، نامی (نامور، سیاسی)، لێرەدا لە واتای هەردوو پاشگری /-ور/، /-مند/ نزیك دەبێتەوە. لەڕووی تواناوە ئەم مۆرفێمە، لە پیشاندانی، چەمکی پیشەدا[٧٨] لە پلەی مام ناوەندیدا دێت. ئەم مۆرفێمە هەندێجار دەبێت بە /gi- -گی/ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت، کە مۆرفێمی بنکە کۆتایی بە {ە e} هاتبێت. وەکو: تشنەگی

٧٨ - چونکە زۆر چەمکی تر دەگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٧٧- ٥٠٧)، (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١١٦- ١٢٢)

/-باشی/: ابدارباشی، معمارباشی، غکاس باشی، شاطرباشی، حکیم باشی، اشپزباشی، وکیل باشی، صراف باشی، فراش باشی.......

ئەم گیرەکە لە بنەڕەتدا، تورکییەو واتای (پیشە) دەدات. لەگەڵ بنکەی ناو و ئاوەڵناو دەردەکەوێت. بەکارهێنانەکەی تاڕادەیەك فراوانە. (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٢٥) بەم پێیە لە ڕووی تواناوە، توانایەکی زۆری هەیە، لە ڕووی چەمکیشەوە، کارکردنو پیشە دەگەیەنێت، هەرچەندە لە بنەڕەتدا تورکییە، بەڵام لەگەڵ بنکەی فارسیو عەرەبیدا بەشێوەیەکی کارا دەبینرێت، بنکەکانیش لە ڕووی پێکهاتنەوە بەزۆری ناسادەن.

/-چی/: چایچی، قهوەچی، شکارچی، تفنگچی، تلفنچی، توپچی، کودتاچی.....

مۆڕفێمێکی چالاکی سازکردنی ناوی پیشەیە لە زمانی فارسیدا، سەرباری ئەوەش چەمکی بکەری، وەکو (تماشاچی)، واتای نسبی، وەکو (نخودچی) دەگەیەنێو لەگەڵ ناوی تایبەتیش بەکاردێت، وەکو (تهرانچی). (لە بنەڕەتدا، ڕیشەی ئەم مۆڕفێمە تورکییەو بەڵام زۆر کارایە، بە واتای نیسبەتو پیشەو زیادەڕۆییو بەردەوامی لەکاردا، دێتو بە وشەی تورکیو ناتورکیشەوە دەلکێت.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٤٢) بەتایبەتی ئەو وشانەی کە ڕەگێکی هندو ئەوروپییان هەیە، بەنموونە: گمرکچی، کنتراتچی، سانسورچی، کنترلچی. (لە هەندێ زاری زمانی فارسیدا، بەنموونە (اصفهانی) بەواتای (بچووککردنەوە)ش بەکاردێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە شێوەی /-چە/ی مانای بچووککردنەوە بێت، وەکو: دخترچی، ماشین چی، قباچی.... )(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٢٨) بەم پێیە مۆڕفێمێکی چالاکی زمانی فارسییەو بەواتای پیشەیش وەك گیرەکێکی بەتوانا دەردەکەوێت.

/-کار/: ورزشکار، خدمتکار، توبەکار، طلاکار، صنعت کار، صفاکار، اهنکار، گچکار، سنگکار......

ئەم فۆڕمە وەك مۆڕفێمی سەربەخۆ و وەکو گیرەك بەکاردەهێنرێت. لە هەردوو باریشدا، هەمان چەمك دەگەیەنێت. وەك گیرەك ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، (لە ئاوێستادا، بە شێوەی kara– بەمانای پیشە لە زمانی فارسی ناوەڕاستو نوێشدا لە ڕۆنانی وشەدا، بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت. ئەمڕۆش بەهۆی ئەم پاشگرەوە وشەی نوێ سازدەکرێت.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٥٠) سەرەڕای چەمکی پیشە، چەمکی بکەریش دەگەیەنێت. سەرباری ئەوەی وەکوو وشەی سەربەخۆ دەردەکەوێت، لە پۆلی ناودا بەشداری دەکات، لە پێکهێنانی وشەی نوێی لێکدراو، وەکو (نیمەکارە، شاهکار، قلمکار). یان وەکو ڕەگی ڕانەبردووی کاری (کاشتن)، بۆ نموونە (گندمکار، جوکار).(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٣)

کەواتە ئەم مۆڕفێمە لە کۆتایی ناوی بەرجەستەو واتایی دێتو ناوی پیشە دروست دەکات. بەم چەمکەیشی مۆڕفێمێکی بەتواناو بەبەرهەمە، چونکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا دەردەکەوێت.

/-گار/: اموزگار، امیزگار، امرزگار.

یەکێك لە چەمکەکانی ئەم مۆرفیمە، گەیاندنی پیشەیە، لەم ڕووەوە بە مۆرفیمێکی کەم توانا دادەنرێت. هەروەها چەمکی بکەریش دەگەیەنێت. لەڕووی ڕیشەو ڕەچەڵەکەوە، (/-گار/ لە فارسی کۆندا، (kāra)و لە پەهلەویدا (kar) بووە.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٧٧) بەم پێیە لەگەڵ مۆرفیمی /-کار/ هاوڕیشەن.

/-گر/: اهنگر، شیشەگر، سفالگر، مسگر، زرگر، کوزەگر، داروگر، صنعتگر، کارگر، سپیدگر.....هتد

یەکێکە لە مۆرفیمە زۆر بەئەکتیفەکانی انی، زمانی فارسی کە چەمکی پیشەو بکەری دەگەیەنێت. بە ناو و ئاوەڵناوەوە دەلکێت. (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٨٢) لە ڕووی ڕیشەوە ئەم مۆرفیمە پەیوەندی بەهێزی بە (/-گار/، /-کار/)ەوە هەیە، (لە پەهلەویدا، هەم /-گار/و هەم /-گر/ هەبوونە. لە ئاوێستاو سانسکریتدا، /-کار/، /-کر/ هەبوون.) (سیدمحمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٥٦) هەروەها دەوترێت هەردوو پاشگری /-کار/، /-گر/ لە ئاوێستا بەشێوەی kara بوونو بەواتای (کار) لە زمانی فارسی ناوەڕاستو نوێدا، ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێیان سازکردووە. دەنگی یەکەمی ئەم پاشگرە سووك بووە، واتە {ك} بۆ {گ} گۆڕاوەو بە هەردوو شێوەی /-گار/، /-گر/ بەکارهاتووە.(پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٥٠) ئەم مۆرفیمە ئاراستەی گەشەکردنی بەرەو پێشەوەیە. (یەکێکە لەو پاشگرانەی کە لەم چەند دەیەی دواییدا زۆر کارابووە، بەواتای (کننده) بەکاردەهێنرێت.)(علی اشرفی صادقی: ١٣٨٤: ٥٠٢) وەك دەبینین ئەمەش لە زۆری تواناو بەبەرهەمیەکەیدا، ڕەنگی داوەتەوە.

بەم پێیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان مۆرفیمەکانی /-گر/، /-گار/، /-کار/دا هەیە، هەم لە ڕووی ڕەچەڵەكو ڕیشەوە، هەم لە ڕووی فۆڕمو بەکارهێنانەکانیانەوە.

/-ور/: پیشەور، هنرور، دانشور، داور

ئەم مۆرفیمە سەرباری سیمای {+پیشە} هەڵگری سیمای {+خاوەنداریتی}یە. بەڵام لەهەندێ نموونەدا واتای پیشەش لەدەست نادات. بەگشتی وەك پیشە زۆرچالاك نییەو زیاتر واتای (خاوەنی) دەدات. بۆیە لەڕووی تواناشەوە، لەم بوارەدا بەکەم توانا دادەنرێت.

/-وان/: ساروان، گلەوان، استروان، سایەوان، پالیزوان.......

سیمای سەرەکی ئەم گیرەکە، {پیشە}یە، بەڵام سیمایەکی جیاکەرەوەشی هەیە کە {+پاسەوانیو چاودێری}یە. بەڵام لەڕووی تواناوە کەم توانایە، چونکە (گیرەکێکی بێبەرهەمو ناچالاکە.)(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٤٢) سەرەڕای ئەوەش شێوەکەی لە چەندین نموونەدا، دەگۆڕێت بۆ /-بان/.

/-بان/: دیدەبان، ناوبان، زیندبان، گاوبان، گلەبان، دریابان، دژبان، گروهبان، مرزبان.....

مۆرفیمێکی چالاکی دروست کردنی ناوی پیشەیە ئەو ناوانەی کە دروستیان دەکات، پیشەکەیان چاودێری یان پاراستنی شتێك یان شوێنێکە، واتە هەردوو سیمای {+پیشە}، {+چاودێری} وەردەگرێت. (لە پەهلەویدا، (پان)و (بان)و لە سانسکریتدا (pāna) بووە، بەواتای پاراستنو چاودێری بەکارهاتووە، کە ئاماژە بۆ

خاوەنیەتی(دارندگی)یش دەدات.)(خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۳۳٤) ئێستایش لە هەندێ نموونەدا بەشێوەی /-پـان/ دەردەکەوێت. وەکو: چوپان، سوپان.

لە زۆر نموونەشدا دەتوانین لەبری /-وان/ بەکاربهێنرێت، بۆیە دەوترێت شێوەیەکی /-بـان/، /-وان/ە، وەکـو: ساروان، کاروان، پشتیوان.

/-وا/: نانوا، پیشوا

ئەم مۆرفێمە کەم تواناو بێبەرهەمە، بەواتای پیشەو پاراستن، یا بەرپرسیارێتی دێت. بە واتایـەکی تـر (چـەمکی سەرووی (گەورەتر) لە (پاراستنو بەرپرسـیارێتی) دەدات.) (فاطمـە مدرسـی: ۱۳۸٦: ۸٦) هەرچـەند لـە هەنـدێ باردا، شێوەکەی دەبێت بە /-با/ وەکو: (نانبا).

/-وانە/: پشتوانە، استوانە، انگوشتوانە، پروانە، دستوانە

گیرەکێکی ناچالاکی سازکردنی ناوی پیشەیە، کە زیاتر سیمایی {پاراستن}و {+خاوەنـدارێتی} تێـدا زاڵـە. زۆرجاریش بە شێوەی گۆڕاوی /-وان/ دادەنرێت.

/-پاد/: آذرپاد.

لە ئاوێستادا، paiti و لە فارسی کۆندا pāta و لە پەهلەویدا pat بووە، لـە فارسـی نوێـدا، مـۆرفیمێکی ناکارای گەیاندنی چەمکی پیشەی چاودێریکردنو خاوەنیەتییە. تەنیا لە وشەی (آذرپاد)دا دەبینرێت. کە بە واتـای (چاوەدێرکەری ئاگر) دێت. (خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۳۳۷) بەڵام هەمان ئەم فۆرمـە وەکـو پێشـگر لـە زمـانی فارسیدا زۆر چالاکەو بە واتای (دژ) دێت. بەڵام لە وشەی (پادشاه) بەمانای (پاراستنو بەرپرسـیی) دێـت، کـە لـە وشەی (آذرپاد) هەمان واتـاو بـەکارهێنانی هەیـەو بـە شـێوەی پاشـگر.(ایران کلباسـی: ۱۳۸۰: ۹۳)، (فاطمـە مدرسی: ۱۳۸٦: ۸۷)

/-بُد/: ارتشبد، سپهبد، مربد، یاربد، آذربد.

ئەم گیرەکە چەمکی پیشە دەگەیەنێتو سیمای لاوەکی {+چـاودێریکردنو پاراسـتن}، یـا {بەرپرسـیاریتی} پیشان دەدات. کەم بەرهەمـەو بـەرەو کزبـوونو سسـتی دەچـێت.(ایران کلباسـی: ۱۳۸۰: ۱۲٦) لـە پەهلەویـدا شێوەکەی (پت) بووە، لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا، کارا نییەو ناتوانێ وشەی نوێ دروست بکات.(خسرو فرشـیدورد: ۱۳۸٦: ۳۳٦) بۆیە هەندێجار لە ڕیزی مۆرفێمە مردووەکان دادەنرێت.

/-یار/: پژوهشیار، شهریار، ابیار، دانیشیار، دادیار، گاویار، بازیار، رسدیار.

گیرەکێکی چالاکی سازکردنی نـاوە بەچـەمکی سـەرەکی پیشـە، لەگـەڵ خۆیـدا سـیمای {+خاوەنیـەتی}، {+پاراستنو بەرپرسیارێتی} هەڵدەگرێت. لەگەڵ ناودا دێتو زۆرجـاریش ئاوەڵنـاو سـازدەکات، وەکـو (هوشـیار، بختیار). (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱٤٤)، (فاطمـە مدرسی: ۱۳۸٦: ۸٦) ڕیشەی ئەم گیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ فارسی کۆن لە وشەی (dāra) کە ئاوەڵناوەو بە واتای (هەبوو) دێت، بە شێوەی (yār) بە فارسی ناوەڕاست گەیشتووەو

دواتر بۆ فارسی نوێ، وەك پاشگر، کە ناو و ئاوەڵناو سازدەکات، ماوەتـەوە.) (محسـن ابوالقـاسمی: ۱۳۸۷: ۳۲۲) لەنێو مۆرفیمەکانی ئەم بوارەشدا بە مۆرفیمێکی بەتوانا دادەنرێت.

/-مند/،/-ومند/: دانیشمند، شکومند، سعادتمند، ثروتمند، تنومند

ئەم مۆرفیمە بە هەردوو شـێوەی mand، umand دەبینرێـت، بـەڵام ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ زیـاتر چەمکی خاوەنیەتی تێدا زاڵە، تاوەکو پیشە، زۆرتریش ئاوەڵناو سازدەکات تا ناو. بۆیە بە مۆرفیمێکی کەم تواناو ناچالاکی ئەم بوارە دادەنرێت.

/ـِکی/: جگرکی.

ئەم مۆرفیمە واتای جیاجیا دەدات، لەوانە پیشە، سەرسوڕمانی، خاوەندارێتی، ئاوەڵنـاوی نسـبی. لـە ڕووی پێکهاتنـەوە، بـە گیرەکێکـی ناسـادە دادەنرێـتو لـە دوو بـەش پێـك دێـت /کـ ak/ + /ی i +/ لـە ڕووی بەکارهێنانیشەوە، بە زۆری لە زمانی قسەکردنو گفتوگۆی ڕۆژانەدا بـەکاردێت. (ایـران کلباسـی: ۱۳۸۰: ۱۱۱)، (فاطمە مدرسی: ۱۳۸٦: ۷۳) لە ڕووی تواناشەوە بەگشتی مۆرفیمێکی بەتوانایە، بـەڵام لـە گەیانـدنی چـەمکی پیشەدا، زۆر کەم توانایە، چونکە تەنیا لەم نموونەیەو لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکاردێت.

بەگشتی هەموو ئەو مۆرفیمانەی کە باسکران، لەڕووی تواناوە جیاوازن، بەپێی ئـەو نموونـەو داتایانـەی کـە وەرگیراون، توانای هەریەکەیان بەم شێوەیە پیشان دەدەین.

ئاماری ژمارە (۹)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی بواری پیشە لە زمانی فارسیدا



## ٢-٢-٣:- مۆڕفێمەکانی بواری بچوککردنەوە

چەمکی بچووککردنەوە لە زمانی فارسیدا، لەڕێگەی گیرەکی فەرهەنگییەوە دەگەیەنرێتو دوو سیمایی جیاوازو تاڕادەیەك دژ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەوانیش {+ناسکیو خۆشەویسی}، یان {+شکاندنو ڕقلێبوونەوە}یە. کۆمەڵێك مۆڕفێم دەتوانن ئەم چەمکە پیشان بدەن، کە بەم شێوەیە دەیانخەینەڕوو.




/-ه/: میله، دیواره، مهره، پوسته، رگه، باله، پره، دختره، پسره.....

گیرەکێکی چالاکی سازکردنی وشەی نوێیە لە زمانی فارسیدا، بەواتای جیاجیا. یەکێك (لە چەمکەکانی بچووککردنەوەیە، بە مەبەستی خۆشەویستیو ناسکی (تصغیر)، یان شکاندن (تحقیر).) (ایران کلباسی: ١٣٨: ١٠٦) دەتوانێت لەسەر بنکەی جیاجیا بێتو لە ڕووی تواناشەوە، لەگەیاندنی ئەم چەمکە فەرهەنگییەدا تاڕادەیەك لەپلەی مام ناوەندییدایە. هەردوو سیماکەیشی لەسەر بنکەی جیاوازەوە دەردەکەوێت، بەنموونە لە (باله، رگه) دەبێت بە {+بچووککردنەوە(تصغیر)} بەڵام لەوشەیەکی وەکو (دختره) دەبێت بە {+شکاندن(تحقیر)}.

/-چه/: مخچه، دریاچه، پیازچه، باغچه، الوچه، بازارچه، دفترچه، کتابچه.....

بۆ گەیاندنی چەمکی بچووکردنەوە، مۆڕفێمێکی بەتوانایە، (لە گروپی /-چه/، /-ایچه/، /-ایزه/، /-ژه/، /-ژك/ییە، بەڵام ئەمڕۆ /-چه/ لە هەموویان کاراترەو زیاتر بەکاردێت.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٧٨) بەم پێیە بەشێکی زۆری ئەو مۆڕفێمانەی کە بۆ بچووککردنەوە لە زمانی فارسیدا بەکاردێن، ڕەگەکەیان بۆ یەك مۆڕفێم دەگەڕێتەوە، بەمەش بەشێکی زۆریان دەبنە ئەلۆمۆڕفی یەکتری. ئەم مۆڕفێمە ڕیشەکەی بۆ (īzag-) کە لە زمانی فارسی ناوەڕاستو زەردەشتیدا، بۆ بچووککردنەوە بەکارهاتووە، دەگەڕێتەوە.(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٢٩) وەکو: mur مرغ + īzag = murwīzag مرغك

/-ژه/: نایژه، مویژه (موی+ژه)>مژه

پاشگرێکی ناچالاکی داڕشتنی ناوی بچووککراوەیە. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٤٩) لەگەڵ مۆڕفێمەکانی (/-چه/، /-یچه/، /-یزه/، /-یزك/، /-یژه/) بە هاوشێوەو هاوڕەگەز دادەنرێت. بەڵام لەم فۆڕمەیدا، بە بێتوانا

دادەنرێت، چونکە کەمترین دەرکەوتەی هەیە. ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا، (čak- چـك، ēžak- یژك) بووە، وەك نیشانەی بچووککردنەوە بەکارهاتووە، بە نموونە: سنگیچك (سنگ کوچك)، گیاهیژك (گیاه خرد)، کیژك (دختر کوچك) لە فارسی نوێدا، {ك}ی کۆتای نەماوە، وەکو، (دیوچە) کەواتە فۆڕمەکە بووە بـە /-ایـژە/، /-چە/. (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٤٤).

/-یچە/: دریچە

ئەم فۆڕمە تەنیا لەم وشەیەدا هەیە، بۆیە بە مۆڕفیمێکی کەم تواناو ناچالاك دادەنرێـت، لـەبواری گەیانـدنی چەمکی بچووککردنەوە.

/-ایزە/: دوشیزە، مویزە، مشکیزە

ئەم پاشگرە لە ڕووی ڕەگو ڕیشەوە لە /-یچە/ نزیکە. دەوترێت لە ئەنجامی سووك بوونی /-ایچە/، پاشگری /یزە/ سازبووەو چەمکی بچووکردنەوەی گەیاندووە. (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٦٢) لـە ڕووی توانـاوە کـەم توانایە، چونکە لە فۆڕمی /-چە/دا، زیاتر دەردەکەوێت. خەریکە بەرەو پاشگرێکی مردوو هەنگاو دەنێت.

/-ژك/: نایژك

تەنیا لەم نموونەیەدا، دەردەکەوێت، لێرەشدا دەشێت هاوواتابێت لەگەڵ /-ژە/ بۆیە لەڕووی توانـاوە کـەمترین توانای هەیە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە. هەروەها یەکێکە لە هاوفۆڕمەکانی /-چە/.

/ـَکـ/: شهرك، مرغك، درختك، دخترك، شاخك، تشنك، شاعرك، مردك......

ئەم مۆڕفێمە لەبواری جیاجیا بەکاردێت.[٧٩] لەوانەیش بچووککردنەوە بەهەردوو مەبەستی ناسکیو خۆشەویستی، یان شکاندن. بەواتایەکی تر، (بۆ مەبەستی بچـووککردنەوەو تایبەتمەنـدکردنی لێکچـوونی بـەکاردێت.)(غلامعلی صـداد عـادل: ١٣٨٤: ٣٧) لـەڕووی ڕەگو ڕەچەڵەکیشـەوە بەهـەردوو چـەمکەوە کۆنـە، (لـە زمـانی فارسـی ناوەڕاستو نوێدا واتای جۆراوجۆری بە وشـە دەبەخشـێت، کـە بـەمانای خۆشەویسـتیو بچـووکردنەوەی قـەبارەو شکاندن بەکاردێت، لەچوارچێوەی بواری بچووکردنەوەدا.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٤٠) لە زمانـە ئێرانییـە کۆنەکانیشدا aka– بـووە بەشـێوەی ak– گەیشـتووەتە زمانـە ئێرانییـەکانی ناوەڕاسـت. (محسـن ابوالقـاسمی: ١٣٨٧: ٣٢٧) هەندێجاریش لە گەیاندنی بچووکردنەوەی شکاندندا دەبێتە /-کە/ بەتایبەتی لە زمانی گفتوگـۆی ڕۆژانەدا، وەکو: زنك > زنکە. لەڕووی تواناشەوە لە پلەیەکی بەرزدا دەبینرێت.

/-غالە/: بزغالە، دخترغالە، جزغالە.

ئەم مۆڕفێمە بە هەمان واتا، لەسەر هەمان بنکەیش بەشێوەی /-غال/، یا /-گال/، یـا /-گالـە/ دێـت. بـە پاشگرێکی ناسادەی ناوداڕێژ دادەنرێت، کە چەمکی بچووککردنەوە، پیشـان دەدات. (خسـرو فرشـیدورد: ١٣٨٦:

---

٧٩ - بڕوانە (حسن انوری، حسن احمدی گیوی: ١٣٩٠: ٢٩٦- ٢٩٧)، (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٧٢).

٣٦٣) بەڵام لە ڕووی تواناوە، بە کەم توانا دادەنرێت، چونکە تەنیا لە چەند نموونەیەکدا، دەبینرێتو هەندێجاریش بووە بە بەشێك لە وشەکەو وشەکە بە سادە دادەنرێت، لە ڕووی مێژوویشەوە، ڕەگو ڕیشەکەی بەتەواوی دیارنییە.(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٢).

/-و/: خواجو، پسرو، دخترو

ئەم مۆڕفێمە لە شێوەی گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاردێت. بەناوەوە دەلکێتو بۆ بچووکردنەوە، بەکاردێت. بەڵام بەگشتی پاشگرێکی ناچالاكو کەم توانایە. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٢٧) هەموو ئەوانەی کە باسکران مۆڕفێمی بچووککردنەوەن، توانای دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگییان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو.

ئاماری ژمارە (١٠)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری بچووککردنەوە لە زمانی فارسیدا




## ٢-٢-٤: مۆڕفێمەکانی بواری ئەبستراکتی

ئەم بوارە واتاییەی مۆڕفێمە بەندەکان لە زمانی فارسیدا، لە ڕووی ژمارەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لە ڕووی تواناشەوە هەر یەکێکیان لە پلەیەکی سنووردارادا دەبینرێن، چونکە خودی ناوی واتایی بە دوو شێوەی جیاواز دەبینرێت، بنجیو دروستکراو. ئەوەی کە گیرەك تێیدا بەشداردەکات، تەنها دروستکراوەکانن، لە گرنگترین مۆڕفێمەکانیش ئەمانەن:




/-ی/: خوبی، زشتی، مردی، دختری، روشنی، تاریکی، سپیدی.......

ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسیدا، چ لە بواری ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیو چ لە بـواری دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگدا، چەمکی جیاجیا دەگەیەنێت.[٨٠] یـەکێکیش لـەو چـەمکە فەرهەنگییانـە داڕشـتنی نـاوی واتاییـە، بەجۆرێك دەوترێت (ئەم پاشگرە زۆر کارایە لە سازکردنی ناوی واتـاییو بـە زۆری بـە کۆتـایی نـاو، ئاوەڵنـاوەوە، دەلکێتو ڕیشەکەی کۆنەو لە پەهلەویـدا /īh/یە.)(خسـرو فرشـیدورد: ١٣٨٦: ٤٧٢). لـە ڕووی تواناشـەوە لـە پلەیەکی بەرزدایە.

/-ە/: نالە، گریە، پویە، مویە، خندە، بوسە، لرزە، پرزە، پرسە......

ئەم مۆرفێمەش لە بواری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا، چەمکی جیاجیا دەگەیەنێتو بە واتـای هەمەچەشـن بەکاردێت.[٨١] یەکێك لەو چەمکانەیش ناوی واتاییە، بەزۆری دەچێتە سەر ڕەگی کارو دەیکـات بـە نـاوی واتـایی (مهدی مشکوە الدینی: ١٣٨٨: ٣٥) لە گەیاندنی ئەم چەمکەیشدا مۆرفێمکی کاراو بەتوانایـە، لـە ڕووی ڕەگو ڕیشەوە، بۆ مۆرفێمی /īh/ی فارسی ناوەڕاست دەگەڕێتـەوە. لـە ئاوەڵنـاوەوە نـاوی واتـای لـێ سازکراوە.(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٢٤) وەکو: rāstīh < rast + īh

/-ا/: یارا (یارستن)، چرا (چریدن)

ئەم مۆرفێمە بەشێوەکی گشتی بەبەرهەمـە، بـەواتای جیاجیـا بـەکاردێت.[٨٢] بـەڵام لـە سـازکردنی نـاوی واتاییدا، کەم توانایەو تەنیا لەم دوو نموونەیەدا، بەکاردێت.

---

٨٠ - بڕوانە: (محمد روایی: ١٣٨٤: ٨٩- ٩٠).

٨١ - بڕوانە: (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٧٠- ٧١)، (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٣٨٩- ٣٩٥)

٨٢ - بڕوانە: (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٩٨- ٩٩)، (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٦٧)

/-ائی/: روشنایی، بنائی، سیرائی، دانائی، دانشجوئی...

ئەم مۆرفێمە، لە (ا + ئی) پێك هاتووە، كە لە گەیاندنی چەمكی ئەبستراكتیەتی ناودا، بەكاردێت. لە ڕووی تواناوە، لە پلەی مام ناوەندییدایە. لە بنەڕەتدا، /ایی/ییە، بەڵام لەگەڵ ئەو بنكانەی كە كۆتاییان بە دەنگی {ا} یا {و} دێت، دەبن، بە /ئی/و /ائی/ لەو حاڵەتانەشدا، {ئـ} یا {یـ} دەبن بە ناوبەند. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٢).

/-ش/: رهایش، ترمش، سازش، اسایش، كنش، توانش، خوانش، گرمایش، سرمایش، نرمش............

مۆرفیمێكی بەبەرهەمی سازكردنی ناوی واتاییە. (پیشتر ئەم گیرەكە تەنیا دەچووە سەر چەند ڕەگێكی دیاریكراو، بەڵام لەم چەند دەیەی دواییدا، ئەم مۆرفێمە زۆر كارا بووەو دەچێتە سەر ڕەگی جیاجیا بۆ دارشتنی زاراوەی نویٚ بەكاردێت، تەنانەت دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناویش.) (علی اشرفی صادقی: ١٣٨٤: ٥٠١) لە ڕووی ڕەچەڵەكەوە ئەم مۆرفێمە دەگەڕێتەوە، بۆ /-īš/ی ئێرانی كۆن، كە هەندیٚجاریش بەشێوەی /išt/، /išn/ هەژماردەكرێت. (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٦٤) لە ڕووی تواناشەوە بەپێی ئەو نموونانەی كە وەرگیراون لە پلەیەكی بەرزدا دێت.

/-ار/: گفتار، نوشتار، دیدار، خستار، كشتار.....

گیرەكێكی بە بەرهەمەو بەزۆری دەچێتە سەر ڕەگی كار، واتای جیاجیا دەدات، یەكێك لەوانەش چەمكی ئەبستراكتییە.( فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٦٨) لە ڕووی تواناشەوە لە پلەیەكی بەرزدایەو بەردەوام لە گەشەكردن دایە. (ئەم گیرەكە لەم دوو دەیەی كۆتاییدا، زیاتر بە دەست زمانەوانانەوەیە، لەگەڵ كۆمەڵێك ڕەگدا بەكاری دەهێنن، كە لە پێشتر لەگەڵ ئەم ڕەگانەدا بەكارنەهاتووە، وەكو: ساختار، نوشتار، پیوستار، گشتار، بافتار.....) (علی اشرفی صادقی: ١٣٨٤: ٥٠٢) لە زمانی فارسی ناوەڕاستیشدا، فۆڕمی ئەم مۆرفێمە هەر بەشێوەی -ār بووە، بە نموونە: didār = did + ār ،kištār = kišt + ār

/-ال âl/: روال، گودال، پوشال، خنجال، زغال.

مۆرفێمێكی بیٚبەرهەمو كەم توانایە، چەمكی ناوی واتاییو لێچوونو نیسبەت دەدات. شێوەكەی لە فارسی كۆندا، ahl /āl بووە.(ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١٠١)

/-انی/: ابادانی، عصبانی، جسمانی.

لە ڕووی پێكهاتنەوە، بە مۆرفێمێكی نادەسادە، دادەنرێت، كە لە (ان ân + ی i) پێك هاتووەو بە شێوەی یەك مۆرفێم بەكاردێت، لە ڕووی چەمكیشەوە ناوی ئەبستراكتو نسبیی پیشان دەدات. ( فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٦٩-٧٠) بەڵام لەم بوارەیدا كەم توانایە.

/-ان/: حنابندان، شیرینی خوران، عقدكنان، برگ ریزان، بلەبران، پشت پاپزان، اتش سوزان.

ئەم مۆرفێمە، واتاو چەمکی جیاجیا دەدات. لەوانە نیسبت یان ناوی واتایی یان شوێنو کات. (پرویز ناتل خانلری: ۱۳۷۳: ۱٤۲) لە هەر یەکێك لەو نموونانەی سەرەوەدا، ناوی واتایی بۆنەو چەژنی تایبەتی دروست کردووە. شێوەی کۆنیشی وەك خۆی ān بووە.

/-ایت iyyat/: ادمیت، بشریت، مرغوبیت، مادییت، عصبانیت، روحانیت، حقانیت، قابلیت، رهبریت، زنیت..

مۆرفیمێکی زمانی عەرەبییەو لە زمانی فارسیدا، بەزۆری لەگەڵ ئەو بنکانەدا دێت کە لە بنەڕەتدا عەرەبینو لە ڕووی تواناشەوە لەگەڵ ئەو بنکانەدا تاڕادەیەکی زۆر چالاكو بەبەرهەمە. (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱۲۲) لە فارسی کۆنو ناوەڕاستدا نییە، دەرکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی فارسی.

/-گانی/: زندگانی، دایگانی، مژدگانی.

ئەم مۆرفێمە بە ئەلۆمۆرفێکی /-انی/ دادەنرێت، لەگەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێت کە کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن هاتووە، دەنگی {گ} وەکو ناوبەند دەردەکەوێت. (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱۰٤، ۱۳۵) (فاطمە مدرسی: ۱۳۸٦: ٦۹، ۸۲) هەرچەندە ئەلۆمۆرفە، بەڵام لە ڕووی دەرکەوتنەوە بوونی خۆی هەیەو بەڵام لە بواری ناوی ئەبستراکتیدا کەم توانایە.

/-گری/: صوفگری، سازمانگری، شیعەگری، ناشی گری، میانجی گری، وحشی گری.

ئەم مۆرفێمە لەبنەڕەتدا، ناسادەیە، لە /-گر gar/و /ی i/ سازبووە. دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و چەمکی ئەبستراکتێتی ناو پیشان دەدات. (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۱۳۷) بەزۆری ئەو ناوانەی بەهۆی ئەم پاشگرەوە سازدەکرێن، زاراوەن، بۆ ناونانی ڕێباز یان قوتابخانەیەکی فکریو ئاینی بەکاردێن. ئەم پاشگرە بەرانبەر /-اسم ism-/ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت. (زیاتر ئاماژە بە تواناو چۆنیەتی کارو بیروڕاو فکر دەکات.)(داریوش اشوری: ۱۳۸٦: ٦۲). لەبەرئەوەی لە زمانی فارسیدا، /-گر/ بە تەنیا هەڵگری چەمکی پیشەیە. ئەگەر هاتوو ئەو ناوەی کە پیشە دەگەیەنێت بکرێت بە ئەبستراکت، تەنیا /-ی/ بۆ زیاد دەکرێت. بەنموونە:

اهنگر (ن.پ) + ی = اهنگری (ن. ئ)

صنعتگر (ن.پ) + ی = صنعتگری (ن. ئ)

لە ڕووی تواناوە، لە پلەی مام ناوەندییدایەو ڕەگو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆرفێمی /-گر/و هەر لەویشەوە سازبووە.

/-گی/: زندگی، هفتگی، خستگی، بچگی، مردانگی، الودگی...

بە شێوەیەکی مۆرفێمی /ای/ دادەنرێت، لەگەڵ ئەو بنکانەدا دێت، کە کۆتاییان بە بزوێنی {ە e}هاتووە، دەنگی {گ} وەکو ناوبەند دەرکەوتووەو شێوەی مۆرفێمەکەی گۆڕیوە بە /-گی/ لەڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندییدا دێت، چونکە دەرکەوتەی تایبەتی هەیە.

/-مان/: زایمان، گفتمان، چایمان (سرماخوردن)

ئەم گیرەکە بە واتای جیاجیا بەکاردێت، یـەکێك لـە واتاکانیشـی، چـەمکی ئەبسـتراکتییە. لـەڕووی ڕەگو ڕیشەوە، (پێدەچێت لە ڕەگی کاری (مانستن)، کە واتای (لێکچوون) دەگەیەنێت، مابێتەوە.) (پرویز ناتل خـانلری: ١٣٧٣: ١٥٠) هەرچەندە لە زمانی فارسی ناوەڕاستیش بە هەمان فۆڕم دەبینرێت، بەڵام لە گەیاندنی ئەم چـەمکە فەرهەنگییە بە بەمۆڕفیمێکی کەم توانا دادەنرێت، لە هەندێ شێوەی قسەکردنو گفتوگۆی ئاسـاییدا پاشـگری /-ی/ دەچێتەسەرو دەبێت بە /-مانی/ بەنموونە (سیرمانی)، (سوزمانی) کە هەمان چەمك دەگەیەنێت.

هەموو ئەو مۆڕفێمانەی لەم بوارەدا بەکاردێنو هەڵگری ئەم چـەمکەن، توانـای هەریەکـەیان بـەم شـێوەیەی خوارەوە پیشان دەدەین.

ئاماری ژمارە (١١)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئەبستراکتی لە زمانی فارسیدا




## ٢-٢-٥: مۆڕفێمەکانی بواری نەریی فەرهەنگی:

لە زمانی فارسیدا، کۆمەڵێك مۆڕفێم ڕۆڵ دەبینن، لە داڕشتنی نەریی فەرهەنگی. بەزۆری ئەم گیرەکانە وەکو پێشگر دەردەکەونو دەچنە سەر بنکەی جۆراوجۆر، بەزۆریش ئاوەڵناوی نەری دروست دەکەن. هەمووشیان پێکـەوە بوارێکی واتای مۆڕفێمە بەندەکان دروست دەکەن، کە بواری نەریی فەرهەنگییە. لە دیارترینیشان ئەمانەن:




/بلا-/: بلادرنگ، بلاتردید، بلاتوفیق، بلاجهت، بلاشبهه، بلافاصله، بلامانع، بلاجواب، بلاتکلیف.

ئەم پێشگرە، لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمـانی فارسـیو لـە (بـِـ)ی ئـامرازی خستنەسـەر (حـرف اضافه)ی عەرەبی، لەگـەڵ (لا)ی نـەرێی هـەمان زمـان سـازبووە. دەچـێتە سـەر نـاو و ئاوەڵنـاو یـان ئاوەڵکـار سازدەکات، چەمکی نەرێو دژ دەگەیەنێت. بەکارهێنانێکی زۆری هەیـە. (ایـران کلباسـی: ۱۳۸۰: ۹۲) (فاطمـە مدرسی: ۱۳۸٦: ۸۷) بۆیە زۆربەی ئەو بنکانەیشـی کـە لەگەڵیـدا دەردەکـەون، بـە زۆری وشـەی عـەرەبین، لـەم بوارەداو لەگەڵ ئەم چەشنە وشانەدا توانایەکی بەرزی هەیە.

/-پاد/: پادزهر، پادتك، پادفره.....

ئەم پێشگرە یەکێکە لە کەم باسکراوترین، گیرەکی نەرێ لە زمـانی فارسـیدا، کـە بـە واتـای (دژ، نـاکۆك) دێت.(ویدا شقاقی: ۱۳۸۱: ۹۱) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (گیرەکێکی بێبەرهەمو کەم توانایـە.) (فاطمـە مدرسی: ۱۳۸٦: ۸۷) لە قۆناغەکانی پێشتردا، بە واتای (چاودێریو پاراسـتن) هـاتووە، بـەجۆرێك (لـە ئاوێسـتا pâiti و لە فارسی کۆندا pata و لە پەهلەوی pat بووە، بەمانای پاراسـتنو چـاودێری کـردن هـاتووە.) (خسـرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۲۷٤) زۆرجاریش ئەم مۆرفیمە شێوەی خۆی دەگۆڕێت بۆ /پا-/ وەکو (پازهر، پاتك) ئەمـەش پەیوەستە بە هۆکاری ئابووریکردنو ئاسانی دەربڕین.

/لا-/: لاشعور، لامذهب، لاشریك، لامکان، لاعلاج

ئامرازی نەرێی عەرەبییەو لە فارسیشدا، وەکو پێشگر بەکاردەهێنرێتو ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری نەرێ دروسـت دەکات. (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ۱۳۹۰: ۲۸۸) بەم پێیە گیرەکێکی وەرگـیراوە لـە زمـانی عەرەبییـەوەو دەچێتە سەر ناو و چەمکی نەرێ دەگەیـەنێ. هـەروەها یەکێکـە لـە پێشـگرە بەبەرهەمـەکانی زمـانی فارسـی، (هەرچەندە لە زمانی ئەدەبیو گفتوگۆی ڕەسمیدا، ئەم پێشگرە دەشێ شـوێنی بـە /بـی-/ بگیرێتـەوە، وەکـو (بـی مکان، بی شریك).)(ویدا شقاقی: ۱۳۸۱: ۹۳) بەم پێیەش لە ڕووی تواناوە لەدوای مۆرفێمی /بی-/یـەوە، دێـتو لە پلەیەکی بەرز دایە.

/نا- na-/: ناپاك، ناگاه، ناچیز، ناکس، نادان، ناشناخته، نامعلوم، نارضیاتی.......

چالاکترین پێشـگریی سـازکردنی نەرێیـە لـە زمـانی فارسـیدا، چ لـە ڕووی ژمـارەی بەرهـەمو چ لـە ڕووی جۆراوجۆری ئەو بنکانەی کە دەچێتە سەری. (لەگەڵ هەر بنکەیەدا چەمکی نەرێ دەگەیەنێ.)(پرویز ناتل خـانلری: ۱۳۷۳: ۱٥٦) ئەم گیرەکە لە ئاوێستادا na و لە هیندی کۆنیشدا هەر naیە، واتـای نـەرێو نێگـەتیفی دەدات. (سید محمد صمصامی: ۱۳۸٤: ۱۱٤) بوارو بەکارهێنانی فراوانیشی لە زمانی فارسـی ئـەمڕۆدا هەیـە[٨٣]. بۆیـە لەڕووی تواناشەوە لە پلەیەکی بەرزدا دێت.

/ نـَ- ne/: نستوه، نمردنی، نخواستنی، نرفتن، نخوردن، نپخته، ندیده، نساز، نترس......

زۆرجار بە ئەلۆمۆرفی /نا-/ دادەنرێت، (لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، چاوگ، ڕەگی کـار، ئاوەڵنـاوی کـراودا دێـتو چەمکی نەرێ دەدات.) (ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۹٥) لە ڕووی تواناشەوە، لە پلەیەکی بەرز، دوای /نا-/ دێت.

هەریەك لە مۆرفێمەکانی /نا-/، / نـَ-/ لەگەڵ وشەی نasادەدا، دەکەونـە نێـوان هـەردوو کـەرتی وشـەکە، ئەمەش بەتایبەتی ئەگەر هاتوو، ئەو وشە لێکدراوە، لە پۆلی کاری لێکدراودا بێت، بە نموونـە: خدانشـناس، حـق نشناس. انکارناپـذیر.... بۆیە دەشێ بڵێین لە چوارچێوەی پێکهاتەی فەرهەنگی ناسادەدا پێویستە شوێنی خۆیـان بگۆڕن.

/دژ-/دش-/: دژاگاه، دژالوده، دژخیم، دشنام، دشمن، دشخوار...

پێشگری ناکارایی‌و نەفی‌و پێچەوانەو دژییە، کە چەمکی ناشرین‌و دژو نێگەتیف دەدات. (خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۲۷۷) هەرچەندە ئەم مۆرفێمە چەمکی پێچەوانەو دژییـەتی تێـدا زاڵـترە، بـەڵام لەبەرئـەوەی بەشـێوەی ناڕاستەخۆو چەمکە فراوانەکەیدا نەرێی هەڵگرتووە، بۆیە لە ڕیزی مۆرفێمەکانی ئەم بـوارە هـەژمارمان کـردووە. ڕیشەیەکی کۆنیشی هەیە، (لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا، dužو duš بووەو بە شێوەی diž گەیشتووەتە زمانـە ئێرانییەکانی ناوەڕاست.)(محسن ابوالقاسمی: ۱۳۸۷: ۳۱۷) بە نموونە:

(بدبخت) dušfarr = duš + farr

بەڵام ئەمڕۆ بە شێوەکی ناکارا، دەبینرێتو ئەو وشانەی کە بەشداری لە پێکهاتەکەیاندا دەکات، بەرەو وشەی سادەو سەربەخۆی یەك مۆرفێمی دەچن.

/بی-/: بی هنر، بی خرد، بی شعور، بی درنگ، بی سواد......

ئەم گیرەکە بەزۆری لە ناوەوە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار سازدەکات. ئەو بنکەیەی کە ئـەم مۆرفێمـە وەردەگرێـت، چەمکی پێچەوانەیی‌و نێگەتیڤی‌و نەبوونی دیارخراوەکەی پیشان دەدات. (ویدا شـقاقی: ۱۳۸۱: ۹۰) لـە زمـانی فارسی ئەمڕۆدا، مۆرفیمێکی کارایە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ abī لـە زمـانی فارسـی ناوەڕاسـت، بـە نموونـە (abīōš (بی حس) لە زمانی فارسی نوێدا شێوەکەی گۆڕاوە بۆ /بی-/ بەشێوەیەکی بەرفراوان بـەکاردێت، هـەر

٨٣ - بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ۱۳۸٦: ۲۸۰- ۲۸۷).

فارسی زمانێك دەتوانێت لە بواری جیاجیادا وشەی نوێی نەرێ پێسازبکات. (پرویز ناتل خـانلری: ۱۳۷۳: ۱۵۵) بەم پێیەش پلەی توانای لەبەرزبوونەوەدایە.

/غیر-/: غیرجایز، غیرخالص، غیرمسلمان، غیرزمینی، غیردوستانە، غیرمسکوك، غیرمحسوس.

ئەم گیرەکە لە وشەی (غیر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بە واتاو چەمکی /نا-/ بەکاردێت، هەربۆیەش دەشـێت لە زۆر دەوروبەردا شوێنی بگرێتەوە، تەنانەت هەندێجار بە وەرگێڕانیش بێت، وەکو:

غیرمشکوك = نامشکوك، غیرجایز = ناروا، غیرخالص = ناپاك

ئەم پێشـگرە، لـە زمـانی فارسـیدا زۆر بەبەرهەمـە، لـە دەقـی هونـەریو ئـەدەبیو ڕۆژنامەگەریـدا، زۆر بـەکاردێت. (ویـدا شـقاقی: ۱۳۸۱: ۹۲). واتـای وردی ئـەم پێشـگرە، (جگەلـە، بێجگەلە)یـە، ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئەو نەرێییەی بە /غیر-/ سازدەکرێت، جیاوازە لەو چەمکە نەرێییە کـە بـە گیرەکـەکانی تـر سازدەکرێت. بەنموونە کە دەوترێت (غیرمسلمان) لەوانەیە مەسیحی بێت، یـا زەردشـتی، یـا جوولەکە......هتـد. بەڵام کە دەوترێت (نامسلمان) واتە کەسێك کە پابەندی بنـەماکانی ئـاینی ئیسـلام نییـە. هـەروەها (غیرمحدود) ئاماژە بەدیاری نەکراوی دەکات شێوەی نەرێی (محدود)ە، بەڵام (نامحدود)، دژیەکی (محـدود)ە. بـەم پێیـەش پلـەی تواناو هێزی نەرێ لە /نا-/دا، زیاترە وەك لە /غیر-/، چونکە لە /غیر-/ بـوارێکی فـراوانتری بەرانبـەری هەسـت پێدەکرێت، کە لە /نا-/دا، نییە.

/ضد-/: ضدفساد، ضدنژادپرستی، ضدآب، ضدآتش، ضدبخار.........

وەکو ئاوەڵناوێکی زمانی عەرەبی دەناسـرێت، کـە واتـای (پێچـەوانە، دژ، ناتـەبا) دەداتوو لەسـەر نـاوی جۆراوجۆر دێتو ئاوەڵناو سازدەکات، بـەواتای (ڕاوەسـتان بەرانبـەر...، ڕێگـری کـردن لـە....) دێت. بەنموونـە (ضدآب) سیفاتی مادەیەکە کە بەرگەی ئاودەگرێتو ڕێگری لێدەکات، یان (ضدفساد) واتـای بـوونی بیروباوەڕێـك کە دژی گەندەڵی بێت، دەگەیەنێت. (ئـەم مۆرفێمـە زیـاتر لـەبواری پزیشـکیو لایـەنی کۆمەڵایـەتیو بیروبـاوەڕ بەکاردێت.) (هەمان سەرچاوە: ۹۱-۹۲) لەڕووی تواناشەوە لەدوای /غیر-/، /بی-/ دێت.

بەم شێوەیە لە زمانی فارسیدا، /غیر-/ لە هەموویان بەتواناترەو بەدوای ئەویشدا بەڕیز /بی-/، /ضـد-/ /نا-/، /نـ-/، /لا-/، /پاد-/، دێن. (هەمان سەرچاوە: ۹۵) هەرچەندە هەندێکیان لە بـواری سینتاکسیشـدا چـەمکی نەرێ لەگەڵ کاردا پیشان دەدەن. بەتایبەتی /نـ-/. بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرمان گرتوون بۆ دەرخسـتنی توانـای مۆرفێمەکانی ئەم بوارە، ئەنجامەکان بەم شێوەی خوارەوە پیشان دەدەین:

ئاماری ژماره (١٢)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی لە زمانی فارسیدا




## ٢-٢-٦: مۆڕفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی بکەری(فاعلی)

مەبەست لە چەمکی بکەر(فاعلی) ئەو ئاوەڵناوانەیە، کە لە ڕێگەی مۆڕفیمی بەندەوە بەیارمەتی بنکەیەك کە بە زۆری ڕەگی کار دەبێت، دروست دەکرێت. ئەم چەمکە فەرهەنگییە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کارێك، بۆی دەبێتە سیفەتو پێی دەناسرێتەوە، ئەم مۆڕفێمانە بەشێکی زۆریان لەگەڵ مۆڕفێمەکانی بواری پیشەدا هاوبەشن. بەڵام جیاوازییان لەڕێگەی ئەو بنکەیەوە دروست دەبێت، کە مۆڕفێمەکە وەردەگرێت. چونکە لە چەمکی بکەریدا، بەزۆری چاووگ سەرچاوەی دروست کردنیەتی، چونکە لە چاوگدا، چەمکی ڕوودان هەیە. بکەری ئەم ڕوودانە، دەبێتە ئاوەڵناوی بکەری، وەکو ناویش بەکاردێت. لە زمانی فارسیدا ئەم مۆڕفێمانە دەتوانن ئەم چەمکە پیشان بدەن:




/-ا/: گویا، زایا، دانا، پـذیرا، بینا، شنوا، روا.....

لە گەیاندنی چەمکی بکەریدا، مۆرفیمێکی زۆر چالاکەو بەزۆری دەچێتە سەر ڕەگی کار. ئەو سـیفەتەی کـە بەهەڵگرەکەی دەبەخشێت تاڕادەیەك هەمیشەییە.(ایران کلباسی: ۱۳۸۰: ۹۸)

/-ار/: خریدار، نمودار، دادار، برخودار، باربردار، پرستار، خواستار، نامبردار، زنجیبردار، فرمانبردار....

مۆرفیمێکی چالاکی چەمکی بکەرییەو دەچێتە سەر ڕەگی کـار، ئاوەڵنـاوی بکـەری سـازدەکات. لـە ڕووی تواناشەوە لە پلەیەکی بەرزدا دەبێت، ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا زیاتر بـەرەو کـارابوون دەچـێت. (فاطمـە مدرسـی: ۱۳۸٦: ٦۸) لە زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاستیشدا، بەهەمان شێوە ār بەکارهاتووە، لە زمـانی فارسـی کۆنیشـدا بەشێوەی tar بەکارهاتووە.(محسن ابوالقاسمی: ۱۳۸۷: ۳۱۰)، وەکو:

dātar = dā + tar دادار، jantar = jan- + tar جاندار

/-ان/: لرزان، خندان، پرسان، روان، هرسان، خرامان، گریان، سوزان، نالان، اشك ریزان، نفس زنان، گردش کنان.

ئەم مۆرفیمە بە هەمان فۆرمی لە زمـانی فارسـییدا، چ لـە بـواری سـینتاکسو چ لـە بـواری فەرهەنگـدا، مۆرفیمێکی چالاكو فرەئەرکو فرە چەمکە. لەم نموونانەی سەرەوەدا، چەمکی بکەری دەبەخشێت، بەڵام بەشـێوەی ڕوونکردنەوەی باری کارا (بیان حال فاعـل) نـەوەك وەك جێبەجێکـەری کارێـك. (ایـران کلباسـی: ۱۳۸۰: ۱۰۲) (فاطمە مدرسی: ۱۳۸٦: ٦۸و٦۹)

/-انە/: روانە، گریزانە، بزانە، درخشانە.

ئەم مۆرفیمە لە (/-ان/ + /-ە/) پێك دێت. واتاو چەمكی جۆراوجۆر دەدات، یەكێك لەو چەمكانەیش بكەریو پیشاندانی حاڵەتی كارایە. بەڵام لە گەیاندنی ئەم واتاییەدا ناچالاكە.(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٢٧) بۆیە لە ڕووی تواناشەوە بەكەم توانا دادەنرێت.

/-اور/: جنگاور، پیشەور، حملەور، شناور.

ئەم مۆرفیمە بەسێ شێوەی (/-ور/، /-اور/، /آور/) دەردەكەوێت، واتاو چەمكی جیاجیا دەدات. یەكێك لەو چەمكانەیش بكەرییە، كە بە شێوەیەكی ناكارا لەم بوارەدا بەكاردێت. (ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١٤٣) بەڵام لە بواری خاوەنییەتی تاڕادەیەكی زۆر كارایە. بەشێوەیەك لە بواری بكەریدا، بە بێتوانا دادەنرێت. شێوە جیاوازەكانیشی بۆ جیاوازی بنكە دەگەڕێتەوە.

/-ە/: خورە، كنە، خزە، رسانە، انگیزە، شب پرە، اتش زنە، میخوارە.

ئەم پاشگرە چەندین بەكارهێنانی جیاوازی هەیە، یەكێك لەوانە چەمكی بكەرییە، لە زمانی فارسی كۆنەوە بە زمانی فارسی نوێ گەیشتووە. (علی اشرفی صادقی: ١٣٨٤: ٥٠١) لەم بوارەشدا توانایەكی مام ناوەندی هەیە.

/ـَ ك/: پیچك، شب پرك، ابدزك، چرخ ریسك، بادكنك...

ئەم مۆرفیمەش چەندین چەمكی جیاجیا دەگەیەنێت، یەكێك لەو چەمكانەیەش بكەرییە، كە بە شێوەیەكی ناكاراو كەم بەرهەم دەتوانێت لەم بوارەدا دەربكەوێت. بە زۆری لەگەڵ ڕەگی كرداری لێكدراودا بەكاردێت. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٦٦). بەڵام لە گەیاندنی چەمكەكانی تردا، زیاتر بەتوانایە، بەتایبەتی لە بواری بچووككردنەوەدا.

/ـَ ندە/: راننده، خواننده، گوینده، شنونده، بیننده، سازمان دهنده، پاك كننده...

سەرباری بوونی چەند چەمكێكی تر لەم مۆرفێمەدا، لەم بوارەدا زۆر بەبەرهەمەو بە بنكەی ڕەگی ڕانەبردووی كارەوە دەلكێتو ڕەگو ڕیشەكەی بۆ /andag-/ی فارسی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.(ایران كلباسی: ١٣٨٠: ١١٣).

/-اند/: خوش ایند، خورند، روند.

هەرچەندە دەوترێت، كورتكراوەی مۆرفیمی /اندە/یە، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەندێ واتادا جیاوازە، لە /اندە/، بۆیە وەكو مۆرفیمێكی جیاواز هەژماردەكرێت. لە گیرەكە كۆنەكانی زمانی فارسییەوە هاتووە.(سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ٢٣٦) بەڵام لە ڕووی تواناوە بەكەم توانا هەژماردەكرێت، بە كۆی ئەو چەمكانەی كە هەیەتی، لە چەند نموونەیەكی كەمدا دەبینرێت.

/-و u/: شكمو، زائو، ترسو، تزازو، دارو، تنندو (تەونچی)

ئەم مۆرفێمە زیاتر لە زمانی قسەکردنی خەڵکی ئاساییو نەخوێندەوار (عامیانە) –زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە- بەکاردێت. لە پەهلەویدا (āk) بووە، چەمكو واتایی جیاجیا دەدات. یەکێك لەوانیش، دەچێتە سەر ڕەگی کارو ئاوەڵناوی بکەری دروست دەکات. (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٢٥) بەڵام لەگەیاندنی ئەم چەمکەییدا، زۆر بەتوانا نییە.

/-وك uk-/: رموك، برشتوك، کابوك

شێوەیەکی پاشگری /-و/ە، کە لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا، /ūg-، ōg-/ بووە لە پەهلەویدا /ōk-/ بووە. (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١١٤) ئەم شێوەیە لە هەندێ نموونەی کەمدا، وەك خۆی ماوەتەوە، بۆ گەیاندنی چەمکی بکەریش، لەم نموونانەدا، دەبینرێت. بەشێوەیەکی گشتی بە مۆرفیمێکی کەم تواناو بێبەرهەم دادەنرێت. بەزۆریش لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەبینرێت.

/-ون/: گردون، نمون/ راهنمون، پالون.

مۆرفێمێکی ناچالاكو کەم توانایی، گەیاندنی چەمکی بکەرییە، لە فارسی ناوەڕاستدا بە شێوەی /ōn-/، /ūn-/ بووە. (پرویزناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٥١) ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، هەندێجار دەبێتە /-ونە/ دەتوانن لەم بوارەدا لەبری یەکتری بێن، وەکو: گردونە، نمونە (نماینده)، پالونە (صاف کنده) بۆیەش زۆرجار دەروازەی فەرهەنگی تایبەت بە /-ونە/ دەکرێتەوە.

/-ی/: جنگی، کاری، تازی، ورزی، درزی (دوزنده)، زهی (زاینده)، گاری (گردنده، گذار)(گاریدن).

چالاکترین مۆرفێمی زمانی فارسییە، لە ڕاستیدا، چەند پاشگرێکە بە شێوەی یەك پاشگر دەردەکەوێت، چەندین واتاو چەمکی جیاجیا دەدات، دەتوانێت شوێنی زۆر پاشگری تریش بگرێتەوە، لەوانە /-مند/ (هنرمند - هنری)، (سخاوتمند - سخاوتی). (خسرو کاشانی: ١٣٧١: ١٣) بۆ گەیاندنی واتای بکەریش، تواناکەی لەپلەیەکی مام ناوەندیی دایە. ئەگەر ئەو بنکەیەشی دەچێتە سەری کۆتای بە بزوێنی {ە} هاتبوو، فۆڕمەکەی دەبێت بە /-گی/، واتە دەنگی {گ}ی ناوبەند دێتە ناوەوە، وەکو: رفتەگی، زیندەگی.

/-چی/: تماشاچی، هوچی، زدوبندچی، سوءاستفادچی

مۆرفێمێکی چالاکی گەیاندنی چەمکی پیشەیە، لە هەندێ باردا، چەمکی بکەریش دەگەیەنێت، کە نزیکە لە چەمکی پیشە، وەك لەو نموونانەی سەرەوەدا دیارە.

/-کار/: جفاکار، ستمکار، طلبکار، خدمتکار، گناهکار، توبەکار، بدکار، زیانکار.....

بە مۆرفێمێکی چالاکی سازکردنی ئاوەڵناوی بکەری دادەنرێت، هەرچەندە توانایەکی زۆری هەیە، لە سازکردنی ناوی پیشەدا، بەڵام لە بواری گەیاندنی چەمکی بکەرییدا کاراترە. (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٣٣).

/-گار/: پرهیزگار، پروردگار، خواستگار، رستکار، کردگار.....

له ڕووی ڕەگو ڕیشەوە لەگەڵ /-کار/ هاوبەشەو لە زمـانی ئاوێسـتادا هـەردووکیان بەشـێوەی (-kara)و بەواتای (کار)و (پیشە) هاتووە. (پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣: ١٥٠) لە گەیاندنی ئاوەڵناوی بکەریـدا، توانایـەکی زۆری هەیە، لە چەمکی پیشەیشدا بەتواناتر دەبینرێت.

/-گر/: ستمگر، اشوبگر، دادگر، حیلەگر، تماشاگر، توازشگر، روشنگر، عشوگر، فتنەگر، ستایشگر.....

لەگەڵ بەشێك لە بنکەکانی مۆڕفێمی /-گار/ دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، واتە هەندێ بنکەی هاوبەشیان هەیە. لە گەیاندنی چەمکی بکەرییدا مۆڕفێمێکی کارایەو سەرباری ئەوەی کـە چـەمکی پیشـەیش دەگەیـەنێت. (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٨٢)

/نا-/ نـ-/: نادان، ناتوان، نازا، ناچسپ، ناپز، نترس، نخور، نفهم.

ئەم مۆڕفێمە سەرباری گەیاندنی چەمکی نەرێ ئاوەڵناوی بکەری نەرێش دروست دەکەن. واتە چەمکی نـەرێو بکەری(نفیو فاعلی) تێدا تواوەتەوە.

هەموو ئەو مۆڕفێمانەی کە هاوبەشن لە نێوان چەمکی پیشەو بکەریدا، بـە زۆری لـە بکەرییـدا توانایـەکی زیاتریان هەیە. بەڵام توانای هەریەکەیان بەپێی شیکردنەوەی نموونەکان بەم شێوەیە دەخەیەنەڕوو.

ئاماری ژمارە (١٣)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوڵناوی بکەری لە زمانی فارسیدا




## ٢-٢-٧: مۆڕفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی کراو (صفت مفعولی)

چەمکی ئاوەڵناوی کراو، لەڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە دەگەیەنرێت. کە مەبەست لێی ئەو سیفەتە کاتییە، یا هەمیشەییە، کە لەئەنجامی جێبەجێکردنی کارێك بەسەر بەرکارێکدا، دەبێتە شوناس بۆ بەرکارەکە. بەزۆریش لە چاوگەوە سازدەکرێت، کە وەك مۆڕفێمی بنکە بەشێوەی ڕەگی ڕابردوو یان ڕانەبردووەوە وەردەگیرێت. ئەو مۆڕفێمانەی کە ئەم بوارە واتاییە پێك دەهێنن، بەشێکیان هەمان ئەو مۆڕفێمانەن، کە بواری ئاوەڵناوی بکەری پێك دێنن. بەڵام ئەوەی جیاوازە بنکەکەیانە. لەگرنگترین مۆڕفێمەکانی ئەم بوارەش ئەمانەن:




/-ا/: رها، شناسا، شنوا، شكيبا، پويا

بە مۆرفێمێکی فرەچەمك دادەنرێت لە بواری فەرهەنگو سینتاکسیشدا. یەکێك لەو چەمکە فەرهەنگییانەی کە دەیگەیەنێت، ئاوەڵناوی کراوەو نیمچە کارایەو دەچێتە سەر ڕەگی ڕانەبردوو.(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٢٩١) بۆیە لەم بوارەدا توانایەکی مام ناوەندی هەیە.

/-ار/: گرفتار، مردار، گفتار، کردار.

هەرچەندە لە گەیاندنی چەمکی ئاوەڵناوی کراودا، مۆرفیمێکی کارا نییە، بەڵام دەتوانێت بەشداری بکات، لە داڕشتنی وشە بۆ ئەم بوارەو دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارە واتاییە. (واتای سەرەکی ئەم مۆرفێمە گەیاندنی چەمکی بکەرییە، واتای دووەمی گەیاندنی چەمکی ئاوەڵناوی کراوە، کە بەم واتایەی کەمتر ناسراوە، لە زمانی فارسی نوێدا بەرەبەرە بەرەو کەم بوونەوە دەچێت، بە بەراورد بە زمانی فارسی ناوەڕاستو کۆن.) (سید محمد صمصامی: ١٣٨٤: ١٩٣) بەم پێیە لە ڕووی تواناشەوە، بەرەو کەم توانایی دەچێت.

/-ان/: اويزان، يخ بندان، اينيه بدان، تيرباران، گل باران.

مۆرفێمێکی فرەچەمکە، بەشدار لە داڕشتنی وشەی نوێ لە بواری جیاجیادا. یەکێك لەو بوارانەش سازکردنی ئاوەڵناوی کراوە. کە لەم ڕووەوە لە پلەیەکی توانای مام ناوەندییدایەو بەزۆری دەچێتە سەر ڕەگی ئەو کارانەی کە لە ڕووی پێك هاتنەوە ناسادەن.[٨٤]

/-ه e-/: نوشته، تراشه، افشره، گذاره، اميزه، رنجه، گفته، ديده، خورده.......

چالاکترینو بەتواناترین مۆرفێمی سازکردنی ئاوەڵناوی کراوە، لە زمانی فارسیدا. بەشێوەکی ڕەها دەچێتە سەر ڕەگی کارو چەمکی کراو دەگەیەنێت. سەرباری ئەوەی کە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیو دەوڵەمەندکردنی بواری تری فەرهەنگیشدا کارایە.[٨٥]

---

٨٤ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ایران کلباسی: ١٣٨٠: ١٠٢).

٨٥ - بڕوانە: (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٧٠- ٧١).

/-ون/: افزون، تافتون (تافتن)، امون (اماده)

مۆرفێمێکه لەم بوارەدا بە ناچالاکو کەم بەرهەم دادەنرێت. بە زۆری لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانـەو لـە چـەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت.(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٥٠) بەڵام بەزۆر چەمكو واتای تر بـە شـێوەیەکی کـارا هەیە، چ لەبواری سینتاکسو چ لەبواری فەرهەنگدا.

/-ی/: پیشنهادی، پرتابی، پرواری، سپری، دری (دریده)، تصویبی، أشغالی، اضافی، الحاقی......

لە گەیاندنی چەمکی فەرهەنگی، ئاوەڵناوی کـراودا بەشـداری دەکـات، لـەڕووی تواناشـەوە لـە پلـەی مـام ناوەندییدا دێت. سەرەڕای ئەوەش لەبواری واتای تری فەرهەنگیو ئەرکی تری سینتاکسیدا کارایە.

/-نا/ نارس، نایاب، ناشناس، ناپسند.

ئەم پێشگرە، لە پلەی دووەمدا چەمکی ئاوەڵناوی کراو دەگەیەنێتو بە پلەی یەکەم چـەمکی نـەرێ پیشـان دەدات.(ایران کلباسی: ١٣٨٠: ٩٦) هەردووکیشـیان لەیـەك کـاتو لەسـەر یـەك بنکـەدا دەبـن، واتـە هـەردوو چەمکەکە لەیەك فۆڕمدا تواونەتەوە. بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرمان گرتوون، توانای هەریـەك لـە مۆڕفێمـەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیە دەبێت.

ئاماری ژمارە (١٤)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی کراو لە زمانی فارسیدا



## ٢-٣ : بەراوردی توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، لە زمانی کوردیو فارسیدا:

## ٢-٣-١ : هاوبەشی لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا:

لە ڕووی دانە فەرهەنگییەکان، ئەم دوو زمانە هاوبەشی زۆریان هەیە. ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەستە بە هۆکاری مێژوویی‌و هاوبەشی ڕەگو ڕەچەڵەکی هەردوو زمانەکە، لەلایەکی ترەوە، ئەو پەیوەندییە هاوسێتی‌و لێک نزیکییەی کە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا هەیە. هۆکارێکی ترە بۆ بوونی ئەم هاوبەشییە. ئەمەش لەنێو هەموو دانە زمانییەکاندا بەگشتی دەبینرێت، بەتایبەتیش یەکە فەرهەنگییەکانو لەنێویشیاندا مۆرفێمی بەند.

لەهەر بوارێکی واتای گیرەکەکاندا، ئەندامی هاوبەش هەن. سەرەڕای ئەوەی کە لەنێو هەر بوارێکیشدا، ئەندامی جیاواز دەبینرێن. زۆرجاریش هاوبەشییەکە دەشێ لەڕووی فۆڕمەوە بێت، لە پلەی توانادا بەدی نەکرێت. بۆیە لێرەدا هاوبەشی هەر بوارێك بەتەنیا دەخەینەڕوو.

### ٢-٣-١-١: مۆرفێمەکانی بواری شوێن

ئەم بوارە لەهەردوو زماندا، ژمارەیەکی زۆر ئەندامی هەیە، بۆیە لەڕووی تواناشەوە، هێزەکە بەسەر کۆی گشتیاندا دابەش دەبێت. ئەم هاوبەشییە دەشێ لە دوو لایەنەوە تەماشا بکرێت، یەکێکیان لایەنی فۆڕمە، ئەویتریان لایەنی چەمکە. بۆنموونە پاشگری /-دان/ لە هەردوو زماندا، هاوبەشە هەم لە ڕووی فۆڕمەوە، هەم لە ڕووی سیمای واتایشەوە بەو واتاییەی لە هەردوو زماندا، سیمای شوێنی هەڵگرتنی شتو کەلوپەل دەدات.

زۆرینەی ئەو مۆرفێمانەی شوێن کە هاوبەشن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوونی ڕیشەی دوو زمانەکە، چ لە زمانە ئێرانییە کۆنەکانەوە بێت، یان لە زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاستەوە بێت. بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە هەندێ مۆرفێم لە ڕووی فۆڕمەوە گۆڕانێکی کەمیان بەسەردا هاتووە. بەنموونە /-اوا/ لە زمانی کوردیداو /-اباد/ لەزمانی فارسیدا، تەنیا جیاوازییەکی کەمی فۆنەتیکییان لەنێواندا بەدی دەکرێت. لە هەردوو زمانیشدا، بە گیرەك ئاسا، دادەنرێن. گرنگترین ئەو مۆرفێمانەی کە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا هاوبەشن ئەمانەن:

/-ستان/، /-دان/، /-زار/، /-ان/، /اباد/، /-گاە/، /-سێر/، /-سرا/، /-شەن/.

هەرچەندە شێوەی فۆنەتیکی /-اوا/، /-گا/-گە/، /-سێر/، /-سەرا/، /-شن/ و کەمێك لە ڕێنووسدا جیاوازن. لە ڕووی چەمکیشەوە، هەریەك لەو مۆرفێمە هاوبەشانە سەرەڕایی ئەوەی کە پلەی تواناشیان زۆر لێك نزیکە، هەندێجار هاوبەشییەکە تێدەپەڕێتە سەر خودی بنکەکەیش. بەنموونە:

گوڵستان(ك) = گلستان (ف)

بلوجستان(ك) = بلوجستان (ف)

کاروانسەرا(ك) = کاروانسرا(ف)

گەرمەسێر(ك) = گرمسر(ف)

گولزار(ك) = گلزار(ف)

کەواتە هەردوو زمانەکە بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن، سوود لەگیرەك وەردەگرنو لەنێو گیرەکەکانیشدا سوود لەپاشگرەکان وەردەگرن.

## ٢-٣-١-٢: مۆرفێمەکانی بواری پیشە:

لەم بوارە واتاییەدا، کۆمەڵێك مۆرفیمی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، هەن، لەوانە: /-یار/، /-چی/، /-کار/، /-گیر/گر/، /-وان/، /-ی/ ئەگەرچی لەڕووی تواناوە جیاوازن، واتە مەرج نییە ئەم مۆرفێمانە لە پلەی تواناشدا وەکوو یەك بن، بەشێوەیەکی گشتی ئەو مۆرفێمانەی کە هاوبەشن، هۆکارەکەی پەیوەستە بەڕیشەو ڕەچەڵەکی هاوبەشی نێوان ئەم دوو زمانە. لایەنێکی تری هاوبەشییان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەندامانی ئەم بوارە لە هەردوو زماندا. هەروەها بەشێکی زۆری ئەو مۆرفێمانەی ئەندامن لەو بوارەدا، لە هەمان کاتدا ئەندامن لەبواری واتایی ئاوەڵناوی بکەریشدا. ئەمەش لەهەردوو زماندا بەتەواوی دەبینرێت.

ئەم هاوبەشییەش زۆرجار تەنیا لە سیمای واتایی سەرەکیدا نییە، بەڵکو لە سیمای لاوەکیشدا دەبینرێت، بەنموونە پاشگری /-وان/بان/ لە هەردوو سیمای {+پیشە}، {+پاراستن} وەکو یەکن.

هاوبەشییەکی تر، لە نێوان هەردوو زماندا، توانای لەجیاتی بەکارهێنانی یەکترییە، لە نێوان هەندێ ئەندامی ئەم بوارەدا، دەردەکەوێت، بەنموونە:

تەنەکەچی = تەنەکەساز (ك)

صنعتکار = صنعت چی (ف)

هەرئەم نموونانە کاریگەری زمانی تورکی لەسەر هەردوو زمانەکە پیشان دەدات. کە بوونی مۆرفێمی /-چی/بییە بە شێوەیەکی کاراو بەتوانا لە هەردوو زماندا.

## ٢-٣-١-٣: مۆرفێمەکانی بواری بچووککردنەوە

لە مۆرفێمەکانی بواری بچووکردنەوەدا، کەمترین هاوبەشی لە ڕووی فۆڕمەوە لە نێوان ئەم دوو زمانەدا، بەدی دەکرێت. بەجۆرێك تەنیا مۆرفێمەکانی /-ە/، /-چە/ وەك خۆیان لە هەردوو زماندا بەکاردێن. زۆرجار خودی مۆرفێمی بنکەیش هاوبەشن، -تەنیا ئەگەر لە ڕووی ڕێنووسەوە جیاوازییەك هەبێت.- وەکو:

باخچە (ك) = باخچە(ف)، دەریاچە(ك) = دریاچە(ف)

بەڵام هەندێ جار، لێك نزیکییەك لەنێوان مۆرفێمو ئەلۆمۆرفەکاندا دەبینرێت، بەنموونە /-کە/و ئەلۆمۆرفەکانی لە کوردی لەبەرامبەریاندا /ـَ ک/و ئەلۆمۆرفەکانی لە زمانی فارسیدا هەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی ئەو مۆرفێمە، کە لە زمانی ئێرانی کۆنو ناوەڕاستدا، بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە بەکارهاتووە.

هاوبەشییەکی تر، لەڕووی چەمك‌و مەبەستی بچووککردنەوەیە، لە هەردوو زمانەکەدا، کە سیمایی {+ناسکی‌و خۆشەویستی} یان {+شکاندن‌و کەمکردنەوە} لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکی مۆرفیمەکانی ئەم بوارەدا دەردەکەوێت.

لەهەردوو زماندا، بچووکردنەوە، لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا، بۆ هەردوو مەبەست دەکرێت، ئەمەش لەڕێگەی مۆرفیمی بەند، یان بەڕێگەی بڕین‌و کورتکردنەوەی ناوە بچووککراوەکە دەبێت. هەندێجاریش هەردوو پرۆسەکە پێکەوە دەبێت.[٨٦]

## ٢-٣-١-٤: مۆرفیمەکانی بواری ئەبستراکتی:

ئەو مۆرفیمانەی کە لەنێوان هەردوو زماندا هاوبەشن ئەمانەن: /-ا/، /-ە/، /-ی/ وەکو یەك‌و بەهەمان شێوەو فۆرم بەکاردێن، هەریەك لەمانەش بەشێوەیەکی کارا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی‌و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ بەدەروازەی جیاوازەوە بەشداری دەکەن. ئەم هاوبەشییە زۆرجار لەم بوارەدا لەڕووی تواناشەوە هەست پێدەکرێت. بەنموونە مۆرفیمی /-ی/ بۆ سازکردنی ناوی ئەبستراکت لە هەردوو زماندا لەڕیزی مۆرفیمە کاراو بەتواناکان دادەنرێت. لەبەرامبەردا مۆرفیمی /-ا/ لەهەردوو زماندا بەکەم توانا دادەنرێت.

## ٢-٣-١-٥: مۆرفیمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی

نەرێکردن لە هەردوو زمانی کوردی‌و فارسیدا، بە پلەی یەکەم پرۆسەیەکی سینتاکسییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم مۆرفیمانە لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگیشدا ڕۆڵ دەبینن. بەشێوەی پێشگر دەردەکەون. هەندێك مۆرفیم لەهەردوو بوار (سینتاکس‌و فەرهەنگ)دا ڕۆڵ دەبینن، لەوانە /نە-/، /نا-/، بەڵام هەندێکیان تەنیا لەبواری فەرهەنگدا دەبینرێن، لەوانە /غیر-/، /ضد-/، /پاد-/، /بی-/.

ئەو مۆرفیمانەی کە لە بواری نەرێی فەرهەنگییدا، بەکاردێن‌و هاوبەشن لەنێوان هەردوو زمانەکەدا، ئەمانەن: /نە-/، /نا-/، /لا-/، /غیر-/، /بی-/ جیاوازییەکی کەم لە تواناو ڕێنووس کردنیان بەگوێرەی سروشتی زمانەکە هەیە.

## ٢-٣-١-٦: مۆرفیمەکانی بواری ئاوەڵناوی بکەری

لە هەردوو زماندا، ئەو مۆرفیمانەی کە ئاوەڵناوی بکەری سازدەکەن زۆربەیان لەگەڵ بواری پیشەدا، هاوبەشن. لەڕێگەی چەمك‌و بەکارهێنانیان لەیەکتری جیادەکرێنەوە. هەندێکیشیان لەگەڵ مۆرفیمەکانی بواری ئاوەڵناوی کراودا وەکویەکن. بەشێکی زۆری مۆرفیمەکانیش لەنێوان هەردوو زماندا هاوبەشن، لەوانە: /-ە/، /-

٨٦ - لەبارەی کورتکردنەوەی ناوی تایبەت‌و ڕێگاو شێوازەکانی، بڕوانە: (ایران کلباسی: ١٣٦٤: ٤٧- ٥٠)

ا/، /-كار/، /-گر/...... ئەم هاوبەشییە لە ڕووی تواناشەوە هەستی پێدەكرێت. بەنموونە /-گر/ لە هەردوو زماندا بەكارا دادەنرێتو /-ی/ بە مۆرفیمێكی كەم توانا دادەنرێت.

هاوبەشییەكی تر زۆری ژمارەی مۆرفیمە لەم بوارەدا. هەروەها تێكەڵ بوونی چەمكی ئاوەڵناوی بكەریو نەرێییە لە یەك كاتدا. بەنموونە /نە-/ لەهەردوو زماندا توانای گەیاندنی ئەم چەمكەیشی بەشێوەی ئاوێتەی لەگەڵ چەمكی نەرێ هەیە. وەكو:

نەبەز(ك) نترس (ف)

## ٢-٣-١-٧: مۆرفیمەكانی بواری ئاوەڵناوی كراو

مۆرفیمەكانی ئەم بوارە فەرهەنگییە، بنكەكەیان، لە هەردوو زماندا، ڕەگی كار دەبێت، شێوەی سێیەمی كار parpartspil دروست دەكەن، بەزۆریش لەگەڵ ئەو كارانەدا دەردەكەون، كە لەڕووی هێزەوە تێپەڕن.

هەریەك لە مۆرفیمەكانی /-ە/، /-ار/ لەم بوارەدا، هاوبەش لە نێوان هەردوو زماندا، ئەمەش بۆ ئەو ڕیشە هاوبەشەی نێوانیان دەگەڕێتەوە، كە ئەم مۆرفیمە بۆ هەمان چەمك لە زمانی ئێرانی كۆنو ناوەڕاستدا هەبووە.

## ٢-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی كوردیو فارسی:

بە شێوەكی گشتی جیاوازی گیرەكەكانی زمانی كوردیو فارسی، لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگدا، خۆی لە سێ لایەنەوە دەبینێتەوە، یەكەمیان فۆرم. دووەمیان توانا، سێیەمیان چەمكو سیمای واتاییان. هۆكاری هەریەك لەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەكە خۆیو كاریگەری زمانانی تر، بۆ نموونە بوونی ژمارەیەكی زۆر مۆرفیمی بەندی زمانی عەرەبی — تەنانەت مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیش- نەبوونیان بەو شێوە بەرچاوە لە زمانی كوردیدا. هەروەها مانەوەی هەندێ مۆرفیمی زمانی فارسی كۆنو ناوەڕاست. لە زمانی فارسی نوێداو كاربوونیانو نەگەیشتنیان بە زمانی كوردی. بۆ نموونە لە مۆرفیمی بەندی /-كدە/ ئەم بیرە بەتەواوی بەرجەستە دەبێت، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر بەردەوامییو لێك نەپچڕانی ئەڵقەكانی زمانی فارسی لە كۆنو ناوەڕاستو نوێدا، بەتایبەتی بەشێوەی زمانی نووسراوو مانەوەو لەبەردەست بوونی دەقی نووسراو. بەڵام لە زمانی كوردیدا، بەتەواوی ئەم ئەڵقە پێكەوە بەستراوانە نابینرێن، بەتایبەت لە زمانی نووسیندا. هەربۆیەش هەندێ لە مۆرفیمو تەنانەت دانە فەرهەنگییەكانی تریش لە زمانی ئێرانی كۆندا هەبوون، بەڵام نەگەیشتوونەتە زمانی كوردی.

لە بارەی جیاوازی مۆرفیمەكانو توانایان لە ڕووی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگەوە، هەوڵ دەدەین هەریەك لەو بوارانە بەجیا وەربگرین.

## ٢-٣-٢-١: مۆڕفێمەکانی بواری شوێن

بە گشتی لە زمانی کوردیدا هەندێ مۆڕفێم هەن، کە لە زمانی فارسیدا نین، لەوانە: /-ەڵان/، /ەوار/، /-ایی/، /-ەوانی/، /-وو/، /-ەتی/.

لە بەرامبەریشدا، لە زمانی فارسیدا، هەندێ مۆڕفێم هەن، کە لە زمانی کوردیدا نین، لەوانە: /-کدە/، /-لاخ/، /-ە/، /-گری/، /-ایە/، /-بار/، /-خن/، /-لان/.

لە ڕووی تواناشەوە، تاڕادەیەك جیاوازی لە نێوان مۆڕفێمەکاندا بەدی دەکرێت، بەنموونە /-ستان/ لە زمانی فارسیدا، بەبەرهەم ترە، وەك لە زمانی کوردیدا، بەڵام پاشگری /-زار/ لە زمانی کوردیدا بەتواناترە وەك لە زمانی فارسی. هەتا لەگەڵ بنکەی جیاوازدا دەربکەوێت، ئەوا دەشێ سیمای لاوەکی زیاتربێت. بە نموونە لە وشەی (بیمارستان) پاشگری /-ستان/ {+ناوی وڵات} نییە.

خاڵێکی سەرەکی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا، ژمارەیەکی زۆر ئەندام لە بواری واتای شوێندا هەن، بۆیە توانای هەریەك لەو ئەندامانیش بەبەراورد لەگەڵ زمانی فارسی کەمترە.

## ٢-٣-٢-٢: مۆڕفێمەکانی بواری پیشە

لە ڕووی ژمارەوە، لە زمانی کوردیدا، ئەم بوارە ئەندامی کەمتری هەیە، بەبەراورد لەگەڵ زمانی فارسیو هەندێ مۆڕفێم هەن، کە لەزمانی کوردیدا کاران‌و لە فارسیدا نیین، لەوانە: /-ساز/، /-ەر/، /-دۆز/، /-مەند/ ...... لەهەمان کاتدا هەندێ مۆڕفێم هەن لە کوردیدا نین‌و لە زمانی فارسیدا کاران، لەوانە: /-پاد/، /-بد/، /-کی/، /-باشی/.....

مۆڕفێمەکانی بواری واتایی پیشە، لەزمانی فارسیدا، زیاتر لەگەڵ بنکەی عەرەبیو زمانەکانی تردا بەکاردێن بەبەراورد بەزمانی کوردی، واتە مۆڕفێمی بنکە، عەرەبییەو مۆڕفێمی بەند فارسییە، ئەمەش زیاتر بەبەرهەمیو توانای ئەو مۆڕفێمە پیشان دەدات، لەڕووی بوونی مۆڕفێمی ڕەسەنی زمانەکە لەسەر بنکەی وەرگیراو، بەنموونە:

نضافتچی، معدنچی، تلگرافچی، تلقنچی، صنعتگر، صنعتکار، اشغالی......هتد

لایەنێکی تری جیاوازی نێوان ئەو دوو زمانە، لە دیاریکردنی سنووری نێوان مۆڕفێمەکانی بواری پیشەو مۆڕفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی بکەرییە، لە زمانی فارسیدا زۆر بەوردی سنووری نێوان ئەم دوو بوارە دیاری کراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، تاکو ئێستا ئەم دوو بوارە تێکەڵ بەیەکتری کراون، بەیەك بوار هەژمارکراون، سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ بواری (خاوەنداریێتیو پاراستن‌و چاوەدێری)دا تێکەڵ کراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێك نزیکی سنووری نێوانیان‌و نەبوونی لێکۆڵینەوەی وردو زانستی لەم بوارەدا.

## ٢-٣-٢-٣: مۆرفێمەکانی بواری بچووککردنەوە

جیاوازی مۆرفێمەکانی بچووککردنەوە، لە زمانی کوردیو فارسییدا، لە ڕووی جۆرو واتاو ژمارەوە دەبینرێت. لەڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا پازدە مۆرفێمو ئەلۆمۆرف بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە بەکاردێن. بەڵام لە زمانی فارسیدا، بۆ هەمان چەمك کەمتر لە دە دەبینرێن. بۆیەش توانای لەبری یەکترهاتنیان لە زمانی فارسیدا، زۆر کەمترە، چاو لەزمانی کوردی، کەزۆرجار لەبری یەکتر دێن:

کانیلە = کانیۆکە، سورکە = سورکەلە

لە ڕووی جۆرەوە، مۆرفێمەکانی /-یلە/، /-یلکە/، /-ۆکە/.... لە کوردیدا هەنو لە فارسیدا، نین. لەبەرامبەریدا، لە فارسی مۆرفێمەکانی /-غالە/، /-ژك/ هەن، کە لە کوردیدا نین.

لەڕووی تواناوە، بەشێوەکی گشتی مۆرفێمەکانی زمانی فارسی بەتواناترن، چونکە ژمارەیان کەمترە، تەنانەت ئەو مۆرفێمانەی کە هاوبەشیشن، توانایان جیاوازە، بەنموونە مۆرفێمی /-چە/ لە فارسیدا بەبەراورد بەزمانی کوردی زۆر بەتواناترو کاراترە.

/-چە/(ف): دریاچە، الوچە، بازارچە، دفترچە، کتابچە، تاریخچە، مورچە، دیگچە.......

/-چە/: باغچە، دەریاچە، بێڵچە.

## ٢-٣-٢-٤: مۆرفێمەکانی بواری ئەبستراکتی

لە ڕووی ژمارەوە، مۆرفێمەکانی ئەم بوارە، لە هەردوو زماندا جیاوازن. لە زمانی کوردیدا، کەمتر لە نۆ مۆرفێم بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە بەکاردێن. بەڵام لەزمانی فارسیدا، زیاتر لە دوازدە مۆرفێم بەکاردێن، سەرباری ئەوەی کە هەندێ مۆرفێم لەڕووی فۆرمەوە هاوبەشن، بەڵام لەم ڕووەشەوە جیاوازییان هەیە، بەنموونە لە زمانی کوردیدا، /-ێتی/، /-ەتی/، /-ایەتی/ هەن، کە لە فارسیدا نینو لەبەرامبەردا لە فارسیدا، مۆرفێمەکانی /-ال/، /-ش/، /-مان/، /-گانی/، /-گری/، /-ایت/ هەن، کە لەزمانی کوردیدا نین.

لە ڕووی تواناشەوە، بەشێوەکی گشتی مۆرفێمەکانی زمانی کوردی لە پلەی بەرزتردا دەبینرێن، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ژمارەیان کەمترە، بۆیە دووبارەبوونەوەیان زیاترە.

لەم بوارەدا، بەکاریگەری زمانی عەرەبی مۆرفێمی /-یت iyyat-/ هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، بەڵام کاریگەری زمانەکانی تر لەسەر زمانی کوردی بۆ هێنانەناوەوەی مۆرفێم بۆ ئەم بوارە نابینرێت.

## ٢-٣-٢-٥: مۆرفێمەکانی بواری نەرێی فەرهەنگی

لە زمانی کوردیدا، پێنج مۆرفێم بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارە ڕۆڵ دەبینن. بەڵام لە زمانی فارسیدا، نۆ مۆرفێم ئەم چەمکە فەرهەنگییە پیشان دەدەن. هەریەك لە مۆرفێمەکانی /پاد-/، /ضد-/، /بلا-/ لە زمانی

فارسیدا هەنو لە کوردیدا نین. ئەمە لەڕووی ژمارەو جۆرەوە، لە ڕووی تواناشەوە، جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت بەنموونە، /غیر-/ لە زمانی کوردیدا مۆرفێمێکی کەم توانایە، بەلاّم لەزمانی فارسیدا بەکاراترین مۆرفێم دادەنرێت.

بەشێوەکی گشتی، کاریگەری زمانی عەرەبی لەم بوارەدا، لەسەر هەردوو زماندا دەبینرێت، بەلاّم ئەم کاریگەرییە لە زمانی فارسیدا زۆر بەرچاوترەو بووەتە هۆی هاتنە ناوەوەی چوار مۆرفێم کە لە ڕیزی مۆرفێمە کاراو چالاکەکانیش دادەنرێن. بەلاّم لەزمانی کوردیدا، تەنیا دوو مۆرفێمی هێناوەتە ناوەو ئەوانیش لەڕیزی مۆرفێمە ناچالاکەکانو کەم تواناکان دادەنرێن.

## ٢-٣-٢-٦: مۆرفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی بکەری

جیاوازی نێوان زمانی کوردیو فارسی، لەبواری مۆرفێمەکانی بکەرییدا، خۆی لە جۆری مۆرفێمەکاندا دەبینێتەوە، هەندێك مۆرفێم بەنموونە /-وك/، /-ون/ لە فارسیدا هەن، بەلاّم لە کوردیدا نین، بەرانبەر بەمە مۆرفێمەکانی /-باز/، /-ساز/، /-دەر/ لە کوردیدا هەنو لە فارسیدا نین. هەروەها جیاوازییەکی تر، پلەی توانایە هەندێك لە مۆرفێمەکاندا هەیە، بەنموونە پاشگری /-گر/ لەزمانی فارسیدا لە ڕیزی مۆرفێمە چالاكو بەتواناکانی ئەم بوارەیە. بەلاّم هەمان مۆرفێم لە زمانی کوردیدا بە مۆرفێمێکی کەم توانا دادەنرێت، ئەمە بۆ چەند مۆرفێمێکی تریش بە هەمان شێوەیە.

## ٢-٣-٢-٧: مۆرفێمەکانی بواری ئاوەڵناوی کراو:

لە زمانی کوردیو فارسیدا، لەچەند ڕوویێکەوە جیاوازی لەم بوارەوە هەست پێدەکرێت، لەوانە لەڕووی ژمارەوە لە زمانی فارسیدا، شەش مۆرفێم ئەم چەمکە دەگەیەنن، بەلاّم لە زمانی کوردیدا هەریەك لە مۆرفێمەکانی /-وو/و /-راو/ بەکاردێن، کە لە ڕووی تواناوە زۆر بەهێزو چالاكو بەبەرهەمن، بەلاّم لە زمانی فارسیدا، بەکارناهێنرێن، لەبەرامبەردا لە فارسیدا هەریەك لە مۆرفێمەکانی /-ان/، /-ی/[87]، /-ون/، /-ا/ بەکاردێن، کە لەکوردیدا بەکارناهێنرێن. لەڕووی تواناشەوە، جیاوازی نێوانیان هەست پێدەکرێت، بەنموونە لە زمانی کوردیدا، چالاکترین مۆرفێمی ئەم بوارە /-راو/ە، بەلاّم لە فارسیدا /-ە/یەو لەبەرامبەردا لە زمانی کوردیدا، /-ە/ لەڕووی تواناوە لە پلەی مام ناوەندییدایە.

---

٨٧ - ئەم مۆرفێمە (/-ی/ لەم بوارەدا، لە زمانی کوردیدا، تەنیا لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەکارناهێنرێت، کەچی لە کرمانجی ژووروودا مۆرفێمێکی چالاكو بەبەرهەمی ئەم بوارەیە.

# بەشی سێیەم

## توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا

# بەشی سێیەم

# توانای مۆرفێمی بەند لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا

## ٣-١: توانای مۆرفێمی بەند لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا:

زمانی کوردی، وەك زمانێکی لکاو، بەشێکی زۆری چەمکە سینتاکسییەکانی لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەگەیەنرێن. بەم پێیەش ئەم جۆرە مۆرفێمە لەم ڕووەوە بەتوانادارو بەبەرهەم هەژماردەکرێت، لەگەردان کردنی هەریەك لە بەشە ئاخاوتنەکاندا، ئەم جۆرە مۆرفێمانە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن، بۆیە زۆرجاریش ناودەبرێن بە مۆرفێمی گەردان کردن (تصریف). لێرەدا، لە گرنگترین ئەو مۆرفێمە بەندانە دەدوێین، کە ڕۆڵێکی سینتاکسی پیشان دەدەن. هەروەها توانای هەریەك لە ئەندامانی هەر گروپێك دەخەینەڕوو.

### ٣-١-١: مۆرفێمی بەندیی ناساندن:

چەمکی ناساندنو دیاریکردن[٨٨]، لە زمانی کوردیدا، هەم لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندو هەم لەڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆشەوە دەگەیەنرێت. هەریەکەیان سنوورو ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە. بەگشتی دەشێت هەریەك لەم کەرەستانە دیاریکردنو ناساندن دەربڕێت:

مۆرفێمی سەربەخۆی نیشانە: ئەم زانکۆیە

بەهۆی دیارخەرەوە: باوکی ئازاد

لەڕێگەی جێناوی خۆییەوە: گەڕەکی خۆمان

مۆرفێمی بەندی ناسیاری: کوڕەکە، ژنەکە،

ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، بەکارهێنانی مۆرفێمی بەندە، وەك ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی چەمکی ناساندنو دیاریکردن، کە ئەمەش (کردەیەکی زمانییەو بریتییە لە ئاشکرا کردنو دیاریکردنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا، کە پێشتر قسەکەرو گوێگر دەیزانن.) (ئەبوبەکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٢٨) ئەم کردە سینتاکسیە کەتیگۆرییەکی ناوەو هەرچەند هەندێجار دەوترێت ئەم (مۆرفێمە تایبەت نییە بەناو، یان ئاوەڵناو، بەڵکو تایبەتە بە فرێزی ناوی)، (Fattah. M:1999:40)[٨٩] بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین ئەم مۆرفێمە لەهەر شوێنێکی فرێزی ناویدا بێت، ئەوا لەڕووی چەمكو واتاوە، هەر وابەستەی ناوەکە دەبێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەڕووی دەرکەوتنەوە، لە هەندێ باردا، بنکەی خۆی دەگۆڕێتو دەتوانێت بچێتە سەر کەرەستەی کۆتایی فرێزەکە، بەمەش سیفەتی نووسەکی وەردەگرێت، وەکو:

---

٨٨ - لەبارەی چەمکی دیاریکردنەوە بڕوانە: (لیمۆ محمود تۆفیق: ٢٠١٢: ٣- ٥٤)

٨٩- لە (ئەبوبکر عمر قادر: ٢٠٠٣) وەرگیراوە.

کتێبــ**ەکە**م خوێندەوە

کتێبە کۆنــ**ەکە**م خوێندەوە.

کتێبە کۆنو بەنرخــ**ەکە**م خوێندەوە.

لە هەریەکێك لەم ڕستانەدا، مۆرفێمی (-ەکە) تایبەتە بەدیاریکردنو ناساندنی ناوی (کتێب) هەرچەندە لەڕووی دەرکەوتنیشەوە لێوەی دووربێت. ئەمەش لە هەندێ باری تایبەتدا ڕوودەدات، بەتایبەت کاتێك کە بە ئاوەڵناوێك دیارخرابێت، وەك نموونەکانی سەرەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم مۆرفێمە بەندە تایبەتە بەناو، بەڵام دەشێت (بە ناوو ئاوەڵناوەوە بلکێت.)(ئەورەحمانی حاجی مارف: **١٩٧٩: ١٨٨**).

ئەوەی لە زمانی کوردیدا، لەم مۆرفێمەدا، دەبینرێت توانەوەی چەمکێکی ترە، لە هەمان کاتو دەوروبەردا، ئەویش چەمکی ژمارەیی تاکە، چونکە هەموو ئەو ناوە گشتییانەی ئەم مۆرفێمە وەردەگرن، هەم دەبن بە ناسراوو هەم تاکیش، وەکو:

**گوڵ**(گشتی) + /-ەکە/ = **گوڵەکە**(ناسراو، تاك)

**باخ**(گشتی) + /-ەکە/ = **باخەکە**(ناسراو، تاك)

کەواتە ئەم مۆرفێمە دوو چەمك پیشان دەداتو چەمکەکانیش لێك جیانابنەوە، کە دەشێ بەم شێوە پیشان بدرێت:




بنکەی ئەم مۆرفێمە بەگشتی ناو دەبێت، بەڵام هەندێجار پۆلە ناوئاساکانیش دەتوانن بەهەمان چەمكو ئەرکەوە وەربگرن، لەوانە، (ئاوەڵناو، چاوگ، وەکو ناو کاردەکەن.) (محەمەد مەعروفو سەباح ڕشید: **٢٠٠٦: ٥٥**). لەهەمبەر ئاوەڵناو، کاتێك ئەم مۆرفێمە وەردەگرێت، کە ناوە دیارخراوەکەی کرتابێت، بەهۆکارێکی زمانیو لای قسەکەرو گوێگر ڕوونو ئاشکرا بێت، وەکو:

منداڵە جوانەکە هات. ← جوانەکە هات.

خوێندکارە زیرەکەکان خەڵات دەکەن. ← زیرەکەکان خەڵات دەکەن.

لێرەدا، چونکە (دیارخراو) لەنێوان قسەکەرو گوێگردا ڕوونو ئاشکرایە، دەشێت لابرێتو لەئاستی سەرەوەدا ئاماژەی پێنەدرێت، هەرچەندە بوونێکی سەربەخۆی لەئاستی ژێرەوەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش تەنیا خۆی نەك نیشانە ڕێزمانییەکانی دەکرتێنرێنو نیشانەکانی بەسەر دیارخەرەکەوە دەمێننەوە.

لەبارەی چاوگیشەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە دەتوانرێت وەکو ناو بەکاربهێنرێتو هەموو تایبەتییەکانی ناو وەربگرێتو ببێتە ناوی واتایی. هەربۆیەش هەندێ لەزمانەوانان، ناویان ناوە (ناوی ڕووداو)[٩٠]، بۆیە دەکرێت ئەم مۆرفیمە وەربگرێت، وەکو:

نووسین + /-ەکە/ = نووسینەکەم خوێندەوە.

هاتن + /-ەکە/ = ڕێز لەهاتنەکەتان دەگرم.

سەرکەوتن + /-ەکە/ = پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەت لێ دەکەم.

هەڵبژاردن + /-ەکە/ = هەڵبژاردنەکە دواخرا.

فۆرمی سەرەکی ئەم مۆرفیمە (-ەکە) یە، هەرچەندە هەندێك لە ڕێزماننووسان لەوباوەڕەدان، کە ئەم فۆرمە لە دوو مۆرفیمو ناوبڕێك پێك هاتبێت.[٩١] واتە لە هەریەك لە ((ە) مۆرفیمی نزیکی + ك (ناوبڕ) + (ە) مۆرفیمی نزیکی پێك دێت.)(عبدالله حسین رەسول: ١٩٩٥: ٨٣) بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو چەمكو واتایە یەك ناگرێتەوە، کە ئەم مۆرفیمە دەیگەیەنێ، بەتایبەت کە هەردوو چەمکی نزیکیو ناساندن یەکسان نینو شوێنی یەکتری ناگرنەوە. هەروەها لە هیچ شوێنێکدا دەنگی {ك} نەبۆتە ناوبڕ(ناوبەند)، تا لێرە ئەم ڕۆڵەی پێبدرێت.[٩٢] ئەم مۆرفیمە چەند فۆرمێکی جیاوازی هەیە، کە هەندێکیان ئەلۆمۆرفنو هەندێکی تریان دەبن بەهاوواتای یەکتر، کە لەم وێنەیەدا، دەیانخەینەڕوو:




---

٩٠- بە نموونە بڕوانە: (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١١: ٧٦)

٩١- بڕوانە: (عبدالله حسین رەسوڵ: ١٩٩٥: ٨٣)

٩٢- دکتۆر ئەبوبکر عومەر قادر لە نامەی دکتۆراکەیدا، ئەم ڕاستییەی لەچەند ڕووێکەوە ڕوونکردوەتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات، بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢٩).

فۆڕمی سەرەکی بۆگەیاندنی چەمکی ناساندن لەڕێگەی مۆڕفیمی (-ەکە) دەبێت، ئەگەر هاتوو ئەو بنکەیەی (کە دەچێتە سەری کۆتایی بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێت.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٨٩) و بەدوای خۆیدا هیچ مۆڕفیمێکی تری وەرنەگرت، کە بەدەنگێکی بزوێن دەستی پێکردبێت، وەکو:

قەڵەمـ**ەکە**، گوڵـ**ەکە**، کتێبـ**ەکە**، شەڕ**ەکە**

لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانەوە، توانایەکی زۆری هەیە، بەپێی ئەو نموونانەی کە وەك داتا بۆ دەرخستنی توانا ئەو فۆڕمە جیاوازانە وەرگیراون، دەرکەوتووە، لەسەرووی هەموویانەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئەو بنکانەی کە کۆتاییان بە دەنگە نەبزوێنەکان هاتووە، کە ئەمەش وابەستەی سروشتی جیاوازی ژمارەی بزوێنو نەبزوێنەکانە لە زمانی کوردیدا. ئەم زۆری دووبارەبوونەوەیەو بەرزی ئاستی توانای ئەم فۆڕمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ببێتە فۆڕمی سەرەکیی ئەم مۆڕفێمە. سەرەڕای ئەوەش چەند شێوەیەکی تری هەن، کە لە هەندێ دەوروبەری زمانیدا دەردەکەونو بە ئەلۆمۆڕفی ئەم مۆڕفێمە ناسراون، لەوانە:

/-کە/: ئەم فۆڕمە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بەدەنگێکی بزوێن هاتبێت، بەتایبەت دەنگی {ە}، چونکە لەگەڵ دەنگە بزوێنەکانی تردا، دەشێ /-کە/ یان ئەلۆمۆڕفی تر بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگەڵ دەنگی {ە} تەنیا /-کە/ بەکاردێت، بەمەرجێك بەدوایدا مۆڕفێمێکی تر نەهاتبێت، کە بە بزوێن دەستی پێکردبێت، وەکو:

نامە**کە**، پەنچەرە**کە**، گۆزە**کە**، تەختە**کە**، ڕاستە**کە**...

ئەوەی توانای ئەم مۆڕفێمە بەرزدەکاتەوە، بەکارهێنانیەتی، لەگەڵ هەندێ بنکەی تردا، کە کۆتاییان بە بزوێنەکانی تر هاتبێت، وەکو:

{ۆ}: گەزۆ**کە**، دۆ**کە**، برۆ**کە**......... ∞

{ا}: مامۆستا**کە**، با**کە**، شا**کە**....... ∞

{ێ}: دێـ**کە**، زێـ**کە**، ڕێـ**کە**.......... ∞

بەڵام لەم بەکارهێنانەیدا، تاڕادەیەك، مۆرکی ناوچەیی پێوەدیارەو بەگشتی بەرانبەر ئەلۆمۆڕفێکی تری هەمان مۆڕفێم دەوەستێت، ئەویش /-یەکە/یەو لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا، دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە، بەزۆریش لە گۆڤەری سلێمانیدا بەکاردێت.

/-یەکە/ فۆڕمێکی ترە، کە هەندێجار دەتوانێت جێگەی /-کە/ بگرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو بنکانەی کە کۆتاییان بە دەنگی {ۆ، ا، ێ} هاتبێ، ئەمەش لەهەندێ ناوچەی تایبەتدا، دەبینرێت، وەکو:

گەزۆ**یەکە**، دەرگا**یەکە**، دێـ**یەکە**..........هتد.

بەشێوەکی گشتی /-یەکە/ لەڕووی بەکارهێنانیەوە، لە پلەی سێیەمدا دێت، لەڕووی تواناو بەرهەمەوە، چونکە دەکرێت لە زۆربەی بارەکاندا بە /-کە/ شوێنی پڕبکرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نابێت. واتە بەزۆری /-کە/ دەتوانێت دابنرێت، بەڵام ناتوانرێت لە هەموو شوێنێك /-یەکە/ شوێنی /-کە/ بگرێتەوە، وەکو:

**چرایەکە** = چراکە

پەنجەرەکە ≠ *پەنجەرەیەکە

پانکەکە ≠ *پانکەیەکە

بۆیە ئەم دوو ئەلۆمۆرفە زۆرجار واتاو بەکارهێنانێکی یەکسانیان دەبێتو لە هەمان دەوروبەردا دەردەکەون، بەمەش دەبن بە جۆرێك لە هاوواتا. بەکارهێنانێکی تایبەتی ئەم فۆڕمە لەگەڵ ئەو بنکانەدایە، کە کۆتاییان بەدەنگی {ی} هاتووە، کە لەم بارەدا ناکرێت /-کە/ شوێنی بگرێتەوە، ئەم فۆڕمە دەبێتە شێوەیەکی ناچاری لەهەموو بارێکدا، وەکو:

کانی + ەکە > کانی**یەکە**

زیرەکی + ەکە > زیرەکی**یەکە**

خوری + ەکە > خوری**یەکە**

هەر ئەم چەشنەی بنکە، لە هەندێ شوێنو گۆڤەردا، ئەلۆمۆرفێکی تری دروست کردووە، کە ئەویش /-ێکە/یە. ئەمەش بەتایبەتی لە گۆڤەری سلێمانیدا دەبینرێت، کە لە ئەنجامی گۆڕانی {ی+ە = ێ} پەیدادەبێت، وەکو:

کانی + ەکە > کان**ێکە**

زیرەکی + ەکە > زیرەک**ێکە**

خوری + ەکە > خور**ێکە**

بەم پێیە بەکارهێنانی /ێکە/ توانایەکی سنووردارتری هەیە، بۆیە لەڕووی ڕێژەیشەوە، کەمتر بەکاردێت.

/-ۆکە/ ئەلۆمۆرفێکی ترە، کە ئەویش سنووری بەکارهێنانی زۆر تەسکەو توانایەکی زۆری نییە، زیاتر لە گۆڤەری سلێمانیدا بەکاردێت، تەنیا لەگەڵ ئەو بنکانەدا، دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بەدەنگی {وو} هاتووەو گۆڕانێکی فۆنۆلۆژی ڕوودەدات بەوەی کە {وو} + {ە} دەبێت بە {ۆ} واتە دوو دەنگ تێدەچنو دەنگێکی نوێ پەیدادەبێت، وەکو:

خانوو + ەکە > **خانۆکە**

مازوو + ەکە > **مازۆکە**

ئەو بنکانەی کە کۆتاییان بە {وو} دێت، ئاسایی دەتوانن /-ەکە/ وەربگرن، بێ هیچ گۆڕانێك لە فۆڕمی مۆرفیمەکەدا، وەکو:

خانوو + ەکە > **خانووەکە**

مازوو + ەکە > مازووە**کە**

بەڵام دەبێت سەرنجی ئەوەش بدەین، لەڕووی قاڵبی بڕگەی فۆنەتاکتیکی ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەردادێتو دەنگی {وو} لێك دادەبڕێتو دەبێت بە {و}(بزوێن) و {و}(نەبزوێن) واتە: {خا/نو/وە/کە}، {ما/زو/ وە/کە} هەر ئەمەش وای لە هەندێ زمانەوان کردووە، کە /-وەکە/ بە ئەلۆمۆڕفێکی /-ەکە/ دابنێن[٩٣]

ئەو ئەلۆمۆڕفانەی سەرەوەی مۆڕفێمی ناساندن، هۆکاری پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەنگسازی ئەو بنکەیەی کە مۆڕفێمەکە وەردەگرێت، بەڵام هەر یەکێك لەو ئەلۆمۆڕفانە بە هۆکاری ڕێزمانیش — سەرباری ئامادەگی هۆکارە فۆنۆلۆژییەکە- شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەتایبەت کاتێك مۆڕفێمێکی تری، بەدوادابێت کە بەدەنگێکی بزوێن دەستی پێکردبێت. ئەوەیش بەتایبەتی لە بەدوایەکداهاتنی مۆڕفێمی ناساندنی (-ەکە)و مۆڕفێمی کۆی (-ان)دا، دەبینرێت، بەم پێیە، (بنکە + م.ناساندن + م.کۆ) ئەمانەی لێدەکەوێتەوە:

ەکە > ەك

کوڕ + ەکە + ان > کوڕە**کـــــــ**ـان

کە > ك

چرا + کە + ان > **چرا**ک**ـــــــ**ـان

یەکە > یەك

دەرگا + یەکە + ان > دەرگا**یـــەکـ**ـــان

ێکە > ێك

کانی + ێکە + ان > کانـــ**ێکـ**ـــــان

ۆکە > ۆك

خانوو + ەکە + ان > **خانـــۆکـ**ـــــان

بەم پێیە هەریەکێك لە (/-ەك/، /-ك/، /-یەك/، /-ێك/، /-ۆك/) ئەلۆمۆڕفی /-ەکە/ن، کە هۆکاری ڕێزمانی ڕۆڵی هەبووە، لە دروستکردنیان، بەڵام بەکارهێنانیان سنووردارەو کەم توانان.

/-ە/: یەکێکی ترە، لەو مۆڕفێمە بەندانەی کە لە سنوورێکی دیاریکراودا بەکاردێت. هەندێك لەزمانەوانان بەمۆڕفێمێکی تایبەتی دادەنێنو نایکەن بە ئەلۆمۆڕفی /-ەکە/[٩٤] هەروەها ئەم مۆڕفێمە زۆرجاریش تێکەڵ بە پاشبەندی نیشانە دەکرێت، و دەوترێت (نیشانەی ناسیاری (-ە)/ (-یە) لەگەڵ ناوێکدا بەکاردێت، کە جێناوی نیشانەی (ئەم) و یا (ئەو)ی بەپێش کەوتبێت.) (زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٤٥) ئەمەش تاڕادەیەك لەو ئەرکە

---

٩٣- بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٢)

٩٤ - بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٦)، (ئازاد باخەوان: ١٩٩٨: ١٠١)، (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٣)

دووری دەخاتەوە، کە ئێمە دەمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە لەو بەکارهێنانانەیدا، کە چەمکی ناساندن دەگەیەنێت، پێویستی بە جێناوی نیشانە نابێت، وەکو: دایکـــــە هەر دەگریا.

لێرەدا، /-ە/ لەبری /-ەکە/ هاتووەو توانیویەتی شوێنی بگرێتەوە، بەڵام کە جێناوی نیشانەی لەپێش بێت، ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە، وەکوو:

* ئەم دایکەکە هەر دەگریا.

ئەم مۆرفێمە جیاوازی لەگەڵ /-ەکە/ ئەوەیە کە سنووری بەکارهێنانی زۆر تەسکترەو لەو دەوروبەرانەشی، کە بەکاردێت، هەمان واتاو مەبەستی /-ەکە/ دەدات، بۆیە (دوور نییە، ئەم نیشانەیە کورتکراوەی /-ەکە/ بێت)، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٧) بۆیە دەشێت بە چەشنێك لە ئەلۆمۆرفی هەژماربکەین‌و بەجۆرێك لە ئابووریکردنی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دابنێین. بەتایبەتی کاتێك بەکاردێت، کە ناوێکی دیاریکراوە، لە گێڕانەوەیەکدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەزۆریش لە چیرۆك‌و رۆمان‌و حیکایەتدا. هەرچەندە دەوترێت تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردوو بەکاردێت‌و (لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا نایەت.) (ئەبوبەکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٣٣) بەڵام لەزۆر نموونەی کاری فۆڕم ڕانەبردووی گێڕانەوەشدا دێت، وەکو:

کوڕە دەچێتە سەیران.

دایکـــــە بەدڵێکی پڕلەخەم منداڵەکەی دەلاوێنێتەوە

لایەنێکی تری بێهێزی‌و خۆلادان لەو مۆرفێمە، ئەوەیە کە زۆرجار فۆڕمەکەی ون دەبێت‌و دەبێتە مۆرفێمی سفر، ناوەکەیش بەشێوەی ناوێکی گشتی دەردەکەوێت، (لە دۆخی ئاساییدا بەبێ زیادوکەم بەدەردەکەوێت، بەڵام ((ئەگەر هەندێجار ناوەکە کۆتایی بە (ا، و، یَ، ی، ە) بێت، ئەوکاتە (ە) وەرناگرێ لەم حاڵەتەدا بەقەرینە تێدەگەین، کە مەبەست باس لێکراوێکی دیاریکراوە.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٨)

دۆیەکە زۆر ترش بوو. دۆ زۆر ترش بوو.

ئاغایەکە زۆرداربوو. ئاغا زۆرداربوو.

هەروەها ئەگەر هاتوو ناوەکە بە ئاوەڵناوێك دەرخرا، ئەوکات ئەم نیشانەیە بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا، لەسەر ئاوەڵناوەکە دەرناکەوێت‌و ئەم چەمکە سینتاکسییەش ناگەیەنێ، وەکو:

* دایکە هەژارە هەر دەگریا.

* منداڵە بچووکە یاری دەکرد.

لەگەڵ مۆرفێمی کۆشدا، دووبارە بوونی خۆی لەدەست دەدات‌و دەبێتە سفر، وەکو:

ژنە هەر چاوەڕێی دەکرد. ژنان هەر چاوەڕێیان دەکرد.

بەشێوەیەکی گشتی، دەشێت ئەم فۆڕمەش وەك کەرەسەیەکی گەیاندنی چەمکی ناساندن دابنێین، کە لە سنوورێکی تایبەتو دیاریکراودا بەکاردێت، هەموو ئەمانەی سەرەوەش بێتوانایی‌و لاوازی ئەم مۆڕفێمە پیشان دەدەن.

توانای هەریەك لەو مۆڕفێمو ئەلۆمۆڕفانە بەم شێوەی خوارەوە، پیشان دەدەین، کە ئەنجامی وەرگرتنی ئامارێکی (٢٩٧) ناوی ناسراوە، بەهۆی مۆڕفێمی بەند

ئاماری ژمارە (١٥)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناساندن لە زمانی کوردیدا




## ٣-١-٢: مۆڕفێمی بەندیی نەناساندن

ئەم مۆڕفێمە هەڵگری چەمکێکی ڕێزمانییە، کە بریتییە لە دیاری نەکردنو شاردنەوەی ناو، لـەناو کۆمـەڵێك ناوی گشتییدا. وەك کەتیگۆرییەك تایبەتە بەناو، بەڵام هەندێجار لەڕووی شوێنەوە دەکرێت شوێنی سەرەکی خۆی بگۆڕێت. (تایبەتێتی ئەم مۆڕفێمە لە زمانی کوردیدا، لەوە دایە، کە جگە لە نەناسراوی تاکێتی پێیشـان دەدات.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) بەم پێیە ئەم مۆڕفێمەش توانەوەی چەمکی تییـدا بەرجەسـتەبووە، کـە چەمکی سەرەکی نەناساندن، لەگەڵ ئەویشدا چەمکی تاك پیشان دەدات.




ئەم مۆڕفێمە وەك دیارخەر بۆ سەرە -ناو- دەبێت، (بـەپێی یاسـای سـەرکۆتایی head final هەمیشـە دەکەوێتە کۆتایی دروستەکە.) (محەمەدی مەحوی: ٢٠١١: ٩٢) تاڕادەیەکی زۆر شوێنێکی چەسپاوی هەیە، وەکو:

شوانێك مەڕێکی لێ ون بوو.

پیاوێك لە لادێییەکی دوورەوە هاتبوو.

ژنێکی بەساڵاچوو، کوڕێکی جوانی لە باوەش گرتبوو.

ئەگەر لەو نموونانە وردبینەوە، دەبینین، لە نێو فرێزی ناویدا، هەرچەندە دیارخەری تر بۆ سەرە بێت، شوێنی مۆرفێمی /-ێك/ چەسپاوەو ناگۆرێت. کە ئەم حاڵەتە لە مۆرفێمی ناساندندا بەو شێوەیە نەبوو، هەر بۆیەش دەشێت بڵێین، مۆرفێمی نەناسیاری سیفەتی گیرەکی تێدا زاڵە، بەپێچەوانەی ناسیاری، کە زیاتر نووسەکییە.

فۆرمی سەرەکی ئەم مۆرفێمە، (/-ێك/)ە، بەڵام بەهەریەکێك لە هۆکارەکانی فۆنۆلۆژیو شێوەزارە ناوچەییەکان، ئەلۆمۆرفی تری هەیە، ئەوانیش (/-یەك/، /-ەك/)ن، لە ئەنجامی کورتکردنەوەو ئابووریکردنیشدا هەندێ جار ئەم مۆرفێمە دەبێتە (/-یَ/) بەمەش هاوبێژی فرەواتایی لەگەڵ چەند مۆرفێمێکی تر دروست دەکات[٩٥] بەم شێوەیە ناساندن، دەکرێت بەم مۆرفێمانە پیشان بدرێت:




بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرگیراون، مۆرفیمی سەرەکی (/-ێك/)ەو لە لە هەموویان چالاکترو بەتواناترە، بەگشتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، نیشانەی نەناسیاری (-ێك) هەیە. (ك.ك. کوردۆییێڤ:١٩٨٤: ٦٢)و لەگەڵ هەموو ئەو بنکانەشدا بەکاردێت، کە کۆتاییان بە نەبزوێن هاتووە، لەبەر زۆری ژمارەی نەبزوێن ئەو جۆرە وشانە زیاتر دەبینرێن، کە ئەو مۆرفیمەیان لەسەرە، وەکو: کتێبێك، وڵاتێك، بەردێك، خەمێك.........

لە ڕووی تواناوە، ئەلۆمۆرفی /-یەکە/ کە ئەلۆمۆرفێکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییە، بە پلەی دووەم دێت، چونکە لەگەڵ هەموو (ئەو ناوانەدا دێت، کە کۆتاییان بەدەنگی بزوێن هاتووە.) (کەوسەر عزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٨٣)، وەکو:

با+ ێك > بایەك

دۆ+ ێك > دۆیەك

پینە+ ێك > پینەیەك

دەرزی+ێك > دەرزییەك

---

٩٥ - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (لەیلا جلیل عباس دەلۆ: ١٩٩٨: ١١-٤٩)، (صباح ڕشید: ٢٠٠٠: ٨٩- ٩٣)

ماسی+ ێك > ماسییەك[٩٦]

هەروەها ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە (وو) هاتووە ناکەونە بەر ئەم ڕێسایە، چونکە /-ێك/ وەردەگرن‌و (و-W)ی نەبزوێن، دێتە ناوەوە.

دەزوو + ێك > دەزووێك.

/-ەك/ ئەلۆمۆرفێکی تری ناساندنە، کە هۆکاری دروستبوونی، بوونی زارو شێوەزارە، لە هەندێ ناوچەدا لە بری /-ێك/ بەکاردێت ((لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا نیشانەی نەناسیاری /-ەك/ هەیە.)) (ك.ك. کوردۆییێڤ: ١٩٨٤: ٦٢) هەر بەو کاریگەرییەش لە کرمانجی ناوەڕاستدا، لە هەندێ گۆڤەرو شێوەزاردا، /-ەك/ بۆ نەناسیاری بەکاردێت، بەتایبەتی لە شێوەزاری خۆشناوەتی‌و سۆرانیدا، بەنموونە:

کوڕەك، کتێبەك، ژنەك، منداڵەك...........

ئەمەش لەگەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن هاتبێت، ئەگەر لە هەریەکێك لەو گۆڤەرانەدا ناوەکە کۆتایی بەبزوێن هاتبوو ئەوە بە هەمان شێوە /-یەك/ وەردەگرێت، وەکو:

چایەك، بایەك، دۆیەك، دەریایەك، کەشتییەك.......

/-ێ/ بە یەکێك لە فۆڕمەکانی نەناسیاری دادەنرێت، هەروەها ئەرکێکی بریتییە لە گەیاندنی چەمکی نەناسراوی هەندێکیان بە ئەلۆمۆڕفی دادەنێن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو دەوروبەرەی کە تێدا دەردەکەوێت، هەمان ئەو دەوروبەرەیە کە /-ێك/ی تێدا دەردەکەوێت، جا چ دەوروبەری زمانیی بێت یان دیالێکت‌و شوێنی قسەپێکەران بێت، بۆیە ناکرێت بە ئەلۆمۆڕفی دابنێین، بەڵام بە شێوەکی گشتی زمانەوانان لەسەرئەوە کۆکن، کە کورتکراوەی فۆڕمی /-ێك/ بێت‌و (ئەم گۆڕانەش لە گۆڤەری سلێمانیدا دەبینرێت.) (لەیلا جلیل عباس دەلۆ: ١٩٩٨: ٥٦)

وەکو: پیاوێ، شارێ، چرایێ، کانیێ، منالێ............

بەگشتی ئەم شێوەیەی ئەم مۆڕفێمە بە هۆکاری ئابووریکردن دادەنرێت، لە ئاستی مۆڕفۆلۆژی‌و هەر ئەمەیش وای کردووە ئەم فۆڕمە لە ڕووی تواناوە بە شێوەیەکی کارا ببینرێت.

ئەلۆمۆڕفەکانی ئەم مۆڕفێمە زیاتر ئەلۆمۆڕفی دەنگین، نەك ڕێزمانی، ئەوەی کە لەڕووی شوێنەوە تاڕادەیەکی زۆر چەسپاوە، بنکە(ناو)ەکەی ناگۆڕێت، بۆیە زیاتر سیفەتی گیرەکی تێدا زاڵە، بە بەراورد بە مۆڕفێمەکانی ناساندن، هەروەك دەوترێت (/-ێك/ توانای پەڕینەوەی نییە بۆ سەر دەرخەر، شوێنێکی چەسپاوی هەیە)، (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٤) بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نییە، چونکە هەندێجار بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو دەستەواژانەی ڕادە پیشان دەدەن، /-ێك/ شوێنی خۆی دەگۆڕێت، بەنموونە:

پەرداخێك شیرم خواردەوە          پەرداخە شیرێکم خواردەوە.

---

٩٦ - ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە (ی) بزوێن هاتووە، توانای وەرگرتنی /-ێك/ یشیان هەیە، بەتایبەتی لە دەربڕیندا زۆرجار هەر بەو شێوەیە گۆدەکرێت: ماسێك، دەرزێك، کانێك. دەنگی {ی} تێدەچێت.

چەپکە گوڵێکم پێشکەش کرد.                چەپکێك گوڵم پێشکەش کرد.

دەستە جلێکم کڕی.                دەستێك جلم کڕی.

بەم پێیە دەشێ ئەم گیرەکە لەسەر دیارخەرو لەسەر دیارخراویش بێت، بەڵام بە مەجێك دیارخەرەکە یەکێك لە وشەکانی ڕادە بێت، وەکو: (پەرداخ، تەنەکە، کیلۆ، دەستە، چەپکە، ئەمپێر.....) یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم دیارخەرانەش ئەوەیە، کە دەچنە پێش دیارخراوەکە. لە ڕووی واتاشەوە، دیارخەرو دیارخراو ئاماژە بە یەك شت دەکەن، مۆرفێمەکەش لەسەر دیارخەر یان دیارخراو هەر هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنێت کە نەناساندنو تاکییەتییە.




یەکێك لەو گرفتانەی دێتە پێش لە ڕووی چەمکەوە، ئەوەیە کە ئەم مۆرفێمە هەڵگری ژمارەی تاکە لەپاڵ نەناساوییەکەیدا، بەڵام هەندێ جار دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە پێشتر بە مۆرفیمی کۆ، کۆکراونەتەوە، بۆیە لێرەدا چەمکی تاکییەتی لە دەست دەدات. لەم حاڵەتەشدا، مۆرفێمی /-ێك/ دەکەوێتە دوای /-ان/ی کۆ، واتە ئەو پرۆسە ڕێزمانییەی بەسەر ئەم ناوەدا دێت، یەکەمجار کۆکردنەوەیە، دواتر نەناسیاوی، بەنوونە:

کچ + ان > کچان(کۆ) + ێك > کچانێك (کۆکردنەوەو نەناسیاری)

پێکەوەهاتنی ئەم دوو مۆرفێمەش، تاڕادەیەکی زۆر سنووداره، (بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵێك شت بەکاردەهێنرێت لە نێو کۆمەڵە شتێکی زۆردا.) (ك.ك. کوردۆییڤ:١٩٨٤: ٦٣-٦٤) ئەو ناوانەی کە هەردوو مۆرفیمەکە پێکەوە وەردەگرن، لەیەك زیاترنو نەناسراویشن، بەنموونە:

پیاوانێك هەن لە ژنەکانیان دەدەن.

ژنانێك هەن ڕێز لە پیاوەکانیان ناگرن.

کەسانێك هەن هەق نابینن.

هەمان چەمکیش دەشێ لە ڕێگەی یەك مۆرفێمی سەربەخۆی، وەکو (هەندێ، هەندێك، نەختێ...) بگەیەنرێت، چونکە ئەم مۆرفێمەش هەڵگری هەردوو چەمکی (نادیاریو کۆ)یە، وەکو:

هەندێك پیاو هەن..............

هەندێ ژن هەن...........

هەندێ کەس.............

بەشێوەیەکی گشتی، بنکەی ئەو مۆرفێمە ناو دەبێت، بەڵام لە هەندێ باردا، لەسەر بەشە ئاخاوتنی تریشدا دەردەکەون، بۆ نموونە هەندێ جار لەسەر ئاوەڵناو دەبینرێت، ئەگەر بێتو ئەو ناوەی کە ئاوەڵناوەکە بووەتە دیارخەری، مۆرفیمی نەناسیاری وەرگرتبێتو دواتر ناوەکە بە هۆکاری ئابووریکردن، کرتابێتو ناوەکە لای قسەکەرو گوێگر زۆر ڕوونو ئاشکرا بێتو پێویست بە ناوهێنانی نەکات، یان بە مەبەست بشاردرێتەوە، وەکو:

- خوێندکارێکی زیرەك لەم پۆلەدا هەیە.     زیرەکێك لەم پۆلەدا هەیە.

لە هەندێ نموونەی تریشدا، لەسەر جێناوی سەربەخۆ دەبینرێت، وەکو:

- منێك کە خزمەتی زۆرم کردووە.

- تۆیەك کە هەرگیز بیرت لەم ڕۆژە نەدەکردەوە.

ئەم بەکارهێنانەی زۆر سنووردارە، سەرباری ئەوەش کە دەربڕی هەمان چەمکی سەرەکی خۆی نییە. هەروەها هەندێ جار لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا دەبینرێت، وەکو:

- هەولێرێك کە تۆی تێدا نەبێت، بۆچیمە؟

- دڵشادێك کە من دەمناسی ئەوە نەبوو!

هاتنی مۆرفێمی /-ێك/ لەگەڵ ناوی تایبەتیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوانە چەمکێکی گشتییان پێدەدرێت. زۆربەی ئەوانەی کە لە ڕەگی ئەم مۆرفێمە وردبوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە (نیشانەی نەناسیاوی (ێك/ێ، ەك) لە ژمارە (یەك)ەوە پەیدابووە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٤) یەکێکیش لەو چەمکانەی کە هەڵێدەگرێت، هەر لەو ژمارەیەوە وەری گرتووە، کە تاکییەتییە، هەر بۆیەش ئەو ناوانەی کە ئەم مۆرفێمە وەردەگرن، زۆر کەم ژمارە دەبێتە دیارخەریان، مەگەر تەنیا بۆ جەختکردنەوە بێتو ئەم چەمکە لە دەست دەدات. وەکو:

کوڕێك دەناسم.     * یەك کوڕێك دەناسم

* دوو کوڕێك دەناسم.

بەڵام لەگەڵ /-ەکە/دا، جگە لە ژمارە (یەك)، ژمارەکانی تریش دەردەکەون:

دوو کوڕەکەیان گرتن.

سێ جگەرگۆشەکەم نووستوون.

چوار پارچەکەی دڵم، بۆ یەکتر دەژین.

بەم پێیە جیاوازی لە نێوان چەمکی تاك لە هەر یەکێك لە مۆرفێمی /-ەکە/و /-ێك/ دەردەکەوێت، کە یەکسان نین لە بەکارهێناندا.

لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی کە وەرگیراون، توانای مۆرفیمەکانی نەناسیاری، بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (١٦)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی نەناساندن لە زمانی کوردیدا




## ٣-١-٣: مۆرفیمی بەندیی کۆکردنەوە

لەبەرانبەر گەیاندنی هەر چەمکێك، مۆرفیمك کارایە. چەمکی کۆ بە چەند ڕێگەیەك دەگەیەنرێت، ئەوەی کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێ، ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە ئەو چەمکە پیشان دەدەن، لەو گیرەکانەی کە دەستنیشان کراون، لەو پۆلەن کە تایبەتن بەناو. بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە /-ان/ بەسەرەکی ترینیان دادەنرێت، و لە هەموویان زیاتر توانای هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەویش هەندێ مۆرفیمی تر هەن، کە ئەوانەن:




لە ڕووی تواناو بەرهەمەوە، /-ان/، بە مۆرفیمی سەرەکی کۆ دادەنرێت، چونکە (لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە کۆتاییان، بە نەبزوێن، یان بزوێنی (ە) هاتووە.)(زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٤٧) بە پێی ئەو نموونانەی وەك داتا وەرگیراون، ڕوون بووەتەوە، کە لە هەموویان زیاتر دەردەکەوێت.وەکو:

منداڵان، ژنان، پیاوان، کتێبان.......................

لەگەڵ هەندێ ناودا، بەتایبەتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، ئەم مۆرفیمە بە تەنیاو سەربەخۆ لەگەڵ ناودا، بەکارنایەت، بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی ناساندن دەبێت، دوای ئەو کۆکردنەوە، بە تایبەتی (لە شێوەزاری سلێمانیدا هەندێ ناو بێناسراوکردن کۆناکرێنەوە.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨)، وەکو:

کورسییان > کورسییەکان

خوێندنگایان > خوێندنگاکان

سێوان > سێوەکان

ئەم مۆڕفێمە هەندێ جار ئەلۆمۆڕفێکی تری هەیە، ئەویش، (/-یان/ه)، کاتێـك کـە بنکـەی ئـەم مۆڕفێمـە (کۆتایی بە دەنگی بزوێنی (ا، ی، ێ، ۆ) هات، لێرەدا ئامرازی کۆ، دەنگـی {ی} وەردەگرێـت، مـۆڕفێمی (یـان) دروست دەبێت.) (ابراهیم عزیز ابراهیم: ١٣٦٧: ٢١) لەڕووی توانـاوە بـە دووەم فـۆڕم دادەنرێـت، لـە گەیانـدنی چەمکی کۆدا، وەکو: ماسییان، دێیان، هەڵۆیان...................

لـە ڕووی توانـاوە، بـە پلـەی سـێیەم مـۆڕفیمی /-گـەل/ دێـت، دەوترێـت (ئەمـەش ئـەلۆمۆڕفێکی تـری کۆکردنەوەیە، بە زۆری بەناوی گیانلەبەرەوە دەلکێ‌و ناوەکە بە کۆ نیشـان دەدات.) (بابـا ڕەسـول نـوری: ٢٠١٢: ٩٠) بەڵام لە ڕاستیدا ئەلۆمۆڕف نییە، چونکە دەتوانین بۆ گەیاندنی هەمان چەمك، مۆڕفێمەکانی تری لـە شـوێن دابنێین، بۆیە مەرج بۆ ئەلۆمۆڕف ئەوەیە، کە لەیەك ژینگەدا دەرنەکەون، سەرەڕای ئەوەش سـەرنجێکی تـر لەسـەر ئەم مۆڕفێمە ئەوەیە کاتێك دەچێتە سەر وشەیەك دەشـێ ئـەم وشـەیە، دووبـارە مـۆڕفیمی تـری کـۆ وەربگرێـت، بەنموونە:

مێگەل > مێگەلەکان

گاگەل > گاگەلەکان

ئەمەش وای لێدەکات کە زیاتر وەکو، شێوە گیرەك دەربکەوێت، چونکە تا ئێستا بەهەردوو شـێوەی گـیرەك‌و وشەی سەربەخۆش بەکاردێت.

/ات/: مۆڕفێمێکی ترە کە (بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ لە زمانی عەرەبیـدا، بـۆ گەیانـدنی (جـەمعی مؤنث سالم) بەکاردێت.) (عبدالقادر عبدالجلیل: ١٩٩٨: ٣٦٩) لە زمانی کوردی‌و فارسیدا بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردێت، بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە. کە لەگەڵ چەند بنکەیەکی تایبەتدا دەردەکەوێت:

باخات، خەیالات، حەیوانات، عیلات...

بۆیەش دەبینین بەرهەمێکی زۆری نییەو توانایەکی سنوورداری هەیە، بـەڵام لـە ڕیـزی مۆڕفێمـەکانی کـۆی زمانی کوردی دادەنرێت.

هەروەها مۆڕفێمی /-وات/یش لە زمانی کوردیدا بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ بەکاردێت، بەڵام لـە سـنوورێکی تەسك‌و بە توانایەکی دیاریکراو، وەکو:

شوشەوات، سەوزەوات، ئاغاوات.

هەرچەندە ئەمەش زۆرجار بە ئـەلۆمۆڕفی /-ات/ دادەنرێـت‌و وەك ئـەلۆمۆڕفی فۆنۆلـۆژی هـەژمار دەکرێـت، لەگەڵ (/-جات/، /-هات/) (لەبەر گرانی دوا دەنگی هەندێ ناو، جاروبار، (ج، و، ه) یـەکێکیان دەخرێتـە نێـوان

ناوو ئامرازەکەوە.) (ئەورەحمانی زەبیحی: ١٣٦٧: ٤) بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە سیستەمێکی ڕێکوپێکی نییە، لە بوونی بە ئەلۆمۆرفی /-ات/

/-جات/: نموونەی کەمتر، دەبینرێن، کە بەهۆی ئەم ئەلۆمۆرفەوە ببنە کۆ. بۆیە لە ڕووی توانـاو بەرهەمـەوە زۆر ناکارایە، وەکو: میوەجات.

ئەلۆمۆرفی /هات/ یەکێکی ترە، لەو مۆرفێمە بەندانەی کە سستە بۆ گەیاندنی چەمکی کـۆ بـە توانایـەکی زۆر کەمو بەرهەمێکی یەکجار کەم لە گەیاندنی چەمکی کۆدا بەشداری دەکات، وەکو: دێهات.

بەڵام ئەوەی کە لەم مۆرفێمانەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە، کـە هەریەکـەیان دەشـێت، دووبـارە مـۆرفێمی سەرەکی کۆی /-ان/، وەربگرنەوە. بەم پێیەش لەم نموونانەدا دوو مۆرفێم بۆ گەیاندنی هـەمان چـەمك بـەکاردێن، بەمەش مۆرفێمی یەکەم دەبێتە بەشێك لە وشەکەو تەنیا مۆرفێمی دووەم ئەم چەمکە دەگەێنێ، وەکو:

دێهاتان ئاوەدان دەکەنەوە.

شوشەواتەکان خاوێن بکەنەوە

میوەجاتەکان کۆبکەنەوە.

یەکێکی تر لەو مۆرفێمانەی کە لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە، (/-ەها/)یە یەکێکە (لـەو نیشانانەی کە لە زمانی کوردیدا کۆ پێك دێنێو لە زمـانی فارسـیی ناوەڕاسـتدا هـەبووەو ئێسـتایش لـە زمـانی فارسیدا نیشانەی سەرەکیی کۆیە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) لەگـەڵ هەنـدێ بنکـەی تایبەتیـدا دەبینرێت، لەوانە: سەدەها، شەوەها، دەیەها، هەزارەها..............

بەڵام لە زمانی فارسـیدا، مـۆرفیمێکی زۆر کارایـە، (لەگـەڵ نـاوی بێگیـانو واتاییـدا بـەکاردێت.) (خسـرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٧١) هەرچەندە لە هەندێ لێکۆڵینەوەی کوردیدا،[٩٧] بە ئەلۆمۆرفێکی /-ات/ دانراوە، بـەڵام ئەمەش ڕێگەی تێناچێت، چونکە گۆڕانەکان لە سنووری فۆنۆلۆژیو دیالێکتەکانەوە چووەتە دەرەوە.

لە هەندێ شوێنی تریشدا[٩٨] /-ین/ بە ئەلۆمۆرفی کۆ دادەنریت، کە لـە بـاری بانگکردنـدا، دەردەکـەوێت. وەکو: کوڕینە، کچینە، خوێندکارینە، ژنینە........

جگە لەم لەحاڵەتە، لەوشەی (چەندین)یشدا هەیە، کە واتای (چەندان) دەدات.

لە ڕاستیدا، ئەم مۆرفیمە (/-ینە/)یەو یەك مۆرفێمە کە بۆ بانگکردنو ئاگادارکردنەوە، بـەکاردێت، لـەباری کۆدا، چ بانگکراو، نێر بێت، یان مێ.

زۆرجاریش هەریەك لە وشەکانی (ڕان، ڕەوە) بە مۆرفێمی بەندی کۆ دانراون.[٩٩] بەڵام لە ڕاستیدا، ئـەوانیش ناوی کۆمەڵن.

---

٩٧ - بڕوانە: (بازیان یونس: ٢٠٠٨: ٨٢)

٩٨ - بڕوانە: (بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ: ٢٠١٢: ٨٩)

بەگشتی مۆرفیمی کۆ، تایبەتە بە ناو، بنکەکەی هەر ناو دەبێت، بەڵام هەندێ جار لەسەر بەشە ئاخاوتنی تردا دەبینرێت، لەوانە: ئاوەڵکار، جێناو، ژمارە، وەکو:

ئێواران، شەوان، دوانیوەڕۆیان......

خۆمان، خۆیان، خۆتان................

دەیەها، سەدەها، هەزارەها، یەکان...........

بە گوێرەی بنکە، مۆرفیمی کۆ (شوێنێکی چەسپاوی خۆی هەیە، کە کۆتایی ناوە، ناسراو کرابێت، یان نا.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨) ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نییە، چونکە ئەگەر هاتوو، ئەو ناوەی کە مۆرفیمی کۆ وەردەگرێت، بناسرێت، دواتر کۆبکرێتەوەو لە چوارچێوەی فرێزێکدا هاتبێت کە دیارخراو بە هۆی ئاوەڵناوی چۆنیەتییەوە دیارخرابێت، ئەوا بنکەی خۆی بەجێدەهێڵێو دەگوازێتەوەو دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە، وەکو:

پیاوان زۆر قسە دەکەن.

پیاوانی بەتەمەن زۆر قسە دەکەن.

پیاوە بەتەمەنەکان زۆر قسە دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی تری ناودا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ ناساندنداو دەکەوێتە دوایەوە. بەڵام کاتێك لەگەڵ نەناساندندا دێت — کە لە سنوورێکی یەکجار تەسکدایە- دەکەوێتە پێشیەوە، بەنموونە: کوڕەکان.....

کوڕانێك....

بەپێی ئەو نموونانە کە وەرمان گرتوون دوای لێکدانەوەیان توانای مۆرفیمەکانی کۆ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (١٧)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە لە زمانی کوردیدا




---

٩٩ - بڕوانە: (هەمان سەرچاوە: ٩٠)

## ٣-١-٤: مۆرفێمی بەندیی پلەی باڵاو بەراورد

پلەی باڵاو بەراورد، دوو شێوەی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناون، دەکرێت بکرێنە مەرجێك بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی ئاوەڵناو. چونکە هەر وشەیەك کە (لەڕووی فۆڕمەوە بتوانێت پاشگری ڕێزمانی (-تر، -ترین) وەربگرێت،) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠٨) ئەوا ئاوەڵناوە. هەرچەندە ئەم دوو مۆرفێمە لەڕووی توانـاوە، بە شێوەیەکی گشتی وەکو یەك دێنە بەرچاو و ناکرێت بەراورد بکرێن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆ پلەیەکی دیاریکراو بەکاردێن. وەك دیارە ئاوەڵناو لە سێ پلە دایە:

- چەسپیو: جوان، باش، خۆش
- بەراورد: جوانتر، باشتر، خۆشتر
- باڵا: جوانترین، باشترین، خۆشترین

/-تر/ دەتوانێت بەراورد لەنێوان سیفەتی دوو شت یان زیاتر بکات. ئەو بنکەیەی کە وەری دەگرێت، هەمیشە، ئاوەڵناوە و دەچێتە دوای دیارخراوەکە، وەکو:

- کتێبێکی باشتر دەخوێنمەوە.

ف ن

لێرەدا، لەگەڵ فرێزی ناویدا، هاتووە، دەشێ (لەگەڵ فرێزی کاریشدا بێت.)(ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٩) وەکو: ئالان لە هەموو خوێندکارەکان زیرەکترە.

ف ك

/-ترین/ ئاوەڵناوی پلەی باڵا دروست دەکات، لەڕووی چەمکەوە یەکێکە لەناو کۆمەڵێکدا دیاری دەکات، جیاوازی لەگەڵ (-تر)دا، ئەوەیە کە دەچێتە سەر هەر بنکەیەك دەبێتە کەرەستەیەکی دیارخەری پێش سەرە، بەنموونە:

باشترین ئەزموون

M H

هەندێجار چەمکی ئەم مۆرفێمە دەشێت بەهۆی مۆرفێمی (هەرە)، کە دەچێتە پێش ئاوەڵناو، شوێنی پڕبکرێتەوەو هەمان واتاو چەمکیش بدات، بەڵام ئەم مۆرفیمە زیاتر لە ڕیزی مۆرفێمە سەربەخۆکان دەردەکەوێت، نەك وەکو گیرەکی ڕێزمانی، بەنموونە:

باشترین = هەرەباش

زیرەکترین = هەرە زیرەك

ئەم فۆڕمە بۆ بەکارهێنانی پلەی باڵاو بەراورد ڕەگێکی کۆنیان هەیە، چونکە لە زمانی فارسیی کۆندا، یەکێك لە ڕێگاکانی دروستکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد (بەکارهێنانی پاشگری tara– بۆ کۆتایی ئاوەڵناو.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٥) وەکو:

aka خراپ          akatara خراپتر.

بەڵام پاشگری (-ترین) نوێترەو لە (ên) فارسیی ناوەڕاست و پاشگری tara– سازبووە، لە زمانی فارسیی کۆندا tama یان ista بەکارهاتووە. ئەم فۆڕمەی ئیستایی (ترین) پاشگرێکی لێکدراوە لە (تر (پلەی بەراورد)+ (ین) پێك دێت)،[١٠٠] چونکە ئەگەر ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە ئاوەڵناوی پلەی بەراوردەوە دروست بکەین، ئەوا تەنیا (-ین) زیاد دەکەین، وەکو:

زیرەکتر(بەراورد) + ین > زیرەکترین(باڵا)

باشتر(بەراورد) + ین > باشترین(باڵا)

ئەم دوو مۆڕفیمە وەك دیارە تایبەتن بە ئاوەڵناو، بەڵام هەندێك جار دەچنە سەر ئاوەڵکاریش، بەتایبەتی هەندێ لە ئاوەڵکاری چۆنیەتی‌و شوێن‌و کات، وەکو:

منداڵەکە جوان دەنووسێت.     منداڵەکە لەتۆ جوانتر دەنووسێت.

خوار: خوارتر، خوارترین، درەنگ: درەنگتر، درەنگترین، زوو: زووتر، زووترین

مۆڕفیمی (-تر) بەهەمان فۆڕمی، بەڵام بە شێوەی مۆڕفیمی سەربەخۆ، هەندێ جار دەبێتە دیارخەری ناو و بەدوای ناوە دیارخراوەکە دێت، وەکو ئاوەڵناوی نادیار کاردەکات، بەنموونە:

پیاوێکی <u>تر</u>، شارێکی <u>تر</u>، خانوویەکی <u>تر</u>

دەکرێت لەو نموونانەدا، بەهۆی ئاوەڵناوی نادیاری (دیکە) شوێنیان پڕبکرێتەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر ببێتە هۆی دروستبوونی هاوبێژی‌و لێڵی دروست بکات، ئەوا دەشێ بەهۆی وشەی (دیکە) ڕوون بکرێتەوە. بۆیە ئەگەر لەڕووی فۆڕمەوە بڕوانینە ئەم مۆڕفیمە، بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

تر ←
١- (مۆڕفێمی بەند) بۆ دروست کردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد
٢- (مۆڕفیمی سەربەخۆ) ئاوەڵناوی نادیارەو وەك دیارخەری ناو بەکاردێت.

## ٣-١-٥: مۆڕفێمی بەندیی ناکردن

نەرێ کردن وەك کردەیەکی سینتاکسی، لە زۆربەی زمانەکاندا بەهۆی مۆڕفێمی بەندەوە دەکرێت، بەڵام زۆرجار دەشێت ئەم کردەیە بە هەمان کەرەستە لە ئاستی فەرهەنگیشدا هەستی پێبکرێت، بەتایبەتی هەندێ گیرەك هەن، کە دەتوانن چەمکی نەرێی فەرهەنگی‌و ناکردنی سینتاکسی، بگەیەنن:

---

١٠٠ - بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٤- ٧٠)

ناخۆش، ناشاد، نابەلەد.... (مۆرفێمی فەرهەنگی)

نا

ناچم، نارۆم، نانووسم.... (مۆرفیمی ڕێزمانی)

نەخۆش، نەزان، نەفام.... (مۆرفێمی فەرهەنگی)

نە

نەچووم، نەڕۆیشتم، نەم نووسی.... (مۆرفیمی ڕێزمانی)

ئێمە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر مۆرفێمی ڕێزمانی ناکردن، دەکەین[١٠١] کە زیاتر وەك مۆرفێمێکی کار دەردەکەونو تایبەتن بەو بەشە ئاخاوتنە. (چەند نیشانەیەك هەن بۆ گۆڕینی کارێکی ئەرێ، بۆ نەرێ.)(عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩١: ٢٢) کە هەریەکەیان بۆ جۆرێك –ڕێژەو دەمێك–ی کار بەکاردێن:




لە ڕووی توانـاو هێـزەوە، ناکرێـت بـەراوردێکی ورد لـە نێـوان مۆرفیمـەکانی ناکردنـدا، بکـەین، چـونکە هەریەکەیان (هەڵگری تافنو بە پێی ڕێژەی کرداریش جیاوازن.) (محەمـەدی مـەحویو ئـەوانی تـر: ٢٠١٠: ٤٨)، بەڵام دەشێت لە ڕووی بەکارهێنانو بوارەکەیان پلەبەندییەك لە نێوانیاندا بکرێت، ئـەویش لەسـەر بنـەمای ڕێـژەی دەرکەوتنیانە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی کار بەپێی تافو ڕێژە.

مۆرفیمی /نە-/ بەشێوەکی گشتی لەگەڵ کاتی ڕابردوو بە هەموو دەمکاتەکانییەوە، لـە ڕێـژەی ڕاگەیانـدنو دانانییدا، بەکاردێت. سەرباری ئەوەش لەگەڵ دەمی ڕانەبردووی لە ڕێژەی دانانییـدا، هـەروەها هەنـدێجار لەگـەڵ کاری داخوازیشدا بەکاردێت، وەکو:

- کتێبەکەم نەخوێندەوە. (ڕابردوو - ڕاگەیاندن)

---

١٠١ - بۆ ناکردنی فەرهەنگی بڕوانە: (٢- ١-٦)

- خۆزگە نەچووباینە دەرەوە     (ڕابردووی - دانانی)

- لەوانەیە نەچمە ئاهەنگەکە.   (ڕانەبردووی - دانانی)

- تا دێمەوە نەڕۆنەوە.          (داخوازی)

لەم بەکارهێنانە جیاوازانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە /نە-/ تەنیا یەك مۆڕفێمە نەك دوو، کە (ن) مـۆڕفێمی نەرێ بێتو (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا[١٠٢] چونکە وەك دەردەکـەوێت، (/نـە-/) دەشـێ لەگـەڵ کـاری ڕابـردوو، ڕانەبردووش بەکاربێت نەك تەنیا بۆ کاتی ئێستا.

/نا-/ لە دوای مۆڕفێمی بەند لە ڕووی توانای بەکارهێنان، لەگەڵ چەشـنە جیاوازەکـانی کـار، بـە دووەم مـۆڕفێم دادەنرێت، (ڕۆڵی ئەنجام نەدانی کاری ڕانەبردوو بکەردیارو بکەرنادیار بە تێپەڕو تێنەپەڕەوە دەبینێت.) (ئـەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٧٣) بەڵام بەمەرجێك کارەکە لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا بێت، وەکو:

هۆنراوەکانم نانووسمەوە.            ئەمساڵ ناچمە دەرەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم مۆڕفێمە، وەکو مۆڕفێمی فەرهەنگیش کاردەکات. — وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا- وەکو ئەسپێکتیش دەردەکەوێت، چونکە لە هەمان کاتدا، چـەمکی ڕانەبردوویشـی لەگـەڵ خۆیـدا، هـەڵگرتووە. واتـە نیشانەی کاری ڕانەبردوویشە. لەهەندێ گۆڤەریشدا، لەوانە خۆشناوەتیو باڵەکایەتی، فۆڕمەکەی دەبێت بە /نــ-/، وەکو: نزانم، نتانم

/نی-/ ئەم مۆڕفیمە تەنیا (لەگەڵ کاری چاوگی (هەبوون)دا بۆ نەفی کردنی بەکاردێت.) (بازیان یوسف محی الـدین: ٢٠٠٨: ١٣٤) بەڵام دەبێت ئەم کارەش تەنیا لە دەمی ئێستادا بێت، بەنموونە:

- پارەم نییە.

- هیچ کارێکم نییە.

بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکە بگۆڕین بۆ ڕابردوو یان ڕانەبردوو، ئەم مۆڕفێمەش دەگۆڕێت:

پارەم نەبوو.(ڕابردوو)            پارەم نابێت.(ڕانەبردوو)

پار هیچ کارێکم نەبوو.(ڕابردوو)        ساڵێکی تر وا بڕوات هیچ کارێکم نابێت.(ڕانەبردوو)

خـاڵێکی جیاکـەرەوەی ئـەم مۆڕفێمـە، لـە ئەندامـەکانی تـری بـواری (نـاکردن) ئەوەیـە، کـە ناتوانێـت دەرکەوتەیەکی فەرهـەنگی هـەبێت. واتـە وەك مـۆڕفێمی وشـەداڕێژ لـە سـازکردنی وشـەی نـوێی فەرهەنگیـدا، کاربکات. ئەمەش نیشانەیەکی کەم توانایی ئەم مۆڕفێمەیە.

---

١٠٢ - بڕوانە: (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٦: ١٨٢)

/مە-/ ئەم مۆڕفێمە، (بۆ داڕشتنی شێوەی ناکراوی کاری فەرمان دان بەکاردێت.) (زەرێ یوسۆپۆڤا: ٢٠٠٥: ١٣٩) دەشێت وەکو ڕووکارێکی کاری فەرماندانیش دابنرێت بەمەش دەبێتە شێوەیەك لە ئەسپێکتو هەروەها دەچێتە خانەی ئەو مۆڕفێمانەی، کە دوو چەمکیان تێدا تواوەتەوە، هەم نەرێو هەم فەرماندان.

- ڕابردووتان لە بیرمەکەن.
- زۆر دوور مەڕوانە

ئەم مۆڕفێمە تەنیا لە فەرماندانادا بەکاردێت، بۆیە لەڕووی تواناو هێزو دەرکەوتەکەیەوە، دەکەوێتە دوای ئەوانی تر، سەرباری ئەوەی کە تەنیا دەرکەوتەی سینتاکسیی هەیەو دەرکەوتەی فەهەنگیی نییە.

خاڵی هاوبەشی نێوان مۆڕفێمەکانی نەرێکردن ئەوەیە، کە هەموویان لە نێو پێکهاتەی سینتاکسیی ڕستەدا دەکەونە فرێزی کارییەوە. هەروەها چەمکی نەرێکردنو پێچەوانەکردنەوەش دەیانکاتە ئەندامی یەك بوار. هەمووشیان سیفەتی نووسەکیان تێدا زاڵە. دەشێت بڵێین جۆرێکن لە نووسەك، (چونکە چالاکن لە پێوەنووسانی کارەکاندا.) (بازیان یوسف محی الدین: ٢٠٠٨: ١٣٣) بە واتایەکی تر بەپێی سروشتی ڕۆنانی کارەکەو ئەو مۆڕفێمانەی لەگەڵیدا دەردەکەون، توانای جووڵەیان هەیە، بۆ نموونە:

نە: خوێندکارەکان هەموویان نەهاتوون. خوێندکارەکان هەموویان دەرنەچوون.

نا: نام ناسێتەوە لێت تێناگەم. لەمەو دوا نامان ناسنەوە.

مە: مەنووسن. مەم خەڵەتێنن. مەیان خافڵێنن. هەڵیان مەگرنەوە، دروست مەکە

بەشێوەکی گشتی توانای مۆڕفێمەکانی نەرێ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (١٨)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناکردن لە زمانی کوردیدا




## ٣-١-٦: مۆڕفێمی بەندیی خستنەسەر

لە دروستەی فرێزدا، کاتێك دیارخەرو دیارخراو وەك مۆڕفێمی سەربەخۆ دەردەکەون پێویستە بەهۆی مۆڕفێمێك بدرێنە پاڵ یەکتری، ئەو مۆڕفێمە بەندانەی کە ئەم ڕۆڵە سینتاکسییە دەبینن ئەمانەن:




هەریەکە لەم مۆڕفیمانە بەکارهێنانی تایبەتو دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەجۆرێك ((-ی، -ە)، ڕۆڵی ڕێپێدانو هاتنەناوەوەی کەرەستەیەکی تر، ڕێکدەخەن لە فرێزی ناویداو بە مۆڕفۆسینتاکسی خستنەپاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکێکی سینتاکسی دەستەبەر دەکەن.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٤٣) هەریەك لەو مۆڕفیمانە شوێنو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بۆیە لەڕووی تواناو پلەی دەرکەوتنیان جیاوازیان هەیە.

/-ی/ ئەم مۆڕفیمە، زۆر چالاکە، بەوەی کە دەتوانێت ئەرکی جیاجیای ڕێزمانیو فەرهەنگی ببینێت.[١٠٣] یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەوەیە، کە (مۆڕفێمی /-ی/ خاوەنداریی پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێتو دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزی ناوی دەدات.) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٤٥) بەنموونە:

کوڕی من، شیری منداڵ، مەلای گوند.

هەندێجار ئەم خاوەنداریەتییە، ئەگەر ناو، یان جێناوی کەسی نەبێت، زۆر بەڕوونی دەرناکەوێ:

منداڵی زیرەك، ئاوی سارد، گەڕەکی دوور، شەوی درێژ..........

لێرەدا خاوەندارێتی تەواو دەرناکەوێ، بەڵکو تایبەتمەندییەکی ناوە دیارخراوەکە پیشان دەدات. هەروەها ئەم مۆڕفێمە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خستنەسەریدا، (لە هەموو نیشانەکانی دیکە پتر لە کاردایەو بە دیارخراوەوە دەلکێ.) (ئازاد ئەحمەد مەحموود: ٢٠٠١: ٩٥) بەهێزیو چالاکیو پلەی دەرکەوتوویی ئەم مۆڕفێمە وابەستەیە بەو ناوەی کە دەبێتە دیارخراو. ئەو کەرەستەیەی کە دەبێتە دیارخەرو شوێنی هاتنی لە چوارچێوەی فرێزدا، چونکە لە هەموو جۆرەکانی ناودا دەتوانێت دەرکەوێت، تەنیا لەگەڵ ناوی ناسراو نەبێت، کاتێك ئاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری بێت، وەکو: پیاوی بەتەمەن، ژنانی لادێ، خوێندنێکی باش، هێمنی برام، کتێبی خۆم، جوانی بەهار....

/-ە/ لەگەڵ ئەو ناوانەدا دەردەکەوێت، کە ناسراونو لە پلەی دیارخراودان، دیارخەرەکانیشیان ئاوەڵناوێکی چۆنییەتیە. وەکو پیاوە: پیرەکە، ماڵە ڕووخاوەکە، یاریزانە بەهێزەکان........

---

١٠٣ - بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە بڕوانە: (ئازاد ئەحمەد مەحموود: ٢٠٠١: ١١-٧٨)

هەروەها هەندێجار لەگەڵ ئەو ناوانەشدا دەردەکەوێت، کە دیارخراوەکانیان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت، بەڵام بەزۆری ئەو فرێزانە بۆ دیاریکردنی ڕێژەو قەبارەی شتێك بەکاردێن، وەکو:

پەرداخە شیرێك، دەسکە گوڵێك، تەنەکە نۆکێك......

بەڵام ئەگەر هاتوو مۆرفێمی نەناسیاری /-ێك/ لەسەر ناوە دیارخەرەکە لابرێت‌و بچێتە سەر ناوە دیارخراوەکە ئەوا لەم حاڵەتەدا /-ە/ دەبێت بەمۆرفێمی سفر، ئەمەش چالاکییەکەی کەم دەکاتەوە، بۆیەش دەوترێت (ڕاستە (-ە)ش وەکو (-ی) دیارخراو ودیارخەر پێکەوە دەبەستێ، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێ، کە (-ی) زۆر لە (-ە) چالاکترە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: **١٩٧٩: ٢٣٢**) ئەم ناچالاکییەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە سنوورێکی تەسکدا ئەم ڕۆڵە دەبینێ[١٠٤] و لەم سنوورەشدا هەندێ جار دەبێت بە سفر.

یەکێکی تر لەو مۆرفێمانەی کە ڕۆڵی خستنەسەر دەبینێ مۆرفێمی (Ø)ە. واتە لە هەندێ باردا، مۆرفێمی خستنەسەر شێوەی فیزیکی نامێنێ‌و دەبێت بە سفر، بۆنموونە:

خوێندنگاØباشەکان، ئەستێرەØبەرزەکان، ڕێگاØدوورەکان........

ئەمەش لەگەڵ ئەو ناوە دیارخراوانەدا، دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت‌و لەیەك بڕگەیش زیاتر بن، هەروەها دیارخەر ئاوەڵناوی چۆنیەتی بێت، یان لەگەڵ ئەو ناوە نەناسراوانەی کە وەك ڕێژەو بڕ بەکاردێن‌و نیشانەی نەناسراوی لەسەر دیارخراوەکەیانە، وەکو:

پەرداخێك شیر، بارشێك گەنم، سەلکێك توور......

بەم پێیە لە نێو مۆرفێمەکانی خستنەسەردا، (-ی، -ە، Ø) هەریەکەیان لەڕووی تواناو هێزو چالاکییەوە، جیاوازن‌و دەشێت بەم شێوەیە پیشانیان بدەین:

ئاماری ژمارە (١٩)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا




١٠٤ - ئەم مۆرفێمە لە زمانی کوردیدا ئەرکی جیاجیا دەبینێ‌و لە بوارەکانی تردا زۆر چالاکە، بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە، بڕوانە: (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: **١٩٩٨: ١٠- ٥١**)

## ٣-١-٧: مۆرفێمی بەندیی نادیاری:

نادیاری یان لاوازکردنی هێزی کار، لەڕێگـەی مـۆرفێمی بەنـدەوە دەکرێـت، سـەرباری ئـەوەی کـە هەنـدێ گۆڕانکاری بونیادی لە فۆڕمی کارەکەدا ڕوو دەدەن. لەم بارەیـەوە خـودی دیاردەکـە چـەندین پێناسـەی جیاجیـای بۆکراوە.[١٠٥] ئەوەی کە پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەبێت، نادیاری، (ئەو پەیوەندییـە، کـە لـە نێـوان بکـەرو کاری ڕستەدا، هەیە.) (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٥٨) چەشنی پەیوەندییەکـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هێـزی کارەکە، کە هێزەکەیان بەشاردنەوەی بکەرەکە لە ئاسـتی سـەرەوەدا لاواز دەکرێـت، چـونکە (لێکچـوونی واتـایی بوونێکی ئاشکرای هەیەو قاڵبە ڕێزمانییەکانیش نەگۆڕاون.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨١) لەبارەی جـۆری ئەو مۆرفێمەش، کە نادیاری پێدروست دەکرێت، ڕای جیاواز هەیە. بەگشتی ڕێزماننووسـە کۆنـەکان، تێکـەڵ بـە مۆرفێمی کات، دیارییان کردووە.[١٠٦] بـەلاّم بـە شـێوەیەکی گشـتی ڕێزمانووسـە نوێیـەکان هـەردوو مـۆرفێمی نادیاریو کاتیان لە یەکتری جیاکردۆتەوەو مۆرفێمی نادیارییان بە /-ر/ دیاری کردووە.[١٠٧]

نادیاری لە زمانی کوردیدا، هەرچەندە لەڕووی واتاییەوە بەهۆی کەرەستەکانی ناو ڕستە دەناسـرێتەوە، بـەلاّم دەشێ مۆرفێمی /-ر/ بکەین بە نیشانەیەك بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە کارە:

(ڕابردوو) نامەکە نووسرا. خوێندکارەکە وەرگیرا. دەرگای خوێندنگا داخرا.

(ڕانەبردوو) نامەکە دەنوسرێ. خوێندکارەکە وەردەگیرێ. دەرگای خوێندنگا دادەخرێ.

لە ڕووی تواناوە، ئەم مۆرفێمە بۆ گەیاندنی چەمکی نادیاری، لە پلەیەکی بەرز دایە، چونکە — لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا- هیچ مۆرفێمێکی تری بەند بـۆ گەیانـدنی ئـەم چـەمکە بـەکارناهێنرێت. سـەرەڕای ئـەوەی هەندێجار ئەم مۆرفێمە لەگەڵ ئەو چەشنە کارانەشدا بەکاردەهێنرێت، کە تەنیا فۆرمیان نادیارەو لەڕووی هێـزەوە لاوازنەکراون، بۆیە دەکرێت وەك مۆرفێمێکی فۆرم نادیاریش بەکاربهێنرێت، کە خستنەڕووی توانـا پیشـان دەدەن، وەکو:

نانم پێناخورێ. ئەو ئیشە بەهەموو کەس ناکرێ. ئەو پارووە بە تۆ قووت نادرێ.

هەرچەندە، فۆڕمی ئەو کارانە نادیارە، بـەلاّم هـەر هێـزدارنو ناکرێـت وەك کـاری نادیـاری لـەڕووی واتـاو چەمکەوە تەماشابکرێن، مەگەر لەڕووی فۆڕمەوە نەبێت.

---

١٠٥ - بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە، بڕوانە: (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٥٥- ٦٨)

١٠٦ - بەنموونە بڕوانە: (سعید صدقی کابان: ١٩٢٨: ٤٣)، (نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦: ٣٧)، (ك.ك. کوردۆیێف: ١٩٨٤: ٢٨٤)

١٠٧ - بەنموونە بڕوانە: (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ١٩٦) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨١) (عەبدولاّ حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٦: ١٦٩)

## ٣-١-٨: مۆرفێمی بەندیی ئەسپێکتەکانی کار

بەشێوەیەکی گشتی، لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکانی کار لە ڕێگەی چەند مۆرفێمێکی بەندەوە پیشان دەدرێن، وەکو چەمکیش، (ئەسپێکت، پرۆسەیەکی ڕێزمانی کردارە، (مۆرفۆلۆژیو سینتاکسی) لەسەر بنەمای ماوەی ڕوودانی کار دیاریدەکرێت، یان ماوەیەکی کاتی کارەکەو بەردەوامییەکەی پیشان دەدات.) (سانیا جەبار عەبوزێد: ٢٠٠٧: ٩) و مۆرفێمە بەندەکان، لە پیشاندانی ئەم چەمکەی کار ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. هەرچەندە هەندێ بیروڕای جیاواز لەبارەی ئەسپێکتەکانی زمانی کوردی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو مۆرفێمە بەندانەمان هێناون، کە دەکەونە چوارچێوەی کارەکەمانو بەپێی ڕووکاری کارەکە جیامان کردوونەتەوەو نموونەی پێویستو لەبارمان بۆ هێناونەتەوە.

٣-١-٨-١: لە ڕووکارە هەواڵ (ڕاگەیاندن)دا، ئەم مۆرفێمە بەندانە وەکو ئەسپێکت دەردەکەون:

٣-١-٨-١-١: /دە-/ وەك ئەسپێکتی پیشاندانی ڕابردووی بەردەوامی:

دەچووم، دەهاتم، دەم نووسی، دەت ناسی..................

/دە-/ وەك ئەسپێکتی پیشاندانی ڕانەبردوو لە دەمی ئێستاو داهاتوودا:

دەنووسم، دەچم، دەنێرم.

٣-١-٨-١-٢: /-وە/ ئەم مۆرفێمە وەك ئەسپێکت بۆ گەیاندنی، چەمکی تەواوییەتیو بڕانەوەی کاریگەری کارەکە، لە ڕابردوودا پیشان دەدات، وەکو: هێناوە، کەوتووە، مردووە، لێناوە...........

٣-١-٨-١-٣: /-بوو/ ئەم مۆرفێمە، بۆ پیشاندانی، چەمکی کاری ڕابردووی دوور[١٠٨] بەکاردێت، بەدوای هەر کارێکی ڕابردووی نزیکدا بێت وەك ئەسپێکت کاردەکات، بۆ پیشاندانی ڕوودانی کارەکە لە دوورترین کاتی قسەکردنەوە، وەکو: چووبوو، هاتبوو، هێنابوو، نووسیبوو..........

٣-١-٨-١-٤: /Ø/ ئەم مۆرفێمە بۆ پیشاندانی کاتی ڕابردووی نزیك لە ڕووکارە هەواڵدا لەگەڵ تێپەڕو تێنەپەڕدا بەکاردێت، (لەڕابردووی ڕووت دا دەرناکەوێ.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٦٣) واتە ئەسپێکتی ڕابردووی نزیك بەشێوەی سفر دەبێت، وەکو:

هات Ø، کەوت Ø، دەرچوو Ø، گەیشت Ø..........

---

١٠٨ - هەرچەندە هەندێك لە ڕێزماننووسان بە ئەسپێکتی دانانێن، بەڵکو وەك کارێکی یاریدەدەری ڕوودانی کاتی پیشان دەدەن. بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٦٣) بەڵام لە ڕاستیدا ئەسپێکتی دووری کار لە کاتی ڕابردووی هەواڵە ڕووکاردا، بەهۆی مۆرفێمی بەندی (/-بوو/) دەردەبڕدرێت، بەڵام کاتێك دەبێتە کاری یاریدەدەر، کە وەك کاری دووەم لە ڕستەدا هاتو کاری سەرەکی لە ڕووکاری مەرجو خۆزگە بێت. وەکو: دەبوو زووتر هاتبای.

٣-١-٨-١-٥: /دە-/، /نا-/ وەکو ئەسپێکتی ڕانەبردووی ڕووکارە هەواڵ بەکاردێن بەپێی باری ئەرێو نەرێی کارەکە:

دەچم / ناچم، دەنووسین/ نانووسین

٣-١-٨-٢: لە ڕووکاری مەرجو خۆزگەدا، چەند مۆرفیمێکی بەند هەن، وەکو ئەسپێکت بۆ گەیاندنی چەمکی ماوەی ڕوودانی کار، بەکاردێن، لەوانە:

٣-١-٨-٢-١: /-با/ ئەم مۆرفیمە بۆ پیشاندانی ئەسپێکتی کاری ڕابردووی نزیك لە مەرجو خۆزگە ڕووکاردا، بەکاردێت، وەکو: خۆزگە ڕۆیشتبا، لەوانەیە ئەویش هاتبا

بەڵام لە هەندێجار، ئەم مۆرفیمە، دەبێتە مۆرفیمێکی پچڕاوی وەکو /بـ......با/ وەکو ئەسپێکت بۆ پیشاندانی هەمان چەمك بەکاردێت[١٠٩] بۆنمونە:

خۆزگە بڕۆیشتبا. لەوانەیە ئەویش بهاتبا.

ئەم فۆڕمە لای (مەسعوود محەمەد) شێوەیەکی ڕەسەنە، بۆ ڕابردووی بەردەوامی دانانی بەکاردێت.[١١٠]

هەروەها مۆرفیمێکی تر کە (/بـ...... ایە/) یە وەك ئەسپێکت، لەگەڵ مەرجو خۆزگە ڕووکاردا، بەکاردێت، بۆ پیشاندانی کاری ڕابردووی نزیك:

خۆزگە بڕۆیشتایە. لەوانەیە ئەویش بهاتایە

٣-١-٨-٢-٢: /-بێت/ هەر لەگەڵ ڕووکاری مەرجو خۆزگەییدا ئەم مۆرفیمەش وەك ئەسپێکتی کاری ڕابردووی تەواو دەردەکەوێت، وەکو: لەوانەیە ڕۆیشتبێت. لەوانەیە ئەویش هاتبێت.

ئەم مۆرفیمە لە هەندێ شێوەزاری وەکو (خۆشناوەتی، باڵەکایەتی، موکریان)دا دەگۆڕێت بۆ /-بی/ ئەمەش دەشێ بەهۆکاری ئابووریکردن، یان بەکارهێنانی ناوچەییەوە بێت: لەوانەیە ڕۆیشتبی. لەوانەیە ئەویش هاتبی.

٣-١-٨-٢-٣: /-بووبا/، /-بووایە/ یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی کە لە ڕووکاری مەرجو خۆزگەییدا وەکو ئەسپێکتی ڕابردووی دوور بەکاردێت. لە ڕیزی مۆرفیمە بەندە لێکدراوەکاندایە، بەوەی کە لە هەردوو مۆرفیمی/-بوو/+ /-با/ پێك دێت. /-بووایە/ زیاتر لە شێوەزاری سلێمانیدا بەکاردێت، بۆ هەمان چەمكو ئەرکی ڕێزمانیش بەکاردێت، وەکو: خۆزگە ڕۆیشتبووبا/ ڕۆیشتبووایە خۆزگە ئەویش هاتبووبا/ هاتبووایە.

---

١٠٩ - بۆ زانیاری تەواو لەبارەی ئەم مۆرفیمەو چەشنەکانی لە زمانی کوردیدا بڕوانە: (لیژنەی زمانو زاستەکانی: ٢٠١١: ١٣٣- ١٩٣)، هەروەها بۆ ئەسپێکت بەگشتیو ئەسپێکت لە کرمانجی ژووروودا، بڕوانە: (سانیا جەبار عەبوزێد: ٢٠٠٧) کە سەرلەبەری نامەکە بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە.

١١٠- بڕوانە: (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی: ٢٠١١: ١٥٩-١٦١)

٣-١-٨-٢-٤: /بـ.....بایە/ ئەم مۆرفیمە پچڕاوە وەکـو ئەسـپێکتی ڕابـردووی بـەردەوام لـە ڕووکـاری مـەرجو خۆزگەییدا، بەکاردێت: لەوانەیە برۆیشتبا.      لەوانەیە ئەویش بهاتبایە.

٣-١-٨-٢-٥: /بـ-/ بۆ پیشاندانی کاتی ڕانەبردوو/داهاتوو، لە ڕووکاری مەرجو خۆزگەییدا بەکاردێت، لەوانەیە:

لەوانە بڕۆم. دەبێت بڕۆم. لەوانەیە دەربچم.

ئەگەر کارەکەش ناسادەبوو، دەشێ مۆرفیمەکە ببێت بە سفر، وەکو:

لەوانەیە دەرØچم. دەشێ لەبیرم Øکەی

٣-١-٨-٣: لە فرمانە ڕووکاردا، تەنیا یەك ئەسپێکت دەردەکەوێت، ئەویش /بـ-/یە، کە دەبێتە هاوبێژی /بـ-/ی ئەسپێکتی کاتی ڕانەبڕووی ڕووکاری مەرجو خۆزگەیی، تەنیا بەهۆی کلیتیکەکانەوە، جیادەکرێنەوە، وەکو:

بنووسە،   بڕۆ،    بهێنە.

ئەگەر کارەکەش نەرێ بوو، /-مە/ بەپلەی دووەمـدا وەکـو ئەسـپێکت دەور دەبینێـت، کـە بەپلـەی یەکـەم چەمکی نەرێ دەگەیەنێت.

هەر لەم ڕووکاردا دەشێ ئەم ئەسپێکتە ببێتە سفر ئەگەر فۆڕمی کارەکە ناسادە بوو، لەڕووی پێکهاتنەوە، وەکو:

کتێبەکە هەڵØگرە، خانووەکە دروستØکە.

بەڵام ئەگەر کارەکە نەرێ بێت ئەمە ڕوونادات، چونکە دوو چەمکی هەڵگرتووە، وەکو:

کتێبەکە هەڵمەگرە، خانووەکە دروست مەکە.

## ٣-١-٩: مۆرفیمی بەندیی تێپەڕاندن

مەبەست لە تێپەڕانـدن، گـۆڕینی توانـای کـردارە. ئەمـەش بەگشـتی بـە دوو شـێوە دەبێـت، یەکـەمیان، بەهێزکردنی توانای کار (تێپەڕانـدن)، دووەمیـان لاوازکردنـی توانـای کـار (نادیاری)یـە، کـە لەهـەر یەکەشـیان مۆرفیمی بەند ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

چەمکی هێز، لە چاوگدا، خۆی دەبینێتەوە، دواتر هەموو ئەو چەشـنە کـردارە جۆراوجۆرانـەی لـە چـاوگەوە دروست دەکرێن، هێزەکەیان نەگۆڕە، بۆ نموونە ئەگەر چاوگێك تێپەڕبێت، هەموو ئـەو ڕووکـارە جیاوازانـەی وەکـو (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازیی) لێ دروست دەکرێن، تێپەڕن، یان کارەکە لەهەر کاتو دەمکاتێکدا بێت، هێزەکەی هەمان هێز دەبێت، بۆیە کاتێك باس لە کردەیی تێپەڕاندن دەکەین، پێویستە بەپێی چاوگەکە دیاری بکەین.

ڕێگای جیاجیا هەیە بۆ گۆڕینی، توانای کار، بەڵام ئێمـە لێـرەدا تـەنیا ئامـاژە بـەو شـێوازە دەدەیـن، کـە مۆرفیمی بەند ڕۆڵی تێدا دەبینێت، لە زمانی کوردیدا، زمانەوانانو ڕێزماننووسـان چـەند جـۆرێکی لێـك نزیکـی مۆرفیمی بەندییان خستۆتە ڕوو، بۆ پیشاندانی ئەو چەمکە، لەوانە: /-اند/، /-ێن/، /-اندن/، /-ان/، /-ن/

/-اند/[١١١]، وەك باس دەكرێت بۆ گۆڕینی توانای كارەو لە ڕابردوودا بەكاردێت. لە بەرانبەریشدا بۆ ڕانەبردوو، /-ێن/[١١٢] بەكاردێت. لەگەڵ چاووگیشدا، /-اندن/[١١٣] بەكاردێتو /-ان/[١١٤] یش وەك مۆڕفێمێك بۆ گەیاندنی ئەو چەمكە ئاماژەی پێكراوە، (د) وەك مۆڕفێمی كات دانراوە. /-ن/[١١٥] یش بەتەنیا وەكو مۆڕفێمی تێپەڕاندن باس دەكرێت، فۆنیمەكانی تر(ا، ن، د) بە مۆڕفێمی كاتو ناوگر دادەنرێن.

هەر یەكێك لەو بۆچوونانە تاڕادەیەك لێك نزیكییان، هەیە. تەنیا لەسەر شێوەیەكی یەكگرتووی فۆڕمەكە كۆدەنگیی نییە، بەڵام ئێمە پێمان وایە لە بەرئەوەی هێز، لە خودی چاوگدایە، بۆیە ئەم مۆڕفێمە مۆڕفێمێكی چاووگەو /-اندن/ وەكوو مۆڕفێمی سەرەكی بۆ دروستكردنی چاوگی تێپەڕ، لە چاوگی تێنەپەڕەوە بەكاردێت:

گریان + اندن > گریاندن

چوون + اندن > چوواندن

كەوتن + اندن > كەواندن

تاسان + اندن > تاساندن

دەرچوون + اندن > دەرچوواندن

ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبردووی چاوگە تێنەپەڕەكانەوە دروست دەكرێت، لەگەڵ زیادكردنی مۆڕفیمی بەندی /-اندن/ هەندێ جار بەهۆی چەند حاڵەتێكی فۆنۆلۆژی دەشێ فۆڕمی مۆڕفێمەكە گۆڕانی بەسەردا بێتو ئەلۆمۆڕفێكی تری هەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕەگانەی كۆتاییان بە بزوێن دێت. بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین، كە ئەم چاوگەش، هەریەك لە مۆڕفێمەكانی /-ن/ی نیشانەی چاوگو كاتی لەگەڵ خۆیدا، هەڵگرتووە، بەوەی كە لە چاوگێكی تێپەری وەكو (سوتاندن) ئەم مۆڕفێمانە دەبینرێن:

/- ن/ م. نیشانەی چاووگ

/- د/ م. كاتی ڕابردوو.

---

١١١ - بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ١٨٤)، (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٣٨)

١١٢ - بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ١٨٥)

١١٣ - بڕوانە: (محەمەدی مەحویو ئەوانی تر: ٢٠١٠: ١١١)، (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٤٠)، (ك.ك. كوردۆیێف، ١٩٨٢: ١٦٨) ئەم پاشگرە بە هەمان فۆڕمی وەك گیرەكێكی فەرهەنگیش بۆ دروستكردنی هەندێ وشەی نوێ بەكاردێت، بۆ نموونە: كورداندن.

١١٤ - بڕوانە: (ئەبوبكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨٠)، (مستەفا زەنگەنە: ١٩٨٩: ٧٣)

١١٥ - بڕوانە: (Mackenzie: 1961: 195)، (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ١٣٦- ١٣٧)

بەڵام ئەگەر چاوگەکە بکەینەوە بە تێنەپەڕ (سوتان) مۆرفیمی کاتی ڕابردوو، دەبێت بە /-ا/. زۆرجاریش ئەم مۆرفیمە بە /-ان/ دیاری دەکرێت، هەموو ئەو چاوگانەی کە بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە دروست دەکرێن دەبن بە چاوگی (دالی).

هەرچەندە ئەم مۆرفیمە زۆرجار بە بەشێك لە کارەکە دادەنرێت، بەڵام لای هەندێ ڕێزمانووس وەکو پاشگرێکی فەرهەنگی بۆ دارشتنی کار دادەنرێت، سەرباری ئەوەی کە ئەرکێکی ڕێزمانیش دەگەیەنێ. ((-اند) مۆرفیمێکی بەندەو بە کۆتایی کارەوە دەلکێو پەیوەندی ڕێزمانی بە کارەوە زۆرە، چونکە هاوبەش بۆ کارەکە زیاد دەکاتو کارای ڕستەکەیش دەکات بە سەرچاوەی ڕووداو، لە مەدا /-اند/ پاشگرێکی ڕێزمانییەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکارەوە هەیە.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٤٠) بەنموونە، لە چاوگی تێنەپەڕی (ڕووخان)، بەهۆی ئەم مۆرفیمە چاوگی تێپەڕی (ڕووخاندن) دروست دەبێت. بەشێوەی یەکەمی دەوترێت:

- کەپرەکە ڕووخا.

لێرەدا، (کەپرەکە) (بکەرە، سەرچاوەی ڕووداو نییە.) یەك هاوبەش بۆ کارەکە هەیە. بەڵام کاتێك دەوترێت:

- بایەکە کەپرەکەی ڕووخاند.

لێرەدا (بایەکە) (بکەرەو سەرچاوەی ڕووداوە) هاوبەشێکی تر بۆ کارەکە زیادبووە، واتە دوو هاوبەشی هەیە، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی زیادکردنی ئەم مۆرفیمەوە بووە کە هێزی کارەکەی گۆڕیوە.

## ٣-١-١٠: مۆرفیمی بەندیی بانگکردن:

بانگکردن وەك کاتیگۆرییەکی ناو، بۆ جیاکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی ناوێك، کە تایبەتی بێت یان گشتی، بەکاردەهێنرێت. لە زۆربەی زمانەکاندا وەکو دیاردەیەکی ڕێزمانی هەست بە بوونی دەکرێت، کە بە زۆری لە ڕێگەی ئامرازی تایبەت، دەبێت، یان بە مۆرفیمێكو بەگشتی بە کردەیەکی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت.

ئەو مۆرفیمانەی چەمکی بانگکردن دەگەیەنن، دوو جۆرن. بەشێکیان بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ دەردەکەون، وەکو: (هۆ، ئادەی، ئەی......هتد). بەشەکەی تریان بەشێوەی مۆرفیمی بەند، بەکاردێن، وەکو (ە، ێ). ئەوەی کە پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بۆ پیشاندانی چەمکی بانگکردن بەکاردێن، ئەم چەمکەش بەگشتی ئەمانە دەگرێتەخۆی:




هەریەك لـەو مۆرفێمانـە، لەگـەڵ بنکـەی جیـاوازدا بـەکاردێن، سـەرباری ئـەوەی کـە هەنـدێجار شـێوەی گۆڕاو(ئەلۆمۆرف)یان دەبێت.

/-ە/: ئەم مۆرفێمە لەگەڵ ناوی نێردا، بەکاردێت وەکو:

کوڕە دانیشە.    خاڵە مەرۆ.   کاکە وەرە.

بەڵام کاتێك ئەو ناوە نێرە، کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێ، ئەوا ناوەکـە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە. (جـەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٢٨) واتە مۆرفێمەکە دەبێت بە سفر، وەکو:

برا دانیشە.    مامۆستا پرسیارێکم هەیە.  وەستا پشوو بدە.

هەرچەندە هەندێ زمانەوانی تر، /-یە/یان وەکو ئەلۆمۆرفی ئەم مۆرفێمە بەکارهێناوە.[116] بەڵام لەڕاسـتیدا شێوەی گۆڕاوی ئەم مۆرفیمە، تەنیا سفرە، چونکە /-یە/ ناکەوێتە بـەرگوێ. ئـەم بۆچـوونەش لـە سـەر بنـەمای ئەرکەکانی دیکەی ئەم مۆرفێمە هاتووە، کە دەشێ لە هەندێ ئەرکی تردا، ببێتە /-یە/ بەنموونە لە کلیتیکی کاری ناتەواودا، دەبێ بووترێت:    باوکم مامۆستایە.

بەڵام لە گەیاندنی چەمکی بانگکردندا ناشێ بوترێت:    *مامۆستایە پرسیارێکم هەیە.

هەرچەندە، پێشتر، ئـەم مۆرفێمـە — وەك زۆربـەی ڕێزماننووسـان ئاماژەیـان بـۆ کـردووە- بـۆ تـاکی نێـر بەکاردێت، بەڵام ئەمڕۆ دەشێ لەسەر ناوی مێیش ببینرێت، وەکو:

دایکە/ دادە/ نەنە/ داپیرە/ برسیمە.

هەر ئەمەش وا دەکات کە توانای مۆرفێمی /-ە/ زیاتر بێت لەوانی تر.

---

١١٦ - بڕوانە: (زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٤٩)

/-ێ/: بۆ تاکی مێ بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ چەند مۆرفیمێکی تردا هاوبێژو فرەواتایە[١١٧] بەشێوەکی گشتی (ئـەم مۆرفێمە وەك نیشانەی بانگهێشتن لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا بۆ ڕەگەز (جنسی)ی مێ لـە دۆخی بانگهێشت کردندا بەکاردێت.) (لەیلا عباس دەلۆ: ١٩٩٨: ٥٣) وەکو:

کچێ/ خوشکێ/ پورێ/ نەنێ/ مەرۆ.

هەر ئەم مۆرفێمەش وەك نیشانەیەکی ڕەگەز دادەنرێتو بەڵگەی بـوونو مانـەوەی ڕەگـەزی ڕێزمانیشـە لـە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، کە ئاماژە بە مێ دەکاتو لە هیچ بارێکدا، بۆ نێـر بەکارنایـەت، بـە پێچـەوانەی (/-ە/)ەوە.

/-ۆ/: یەکێکی ترە لەو مۆرفێمانـەی کـە بـۆ بـانگکردن لـە هەنـدێ گۆڤـەری کرمـانجی ناوەڕاسـتدا بـەکاردێت. هەرچەندە، ئەم مۆرفێمە (لەکرمانجی ژووروو بۆ بانگکردنی نێرینە بەکاردێت.)(جەمال نەبـەز: ١٩٧٦: ٢٨) بـەڵام ئەمڕۆ لە کرمانجی ناوەڕاستیشدا، دەبینرێت، وەکو:

خالۆ/ مامۆ/ کاکۆ/ بۆ کوێ دەچی؟

بەڵام لە ڕووی تواناوە لە پلەیەکی کەمتر دایە، بە بەراورد بە مۆرفێمی /-ە/، /Ø/، کـە لـە هـەمان دەوروبـەردا دەردەکەون.

لەگەڵ ناوی کۆدا ((-ینە) بۆ کۆی نێرو مێو دوو لایەن بەکاردێت.) (ئـەبوبکر عومـەر قـادر: ٢٠٠٣: ٥٦) بۆیە لە بەکارهێنانیدا لەگەڵ ناوی کۆ توانایەکی زۆری هەیە، هەروەها یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە لە یەك کاتـدا دوو چەمکی تێدا کۆبووەتەوە.

-ینە ← + بانگکردن
-ینە ← + کۆ

کوڕینە/ کچینە/ منداڵینە یاری بکەن.

هەرچەندە دەشێ هەندێ جار مۆرفێمـەکان جیابکەینـەوە، /-یـن/ بـە مـۆرفێمی کـۆو /-ە/ بـە مـۆرفێمی بانگکردن بۆ کۆی نێرو مێو دوولایـەن هـەژمار بکـەین (ئـازاد ئـەمین فـەرەج باخـەوان: ١٩٩٨: ١٠٠)، بـەڵام لەبەرئەوەی بە پێڕەوێکـی ناڕێکـدا دەڕوات بۆیـە زۆربـەی زمانەوانـەکان /-ینـە/ بەیـەك مـۆرفێم دادەنـێن. لـە بەرانبەریشیدا، لە کرمانجی ژووروودا مۆرفێمی /-ینۆ/ بەکاردێت.[١١٨] کە ناکرێت، بە تەواوی لێـك جیابکرێنـەوە،

١١٧ - بڕوانە نامەی دکتۆرای (لەیلا جلیل عباس دەلۆ: ١٩٩٨) کە سەرلەبەری بۆ ئەم مۆرفێمە تەرخان کراوە.، هەروەها (صباح ڕشید قادر: ٢٠٠٠: ٨٩-٩٣)

١١٨ - بڕوانە: (ك.ك. کوردۆییڤ: ١٩٨٤: ٧٧)

/-ین/ بە مۆرفیێمی کۆ و /-ۆ/ بە مۆرفیێمی بانگکردن بۆ کۆی نێرو مێو دوولایـەن دابنـرێن، وەکـو: هـەڤالینۆ، کورینۆ.

بەم پێیە لە نێو مۆرفیێمەکانی بانگکردندا /-ە/ لە هەموویان بە تواناترو بە بەرهەم ترە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ هەموو ناوێکی نێرو مێ بێتو دوای ئەویش /-ێ/و دواتر /Ø/و ئینجا /-ۆ/ وەك بەم شێوە ئامارییە پیشان دراوە:

ئاماری ژمارە (٢٠)

خستنەڕووی توانای مۆرفیێمەکانی بانگکردن لە زمانی کوردیدا



## ٣-٢: توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی فارسیدا

بەشێوەکی گشتی هەوڵ دەدەین هەمان ئەو مۆرفیمانەی کە لە زمانی کوردیدا، باسمان کردنو ئەکتیڤیەتو ڕادەی چالاکیو تواناکانمان دەرخستوون، لە زمانی فارسیشدا هەر ئەو مۆرفیمانە وەردەگرین، بۆئەوەی لەڕووی بەراوردەوە ئەنجامێکی وردو زانستیانەمان بۆ دەربکەوێت.

## ٣-٢-١: مۆرفیمی بەندیی ناساندن:

لە زمانی فارسیدا بیرو ڕای جۆراوجۆر لە بارەی ناساندن هەیە، بۆیە هەندێك لە زمانەوانان چەندین ڕێگەی جیاواز دەخەنە ڕوو بۆ ناساندنی ناو، بەلآم زۆر بەکەمی ئاماژەیان بۆ مۆرفیمی بەند کردووە، بە تایبەتی لە زمانی فارسی ستاندارددا. تەنانەت دەوترێت، (بەگشتی ئەو ناوانەی کە نیشانەی نەناسراوییان پێوە نییە، بە ناسراو هەژماردەرکرێن.) (عباسعلی مولوی: ١٣٦٠: ٤٢) بە واتایەکی تر، ناسراوی هیچ نیشانەیەکی نییە، بەلآم ئەمەش بە واتای ئەوە نییە، کە چەمکی ناسراوی لە زمانی فارسیدا نەبێت، (چونکە هەر کاتێك دوو شت -ناو- هەبێت یەکێکیان نیشانەی نەناسیاری پێوە بێتو ئەوی تریان بێ‌نیشانە بێت، ئەوا بێ‌نیشانەکە ناسراو دەبێت، واتە خودی بێ‌نیشانەیی، نیشانەیە) (سید احمد خراسانی:١٣٢٩: ٤٤)، بەلآم سەرباری ئەوەش، ناساندن وەك کردەیەکی زمانی، لە زمانی فارسیدا، چەند ڕێگایەکی تایبەتی هەیە:

١- ئەو ناوانەی کە خۆیان لە بنەڕەتدا ناسراون، وەکو ناوی تایبەتی، ناوی دیاردەیەکی تایبەتکراو بە تاکە شتێك، بەنموونە، ڕۆژ، مانگ، بەهەشت، جەهەنەم، هەندێ ناوی نادیاری وەکو: فلآن، هەروەها جێناوەکانو هەندێ ناوی کات، وەکو، ئەمساڵ، پار، دوێنی......هتد.

٢- ئەو ناوانەی کە بەیارمەتی هۆکارێکی تر دەناسرێن، لەوانە ئەو ناوانەی بە قەرینە دەناسێنرێن، کە مەبەست لەو جۆرە ناوانەیە، کە یەك جار لە قسەکردنو نووسیندا دێن، کە دووبارە دەبنەوە، دەبن بە ناسراو، یان ئەو ناوانەی کە بە ڕێگاکانی دروست کردنی ناسیاوی، دەناسێنرێن، هۆکارێك ڕۆڵی تێدا دەبینێت. لەوانە، ناوی بانگکراو، بوونی نیشانەی (را)، ئاوەڵناوی نیشانەو دیارخەر، لەگەڵ بوونی چەند پاڕستەیەکی دیارخەری.[١١٩] (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٩١)

بەم پێیە لە هیچ یەکێك لە ڕێگاکان مۆرفیمی بەند ڕۆڵی ناساندن لە زمانی فارسیدا، نابینێت. تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە لە نێو ئەم ڕێگایانەدا (را)ی بەرکاری دەکرێت، وەك دووەمین چەمکی خۆی، ناساندن پیشان بدات، لەو چەشنە مۆرفیمە بێت، کە دوو ئەرکیان لەیەك کاتدا تێدا تواوەتەوە.

---

١١٩ - بۆ زانیاری ورد، لەبارەی ئەم ڕێگایانە بڕوانە: (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٨٧- ٨٨)

١- مۆڕفێمی بەرکاری ڕاستەوخۆ
را
٢- مۆڕفێمی ناساندن

- کتاب را(م. بەرکاری، م. ناساندن) خواندم.

(لێرەدا دەتوانین بڵێین کە (را) دوو ئەرکی جیاوازی ڕێزمانیی هەیە، واتە لە یەك شوێنو لە هەمان کاتدا، جارێك نیشانەی ناسیاوییەو جارێکی تر نیشانەی بەرکارییە.)(مهری باقری: ١٣٧٥: ١٥٢)

ئەگەر تەماشای قوناغەکانی زمانی فارسی بکەین دەبینین، کە چەند مۆڕفێمێك بەکارهاتووە، ناساندن، لە زمانە ئێرانەییە کۆنەکاندا، (بەهۆی awa[١٢٠] (ان) و ima (این) بووە.)(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٢٨) ئەمڕۆش ئەو ناوانەی لە دوایی ئاوەڵناوی نیشانەی (ان، این) دێن، لە زمانی فارسییدا بە ناوی ناسراو دادەنرێن، کە ئەوانیش پێش ناوەکە دەکەونو وەك نیشانەی ناسراوی بەکاردێن. (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ١٣٩٠: ٨٨)، وەکو:

این قلم، این کاغذ، ان پسر، ان دختر......

ئەوەی کە لەم بارەیەوە زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە (awa و ima) وەك مۆڕفێمی بەند بەکارهاتوون، بەڵام (ان، این) ئەمڕۆ وەکو مۆڕفێمی سەربەخۆ بەکاردێن.

لە زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاستدا، ناساندن لەڕێگەی چەند نیشانەیەکەوە بووە، لەوانە، لە پەهلەوی ئاشکانیدا، im (این)و hau (او) و لە فارسی ناوەڕاستدا، ōy (او)، ēn (این)و (h)ān (ان) کە جێناو، ئاوەڵناوی نیشانەنو ناو دەکەن بەناسراو.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤٠):

hau pidar- ان پدر ئەو باوکە.

لە زمانی فارسیدا (گفتوگۆی ئاسایی)، مۆڕفێمی /-ش/ /-eš/ وەکو نیشانەی ناساندن بەکاردێت. (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ٣١) وەکو:

محلش خوب است. دوکانەکەی باشە.

غذاش بدنیست. خواردنەکەی خراپ نییە.

ئەم مۆڕفێمە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، (دەبێتە هۆی ناساندنی فرێزی ناوی، بەڵام وەك ناساندنێکی ئەنافۆڕی، بەکاردەهێنرێت.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٩٠)

مۆڕفێمێکی تر، /-ە/یە، لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بۆ ناساندن بەکاردێت، (لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی فارسیدا، بۆ ناساندنی ناو، بزوێنی /e-/، /-ە/ بۆ کۆتایی ناوەکە زیاد دەکرێت.) (محمد رضا باطنی: ١٣٨٥: ٩٧) بەنموونە:

---

١٢٠ لە زمانی ئاوێستادا، (ava) بووە. بڕوانە (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٢٨)

کتابه اینجا است.          کتێبەکە لەوێیە.

پسره بیدارشد.          منداڵەکە لەخەو هەستا.

ئەم پاشگرە سەرپشكییە، (دەتوانرێت بە شێوەیەكی سەرپشكی بە هەر ناوێكی تاكی تایبەت، یان گشتی، كە بكەر بێت، یان بەركاری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بلكێتو ناسیاوی نیشان بدات.) (شهرزاد ماهوتیان: ١٣٨٧: ١٩٠)، وەكو:

من به زنه گفت.          من بە ژنەكەم گوت.

زنه به من گفت.          ژنەكە بە منی گوت.

هەریەك لەم دوو مۆرفیمە، بە شێوەیەكی لابەلا دەتوانن چەمكی ناساندن بگەیەنن، چونكە توانایەكی زۆریان نییەو تەنیا لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەكاردێن. (لە نووسیندا، بۆ ناساندنی ناو هیچ نیشانەیەك بەكارناهێنرێت) (محمد رضا باطنی: ١٣٨٥: ٩٧)، بۆیە ناتوانین هیچ مۆرفیمێك وەكو پیشاندەری چەمكی ناساندن لە زمانی فارسیدا، بەتایبەت لە زمانی نووسینو فەرمی، دیاری بكەین، هەرچەندە (زمانەوانی ئەمڕۆ مۆرفیمی /-ە/ بە گیرەكێكی ڕێزمانی دادەنێن، كە چەمكی بچووكردنەوەو ناساندنو پیشاندانی ناسكیو خۆشەویستی دەگەیەنێت.) (حسین عبدالملكی: ١٣٨٥: ١٠١) بەم پێیە ئەم مۆرفیمە دەبێتە مۆرفیمێكی هاوبێژو چەند چەمكێكی ڕێزمانیو فەرهەنگی تێدا تواوەتەوە.[١٢١]

(هەریەك لەو دوو مۆرفیمە /-ە/، /-ش/ لە ڕیزی نووسەكەكانو بە جۆرێك لە نووسەك (دواگر) دادەنرێت.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٩١):

- آشش/ آش رشتش/ آش رشت زمستوناش خوشمزه است.

- کته/ کت قرمزه/ کت قرمز گرانه را خریدم.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەكردنە، ئەوەیە كە هەندێ جار بەتایبەتی لە زمانی قسەكردندا، لە جیاتی /-ە/ (فەتحە) بەكاردەهێنرێت، واتە شوێنی دەگرێتەوە، ئەمەش تەنیا لەگەڵ ناوی تاكدا دەبێت. وەكو:

کتابَ رو خوندم.

مردَ رو دیدم

اوتوبوسَ رو سوارشدم

---

١٢١ - بۆ زانیاری زیاترو ئاشنابوون بە هەموو ئەو چەمكانەی كە ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسیدا دەیبینێت، بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٥٤- ٤٧١)

## ٣-٢-٢: مۆرفێمی بەندیی نەناساندن

نەناسیاری وەك چەمكێكی ڕێزمانی لە زمانی فارسیدا، لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆو مۆرفێمی بەندو هەردوو جۆری مۆرفێمەكەش پێكەوەو لەیەك كاتدا، دەگەیەنرێت. هەر كاتێك ناو ئەم كاتیگۆرییە وەربگرێت، دەبێت بە ناوێك كە (لای قسەكەرو گوێگر، دیارو ئاشكرا نییەو پێشینەییەكان لەبارەوە لە مێشكدا، نییە.) (عبدالعظیم قریبو دیگران: ١٣٨٧: ٣٣) ئەو ناوەی كە دەكرێت بە نەناسراو، لەگەڵیدا ژمارە دەردەكەوێت، كە هەر ڕێگایەك بەكاربهێنرێت (نەناسراوی لەناو فرێزی ناویدا بە (یە/یك) یان پاشگری /-ی/ یان بەلێكدانی (یە/یك) لەگەڵ /-ی/ دەگەیەنرێت.)(شهرزاد ماهوتیان: ١٣٨٧: ١٩٢)[١٢٢] وەكو:

یە/یك كتاب خریدم. كتابی خردیدم. یك/یە كتابی خریدم

بەم پێیە مۆرفێمی بەندی نەناسیاری /-ی/ ییە، كە تێیدا چەمكی نەناسیاریو ژمارە هەست پێدەكرێت:

١- نەناسیاری

/-ی/

٢- ژمارە

بەڵام كاتێك مۆرفێمی سەربەخۆشی لەگەڵ دەركەوت هیچیان چەمكی خۆیان لەدەست نادەن. (كاتێك هەردوو نیشانەكە (یك) و /-ی/ پێكەوە هاتن بۆ جەختكردنەوە.) (سید احمد خراسانی: ١٣٢٩: ٣٧)

ئەگەر ئاوڕێك لە قۆناغەكانی پێشتری زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین لە زمانی (ئێرانی كۆندا نەناسراوی بە -aiwa: (یك) پیشان دەدرا.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٢٨)، وەكو:

aiwa martyah مردی (پیاوێك)

لە زمانی فارسی ناوەڕاستو زمانە ئێرانییەكانی تری ناوەڕاستی ڕۆژاوا (ناو بە ew كە لە دوای ناوەوە بەكاردێتو لە aiwa ی ئێرانی كۆنەوە ماوەتەوە، دەكرێت بە نەناسراو.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤٠) لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەی لە نێوان فارسیی كۆنو ناوەڕاستدا، ڕووی داوە، نیشانەی نەناسیاری، كە لە فارسی كۆندا پێش ناوەكە هاتووە، بەڵام لە فارسیی ناوەڕاستدا، دوای ناوەكە كەوتووە، وەكو:

azdahāgēw mazn اژدهایی بزرگ. ئەژدیهایەكی گەورە.

بەڵام ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا بۆ نەناسیاری ناو، نیشانەكە هەم دەچێتە پێش ناوەكەو هەمیش دەچێتە دوای ناوەكە، پێكەوە لە هەردوو باریشدا دەبینرێت.

ئەم مۆرفێمە بەندە، لە زمانی فارسیدا، شێوەی نووسەك زیاتر بەخۆیەوە دەگرێت، تا گیرەك، چونكە هەر كاتێك لە فرێزی فراوانكراودا بێت، توانای ئەوەی هەیە بنكەی خۆی بگۆڕێت. ئەو بنكەیەی كە وەری دەگرێت

---

١٢٢ - بۆ هەمان زانیاری بڕوانە: (حسن احمد گیوی، حسن انوری: ١٣٩٠: ٦٦)، (محمد روایی: ١٣٨٤: ١٨)

نابێت بە بەشێك لێیو کەتیگۆری ئەو بەشە ئاخاوتنە پیشان نادات، بۆیە دەشێ (نیشانەی نەناسیاری /-ی/ (/i-/) بە نووسەك دابنرێت.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ٣١) بەم پێیەش (نیشانەی نەناسیاری /-ی/ مۆرفیمێکی بەندەو لە جۆری نووسەکەکانەو گیرەك نییە.) (ویدا شقاقی: ١٣٧٦: ١٥١) وەکو:

کتابی خریدم.

کتاب خوبی خریدم.

کتاب بسیار خوبی خریدم.

بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە بنکەی مۆرفیمی /-ی/دا، خورتەکی نییەو دەشێ بووترێت: کتابی بسیار خوب خریدم.

لێرەوە ئەمە دەردەکەوێت، هەر کاتێك لە ناوێکی دیارخراو بە ئاوەڵناو، نەناسراو بکرێت، بەزۆری مۆرفیمی نەناسیاری دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لە زۆر بواردا، لە زمانی فارسیی فەرمیو بەتایبەت لە زمانی ئەدەبیدا لە پێکهاتەی سینتاکسی ناو و ئاوەڵناودا، مۆرفیمی نەناسیاری هەر لەسەر ناوەکە دەردەکەوێت، (هەمان سەرچاوە: ١٣٨)، وەکو: دیواری بلند، کاخی باشکوە، درختانی سرسبز......

هەروەها دەشێت دیارخراو ئاوەڵناویش نەبێت، مۆرفیمەکە شوێنی خۆی بگۆڕێ، وەکو:

لیوان شیری / لیوانی شیر می خورم.

دستەای گل / دستە گلی می خرید.

هەندێك لە زمانەوانی فارس، /-ای/ بە مۆرفیمێکی تری نەناسیاری دادەنێنن،[١٢٣] بەڵام دەنگی {ا}، کە لە پێش ئەو مۆرفیمە زیاد دەبێت، بەهۆکاری دەنگەکانی دەوروبەرییەوە پەیدادەبێت، بۆیە دەشێت وەك ئەلۆمۆرفێکی ئەو مۆرفیمە دابنرێت، کە بە هۆکاری فۆنۆلۆژی سەری هەڵداوەو شێوەی سەرەکی مۆرفیمەکەی گۆڕیوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وشانەی کۆتاییان بە دەنگی بزوێن هاتووە، ئەم دیاردەیە دەبینرێت، وەکو:

خانەای، شانەای..............

ئەگەر بێتو هەمان ناو بەئاوەڵناوێکی (یان هەر دیارخەرێکی تر) دیاربخرێت، ئەوا ئەو ئەلۆمۆرفە شێوەی سەرەکیی خۆی لەسەر دیارخەرەکە وەردەگرێتەوە، وەکو:

خانە بزرگی، ..............

مۆرفیمی نەناسیاری، هەرچەندە، چەمکی تاکییەتی ناویش پیشان دەدات، بەڵام زۆرجار لەگەڵ مۆرفیمی کۆشدا دەردەکەوێت، هەر کاتێکیش ئەو دوو مۆرفیمە لەسەر بنکەیەك دەرکەوتن، ئەوا مۆرفیمی کۆ پێش مۆرفیمی نەناسیاری دەکەوێت. (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤١) بەنموونە:

---

١٢٣ - بڕوانە: (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ١٦٦)، (داریوش آشوری: ١٣٨٦: ١٨٢)

آدم + ها(کۆ) + یی(نەناسیاری) > آدمهایی

پسر+ ها(کۆ) + یی(نەناسیاری) > پسرهایی

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی زمانی فارسی، دەوترێت پێشتر (ی) لە کۆتایی ناوی تاکدا دەهات نەك لە کۆتایی ناوی کۆ، نەدەوترا (سخنانی) یان (مردانی) بەڵکو کۆی نەناسراو، بەهۆی هەندێك وشەی وەکو (گروه، دسته، برخ......هتد) لە پێش ناوەکە دادەنراو نیشانەی /-ان/ی کۆ دەخرایە سەر ناوەکە، نیشانەی /-ی/ نەناسیاریش دەخرایە سەر وشەکان.(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٢: ١٩٠) وەکو:

برخی سخنان، گروهی مردان......

لێرەدا، مۆرفێمی /-ی/ چەمکی تاکییەتی لەدەست نەداوە، بەڵام ئەمڕۆ /-ی/ لە کۆتایی ناوی کۆش دێت، وەکو: سخنانی گفت، حرفهایی بزن،

لێرەوە ئەگەر پێشتر دەوترا /-ی/ تاکییەتی دەگەیەنێت، ئەوا لەم جۆرە حاڵەتەدا، پێویستە بڵێین: (تەنیا چەمکی نەناسراوی دەدات، چونکە لە کۆتایی ناوی کۆش دێت، تاکییەتیش لەگەڵ کۆ ناگونجێ.) (سید احمد خراسانی: ١٣٢٩: ٣٨) بۆیە ئەو مۆرفێمانەی کە دوو چەمکیان تێدا دەتوێتەوە، دەشێ پلەیان لە نێواندا هەبێ، یەکێکیان سەرەکی بێتو ئەوەی تریان لاوەکی بە نموونە /-ی/ ئەرکی سەرەکی پیشاندانی چەمکی نەناسیارییە، ئەرکە لاوەکییەکەی — لەهەندێ باردا- پیشاندانی چەمکی تاکییەتییە.

بەم پێیە مۆرفێمی بەند، (لە زمانی فارسیدا وەك نیشانەی نەناسراوی (/-ی/) ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژمارە (یەك) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (یك)و/-ی/ ڕەگو ڕیشەی هاوبەشییان هەیە.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٨٦)

## ٣-٢-٣: مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە

لە زمانی فارسیدا، پیشاندانی چەمکی کۆ، لە ڕێگەی زیاتر لە مۆرفێمێکەوە دەبێت، کە هەریەکێك لەو مۆرفێمانە سیمای تایبەتیو بەکارهێنانی خۆی هەیە، بەگشتی مۆرفێمەکان ئەمانەن: /-ان/، /-ها/، /-گان/، /-جات/، /-ین/، /-ون/، /-ات/[١٢٤] هەرچەندە هەندێ مۆرفێمی تریش بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە ئاماژەیان بۆدەکرێت، لەوانە /-اها/، /-یها/، /-گاران/، /-یان/.....هتد)[١٢٥] بەڵام زیاتر دەچنە ڕیزی ئەلۆمۆرفەوە.

١٢٤ - بڕوانە: (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٤)، (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٤،٥٥)، (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤- ١٢٧)

١٢٥ - بڕوانە: (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٥٩- ٦٥)




ئەگەر ئاوڕێك لە زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین هەندێك لەو مۆڕفێمانە نوێن‌و تازە هاتوونەتە ناو زمانی فارسییەوە، لە فارسیی کۆن‌و ناوەڕاستدا نەبوونە. (لە زمانی ئێرانی کۆندا، āmanو ān لە فارسیی کۆندا، بۆ ئەو ناوانە بەکارهاتووە، کە کۆتاییان بە /ā/ هاتووە، īn و īnam بۆ ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە /-ī/ هاتووە، بەڵام (īn) کەمتر بەکارهاتووە، لە پەهلەوی ئەشکانی‌و فارسیی ناوەڕاستدا زیاتر بەکارهاتووە، لە دەوری ناوەڕاستدا، مۆڕفێمێکی تر هەیە -īha-، بەتایبەتی لە دەقەکانی فارسیی ناوەڕاست‌و زەردەشتیدا، کە لە بنەڕەتدا، مۆڕفێمێکی ئاوەڵکارسازەو بۆ کۆکردنەوەی ناوی تاکیش بەکارهێنراوە.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤١)، (مهری باقری: ١٣٨٦: ١٧٣، ١٧٤) بەم پێیە، مۆڕفێمی /-ان/ کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ anamی فارسیی کۆن‌و لەم قۆناغەدا تاکە مۆڕفێم بووە بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ، لە قۆناغی فارسیی ناوەڕاستدا، (īhā) هاتووەتە ناوەوە، وەکو پیشاندانی چەمکی دووەمی کۆی گەیاندووە. ئەمڕۆش لەو زمانەدا، هەردوو مۆڕفێمی /-ان/ و /-ها/ بە چالاکترین‌و بە تواناترین مۆڕفێم دادەنرێن تەنانەت دەوترێت (لە زمانی فارسیدا دوو مۆڕفێمی کۆ هەن ئەوانیش (ha- و an-)ن.) (علی درزی: ١٣٨٥: ٨٠) بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێرەدا، بەکورتی، هەڵوەستە لەسەر دیارترین ئەو مۆڕفێمانە دەکەین:

/-ان/ زۆربەی زمانەوانی فارس، بە مۆڕفێمێکی ڕەسەنی دادەنێن لە زمانەکەیاندا، کە ڕیشەیەکی کۆنی هەیەو (بۆ ناوی گیانلەبەران، ڕووەك، تەنەئاسمانییەکان، هەندێ لە ئەندامە دوانییەکانی لەش، بەکاردێت.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤) بەنموونە: مرغان، گوسفندان، لبان، گیاهان، گلان،..........

ئەم مۆڕفێمە چەند ئەلۆمۆڕفێکی هەیە، لەوانە: /-یان/ (ئەگەر هاتوو ناوێك کۆتایی بە {ا} هاتبوو نیشانەی کۆی /-ان/ بە شێوەی /-یان/ دەردەکەوێت.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢) وەکو:

دانا + ان > دانایان، بینا + ان > بینایان.

هەروەها لە هەندێ وشەدا، کە کۆتاییان بە {و = u}، هاتووە، لە کاتێکدا کە /-ان/ی بۆ زیاد دەکرێت، {و = u}ی وشەکە دەگۆڕێت بە (o ، ـُ) دوای ئەوە (و + ان)ی بۆ زیاد دەکرێت. (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤، ١٢٥) بۆیە /-وان/ وەك ئەلۆمۆڕفێکی /-ان/ هەژماردەکرێت، بەنموونە:

زانو + ان > زانۆ + و + ان > زانوان.

له هەندێ باریشدا، /-گان/ وەکو ئەلۆمۆرفێکی /-ان/ دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتاییی بە (ە/ــە = e) هاتبێت لە نێوان ئەو بزوێنەو مۆرفێمی کۆ {گ} زیادەکرێت. (هەمان سەرچاوە: ١٢٥)، بەنموونە:

درمانده + ان > درماندەگان　　　　فرزانه + ان > فرزانەگان

هەندێ جار دەشێ دەنگی {ە}، له نووسیندا دەرنەکەوێتو ببێتە (فەتحە) (درماندگان) ئەم ئەلۆمۆرفەش هۆکاری فۆنۆلۆژی هێناویەتی. ئەگەر بە /-ها/ کۆیان بکەینەوە ئەوا فۆنیمی {گ} زیاد نابێت، چونکە /-ها/ خۆی بە نەبزوێن دەست پێدەکات، وەکو: فرزانه+ ها > فرزانەها

/-ها/: ئەم مۆرفێمە لە (پاشگری ئاوەڵکارسازی /īhā-/ی فارسی ناوەڕاستەوە کە بەرانبەر پاشگری /-انە/ی فارسی نوێیە، وەرگیراوە.) (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٦٣) بەڵام ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا، (زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە دروستکردنی وشەی کۆدا.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤)، (علی درزی: ١٣٨٥: ٨٠)، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ناوی گیاندارو بێگیانو ناوی واتایی بەکاربهێنرێت، هەروەها دەتوانێت لەگەڵ ئەو ناوانەش بەکاربهێنرێت، کە بە /-ان/ کۆدەکرێنەوە، واتە دەبێتە هاوواتایی، وەکو:

مردها، دخترها، پسرها، درختها، کتبها.................

بەم پێیە /-ان/ تایبەتە بە گیانلەبەرو (زیندوو)، /-ها/ دەتوانێت هەموو ناوێك کۆبکاتەوە گیانلەبەرو بێگیان، بەڵام /-ان/ ناتوانێ، لە گیاندار زیاتر کۆبکاتەوە، ئەم نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی ناوی گیاندارو بێگیان لە زمانی فارسیدا بەکاردێت. (اسماعیل سعادت: ١٣٧٥: ٧٧) بەڵام لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا، ئەم یاساو ڕێساییە زۆر بەوردی ڕەچاو ناکرێتو زۆربەی ناوەکان بە /-ها/ کۆدەکرێنەوە. (ع. خیامپور: ١٣٨٩: ٣٦) ئەم توانابییەی مۆرفێمی /-ها/ دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی دەربڕینیو نەبوونی ئەلۆمۆرفی جیاجیا بۆی بەتایبەت لە زمانی نووسیندا، چونکە (لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا، /-ها/ دەگۆڕێت بە /-ا/) (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨٧) ئەمەش زیاتر بۆ هۆکاری ئابووری کردن دەگەڕێتەوەو سەرباری ئەوەش لە سنوورێکی تەسکدا دەبێت. چونکە ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە بزوێن هاتبێو بە /-ها/ کۆکرابنەوە ناکرێت ئەم گۆڕانکارییەیان تێدا ڕووبدات، وەکو: (بندەها = *بندەا، بچەها = *بچەا) بۆیە دەشێ /-ا/ وەك ئەلۆمۆرفێکی زۆر ناچالاك دابنێین.

پەیوەندی مۆرفێمی کۆ لەگەڵ ژمارەدا، لە هەندێ زماندا، خورتەکییە[١٢٦]، بەڵام لە هەندێ زماندا نییە[١٢٧]، لە زمانی فارسیشدا، سەرپشکییە، دەشێ هەبێو دەشێ نەبێت، وەکو:

---

١٢٦-لە زمانی ئینگلیزیدا پێویستە (S) کۆ لەگەڵ ژمارەدا بێت، واتە کە ژمارە هات دەبێت مۆرفێمی کۆیش بێت، وەکو:

the ***two*** boy***s*** are here. ، the boy is here. (Eckersley, C. and Eckersley, J.1980: 50)

١٢٧ - بۆنموونە لە زمانی کوردیدا، نییە، واتە کاتێك ژمارە هات، مۆرفێمی کۆی لەگەڵ نایەت. بەنموونە:

- دوو منداڵ سواری پاسکل بوون.　　* دوو منداڵان سواری پاسکل بوون.

- دو تا دخترها.        — دو تا دختر.

بەڵام دەوترێت ئەگەر هاتوو هەردوکیان — ژمارەو مۆڕفێمی کۆ- پێکەوە هاتن، ئـەوا نیشـانەی کـۆ دەبێتـە هۆی گەیاندنی چەمکی ناسراوی. (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٩٧) بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەشەوە، دەکرێت بڵێین لە هەندێ باردا مۆڕفێمی /-ها/ چەمکی ناسیاویش پیشان دەدات.

/-گـان/: هەرچـەندە هەنـدێ زمانـەوان بـە مـۆڕفێمێکی کۆکردنـەوەی دادەنـێن،[١٢٨] بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەمـە ئـەلۆمۆڕفێکی مـۆڕفێمی /-ان/ە، -وەك پێشـتر ڕوونمـان کردووەتـەوە- (ئـەم نیشـانەیە لـە بەکارهێنانیـدا زۆر سنووردارەو لە ڕوانگەی واتاییەوە، ئاماژە بە کۆمەڵێكو چەند دانەیەکی یەکسانو لەیەکچـوو دەکـات، هـەروەها زۆرجاریش چەمکی ئاوەڵناوی نسبیش پیشان دەدات.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢) وەکو:

دهگان، صدگان، هزارگان، ناوگان......

/-جات/: یەکێکە لەو مۆڕفێمانەی کە لە زمانی فارسـیدا، بـۆ گەیانـدنی چـەمکی کـۆ بـەکاردێت، بـەڵام (لـە بەکارهێناندا سنووردارە.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٦) زۆرجاریش وا باس دەکرێت، کە ئەم مۆڕفێمـە گـۆڕاوی /-ات/ی عەرەبی بێت، بەتایبەتی، ئەگەر هاتوو ئەو بنکەیەی کە /-ات/ وەردەگرێت، بـە یـەکێك لـە بزوێنـەکان کۆتایی هاتبێت، ناوبەندێك دێتە نێوان هەردوو دەنگـە بزوێنەکـە، ئـەو ناوبەندانـەش بـە زۆری {ج}، {ی}ییـە، وەکو: سبزی + ات > سبزی + ج + ات > سبزیجات.

روزنامە + ات > روزنامە + ج + ات > روزنامەجات

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەندێ باردا، (زیادکردنی نیشانەی (ات) بۆ وشـەی فارسـی ڕەسـەن، بـە دەگمـەن دەزانن، بۆیە لەم بارەدا، (-جات) بە یەکێك لە مۆڕفێمەکانی کۆ دادەنێن.)(هەمان سەرچاوە: ١٢٥) وەکو:

دواجات، حلواجات، ترشی جات، میوجات، نوشتەجات ........

لە زمانی فارسیدا، ئەو ناوانەی کە لە عەرەبییەوە، خوازراون، لە ڕێگەی زیـادکردنی هەرسـێ مـۆڕفێمی /-ات/، /-ین/، /-ون/ بۆ کۆتایی وشەکە دەبێت. (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٤، ٥٥) وەکو:

/-ات/ امتیازات، انتخابات، اطلاعات، مکاتبات

/-ین/ معلمین، خادمین، کاشفین، مترجمین.

/-ون/ روحانیون، مادیون، صلیبون، منطقیون.

بەڵام دەشێت هەر یەکێك لەو ناوانە، بەیەکێك لە مۆڕفێمەکانی کۆی /-ان/ یان /-ها/ کۆبکرێنـەوە، کـە ئەمـەش بە پەسەندتر دادەنرێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥٥) وەکو:

امتیازها، معلمان، ناشران، روحانیان.....

---

١٢٨ - بڕوانە: (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢)، (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٥٤)

یەکێکی تر، لەو ڕێگایانەی کە لە زمانی فارسییدا، بەکاردێت (جمع مکسر)ە، بەتایبەت بۆ ئەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون. (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٣) وەکو:

امر: امور، رسم: رسوم، شیخ: شیوخ..........

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دەشێ، ئەم جۆرە ناوانەش بە یەکێك لە مۆرفیمەکانی /-ان/ یان /-ها/ کۆبکرێنەوە، (ئەم شێوازە لە نووسینی کەڵەنووسەراندا بەکارهێنراوەو پاراوترو ڕەوانترە.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٨) وەکو:

رسوم = رسمها، کرام = کریمان، منافع = منفعها، شیوخ = شیخان

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین، ئەو مۆرفیمە (ڕێگا) عەرەبیانەی لە زمانی فارسییدا، توانایەکی زۆریان نییەو چالاك نین، لەبەرئەوەی شوێن گرەوەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەمەش تاڕادەیەك دەبێتە گرفتو دەوترێت، (بوونی کۆمەڵێك نیشانەی کۆ بۆ بەکارهێنەرانی زمانو ئەوانەشی کە دەیانەوێ زانیاری لەسەر زمانی فارسی وەربگرن دەبێتە کێشە. هەروەها بوونی ژمارەیەك نیشانەی کۆ و کۆی بێ یاسا — دەستووربەدەر- لە زمانی فارسیدا دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەیەك بۆ دانانی فەرهەنگۆك بۆ مۆرفیمەکانو دانانی لە وشەنامەدا. فەرهەنگنووس لە دانانی (مدارس)و (مدرسەها)، یان (اساتید)و (استادان)، یان (محقیقان)و (محقیقین) دوودڵە.) (لیلی مرتضائی: ١٣٨٠: ٨٩) چونکە هەردوو شێوەکە لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە مۆرفیمەکانی کۆ، لە زمانی فارسیدا بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت، کە کۆدەنگی تەواوی لەسەر نییە. توانای هەریەك لەو مۆرفیمانەی کە باسمان کرد بە شێوەی خوارەوە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٢١)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی فارسیدا




## ٣-٢-٤: مۆرفیمی بەندی پلەی باڵاو بەراورد:

لە زمانی فارسیدا، یەکێك لە چەشنەکانی ئاوەڵناو، لە ڕووی پلەوە، ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو پلەی باڵایە، ئەم چەمکە لەڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەگەیەنرێت، کە ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی لەناو ئەو زمانەدا هەیە. لە

زمانی  فارسیی کۆندا، (بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو باڵا، سوود لە دوو شێوە دەبینرا، یەکەمیان، بۆ سازکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد پاشگری /yah-/، ئاوەڵناوی پلەی باڵا /išta-/ بەکاردەهێنرا، بەنموونە:

vahu + yah > vahyah

بهتر < تر + به

شێوازی دووەم، بۆ سازکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، پاشگری /tara–/ و پلەی باڵا /tama-/ بۆ ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو زیاد دەکرێن، وەکو:

hubaoidi + tara > hubaoiditara

خوشبوتر < تر + خوشبو

hubaoidi + tama > hubaoiditama

خوشبوترین < ترین + خوشبو[129]

شێوازی یەکەمی سازکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو باڵا لە گۆڕانی زمانی فارسی لە کۆنەوە بۆ ناوەڕاست لەناوچووە.) (مهری باقری: ١٣٨٦: ١٨٠) لە ئەمڕۆی زمانی  فارسیدا، هەردوو پاشگری /-تر/، /-ترین/ هەمان ئەو پاشگرەن، کە بە گۆڕانی دەنگیی کەمەوە، بەکاردێن، چونکە دەوترێت (ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو بە زیادکردنی پاشگری /-تر/ بۆ کۆتایی ئاوەڵناو دروست دەکرێتو پلەی باڵاش بەهۆی زیادکردنی پاشگری /-ترین/) (محمد راویی: ١٣٨٤: ٣٧)، وەکو: خوب > خوبتر > خوبترین.

گویا > گویاتر > گویاترین.

دلشکسته > دلشکستەتر > دلشکستەترین

ئەم چەشنە چەمکە لە نێو هەموو زمانەکاندا، لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوانەدا بەکاردێت، کە پێیان دەوترێت ئاوەڵناویی پلەیی، لە زمانی  فارسیدا، هەریەك لە ئاوەڵناوەکانی (زیندوو، کوژراو، ڕۆیشتوو، نێر، مێ، (زنده، مرده، کشته، رفته، مذکر، مؤنث، خاموش) پلەیان لە نێواندا نییە، بۆیە ناکرێت پاشگری (/-تر/، /-ترین/ لەگەڵیاندا بەکاربێنین.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٨٥) وەکو:

*زندەتر، *مردەترین، *کشتەتر، *رفتەتر، *مذکرترین، *مؤنثتر، *خاموشترین......

هەریەك لەو ئاوەڵناوانەی کە پلەیان لە نێواندا هەیە، دەتوانن، ئەو پاشگری (/-تر/، /-ترین/) وەربگرن، وەکو: گرم > گرمتر – گرمترین، سرد > سردتر – سردترین، سبك > سبکتر – سبکترین.

پاشگری /-تر/ بە پێی ئەو توانایەی کە هەیەتی پێویستی بە هەندێ کەرەستەی تر دەبێت. بە واتایەکی تر، ئەو ڕستەیەی کە ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی تێدا دێت، چەند ڕەگەزێکی تر دەهێنێت، لە زمانی  فارسییدا،

---

١٢٩ - بۆ هەمان زانیاری بڕوانە: (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ١٠، ١١)، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٥، ٥٦)

(پاشگری /-تر/ که بۆ بەراورد بەکاردێت، پێویستی بە (از)ی ئامرازی پەیوەندی، یان (تا)ی ئامرازی لێکدەر دەبێت.)[١٣٠] (شهرزاد ماهوتیان: ١٣٨٧: ٢٤٦) بۆ نموونە:

دانا از زانا بلندتر است.

دانا بلندتر است تا زانا.

بەم پێیە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، ئاوەڵناوێکە دیارخراوەکەی لەسەر بنەمای دیارخراوێکی تر وەسف دەکاتو ئەنجامی بەراوردیان دەخاتەڕوو، ئەم پاشگرە، (کاتێك بە ئاوەڵناوەوە، دەلکێت، لە پلەی چەسپاو (لاواز)ەوە بەهێزی دەکات.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٨) واتە تواناو هێزی ئاوەڵناوەکەش دەگۆڕێت.

پاشگری /-ترین/ بۆ پلەی باڵا بەکاردێت، بەراوردو ئەنجامی دیارخراوێك لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی هاوشێوەی پیشان دەدات. (لە زمانی فارسیدا ئاوەڵناوی پلەی باڵا، لە ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو پاشگری /-ین/ سازدەکرێت.) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٢٢٠) بەم پێیە لەسەر ئەم پاشگرە ڕایەکی جیاواز هەیە، کە پێی وایە مۆرفیمێکی ناسادەیەو لە دوو مۆرفیم پێك هاتووە کە (/-تر/(بەراورد) + /-ین/(باڵا)) سازکرابێت، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، وەك یەك مۆرفیم ئاماژەی بۆ کراوە.[١٣١]

ئەم پاشگرە، دەکرێت، لەگەڵ دیارخراوی تاكو کۆشدا بەکاربهێنرێت، لە زمانی فارسیدا (ئەگەر ئەو ناوەی دوای /-ترین/ دێت، تاك بێت نیشانەی خستنەسەری پێویست نییە، بەڵام ئەگەر کۆبێت، نیشانەی خستنەسەری /ـِ/(کەسرە)ی پێویستە. (عباسعلی مولوی: ١٣٦٠: ٧٣) وەکو:

زیباترینِ شهرهای ایران اصفهان است.

اصفهان زیباترین شهر ایران است.

## ٣-٢-٥: مۆرفێمە بەندی ناکردن:

نەرێکردن وەك کردەیەکی سینتاکسی، لە ڕێگەی چەند مۆرفێمێکی بەندەوە، ئەنجام دەدرێت، کە وەك پێشگر دەچنە سەر کار. لە زمانی فارسیدا ئەو مۆرفێمانەی کە لە بواری سینتاکسدا، نەرێ پیشان دەدەن، ئەمانەن:

---

١٣٠ - بۆ هەمان زانیاری بڕوانە: (پنج استاد: ١٣٨٧: ٦٦، ٦٧)، (عباسعلی مولوی: ١٣٦٠: ٧٣)، (حسن انوری و حسن احمدی گیو: ١٣٩٠: ١٦٨)، (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٢١٨).

١٣١ - بڕوانە: (پنج استاد: ١٣٨٧: ٦٧)، (عباسعلی مولوی:١٣٦٠: ٧٣)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٩)، (محمد روایی: ١٣٨٤: ٣٧)




ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین هەریەك لەو فۆڕمانە ڕەگو ڕیشەیەكی مێژوویی كۆنیان هەیە، چونكە لە زمانە ئێرانییە كۆنەكاندا (-mā نیشانەی داخوازی نەرێ (نهی)یەو لەگەڵ كاری دانانیو خۆزگەو فەرماندانیش بەكاردێتو (nōit) لە ئاوێستاییو (maid) لە فارسی كۆندا، نیشانەی نەرێنو لەگەڵ كاری ڕاگەیاندنو دانانیدا، بەكاردێن)(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ١٥٧)، بەڵام ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا گۆڕانكارییان بەسەرداهاتووە، ئەمانە دیارترین فۆڕمەكانیانن.

/ نـَ/: (مۆڕفێمی سەرەكی نەرێییە لە زمانی فارسییدا،) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٢٧٨) وەك مۆڕفێمێكی ڕێزمانیو لە هەمان كاتیشدا، دەشێ وەك مۆڕفێمێكی فەرهەنگی، بەهەمان شێوە چەمكی نەرێ پیشان بدات[١٣٢]:

نسپاس، نستوه، نمرده (مۆڕفێمی فەرهەنگی)

نـَ

نرفت، نكن، نخورم (مۆڕفێمی ڕێزمانی)

لەم بەشەدا پێ لەسەر چەمكی ڕێزمانی دادەگرین، كە ئەم مۆڕفێمە (لە هەموو جۆرە كاتێكو لەگەڵ هەموو ڕووكارێكدا، بەكاردێت.) (مهدی مشكوة الدینی: ١٣٨٩: ٧٣) بەنموونە:

نـَخوانم (ڕانەبردوو)، نـَخوان (داخوازی)، نـَخواهم خواند (داهاتوو)، نـَخواندم (ڕابردووی نزیك)، نـَخواندەام (ڕابردووی تەواو) نـَخواندە باشم (ڕانەبردووی دانانی).........

بەم پێیە لە ڕووی تواناو هێزەوە، وەك مۆڕفێمێكی ڕێزمانی نەرێكردن، بەهێزترینە، تەنیا ئەگەر هاتوو ئەو كارەی كە نەرێ دەكرێت، ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، یان ڕابردووی بەردەوام بێت. فۆڕمەكەی دەگۆڕێت، بۆ /نـِ/.

---

١٣٢ - هەندێ لە ڕێزماننووسان، لە هەندێ نموونەی وەكو (نرفتن)، (نخوردن) لە زمانی فارسییدا، و (نەزانین)و (نەبوون) لە كوردیدا، بەنیوە ڕێزمانی دادەنێن، واتە جەمكی نەرێ دەدات هەم لەبواری دارشتنی چاوگی نەرێو هەم وەكو مۆڕفێمێكی نەرێی ڕێزمانیش. بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٠: ٣١٣- ٣١٥)

/نِــ/: (ئەگەر هاتوو لە پێش مۆرفێمی (می) (نـ)ی نەریّ کردن هـات، ئـەوا بـە /نِــ/ ne گۆدەکرێـت.) (تقـی وحیدیان کامیار: ۱۳۸۹: ٦٢) کەواتە /نِــ/ ne/ ئەلۆمۆرفێکی /نَــ/ یەو تەنیا لە دەورووبـەرێکی دیـاریکراودا، دەردەکەوێت، وەکو:

نِـــمی خواندم. (ڕابردووی بەردەوام)      نِـــمی خوانم (ڕانەبردوو)

بەم پێیە ئەم ئەلۆمۆرفە لە بەکارهێناندا، سنووردارترو کەم تواناترە، بەڵام لە بەکارهێنانی خۆی نەکەوتووە.

/مَــ/ ئەم مۆرفێمە لە ئەمڕۆی زمانی  فارسییدا مۆرفێمێکی چالاك نییـە، لەگـەڵ کـاری داخوازیـدا بـەکاردێت. فەرماندانی نەریّ کە پێی دەوترێت، (نەهی) لە زمانی فارسیدا، مـۆرفێمی (/نَــ/، /مَــ/) بـۆ بـەکاردەهێنرێت بەڵام /نَــ/ لە زمانی نووسینو قسەکردنیشدا زیاتر بەکار دێت.) (محسن حافظیان: ۱۳۸۳: ٥٤)، وەکو:

مپرس = نپرس   مکن = نکن

لە زمانی  فارسیی ئەمڕۆدا /مَــ/ تەنیا تایبەتە بە زمانی ئەدەبی. (تقـی وحیـدیان کامیـار: ۱۳۸۹: ٥٥) ئەگینا لە زمانی قسەکردنو نووسیندا هەر /نَــ/ بەکاردێتو /مَــ/ شـێوەی کـۆنی نـەرێی داخوازییـە.) (حسـن انوری، حسن احمد گیوی: ۱۳۹۰: ۸۸)، وەکو:

بگو   =  مگو،   بشنو   = مشنو

ئەم مۆرفێمە یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە وردە وردە پلەی توانایی‌و چالاکییەکەی لەدەسـت دەدات، چـونکە لە (زمانی فارسی کۆنـدا (ma) بـووەو بـۆ نـەرێکردنی ڕووکـاری دانـانی، خۆزگـە portativeو فەرمانـدانو جەختکردنەوە injunctive دوعای نـەریّ[١٣٣] بـەکاردەهێنرا.) (خسـرو فرشـیدورد: ۱۳۸۰: ۳۱٤) وەکـو لـە نووسراوێکی داریوش لە کێوی بیستووندا هاتووە:

mā pagaudaya = مخفی مکن.

mā trasam = نباید بترسم

/نیــ-/ ئەم مۆرفێمەش لەگەڵ هەندێ کاری نەرێدا دەردەکەوێت، (لەگەڵ کاری یاریـدەدەری (اسـت) /نیــ-/ وەکـو مۆرفێمی نەری کردن بەکاردێت.) (بفرین احمد حماغا: ۲۰۰۹: ٤٠) بەنموونە:

او حاضر نیست.

واتە تەنیا لەگەڵ کاری ناتەواوی دەمی ئێستادا دەردەکەوێت. هەروەها ناشـێ وەك مـۆرفێمێکی تایبەتمەنـد هەژماربکرێت، بۆ گەیاندنی چەمکی نەریّ، بەڵکو دەتوانرێت بە ئەلۆمۆرفێك دابنرێت، کە لە سـنورێکی یـەکجار تەسکدا لە کاردایە ئەویش بۆ (ڕەتکردنەوەی بوون/هەبوون دەشێ مۆرفێمی /نَـ/ ببێتە /نیـ-/) (ئـەبوبکر عومـەر قادر: ۲۰۰۳: ۱۰٤)

---

١٣٣ - لە زمانی کوردیدا، ئەمرۆش بۆ دوعای نەریّ هەمان فۆرم، بەکاردێت، وەکو:

- خوایە لێمان مەگرە.   — خوایە لێمان تێك مەدە.

بەم پێیە لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوەیەوە بە پیشت بەستن بەو نموونانەی وەکو داتا بۆ دەرخستنی توانای هەر پۆلێك لە مۆرفێمەکان، وەرمان گرتووە، توانای مۆرفیمەکانی نەرێ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٢٢)

خستنەڕووی توانای مۆڕفێمەکانی ناکردن لە زمانی فارسیدا




## ٣-٢-٦: مۆرفێمی بەندی خستنەسەر

لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی دانەپاڵی (ـِ، ی) دەوترێت (نیشانەی خستنەسەر (کسرە)یە، کە دیارخەر بە دیارخراوەو دەبەستێ.) (حسن انوری و حسن احمدی گیو: ١٣٩٠: ١٦٨) هەروەها /-ی/یش لە هەندێ باردا دەردەکەوێت. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە دیارخراو پێش دیارخەر بکەوێ، ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، پێویستی بە مۆرفێمی خستنەسەر نابێت. (مۆرفێمی دانەپاڵی (کسرە - e)یە، کە لە دوای ناو یان گرێی ناوی دێت، بەڵام ئەگەر دیارخراو کۆتایی بە بزوێن هاتبوو، پێش ئەوەی کە مۆرفێمی دانەپاڵی پێوە بلکێت، {ی} ناوبەند دێتە ناوەوە، وەکو دەنگێکی ناوبەند.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٣٣٦) بەم پێیە دەشێ (ـِ، e) بە مۆرفێمی خستنەسەر دابنێینو /-ی/ بە ئەلۆمۆرفێکی ئەو مۆرفێمە دابنێین. بەنموونە:

پسرِ باهوش، زینِ اسب، درِ خانە

نامەءِ تو، عمویِ من، دانشجویِ ایرانی

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە، کە /-ی/ ناتوانێت شوێنی کەسرە (ـِ، e) بگرێتەوە، چونکە لەدوای /-ی/ کەسرە (ـِ، e) دەمێنێتەوە، بەڵام هۆکاری فۆنۆلۆژی (ی) وەکو دەنگێکی ناوبەند دەهێنێتە ناوەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەندێ زمانەوان بە مۆرفیمی دانەپاڵی دادەنێن.

ئەم مۆرفێمە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فارسی ناوەڕاست. لە زمانی پەهلەویدا، (ī) بەکارهێنراوە بۆ ڕوونکردنەوەی باری خستنەسەر. (داریوش آشوری: ١٣٨٦: ١٣٨)، وەکو:

Kanī hučihr دخترِ زیبا

Rōzī wizīdag روزِ گزیدە.

دیاره ئامرازی خستنەسەر، لەگەڵ ئەو پێکهاتە سینتاکسیانەدا دێت، کە دیارخەر دەکەوێتە دوای دیـارخراو. تەنانەت لە زمانی فارسیی کۆنو ناوەڕاستیشدا، هەمان دیاردە هەبووە، بۆیـە دەوترێـت (دەشـێ دیارخـەر پـێش دیارخراو بکەوێت. لەم ڕۆنانەشدا ئـامرازی خستنەسـەر بەکارناهێنرێت.)(محسـن ابوالقـاسمی: ١٣٨٧: ٣٩) تـەنیا ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی نەبێت، کە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر دەبێت، هەرچـەندە لـە پـێش دیـارخراویش دێت، وەکو: حفتا در صدِ دانشجویان ناجح شدند. چهار یكِ شب می خوابم.

یەکێك لە گرفتەکانی ئەم مۆرفێمە لە زمانی نووسـین دایـە، کـە شـێوەی پیتێکـی سـەربەخۆی نییـە، وەك دەوترێت (ئەم نیشانەیە، لەڕووی سینتاکسەوە لە زمانی فارسیدا، بەرێژەیەکی فراوان بەکاردێت، بەڵام لـە زمـانی نووسیندا، بە کەمترین شێوە دەردەکەوێت، لە ڕێنووسی زمانی فارسـیدا مایـەی زەحمەتییـەکی زۆرە.) (داریـوش آشوری: ١٣٨٦: ١٣٧) بۆیە لە نوسینی زۆرینەی دەقی فارسیدا، بەرچاوناکەوێت، تەنیا بە سـەلیقە دەناسـرێتەوە. لە گۆکردندا هەستی پێ دەکرێت. ئەمەش بە یەکێك لە گرفتـەکانی ڕێنووسـی فارسـی دادەنرێـت، کـە لـە دەقـە کۆنەکاندا نەنووسراوە، ئەمەش گرفتی بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە دروست کردووە.[١٣٤]

هەرچەندە لە زمانی فارسیدا، هاوکێشەیەکی نەگۆڕ بـۆ پێکهاتـەی شـوێنی ئـامرازی خستنەسـەر لـە نێـو پێکهاتەیەکی سینتاکسیدا دیاریکراوە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بـەو نەگۆڕییـە بمێنێتـەوە، شـێوەی پێکهاتـەی دیارخەری بەم شێوەیەیە:

(دیارخراو (مضاف) + ــِـ + دیارخەر (مضاف الیە).) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢١)

بەڵام دەشێت هەندێ جار شوێنێ دیارخەرو دیارخراو بگۆڕێتو مۆرفێمی دانەپاڵیش وەك خۆی بمێنێتـەوە. — وەك لە نموونەکانی پێشتردا ڕوونمان کردۆتەوە-.

## ٣-٢-٧: مۆرفێمی بەندیی نادیاری:

لە زمانی فارسیدا، گەیاندنی چەمکی نادیاری لەڕێگەی مـۆرفێمی بەنـدەوە، نییـە، بـەڵکو بـەهۆی کـاری یاریدەدەرەوە، ئەم چەمکەی کار پیشان دەدرێت. ((شدن) وەکو کاری یاریدەدەر لەگەڵ هەمـوو دەمـەکانی کـار بـۆ پیشاندنی نادیاری بەکاردێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٦٢)، بە نموونە:

او کتاب را نوشت > کتاب نوشتە شد.

لەم نموونەیەوە، ئەو گۆڕانانەی بەسەر شێوەی کارەکەدا دێن، دەردەکەون. کارەکە دەکرێـت بـە شـێوەی ئاوەڵنـاوی کراو (صفت مفعولی) کە لە ڕەگی ڕابردوو و مـۆرفێمی /-ە/ سـازدەکرێت، (حسـن انوریوحسـن احمـدی گیـوی:

---

١٣٤ - بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی گرفتەکانی ئەم مۆرفێمە لە زمانی نووسینی فارسیو ڕێگەچارەکانی بڕوانە: (داریوش آشوری: ١٣٨٦: ١٣٦- ١٤١) (چند پیشنهاد دربارەء روشِ نگارشو خطِ فارسی.)

١٣٩٠: ٧٨) بەنموونە: (کوشته، نوشه، دیده..........) بەم پێیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، مۆرفێمی /-ە/ بەشداری دەکات لە سازکردنی فۆرمی نادیاری، لەگەڵ کاری یاریدەدەری (شدن)دا دەردەکەوێت.
هەروەها لە گەیاندنی نادیاریدا، مۆرفێمی (را)ی بەرکاری نامێنێت، چونکە هێزی کارەکە گۆڕاوە، لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ، بۆیە هەندێ جار خودی کردەکە ناو دەنرێت، لاوازکردنی توانای کار.

ئەم شێوەی گەیاندنی چەمکی نادیاری ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فارسیی کۆن، چونکە سازکردنی نادیاری لە زمانی فارسیی کۆندا، بەهۆی پاشگری ya- بۆ سەر ڕەگی ڕانەبردوو دەبێت، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤٩) وەکو:

(اندیشیدشده) man + -ya = manya (اندیشیدن)

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا، گۆڕاوە بۆ īh بەم پێیە īh لە شوێنی yaی ئێرانی کۆن، چۆتە سەر ڕەگی کار. (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٤٩) وەکو:

(آموختەشدن) kēš + īh = kēšīh (آموختن)

(خواندەشدە) xwān + īh = xwānīh (خواندن)

لێرەدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە زمانی فارسیی کۆنو ناوەڕاستدا، مۆرفێمێکی بەند لەسەر ڕەگی کار، توانای پیشاندانی، چەمکی نادیاری هەبووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لە زمانی فارسیی نوێدا، ئەم مۆرفێمە پێویستی بەکاری یاریدەدەریش هەیە.

## ٣-٢-٨: مۆرفێمی بەندیی ئەسپێکتەکانی کار

یەکێك لە سیماو تایبەتمەندییەکانی کار، ئەسپێکتە، کە چۆنیەتی ئەنجام دانی کار لە ڕووی ڕوودانو لە کاتی دیاریکراودا، پیشان دەدات. (لە زمانی فارسییدا ئەسپێکتەکان بە دوو شێوە دەردەکەون، مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕو کاری یاریدەدەر) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٩٧)، بەڵام ئێمە بە پێی چوارچێوەی کارەکەمان تەنیا هەڵوەستە لەسەر ئەو مۆرفێمە بەندانە دەکەین، کە توانای گەیاندنی ئەو چەمکەی کاریان هەیە، بەپێی ڕووکارەکان، دەیانخەینە ڕوو:

٣-٢-٨-١: لەڕووکارە هەواڵدا، چەند جۆرێکی کار هەیە، بەڵام تەنیا هەندێکیان ئەسپێکتیان لەگەڵدا، دەردەکەوێت لەگەڵ هەندێکی تریان مۆرفێمی سفر ئەم ڕۆڵە دەبینێ. بەنموونە لە دەمکاتی ڕابردوودا، رابردووی نزیك بەم شێوەیەیە. وەکو: رفتم رفتیم

٣-٢-٨-١-١: /-ە/: ئەم مۆرفێمە وەکو ئەسپێکتی کاری ڕابردووی تەواو بە یارمەتی (ام، ای، است، ایم، اید، اند) بەکاردەهێنرێن. (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ١٣٩٠: ٥٢)، وەکو:

رفتەام، رفتەای، رفتەاست — رفتەایم، رفتەاید، رفتەاند

ئەو مۆرفیمە لەگەڵ ڕابردووی دووریشدا دەردەکەوێت، بەیارمەتی کاری یاریدەدەری (بود). (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٣) وەکو:

رفتەبودام، رفتەبودیم......

بەڵام ئەگەر بەوردی تەماشای هەر یەکێك لەو نموونانە بکەین، دەبینین، کە مۆرفیمی بەند بە تەنیا نەیتوانیوە، چەمکی ڕابردووی دوورو تەواو، پیشان بدات. هەروەها لەگەڵ کاری ڕابردووی دووریش بەهەمان شێوەیە[١٣٥] (ڕەگی ڕابردوو + ە + ڕابردووی تەواوی (بودن)

خوردەبودەام، خوردەبودەایم، خوردەبودەای، خوردەبودەاید.......

٣-٢-٨-١-٢: /-می/ یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە لە زمانی فارسیدا، بە چالاکترین مۆرفیمی بەندی ئەسپێکت دادەنرێت، چونکە زۆرجار دەوترێت، (کار لە زمانی فارسیدا، تەنیا ئەسپێکتی بەردەوامی هەیە، کە لە ڕێگەی ئەم مۆرفیمەوە دەردەبڕدرێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٥٥) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆر چالاکەو بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دەردەکەوێت. لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕووکارە هەواڵداو کاری ڕانەبردووی ناتەواو (ملموس/ناتمام)، بەم شێوەیە:

می + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاو

می روم، می ترسم، می خوریم، ......

کاری ڕانەبردووی (ملموس)دا پێویستی بەکاری ڕانەبردووی چاوگی (داشتن) دەبێت. (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ١٣٩٠: ٦٥) وەکو:

دارم می خورم، داری می خوری، دارد می خورد،.....

ئەم مۆرفێمە وەکو ئەسپێکتی کاری ڕابردووی بەردەوام، (لە زمانی فارسیدا بۆ پیشاندانی ئەسپێکتی بەردەوامی پێشگری (می-) بۆ ڕەگی ڕابردووی کار زیاد دەکرێت.) (ارسلان گلفام: ١٣٨٩: ٧٢) بەنموونە:

می خوردم، می خوردیم، می خوردی، می خوردید، می خورد، می خوردند.

لە ڕووکاری هەواڵداندا، هەندێ جار، بە تایبەتی لە کاری ڕابردووی تەواوی بەردەوام[١٣٦] هەردوو مۆرفێمی /-ە/، /-می/ وەکو دوو ئەسپێکت پێکەوە دەردەکەون:

می خوردەام، می خوردەایم، می خوردەای، می خوردەاید، می خوردەاست، می خوردەاند

---

١٣٥ - ئەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا نییە، دووجار ئەسپێکتی (ە) بەکارهاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ١٠٠)

١٣٦ - ئەم جۆرە کارە لە زمانی کوردیدا، نییەو لە زمانی فارسییدا هەیەو هەندێ لە ڕێزمانننوسان ئاماژەیان بۆ کردووە، لەوانە: (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٢٠)

٣-٢-٨- ٢ : لە ڕووکاری مەرجو خۆزگەو دانانیدا، چەند مۆڕفێمێك دەرکەوتنیان هەیە، کە هەندێکیان بۆ پیشاندانی، ڕووکارەکەو هەندێکیان وەکو ئەسپێکت دەردەکەون.

٣-٢-٨-٢-١: /-ە/ لە ڕابردووی دانانییدا، بە یارمەتی ڕەگی ڕانەبردووی (باشیدن) دەبێتە ئەسپێکت، بۆ ڕابردووی نزیکی دانانی، وەکو: خوردە باشم، خوردە باشیم، خوردە باشی، خوردە باشید، خوردە باشد، خوردە باشند.

٣-٢-٨-٢-٢: /-می/ ڕابردووی بەردەوامی دانانی بەهۆی ڕەگی ڕابردووی (داشتن)و ئەسپێکتی (-می) سازدەکرێت:

داشتم می خوردم، داشتیم می خوردیم، داشتی می خوردی، داشتید می خوردید.......

کەواتە لە سازکردنی کاری دانانی، بەهۆی مۆڕفێمی بەند هیچ ئەسپێکتێکی نوێ بەشداری ناکات، هەر ئەو ئەسپێکتانەن، کە بەشداری دەکەن لە سازکردنی ڕووکارە هەواڵدا، دەوترێت (لەبەرامبەر هەشت ڕێژەی ڕابردووی هەواڵداندا، تەنیا یەك ڕێژەی ڕابردووی دانانی هەیە، بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ وشەی تایبەت هەمان ڕێژەی هەواڵ دان بۆ دانانیش بەکاردێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٥٤)

لە ڕانەبردووی دانانیشدا، بۆ کاتی ئێستاو داهاتوو تەنیا مۆڕفێمی کاتی ڕابردوو دەگۆڕێت بۆ (بـ). (هەمان سەرچاوە: ٥٥)

علی می رود > کاش علی برود

علی خواهد رفت > کاش علی برود.

٣-٢-٨-٣: لە ڕووکاری فەرماندا، (/بـ-/ ئەسپێکتێکی کارە، ڕوودان یان ڕوونەدانی کار بە شێوەی فەرمان یان داوا پیشان دەدات.) (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ٤٤٧) ئەم مۆڕفێمە (بـِـ-، be) لە پێش ڕەگی ڕانەبردووی کارەکە دێت، نیشانەی ئەو جۆرە ڕووکارەیە، وەکو

برو - بروید، بخوان — بخوانید، بگو - بگوید.

لە زمانی فارسییدا جیناوی کەسی دووەمی تاك لە ڕووکاری فەرماندا، هەمیشە سفر دەبێت. (ئەگەر کاری فەرماندان، نەفی بێت، ئەوا پێی دەوترێت (نەهی) لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا، بە (نَـ -) لە شوێنی (بـِـ-) دێتو لە زمانی ئەدەبیشدا، /-مـَ/، بەکاردێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٥٥) وەکو:

نـَمرو - مروید، نخوان - مخوانید

کەواتە، هەریەك لە (بـِ، نـَ، مـَ) وەکو مۆڕفێمی پیشاندانی ڕووکاری فەرماندان لە زمانی فارسیدا بەکاردێت. وەکو ئەسپێکت دەمی ڕوودان لە ئێستادا، دیاری دەکەن.

## ٣-٢-٧: مۆرفێمی بەندیی تێپەڕاندن

مەبەست لە تێپەڕاندن، گۆڕینی توانای کارە، لە لاواز (بێهێز)ەوە، بۆ بە هێز، واتە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ. لە زمانی فارسیدا، ئەم چەمکە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە، دەکرێت، بەڵام ڕای جیاواز لەسەر دیاریکردنی ئەم مۆرفێمە هەیە. بە شێوەکی گشتی ئەم مۆرفێمانە دیاری دەکرێن: /-ان/[١٣٧]، /-انید/[١٣٨] بۆ نموونە:

خوردن > خوراندن، خوابیدن > خوباندن، دوید > دواندن.

ئەگەر لەو نموونانە وردبینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە مۆرفێمی /-ان/ دەچێتە دوای ڕەگی کارو بە دوایدا مۆرفێمی کات، کە لە کارە تێنەپەڕەکەشدا هەیە، دێت. لە بارێك کە دەکرێتەوە بە چاوگیش، /-ن/ی چاوگ بەدوایدا دێت. بەڵام ئەگەر بێتو ڕەگی کاری تێنەپەڕ بە تەنیا وەربگرینو چاوگی تێپەڕی لێ ساز بکەین ئەوا پێویستمان بە /-اندن/، یان /-انیدن/ دەبێت کە هەریەك لە مۆرفێمەکانی کاتو /-ن/ی چاوگیشی تێدایە:

خوابیدن > خواب > خواباندن / خوابانیدن

رسیدن > رس > رساندن / رسانیدن

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەوترێت (لە زمانی فارسییدا بەهۆی مۆرفێمی (اندن) یان (انیدن) کاری تێنەپەڕ دەگۆڕێت بۆ تێپەر.)(یوسف شەریف سەعید: ١٩٩٦: ١١٦) بەم پێیە بە شێکی زۆری زمانەوانانی نوێی فارس، مۆرفێمی تێپەڕاندن بە (/-ن/، /-یان/، /-انی/)، دادەنێن، (ئەم جۆرە کاربە زیادکردنی مۆرفێمی تێپەڕسازی (/-انی/، /-ان/) بۆ ڕەگی کاری تێنەپەڕ دروست دەکرێت.) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢٤٩) بەڵام دەبێت هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو چاوگانە بکەین، کە نیشانەکەیان (د) نەبێت، چونکە لەم بارەدا /-ان/، /-انی/ دەبن بە /-اند/، /-انید/ وەکو:

شناختن > شناساندن / شناسانیدن[١٣٩]

شکستن > شکاندن / شکانیدن

رستن > رهاندن / رهانیدن

لە زمانی فارسیدا، دەکرێت کارێکی تێپەڕ، جارێکی تریش بکەین بە تێپەڕ، لەم بارەدا دوو بەرکاری پێویست دەبێت، وەکو:

من او را می شناسم > من او را به معلم شناساند

---

١٣٧ - بڕوانە: (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١١٩)،(تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٦٣) (داریوش تاج الدینی: ١٣٨٢: ١٠)

١٣٨ - بڕوانە: (عباسعلی مولوی: ١٣٦٠: ٢٤)، (پنج استاد: ١٣٨٧: ٢١٤)

١٣٩ - بۆزانیاری زیاتر لەبارەی ئەم دیاردەیە لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٦٤)

ئەم دیارەیە لە زمانی کوردیشدا هەستی پێ دەکرێت، بەنموونە: من هەڤاڵ دەناسم. من هەڤاڵم بە تۆ ناساند.

/-اند/: (ئەم پاشگرە ڕۆڵ لە دووبارە تێپەڕاندنی کاردا دەبینێ، واتە ڕۆڵێکی دیاترو قوڵتریان لە تێپەڕاندندا هەیە.) (داریوش تاج الدینی: ١٣٨٢: ١٠)، وەکو:

غذا خوردم. غذا به کودك خوراندم،

او فهمید. مطلب را به او فهماندم.

او لباس را پوشید. او لباس را به بچه پوشاند.

بەم پێیە، (مۆرفێمی سەرەکی تێپەڕاندن، لە زمانی فارسییدا، پاشگری /-اند and-/ە، کە بە کۆتایی ڕەگی کارەوە، زیاد دەکرێتو کاری تێپەڕ، یان تێپەڕی دوو بەرکاری دروست دەکات.)(کاضم لطفی پور: ١٣٥٦: ٣٨٣)

ئەو مۆرفێمە لە زمانی فارسی کۆنیشدا، هەبووە، (زیادکردنی aya بۆ ڕەگی کاری شێوە جیاجیاکان کاری ناچارکردن (واداری) لێ سازدەکرێت.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٢٥) وەکو:

-stā: ایستادن stāya: ایستاندن.

-nišād: نشستن nišādaya نشاستن/ نشاندن.

-vaēd: دانستن vaēdaya: آگاه کردن.

لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا، aya گۆڕاوە بۆ -ān و لە زمانە ئێرانییە ڕۆژاواییەکان -ēn بووە، بەڵام an/ ـَن کەمتر بەکارهاتووە، پلەبەپلە لە ناوچووە، en زیاتر لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردوو دەرکەوتووە، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ١٩٩)، وەکو:

خواب + اند > خواباند، خواب + ـَن > خوابـَن

## ٣-٢-١٠: مۆرفێمی بەندیی بانگکردن

لە زمانی فارسیدا، بانگکردن بە هۆی سێ حاڵەتەوە، دەبێت، یەکەمیان بەبێ ئامرازو مۆرفێم، واتە تەنیا لە ڕێگەی هێزو ئاوازەوە، دووەمیان لە ڕێگەی ئامرازی بانگکردنەوە، سێیەمیان بە هۆی پاشگرەوە، کە لێرەدا، تەنیا ڕێگەی سێیەم دەچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان.

لە زمانی فارسیی کۆندا، بانگکردن دۆخێکی سینتاکسی بووە، (بۆ پیشاندانی پێگەی سینتاکسی، ناو لە ڕستەدا، هەشت حاڵەت(دۆخ)ی وەرگرتووە، یەکێکیان بریتیبووە لە دۆخی بانگکراوی(ندایی) کە بە زاراوەی (vocative)ە، بە نیشانەی (.voc) کورت دەکرێتەوە.) (مهری باقری: ١٣٨٦: ١٦٣)

ئەگەر لەم ڕووەوە ئاوڕێك لە زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین، ئەم شێوازەی گەیاندنی چەمکی بانگکردن مێژوویەکی دووری هەیە. لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا، (بانگکردن بەهۆی ئامرازی بانگکردن (حرف ندا)، یان

بە بێ ئامراز، یان بە هۆی /-ا/، (ā) لە کۆتایی بانگکراودا بووە.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٩) لە زمانی فارسی نوێیشدا، هەر یەك لەم ڕێگایانە تاکو ئەمڕۆ کاران. وەکو:

افتاب بیا. مهتاب بنشین.

بەزۆری لەگەڵ ناوی تایبەتی هیچ نیشانەیەك بەکارنایەت، بەڵام لەگەڵ ناوی گشتیدا، دەشێ ئامرازی بانگکردن، یان پاشگری /-ا/ بەکاربهێنرێت، وەکو:

(ئامرازی بانگکردن) ای دوست غم مخور. ای خداوند خودت رحم کن. ای دختر بنشین. ای پسر گوش کن.

(مۆرفێمی بانگکردن) دوستا غم مخور. خداوندا خودت رحم کن. دخترا بنشین. پسرا گوش کن.

زۆرجاریش، دەکرێت هەریەك لە ئامرازی، (ای)، لەگەڵ پاشگری /-ا/ی بانگکردن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن. یەکێکی تر لە ئامرازەکانی بانگکردن (یا) کە لەگەڵ ناوی تایبەتیو گشتیدا بە شێوەیەکی چالاك دەبینرێت، وەکو: یارب، یا علی، یا حسین.........

بەم پێیە (/-ا/ لە کۆتایی ناو، لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا، ڕێگەیەکی سەرەکی بانگکردنە.) (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ١٣٩٠: ١٢٩)، وەکو: خداوندا، سعدیا، شاها، حافظا، بزرگوارا، خردمندا........

ئەم مۆرفێمەی بانگکردن، تاکە مۆرفێمی بەندە، لە زمانی فارسیدا، بەڵام لەگەڵ ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت، ئەوا ئەلۆمۆرفی /-یا/ پەیدادەبێت، وەکو: سعدیا، خدایا.........

هەربۆیە هەندێ جار، لە ڕیزی نیشانەکانی بانگکردن، دانراوە، بەتایبەتی دەوترێت (لەکاتێکدا کە کۆتایی ناوەکە بە {ا}، یا {و}بێت دەنگی {ی} زیاددەکرێت.)(پنج استاد: ١٣٨٧: ٥٦)

کەواتە لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی بەندی /-ا/و ئەلۆمۆرفەکەی /-یا/ بۆ بانگکردن بەکاردێن، لەباری تاكو کۆو نێرو مێدا، لەڕوی تواناشەوە بەپێی ئەو نموونەو داتایانەی شیکراونەتەوە مۆرفێمی /-ا/ توانای زۆرترەو دەرکەوتنی زیاتری هەیە، بەڵام ئەوەی جیگەی سەرنجە لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ ناوی کۆدا، ئامرازی بانگکردن، زیاتر بەکاردێت، نەك مۆرفێمی بەند.

### ٣-٣: بەراوردی توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی، لە زمانی کوردیو فارسیدا:

## ٣-٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی:

لە ڕوانگەی پێگەی مۆرفیمی بەندو تواناو دەرکەوتنی لە بواری سینتاکسیدا، هاوبەشی زۆر لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا هەیە، ئەوەی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەدا وەرمان گرتووە، هاوبەشییەکانییان دەخەینەڕوو، کە بوونی ئەم هاوبەشییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنو لەمێژیینەی ئەم دوو زمانە پێکەوە. هەروەها بۆ بوونی پەیوەندییەکی هاوسێیەتیو کارلێك کردنی بەردەوامیان دەگەڕێتەوە. سەرباری بوونی چەند سیمایەکی هاوبەش لە نێوان زمانەکانو کۆمەڵەو خێزانەکاندا. بۆیە لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت هاوبەشی نێوان ئەو دوو زمانە، لە هەر یەکێك لەو مۆرفێمانە دەخەینەڕوو.

## ٣-٣-١-١: مۆرفیمی بەندیی ناساندن:

مۆرفیمی /-ە/ لە هەردوو زماندا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم چەمکە ڕێزمانییە بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناچالاك، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنیا لە گێڕانەوەو هەندێ باری تایبەتدا، وەکو ئەلۆمۆرفی /-ەکە/ بەکاردێت، لە زمانی فارسیشدا تەنیا لە زمانی قسەکردنو نافەرمیدا، بەکاردێت، لە هەردوو زمانیشدا، وەکو گیرەك کاردەکەن.

ئاوەڵناوی نیشانەو بەکارهێنانی دیارخەر، دوو ڕێگەن، کە لە هەردوو زمانەکەدا دەشێ ناویان پێ‌بناسرێت، بەڵام ئەم ڕێگەیە لە زمانی فارسیدا، زۆر چالاکترو بەبەرهەمترە، هاوبەشیشیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ڕەگو ڕەچەڵەکە هاوبەشەی لە نێوانیان دایە. ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە ئەم ڕێگەیە، لە زمانە ئێرانییە کۆنەکانو ناوەڕاستیشدا، زۆر چالاك بووە بۆ پیشاندانی چەمکی ناساندن.[١٤٠]

## ٣-٣-١-٢: مۆرفیمی بەندیی نەناساندن:

لە زمانی کوردیو فارسیدا، مۆرفیمی بەند، دەتوانێت ئەم چەمکە ڕێزمانییە پیشان بدات، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوو زمانەکەشدا –بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە زمانی فارسیدا- مۆرفیمی سەربەخۆ دەتوانێت ئەم چەمکە بگەیەنێت.

لە هەردوو زمانەکەدا، مۆرفیمی بەندیی نەناسیاری، لەگەڵ خۆیدا، چەمکی تاکییەتی ژمارەیەش هەڵدەگرێتو دەیگەیەنێت، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە لەگەڵ مۆرفیمی کۆدا، لەسەر یەك ناو (بنکە)دا

---

١٤٠ - لە ئێستای زمانی کوردی –دیالێکتی کرمانجی ژووررو- ئەم ڕێگایە بۆ ناساندن هەر بەکاردێت، بڕوانە: (ابراهیم ڕەمەزان زاخۆیی: ٢٠٠٨: ٢٨-٣٠)

دەردەکەون. ئەگەر پێکەوەش هاتن (مـۆرفێمی نەناسـیاری‌و کـۆ) لـە هـەردوو زمانەکـەدا، مـۆرفێمی کـۆ پـێش نەناسیاری دەکەوێت.

لە ڕووی ڕەگ‌و ڕیشەو ڕەچەڵەکەوە، لە هەردوو زماندا، مۆرفێمی بەندیی نەناسیاری دەگەڕێتەوە سەر ژمـارە (یەك)، ئەمەش نەك تەنیا لەو دوو زمانەدا، بەڵکو (لە زۆربەی زمانەکان، نیشانەی نەناسراوی هاوڕیشـەیە لەگـەڵ ژمارە (یەك)دا.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٨٦) لەبەرئەوەی ئـەو ژمارەیـە بـە هـەمان شـێوەی فۆنـەتیکی لـە هەردوو زمانەکەدا وەکو یەکە، بۆیە ڕیشەی مۆرفێمەکانیشیان هەر یەك دەبێت.

## ٣-٣-١-٣: مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە:

لە نێو زمانی کوردی‌و فارسیدا، زیاتر لە مۆرفێمێك، بۆ گەیانـدنی ئـەم چـەمکەو ڕاپەڕانـدنی ئـەو ئەرکـە سینتاکسـییە بـەکاردێت. هەنـدێکیش لـەو مۆرفێمانـە لـە نێـوان زمـانی کـوردی‌و فارسـییدا، هاوبەشـن. — جیاوازییەکەیان لە پلەی توانایاندایـە — لەوانـە مۆرفێمـەکانی (/-ان/، /-هـا/، /-جـات/، /-ات/) بـوونی ئـەم هاوبەشییە دەگەڕێتەوە بۆ یەك ڕیشەیی هەردوو زمانەکە.

بەتایبەتی بەکارهێنانی مۆرفێمی /-ان/ لە هـەردوو زمانەکـە بـە شـێوەیەکی چـالاك دەبینرێـت، ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری /an-/ لە زمـانی ئێرانـی کۆنـدا. هـەروەها بـوونی مۆرفێمـەکانی /-وات/، /-ات/ لـە هەردوو زمانەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەریان. — هـەر چـەندە ئـەم کاریگەرییـە لەسـەر زمانی فارسی زیاتر دەبینرێت-

/-یان/ وەکو ئەلۆمۆرفێکی /-ان/ لە هەردوو زمانەکەدا بوونی هەیەو هەمان هۆکار بووەتە هۆی پەیدابوونی، کـە بەزۆری لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت کە کۆتاییان بە بزوێن هاتووە.

## ٣-٣-١-٤: مۆرفێمی بەندیی پلەی باڵاو بەراورد

هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو زمانـەدا لـە ڕوانگـەی ئـەم مۆرفێمانـەوە، هەیـە. (یـەکێك لـە هاوبەشـییە ڕێزمانییەکانی نێوان زمانی کوردی‌و فارسی نیشانەی ئاوەڵناوی پلەی باڵاو بەراوردە (صفت برترو برترین).)(ایـران کلباسی: ١٣٨٥: ٧٩) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕیشە هاوبەشەی کە لە نێوانیاندا هەیە. بـوونی مـۆرفێمی (/-تر/، /-ترین/) لە ئێستای ئەو دوو زمانەدا، دەگەڕێتەوە، بۆ (tama- , tara-) زمانی فارسی کۆن. لە هـەردوو زمانەکەدا، پلەی بەراورد بە هۆی پاشگری /-تر/ەوە، دەگەیـەنرێت‌و دەچـێتە سـەر ئاوەڵناوێـك، ئاوەڵناوەکـەیش بەدوای دیارخراوەکەدا دێت. هەرچـی پلـەی باڵایـە بـە هـۆی /-تـرین/ەوە، پیشـان دەدرێـت، کـە دەچـێتە دوای ئاوەڵناوەکەو ئاوەڵناوەکەیش دەچێتە پێش ناوە دیارخراوەکە، دەبێت بە یەکێك لە دیارخەرەکانی پێش سەرە. لەناو

هەردوو زمانیشدا، ڕای جیاواز لەسەر سروشتو پێکهاتەی فۆڕمی /-ترین/ هەیە، هەندێکیان پێیان وایە، مۆڕفیمێکی ناسادەیەو پێك هاتووە، لە مۆڕفێمی /-تر/ + /-ین/، بەڵام لە هەردوو زماندا زۆرینە لەگەڵ ئەوەن، کە یەك مۆڕفێم بێتو لێك جیاناکرێتەوە. بەگشتی هەردوو مۆڕفێمەکە لەگەڵ ئەو ئاوەڵناو و ئاوەڵناو ئاسایانە بەکاردێن، کە پلەیان لە نێواندا هەیە.

## ٣-٣-١-٥: مۆڕفێمی بەندیی ناکردن:

هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی لە چاوچێوەی ئەم مۆڕفێمانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی ڕەگو ڕیشەکەیان، هەموو ئەو مۆڕفێمانەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە سینتاکسییە، بەکاردێن، هاوبەشییەکی تەواویان لە نێواندا، هەیە. هەم لە ڕووی فۆڕمەوە، هەم لەڕووی سروشتی بەکارهێنانو چەمکەوە. ئەویش بەکارهێنانی هەردوو شێوەی /نـ/، /مـ/ لە هەردوو زمانەکەو لەگەڵ بوونی چەند ئەلۆمۆڕفێکی تر، کە بە پێی دەمو ڕووکاری کارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

نەرێ کردنی کاری ناتەواو چاووگی (بوون/ هەبوون) لە هەردوو زمانەدا، بەهۆی /نیـ-/ دەکرێت بە نەرێ، لە فەرماندانی نەرێشدا /مە-/، /مِـ/ لە هەردوو زمانەکە بەکاردێت، بە جیاوازی توانایانەوە، لە هەردوو زمانەکەدا /نە-/، /نَـ/ بەتواناترین مۆڕفێمی نەرێیە.

لەڕووکاری دانانییدا، لە هەردوو زمانەکەدا، چەمکی کاتو نەرێ لەگەڵ یەکترییدا دەتوێتەوە، وەکو:




هەروەك چۆن لە فەرماندایشدا، مۆڕفێمی نەرێ (/مـە-/، /مَـ/، /نَـ/) لەیەك کاتدا، ڕووکاری کارەکەو چەمکی نەرێ پیشان دەدات:




## ٣-٣-١-٦: مۆڕفێمی بەندیی خستنەسەر

لە زمانی کوردیو فارسیدا مۆڕفێمی خستنەسەر، بە زۆری لەگەڵ ئەو پێکهاتە سینتاکسییانەدا دەردەکەوێت، کە دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت، تەنیا لەگەڵ دیارخەری ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی نەبێت، کە بە پێچەوانەوەیە، دیارخەر لە پێشەوە دێت.

لەڕوانگەی مێژووییەوە، مۆرفیمی خستنەسەر لە هەردوو زمانەکەدا، هاوبەشییەك لە نێوانیاندا دەبینرێت، بە تایبەتی لێك نزیکییەك لەڕووی دەنگییەوە بەتەواوی هەست پێدەکرێت، لە نێوان ئەو مۆرفیمانەی کە لەو دوو زمانەدا بەکاردێنو لەگەڵ ئەو مۆرفیمەی کە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بەکارهاتووە.

## ٣-٣-١-٧: مۆرفیمی بەندیی نادیاری:

خاڵی هاوبەشی نێوان، زمانی کوردیو فارسی، لەم ڕووەوە ئەوەیە، کە لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا، جگە لە چەمکەکە هیچ شتێکی تر بەرچاوناکەوێت، بەڵام لە زمانی فارسیی کۆنو ناوەڕاستدا، وەك ئێستای زمانی کوردی، ئەم چەمکە ڕێزمانییە، لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /ya-/ لە زمانی فارسیی کۆنداو/īh-/ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا، گەیەنراوە، مۆرفیمی /-ر/ گۆڕاوی هەمان ئەو دوو مۆرفیمانەیە.

## ٣-٣-١-٨: مۆرفیمی بەندیی ئەسپێکتەکانی کار

هەندێ لە ئەسپێکتەکان، لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، هاوبەشن. لەوانە، لە هەردوو زمانەکەدا، دەمکاتی ڕابردووی نزیك، لەڕووکارە هەواڵدا، بەبێ بوونی فۆڕمی سەربەخۆ دەگەیەنرێت، واتە مۆرفیمی سفر ئەم ئەرکە ڕێزمانییە ڕادەپەڕێنێ. هەروەها دەمکاتی ڕابردووی دووریش، لە هەردوو زمانەکەدا، بەهۆی مۆرفیمی /-بوو/ دەردەبڕدرێت، کە لە شێوەی پاشگر، دەردەکەوێت. ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوامیش، لە شێوازی ڕاگەیاندندا، هاوبەشە لە نێوان هەروو زمانەکەدا، کە بە شێوەی پێشگر دەبینرێت. بەڵام بە فۆڕمی جیاواز. ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوامیش لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنەوە کە پاشگرە هاوبەشە بەڵام فۆڕمی جیاوازە.

لە ڕووکاری دانانیدا، مۆرفیمی /بـ-/ لە هەردوو زمانەکەدا، لە ڕێژەی ڕانەبردوو هەیە، لەگەڵ یەکێك لە ئامرازەکانی دانانی، لە چەشنی (خۆزگە، بریا، لەوانەیە......هتد) دەردەکەوێت، جێگەی مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو لە ڕووکارە هەواڵدا /دە-/، /می-/ دەگرێتەوە.

فۆڕمی ئەو مۆرفیمە کە ڕووکاری فەرماندان پیشان دەدات، لە زمانی کوردیو فارسییدا (بـ-)یەو لە گەڵ کاری ناسادەش توانای ئەوەی هەیە ببێت بە سفرو دەرنەکەوێ. (کە ئەمەش بۆ سووك کردنی دەربڕین لەم جۆرەدا، /بـ-/ لادەبرێت.) (سەلوا فەریق صالح: ٢٠٠٩: ١٦٩) وەکو:

رابکە > راکە، رابکەن > ڕاکەن

بربگرد > برگرد، بربگردید > برگردید

بەتایبەتی لە زمانی فارسی قسەکردندا، واتە (ڕێژەی فەرماندان لـە هـەردوو زمانەکـەدا بـە یـەك شـێوە بەرچـاو دەکەوێت.) (یوسف شەریف سەعید: ١٩٩٦: ٢١٨) سەرەڕای ئەوەش لـە ڕێـژەی نەرێـدا هەنـدێ جیاوازییـان لـە نێواندا دەبینرێت.[١٤١]

## ٣-٣-١-٩: مۆرفیمی بەندیی تێپەڕاندن

مۆرفیمی سازکردنی کاری تێپەڕی دروستکراو، لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، تەواو لێکچوون، /-اندن/، /-اند/، /-ان/، لە هەردوو زمانەکەدا وەکو مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن ئاماژەیان پێدراوە. سەرەڕای ئەوەی کە لـە نێو زمانەوانانی هەردوو زماندا، ڕای جیاواز لەسەر فـۆرمی ئـەو مۆرفیمـە هەیـە. هەرچـەندە هـەردوو زمانەکـە ڕێگەی جیاوازی تریان هەیە بۆ بەهێزکردنی توانای کار. بەڵام مـۆرفیمی بەنـد چـالاکترین ڕێگەیانـە بۆیـان. ئـەم هاوبەشییەی نێوان هەردوو زمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی هاوبەشـییان، چـونکە ئـەم چـەمکە لـە زمـانی فارسی ناوەڕاستیشدا، بە هۆی پاشگری /an-/ گەیەنراوە، کە ئەمڕۆش لە هـەردوو زمانەکـەدا، /-ان/ مـۆرفیمی سەرەکییەو /-د/ مۆرفیمی کاتەو /-ن/ مۆرفیمی نیشانەی چاووگە لە هەردوو زمانەکەدا.

## ٣-٣-١-١٠: مۆرفیمی بەندیی بانگکردن:

لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، کەتیگۆرییەکی ناو، بانگکردنـە. ئەمـەش لـە ڕێگـەی هێـزو ئـاوازەو ئامرازی بانگکردنو مۆرفیمی بەندەوە دەبێت. لە نێو هەریەك لەم ڕێگایانەشدا، ئـامرازی بـانگکردن، چـالاکترین ڕێگەیانە.

## ٣-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردیو فارسی:

## ٣-٣-٢-١: مۆرفیمی بەندیی ناساندن:

لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی /-ەکە/و ئەلۆمۆرفەکانی بۆ گەیاندنی چەمکی ناساندن بەکاردێن، بەڵام لە زمانی فارسییدا، بە شێوەیەکی گشتی، مۆرفیمی بەند ناتوانێت، ئەو چەمکە ڕێزمانییە بگەیەنێت، بەتایبەتی لە زمـانی ستانداردو نووسیندا. هەندێ جـار چـەمکی دووەمـی مۆرفیمێـك ناسـاندن دەبێـت، بەتایبـەتی، مـۆرفیمی /را/ی بەرکاری، هەرچی زمانی کوردییە، /-ەکە/ چەمکی یەکـەمی پێشـاندانی ناسـاندنە، لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـە پلـەی دووەمدا ژمارە دەگەیەنێت ئەمەش تا ئەو شوێنەی کە مـۆرفیمی کـۆی لەگەڵـدا نـەبێت. لـە زمـانی فارسـیدا،

---

١٤١ - بڕوانە: (٣-٣-٢- ٥)

بەتایبەتی زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە هەریەك لە مۆرفێمەکانی /-ە/، /-ش/ وەك مۆرفێمێك بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە دیاریکراون.

## ۳-۳-۲-۲: مۆرفێمی بەندیی نەناساندن:

لە زمانی کوردیدا، چەمکی نەناسیاری بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە دەگەیەنرێت، کە ئەویش /-ێك/و ئەلۆمۆرفەکانییەتی، بەڵام لە زمانی فارسیدا، ئەم چەمکە ڕێزمانییە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەند بەتەنیاو مۆرفێمی سەربەخۆو بە تەنیاو مۆرفێمی بەندو سەربەخۆیش پێکەوە دەگەیەنرێن، بەنموونە:

- مردی می شناسم.
- يك مرد می شناسم.
- يك مردی می شناسم.

لە زمانی کوردیدا، ئەو مۆرفێمە بەندەی کە چەمکی نەناسیاری دەگەیەنێت، دەچێتە ڕیزی گیرەکە ڕێزمانییەکان، بەڵام لە زمانی فارسیدا، /-ی/ مۆرفێمی بەندی نەناسیاری، نووسەکە، وەك زۆربەی ڕێزماننووسانی فارس ئاماژەیان پێداوە.

## ۳-۳-۲-۳: مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە:

لە زمانی کوردیدا، چالاکترین‌و بە تواناترین مۆرفێم بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە /-ان/و ئەلۆمۆرفەکانیەتی، بەڵام لە زمانی فارسیدا، /-ها/ چالاکترین‌و بە تواناترین مۆرفێمە. هەریەك لە زمانەکان چەند مۆرفێمێکی تایبەتیان هەیە، بە نموونە لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمی /-گەل/ هەیە، کە لە زمانی فارسیدا، نییە، لە بەرانبەر لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی /-گان/، /-ون/ بەکاردێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا، بەکارناهێنرێن.

مۆرفێمەکانی کۆ، لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ مۆرفێمەکانی ناساندن زۆر چالاکن‌و لە هەندێ باردا بەبێ ناساندن نایەن،[١٤٢] بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ ناساندن بەو شێوەیە پەیوەست نیین پێکەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا، مۆرفێمەکانی کۆ، لەگەڵ مۆرفێمی نەناسیاری چالاکن لە زمانی فارسیدا، کەچی لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمەکانی کۆ، لەگەڵ نەناسیاری چالاك نین، بەم پێیە مۆرفێمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ ناسیاریدا، زۆر چالاکە، بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ نەناسیاری چالاکترە.

---

١٤٢ - بەتایبەتی لە گۆڤەری سلێمانیدا، کۆکردنەوە لەگەڵ ناساندن نەبێت، زۆر بەکارنایەت.

### ٣-٣-٢-٤: مۆڕفێمی بەندیی پلەی باڵاو بەراورد

لە زمانی کوردیدا، سەرەڕای بوونی مۆڕفێمی بەند، بۆ گەیاندنی چەمکی پلەی باڵا، هەندێ جار ئەم چەمکە بە مۆڕفێمی سەربەخۆش دەگەیەنرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا، تەنیا مۆڕفێمی بەند دەتوانێت ئەم چەمکە بگەیەنێت. پاشگری /-ترین/ -کە پاشگرێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا- لە زمانی فارسیدا، بە ئاسانی لەگەڵ دیارخراوی تاکو کۆدا دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا زیاتر لەگەڵ دیارخراوی تاکدا دێت، وەکو:

هەولێر جوانترین شاری کوردستانە. هولیر زیباترین شهری کردستان است.

*هەولێر جوانترین شارەکانی کوردستانە. هولیر زیباترین شهرهای کردستان است.

بەم پێیە، توانای مۆڕفێمی /-ترین/ لە زمانی فارسیدا، زیاترە، چونکە دەتوانێت شوێنی (هەرە)یش بگرێتەوە، کە لە زمانی کوردیدا، بەکاردێت.

### ٣-٣-٢-٥: مۆڕفێمی بەندیی ناکردن:

لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕووکارو کاتی کارەکە، مۆڕفێمی نەرێ دەگۆڕێت، لەگەڵ کاری ڕابردوو، لە ڕووکاری ڕاگەیاندنو دانانی، کاری ڕانەبردوو لە ڕووکاری دانانیدا، مۆڕفێمی /نە-/ بەکاردێت، لەگەڵ ڕانەبردوو، لە ڕووکاری ڕاگەیاندندا، مۆڕفێمی /نا-/ بەکاردێت. لە ڕووکاری فرماندانیشدا، مۆڕفێمی /مە-/، بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ هەموو ڕووکارەکانو دەمەکانی کاردا، مۆڕفێمی /نَـ/ بەکاردێت. تەنیا لە کاتێکدا کە مۆڕفێمی بەندی /می-/ لە دوابێت، لە هەر دەمێکدا بێت، دەبێت بە /نِـ/

لە زمانی کوردیدا، چەمکی ناکردنو کاتی داهاتوو، لە نێو مۆڕفێمی /نا-/ دەتوێتەوە بەڵام لە زمانی فارسیدا، هەردوو چەمکەکە بە مۆڕفێمی تایبەت دەردەبڕدرێن، وەکو:

نا(م.نەرێ)، (م.ك.داهاتوو)خوێنم ، نـ(م.نەری)می(م.ك.ڕانەبردوو) خوانم

لە نەرێ کردنی کاری فەرماندانداا، مۆڕفێمی /نَـ-/ لە ئەمرۆی زمانی فارسیدا، زیاتر بەکاردێت، شوێنی بە مۆڕفێمی /مَـ/، لەق کردووەو بەکارهێنانی زۆر کەمی کردووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، مۆڕفێمی /مَـ/ توانایەکی یەکجار زۆری هەیە، لە نەرێ کردنی کاری داخوازییدا،[١٤٣] ئەم دیاردەیەی زمانی فارسیش بۆتە هۆی زیاتر فرەئەرك بوونی مۆڕفێمی /نَـ-/و زیاتر کردوویەتی بە فرەواتا.

١٤٣ - هەرچەندە لە زمانی کوردیشدا، لە هەندێ باردا، مۆڕفێمی /نە-/ بۆ نەرێی داخوازی بەکاردێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕستانەی کە داواکراو بەرزتربێت لە داواکەر، وەکو دوعا، بە نموونە: خوایە بە خراپەی ئێمە نەکەی.

### ٣-٢-٣-٦: مۆڕفێمی بەندیی خستنەسەر:

جیاوازی ئەم دوو زمانە، لەم ڕوانگەیەوە، هەم لە ڕووی جۆری مۆڕفێمەکانو هەم سروشتی کارکردنییانەوە دەردەکەوێت. (مۆڕفیمی خستنەسەر، لە زمانی فارسیدا، (کەسرە)یە، لە نێوان دوو ناو، یان ناوو ئاوەڵناودا دێتو پێکهاتەی دیارخەریو دیارخراوی دروست دەکات، بەڵام لە زمانی کوردیدا، (ی، ە)یە.) (کافیە صباح رضا: ٢٠٠٩: ١٢٦) سەرەڕای ئەوەش هەر لەو زمانەدا هەندێ جار ئەم مۆڕفێمە دەبێتە سفریش.[١٤٤]

لە زمانی کوردیدا، سروشتی دیارخەرو دیارخراو ئەو مۆڕفێمە دەگۆڕێت لە (ی) بۆ (ە) یان (Ø)[١٤٥] ئەمەش بەتایبەت لەکاتێکدا دەبێت کە دیارخەر ئاوەڵناوی چۆنیەتیو دیارخراویش، ناوی تاك یان كۆی ناسراوبێت. لە زمانی فارسیدا، مۆڕفێمی خستنەسەر، لەبەرئەوەی بە شێوەی دەنگێکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی کەسرەیە، بۆیە زۆرجار لە زمانی نووسیندا، گرفت دروست دەکات. لە شێوەی نووسین، ئەمەش بەتایبەتی لای ئەوانەی تازە فێری ئەم زمانە، دەبن، بە دیاریکراویش لە خوێندنەوەو درکاندندا.

### ٣-٢-٣-٧: مۆڕفێمی بەندیی نادیاری:

لە لاوازکردنی هێزی کار لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، جیاوازی بەرچاو ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا، مۆڕفێمی بەند ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام لە زمانە فارسیدا، ئەم چەمکە لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە نییە، بەڵکو بەهۆی کاری یاریدەدەرەوە دەبێت. [١٤٦] بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مۆڕفێمی بەند ڕۆڵ لەم داڕشتە سینتاکسییەدا دەبینێت، بەوەی کە مۆڕفێمی /-ە/ دەچێتەسەر ڕەگی کارو ئاوەڵناوی کراو دروست دەکات، کە بەیارمەتی کاری یاریدەدەر نادیاری دروست دەکات.

### ٣-٢-٣-٨: مۆڕفێمەی بەندیی ئەسپێکتەکانی کار:

دەربڕینی دەمکاتەکانی کار لە زمانی کوردیدا، بە زۆری لە ڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە دەبێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا، هەردوو مۆڕفێمی سەربەخۆو بەند، بەشداری لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە سینتاکسییە دەکەن. سەرەڕای ئەوەی هەندێ ئەسپێکت لە فۆڕمی جیاوازدا بەرجەستە دەکرێت، بە نموونە لە زمانی کوردیدا، ئەسپێکتی

---

١٤٤ - بڕوانە (٣-١-٦)

١٤٥ - تەنانەت لە کرمانجی ژووری زمانی کوردیدا، ڕەگەزی ناوە دیارخراوەکە ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی ئەو مۆڕفێمەی چەمکی خستنەسەر دەبینێت، بۆ ڕەگەزی نێر /-ێ/و بۆ ڕەگەزی مێ /-ا/ بەکاردێت، وەکو: دایکا من. بابێ من.

١٤٦- کاریگەری ئەم شێوازە لەسەر دیالێکتی کرمانجی ژووروو زمانی کوردی هەیە. کە بە هۆی کاری یاریدەدەری (هاتن)ەوە دروست دەبێت.

ڕابردووی بەردەوام /دە-/ بەڵام لە فارسیدا، /می-/یییە، لە هەمان کاتدا هەریەك لەو فۆڕمانە هاوبێژیو مۆڕفێمی کاتی ڕانەبردوون، لە زمانەکانیاندا. ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو لە زمانی کوردیدا، /-وە/یە، بەڵام لە زمانی فارسییدا، /-ە/و دەستەیەك لە جێناوی لکاو پێکەوە ئەم چەمکە پیشان دەدەن.

لە ڕووکاری دانانییدا، ئەسپێکتەکانی زمانی کوردی بەزۆری بە شێوەی مۆڕفێمی پچڕاو لەگەڵ مۆڕفێمی پیشاندانی ڕووکارەکەدا، دەردەکەوێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا، بەهەمان فۆڕمی ڕووکاری ڕاگەیاندن، دەردەبڕدرێن، لەگەڵ زیادکردنی چەند وشەیەکی وەکو (شاید، کاش، کاشکی....هتد.) بەتایبەتی بۆ کاتی ڕابردوو.

لە زمانی کوردیدا، هەندێ دەمکات نین، کە لە زمانی فارسیدا، هەنو ئەسپێکتی تایبەتی خۆیان لەوانە، ڕابردووی بەردەوامی تەواو، ڕانەبردووی بەردەوامو ڕابردووی دورتر(ماضی ابعد)[147]

## ۳-۳-۲-۹: مۆڕفێمی بەندیی تێپەڕاندن:

هەرچەندە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو زماندا، هەیە، بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ، بوونی فۆڕمێکی جیاوازە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە لە زمانی فارسیدا، ئەویش مۆڕفێمی /-انیدن/، /-انی/ کە هەمان بەکارهێنانی /-اندن/، /ان/ی هەیە، کە دەگەڕێتەوەبۆ /aya-/ زمانی فارسیی کۆن.

لە زمانی فارسیدا، ئەم مۆڕفێمە دەچێتە سەر کاری تێپەڕیش بە نمونە دەیکات بە تێپەڕی دوو بەرکاری، کە لە زمانی فارسیدا، یەکێکیان بە تەواوکەرو ئەوەتریان بە بەرکار دادەنرێت، وەکو:

خورد > خورانید، پوشید > پوشاند، فهمد > فهماند

بەڵام لە زمانی کوردیدا بە دەگمەن ئەمە ڕوو دەدات بەنموونە:

خواردن *خوارداندن

لەبەرکردن * لەبەرکرداندن

هەرچی زمانی کوردییە، هەندێك لە کارەکان ئەو مۆڕفێمەش وەردەگرن بەڵام نابن بە تێپەڕ، بە تایبەتی ناوی ڕوودانی دەنگە سروشتییەکان، وەکو:

قیژان > قیژاندن > منداڵەکە قیژاندی

نەڕین > نەڕاندن > شێرەکە نەڕاندی

---

١٤٧ - بۆ زانیاری تەواو لەسەر ئەم جۆرە کارانە بڕوانە: (غلامرضا ارژنگ: ١٣٨٧: ١٦٧- ١٧٦)

## ٣-٣-٢-١٠: مۆڕفێمی بەندیی بانگکردن:

جیاوازی زمـانی کـوردیو فارسـی، لـەم ڕووەوە لـە ژمـارەی مۆڕفێمـەکان دەردەکـەوێت، لـە زمـانی کوردیـدا، مۆڕفێمەکانی (/-ە/، /-ێ/، /-ینە/، /-ۆ/) بەکاردێن، بەڵام لە زمانی فارسیدا، تەنیا مۆڕفێمی /-ا/ بەکاردێت. یەکێك لەو چەمکانەی مۆڕفێمەکانی بانگکردن لـە زمـانی کوردیـدا، هاوشـانی خـۆی پیشـانی دەدات، چـەمكو نیشانەی ڕەگەزە، چونکە بە پێی ڕەگـەزی بـانگکراو مۆڕفیمەکـە دەگۆڕێـت، بـەڵام لـە زمـانی فارسـیدا، تـەنیا مۆڕفێمی /-ا/ بەکاردێتو ئاماژە بەڕەگەز نادات. مۆڕفێمی /-ینە/ لە زمانی کوردیدا، لەگـەڵ بـانگکراوی کـۆدا دێت، بەڵام لە زمـانی فارسـیدا کاتێـك بـانگکراو کـۆ بێـت، زیـاتر ئـامرازی بـانگکردن بـەکاردێت. بـەم پێیـە بەکارهێنانی مۆڕفیمی بەند بۆ گەیاندنی چەمکی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، کاراترو بەتواناترە، بەبـەراورد بـە زمانی فارسی.

# ئەنجـــــــام

# ئەنجام

دەتوانین ئەنجامە گرنگەکانی ئەم نامەیە لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

١- تواناو ئەکتیفیی یەکە زمانییەکان، دیاردەیەکی زمانیی گشتییەو لە بچووکترین یەکەوە دەست پێدەکات، کە فۆنێمەکانن، هەموو دانەیەکی زمانی لە هەر سەردەمێکدا پلەی ئەکتیڤیی‌و پاسیفی خۆی بەستراوەتەوە بەڕادەی بەرهەمداریی‌و ڕێژەی بەکارهێنانیەوە.

٢- توانای هەر مۆڕفێمێکی بەند، پەیوەستە بە بەرهەمداریی‌و چالاکی دەرکەوتنی لەسەر مۆڕفێمی بنکەی جیاوازەوە. لەم ڕووەوە مۆڕفێمە ئەرکییەکان زیاتر دووبارە دەبنەوە، زۆرتر بەسەر دەمەوەن، کەچی مۆڕفێمە فەرهەنگییەکان لەسەر چەند بنکەیەکی دیاریکراودا چەق دەبەستن‌و پلەی ئەکتیفییان کەمترە. لە هەر بوارێکی مۆڕفێمە فەرهەنگییەکانیشدا، کە ژمارەی ئەندامانی زیاترن، بۆیەش توانایەکی سنووردارییان دەبێت، چونکە تواناکە بەسەر کۆی ئەندامەکانیدا دابەش دەبێت، بەڵام لەگەیاندنی هەر چەمکێکی ڕێزمانیدا ژمارەیەکی کەم‌و سنووردار بەشدار دەبن‌و زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە، بۆ بەتواناترن.

٣- لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان زمانی کوردیی‌و فارسیدا هەیە، لەڕووی مۆڕفێمە بەندەکان، چ لە ڕووی تواناو چالاکییانەوە بێت، یان لە ڕووی فۆڕمەکانیانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگ‌و ڕیشە هاوبەشەی کە لەنێوان ئەو دوو زمانەدا هەیە.

٤- ئاوێتەبوونی چەمك، دیاردەیەکە لە چوارچێوەی مۆڕفێمە ئەرکییەکانی هەردوو زماندا، دەبینرێت، واتە یەك مۆڕفێم لەسەر یەك بنکەی دیاریکراودا، زیاتر لە چەمکێکی ڕێزمانی پیشان دەدات.

٥- کاریگەری زمانی عەرەبی لە هێنانە ناوەوەی مۆڕفێمی بەند بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زمانی فارسیدا دەبینرێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە، کەمتر لە زمانی کوردیدا هەستی پێدەکرێت.

٦- دیاریکردنی سنووری نێوان چەشنەکانی مۆڕفێم ڕێژەیەکی ڕەها نییە، بۆیەش هەریەك لە دیاردەکانی نووسەك ئاساو شێوەگیرەك لە هەردوو زماندا هەستیان پێ دەکرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا زۆر کەم باسکراون. هەروەها بوون‌و نەبوونی دیاردەیەکی وەکو ناوگریش ڕای جیاوازی لەسەرە لە هەردوو زماندا.

٧- لە گەیاندنی چەمکە ڕێزمانییەکاندا، زمانی کوردی زیاتر سوود لە مۆڕفێمی بەند وەردەگرێت، چونکە لە زمانی فارسی، هەریەك لە چەمکەکانی ناساندن‌و نادیاری بە هۆی مۆڕفێمی سەربەخۆ دەگەیەنرێن. کە زمانی کوردی بەهۆی مۆڕفێمی بەندەوە ئەم دوو چەمکە دەگەیەنێت. ئەمە وا دەکات کە زمانی کوردی لە چوارچێوەی پۆلێکی تێك چڕژاودا، زیاتر بەلای زمانە نووساوەکاندا بشکێتەوە نەك دابڕاوەکان، کەواتە سیفەتی دابڕاوی لە فارسیدا زیاتر زاڵە.

٨- دارشتنی سفر (گۆڕین)، یەکێکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیی‌و فارسی بەڵام لە زمانی کوردیدا باس نەکراوە، بەم پێیەش مۆڕفێمی سفر تەنیا خۆی لە چوارچێوەی ڕێزماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو دەشێ لە دارشتنیشدا توانای هەبێت. لە زمانی فارسیدا دەرکەوتووترە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەزمانی کوردی


١- ئازاد ئەحمەد مەحموود(٢٠٠١)، مۆرفیمەکانی (ی) لەزمانی کوردیدا (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٢- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان(١٩٩٨)، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

٣- ئاواز حمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحددین.

٤- ئەبوبکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥- ئەحمەدی خانی(١٩٨٩)، مەموزین، ئامادەکردنو پەراوێزنووسی: هەژار، چاپی یەکەم، پاریس.

٦-ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٧- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم — ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٨- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، لەبلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٩- ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی، سلێمانی.

١٠- ئیبراهیم ڕەمەزان زاخۆیی (٢٠٠٨)، ڕێزمانا کوردی، چاپا ئێکێ، سپیرێز، دهۆك.

١١- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (١٣٦٧) ئامراز لەزمانی کوردیدا، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی(انتشارات صلاح الدین ایوبی)، چاپی یەکەم، اورمیە.

١٢- بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ (٢٠١٢) پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٣- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

١٤- بەکر عومەر عەلی(١٩٩٢)، بەستنوکرتاندن لەکوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٥- بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٦- بەكر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١)، سنووری کێڵگەی واتایی لەوشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشیB ژمارە ٣١.

١٧- جەمال عەبدول(٢٠٠٨)، بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، دووەم چاپ، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١٨- جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، زنجیرەی کوردەوانی (١)، بامبێرگ.

١٩- حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢٠- دەروون عبدالرحمن سالح(٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٢١- ڕۆژان نوری عبداللە (٢٠٠٧) فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٢- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٣- ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٤- ڕەفیق شوانی (٢٠١٢)، دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (الأستاذ)ی کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد، زانکۆی بەغدا، ژمارە ٢٠٢.

٢٥- زەرێ یوسوپۆڤا (٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لەزمانی ڕووسییەوە، کوردستان موکریانی، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

٢٦- ساجیدە عەبدولڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستەو پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٧- سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩) پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی چووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٨-سانیا جەبار عەبوزەید(٢٠٠٧)ئەسپێکتێن کاری د کوردیا سەریدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی دهۆك.

٢٩- سەلوا فەریق سالح(٢٠٠٩)، کاری داڕێژراو لە نێوان کوردی(دیالێکتی ژووروو)و فارسیدا، سپیرێز، دهۆك.

٣٠- سعید صدقی کابان (١٩٢٨)، مختصر صرفو نحوی کوردی، جزء (١) طبع اول چاپخانەی نجاح، بغداد.

٣١- شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢) مۆرفیمە لێکسیکیو ڕێزمانییەکانو ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٢- شیروان حوسێن خۆشناو(٢٠١١)، تیۆروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

٣٣- شەهاب شێخ تەیب تاهیر(٢٠١٢)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلیمانی.

٣٤- صباح ڕشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژیو فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٥- عبدالله حسێن ڕەسوڵ (١٩٩١)، ناکردن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

٣٦ - عبدالله حسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

٣٧- عەبدوڕەحمانی زەبیحی (١٣٦٧) قامووسی زبانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی).

٣٨- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٣٩- عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٤٠- عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٩)، هێزو ئاوازە لەدیالێکتی کوردیی ژووروودا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٤١- غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادی)، هەولێر.

٤٢- فاروق عومەر سدیق (١٩٧٥)، وشەسازی لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، ژمارە (١)، بەغدا.

٤٣- فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٤٤- فاروق عومەر سدیق(٢٠١٣)، ڕەگو ڕیشەی مۆرفیمی (خۆ) ئەرکی لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٣٨.

٤٥- فاروق عومەر سدیق(٢٠١٣أ)، پێزو بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٤٢.

٤٦- فاروق عومەر سدیق(٢٠١٣ب)، جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٤٣.

٤٧- فاروق عومەر سدیق، وانەی لێکسیکۆلۆژی، ماستەر، کۆلێژی زمان، کۆرسی یەکەم، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، زانکۆی سلێمانی.

٤٨- فاروق عومەر سدیق، وانەی مۆرفۆلۆژی، دکتۆرای، کۆلێژی زمان، کۆرسی یەکەم، ٢٠١٠- ٢٠١١، زانکۆی سلێمانی.

٤٩- فاضل عمر(٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانێ کوردی، بەلاڤۆکێن کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە(١٤) چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

٥٠- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی(٢٠٠٨) نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، سلێمانی.

٥١- کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨)، رستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، لەبڵاوکراوەکانی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٥٢- کامل حسن البصیر(١٩٧٩)، زاراوەسازی کوردی لیکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٥٣- کامەران ڕەحیمی(٢٠٠٧)، خەسارناسی وشەسازی لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زمانەوان، ژمارە:٣، ئەنستیتوی فەرهەنگی کوردستان، تاران. چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٤- ك. ك. کوردۆیێڤ (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بەکەرەسەی دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، هەولێر.

٥٥-کەمال میراودەلی(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥٦- کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیمو هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

٥٧- لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ(١٩٩٨)، مۆرفێمەکانی (ێ) لەزمانی کوردیدا بەکەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروو، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٥٨- لیژنەی زمانو زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٩- لیمۆ محمود تۆفیق (٢٠١٢)، دەربڕینی چەمکی دیاریکردنو ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردیو چەند زمانێکی هاوگروپی خۆییو دوور لێوەی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٠- محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، سوید.

٦١- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژییو بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٢- محەمەدی مەحویی(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٣- محەمەدی مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسین، (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦٤- محمد طاهر گوهەرزی (١٩٩٩)، ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، چاپا ئێکێ، چاپخانا خەبات، بەلاڤۆکێت گۆڤارا مەتین(١٢)، دهۆك

٦٥- محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٦٦- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی: شیروان حوسین خۆشناو و شیروان میرزا قادر، هەولێر.

٦٧- محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦٨- محەمەد مەعروف فەتاح، وانەی سینتاکس ، دکتۆرای زمانی کوردی، کۆرسی دووەم، زانکۆی سۆران، ٢٠٠٩-٢٠١٠.

٦٩- مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد(٢٠١١)، گەردانکردنی کار لە زمانی پەهلەویو کوردیدا- کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٧٠-مستەفا ڕەزا مستەفا(٢٠١٣) ناوی ئەبستراکتو پیزی مۆرفیمە دارێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی

٧١- مستەفا محەمەد زەنگەنە (١٩٨٩)، کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٧٢- نازەنین جەلال ئەحمەد(٢٠٠٤)، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا (لەڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٧٣- نەبەز فەتاح بابکر (٢٠٠٩)، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٧٤- نەسرین فەخری(١٩٧٣)، پێشگرو پاشگری (ڤە یان وە) لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ١، بەرگی یەکەم، بەغدا.

٧٥- نوری عەلی ئەمین(١٩٥٦)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.

٧٦- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٢٣٩)، چاپی یەکەم، هەولێر.

٧٧- یوسف شریف سعید (١٩٩٨)، کاری لێکدراو لە کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## دووەم: بەزمانی فارسی.


١- ابراهیم چگنی (١٣٨٢) دائره المعارفی زبانو زبانها، چاپ اول، دانیشگاه لرستان، نشر بهنام، تهران.

٢- ابوالحسن نجفی(١٣٨٧)، مبانی زبانشناسیو کاربرد ان در زبان فارسی، چاپ دهم، انتشارات نیلوفر، تهران.

٣- أحمد سمعی(گیلانی)(١٣٨٤)، ترکیبو اشتقاق دو ابراز واژەسازی، مجموعه مقالات نخستین هم‌اندیشی مسائل واژەگزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٤- ادریان اکمجیان، ریچارد ای. دمرز، ان ك.فامر، رابرت ام. هارنیش (١٣٨٢) زبان شناسی در امدی برزبانو ارتباط، مترجم : علی بهرامی، رهنما، تهران.

٥- ار. اچ.روبینز(١٣٨٥)، تاریخ مختصر زبانشناسی، ترجمە: علی محمد حق شناس، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران.

٦- ارسلان گلفام (١٣٨٩)، اصول دستور زبان، چاپ سوم، سمت، تهران.

٧- ازیتا افراشی (١٣٨٨)، ساخت زبان فارسی، (ویراست دوم)، چاپ چهارم، سمت، تهران.

٨- اسماعیل سعادت (١٣٧٥)، زبان فارسی ممیز ذیروح از غیر ذیروح، درباره زبان فارسی، برگزیده مقالەهای نشر دانش(٧)، چاپ اول، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٩- ایران کلباسی(١٣٦٤)، کوتاه کردن نامهای خاص در زبان فارسی محاورەای، مجله زبانشناسی، شماره ٣.

١٠- ایران کلباسی(١٣٨٠)، ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز، چاپ دوم پژوهشگاه علوم انسانیو مطالعات فرهنگی، تهران.

١١- ایران کلباسی(١٣٨٥)، گویش کردی مهاباد چاپ دوم پژوهشگاه علوم انسانیو مطالعات فرهنگی، تهران.

١٢- بفرین احمد حمەاغا(٢٠٠٩)، بررسی مقابلەای سازەهای دستوری در زبان های فارسیو کردی، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشکده زبان، دانشگاه صلاح‌الدین.

١٣- بهروز محمود (١٣٧٨)، تکواژه (خانه)و عملکرد معنایی ان در ساخت واژه زبان فارسی، فصلنامه زبانو ادب، شماره (٩و١٠)

١٤- پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣)، دستور تاریخی زبان فارسی، چاپ سوم، چاپخانه حیدری، تهران.

١٥- پرویز ناتل خانلری (١٣٨٢)، دستور زبان فارسی، چاپ نوزدهم، چاپخانه حیدری، تهران.

١٦- پیتر ا. ام. سورن، (١٣٨٨)، مکاتب زبانشناسی نوین در غرب (بخشی از کتاب زبان شناسی در غرب)، ترجمە: علی محمد حق‌شناس، چاپ دوم، سمت، تهران.

١٧- تقی وحیدیان کامیار(١٣٨٩) دستور زبان فارسی(١)، باهمکاری غلامرضا عمرانی، چاپ دوازدهم، سمت، تهران.

۱۸- جان سینکلر(۱۳۸۷)، ساخت واژه، ترجمه: سید جلیا شاهری لنگرودی، محمد رضا مجدی، ویرایش: علی بهرامی، چاپ اول، زبان مللی، تهران.

۱۹- حسن انوری و حسن احمد گیوی،(۱۳۹۰) دستور زبان فارسی۲، ویرایش چهارم، چاپ اول، موسسه فرهنگی فاطمی، چاپخانه خاشع، تهران.

۲۰- حسین داوری اشتیانی(۱۳۷۲)، دانش زبانو زبان دانش، مجموعه مقالات سمینار زبان فارسیو زبان علم، مرکز نشر دانشگاه تهران، تهران.

۲۱- حسین عبدالملکی (۱۳۸۵)، واژه‌بست /e-/ تصغیرو معریفه در زبان فارسی، مجله زبانشناسی، شماره (۱و۲).

۲۲- خسرو غلامعلی زاده(۱۳۷٤)، ساخت زبان فارسی، چاپ اول، شرکت انتشارات احیاء‌کتاب، تهران.

۲۳- خسرو فرشیدورد(۱۳۸۰)، گفتارهائی درباره دستور زبان فارسی، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، تهران.

۲٤- خسرو فرشیدورد(۱۳۸۲)، دستور مفصل امروز، چاپ اول، انشارات سخن، تهران.

۲۵- خسرو فرشیدورد(۱۳۸٦)، فرهنگ پیشوندهاو پسوندهای زبان فارسی، چاپ اول، انتشارات زوار، تهران.

۲٦- خسرو کاشانی (۱۳۷۱)، اشتقاق پسوندی در زبان فارسی معاصر، چاپ اول، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

۲۷- داریوش آشوری (۱۳۸٦)، بازاندیشی زبان فارسی، ویراش دوم، چاپ چهارم، نشر مرکز، تهران

۲۸- داریوش تاج الدینی (۱۳۸۲)، افعال سببی جمله‌ی سببی، رشد اموزش زبانو ادب فارسی، شماره (٦۷).

۲۹- داود غیاثی راد، امیر حسین ابوالحسنی(۱۳۸٤)، واژه‌گزینی نیضامی از گذشته تاکنون، مجموعه مقالات دومین هم اندیشی واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، تهران.

۳۰- سید احمد خراسانی (۱۳۲۹)، نیشانه معرفهو نکره، مجله دانش، شماره (۱۳).

۳۱- سیدعلی میرعمادی(۱۳۸۸)، نحو زبان فارسی،(برپایه نظریة حاکمیتومرجع گزینی)، چاپ ششم، سمت، تهران.

۳۲- سید محمد صمصامی(۱۳۸٤)، پیشوندهایو پسوندهای زبان فارسی، موسسه انتشارات مشعل، چاپخانه فردوسی، اصفهان.

۳۳- سید مهدی سمائی(۱۳۸٤)، روشهای واژه‌سازی در زبان مخفی، مجموعه مقالات دومین هم اندیشی واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، تهران.

۳٤- سیما وزیرنیا (۱۳۷۹)، زبان شناخت، چاپ اول، نشر قطره، تهران.

۳۵- شهرزاد ماهوتیان (۱۳۸۷)، دستور زبان فارسی از دیدگاه رده‌شناسی، ترجمه‌ی مهدی سمائی، چاپ پنجم، نشر مرکز، تهران.

۳٦- عباسعلی مولوی (۱۳٦۰)، دستور زبان فارسی، چاپ دوم باتجدید نظر کامل، چاپخانه اتحاد، تهران.

۳۷- عبدالعظیم قریب، جلال همایی، رشید یاسمی، ملك الشعرای بهار، بدیع الزمان فروزانفر(۱۳۸۷)، دستور زبان فارسی- پنچ استاد، چاپ چهارم، چاپ دیبا، انتشارات ناهید، تهران.

۳۸- ع. خیامپور (۱۳۸۹)، دستور زبان فارسی، چاپ پازدهم، انتشارات ستوده، تبریز.

۳۹- علاءالدین طباطبائی (۱۳۷٦)، فعل بسیط فارسیو واژه‌سازی، ویراسته: امید طبیب زاد، چاپ اول، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٤۰- علی أشرفی صادقی(۱۳۸۰)، راه‌های فعال کردن واژه‌سازی در زبان فارسی، مجموعه مقالات نخستین هم اندیشی مسائل واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٤۱- علی أشرفی صادقی(۱۳۸٤)، بهره‌برداری از قواعد واژه‌سازی زبان فارسی، مجموعه مقالات دومین هم اندیشی واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٤۲- علی اشرف صادقی، اکرم حاجی سید اقایی(۱۳۸۹)، برخی نشانه‌های نادر جمع در زبان فارسی، ویژنامه نامه فرهنگستان، شماره (٦).

٤۳- علی درزی (۱۳۸٥) تکواژ جمع در زبان فارسی، مجله دانشکده ادبیاتو علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره(۱۷۸).

٤٤- علی محمد حق‌شناس(۱۳۷۰)، بلوای واژه‌سازی، مقالات زبانشناختی، چاپ اول، انتشارات نیلوفر، تهران.

٤٥- غلامرضا ارژنگ (۱۳۸۷)، دستور زبان فارسی امروز، چاپ پنجم، نشر قطره، تهران.

٤٦- غلامعلی صداد عادل (۱۳۸٤) در امدی بر واژه‌گزینی مردمی، مجموعه مقالات دومین هم اندیشی واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٤۷- فاطمه مدرسی(۱۳۸٦) از واج تا جمله، فرهنگ زبانشناسی — دستوری، انتشارات چاپار، تهران.

٤۸- کاضم لطفی پور (۱۳٥٦)، سببیت در زبان فارسی امروز- یك بررسی زایا گشتاری، مجله دانشکده ادبیاتو علوم انسانی تبریز، شماره (۱۲۳)

٤۹- کافیه صباح رضا (۲۰۰۹)، بررسی تطبیقی انواع اضافة در زبان های فارسی و کردی، پایان نامه ارشدی دانشکده زبان، دانشگاه صلاح الدین.

٥۰- کورش صفوی (۱۳۸٥)، اشنایی با معنی شناسی، چاپ اول، نشر بژواك کیوان، تهران.

٥۱- لیلی مرتضائی (۱۳۸۰)، بانك های اطلاعاتی در مواجهه با زبان و خط فارسی، مجموعه مقالات نخستن هم اندایشی مسائل واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی.

٥٢- محسن ابوالقاسمی(١٣٨٧)، دستور تاریخی زبان فارسی، چاپ هفتم، سمت، تهران

٥٣- محسن ابوالقاسمی(١٣٨٨)، اهنمای زبانهای باستانی ایران، جلد دوم: دستورو واژه‌نامه، چاپ سوم، سمت، تهران

٥٤- محسن حافظیان(١٣٨٣)، ساختارشناسیو شکل های تصریفی فعل های فارسی، چاپ یکم، گل افتاب، مشهد.

٥٥- محمد راسخ مهند (١٣٨٨)، معرفهو نکره در زبان فارسی، مجله دستور، شماره (٥).

٥٦- محمد رضا باطنی(١٣٨٥)، چهار گفتار درباره زبان چاپ پنجم، موسسه انتشارات اگه، تهران.

٥٧- محمد رضا باطنی(١٣٨٨)، زبانوتفکر(مجموعه مقالات زبانشناسی) چاپ نهم، موسسه انتشارات اگاه، تهران.

٥٨- محمد روایی (١٣٨٤)، دستور زبان فارسی، چاپ اول، نشر امون، تهران.

٥٩- محمد ضیاء حسینی(١٣٨٩)، مبانی زبان شناسی، چاپ دوم، انتشارات رهنما، تهران.

٦٠- محمد معین(١٣٨٥)، فرهنگ فارسی معین، یك جلدی، چاپ اول، انتشارات گلی، تهران.

٦١- مصطفی ذاکری(١٣٨٠)، گزارش گروه اختصارات فرهنگستان زبانو ادب فارسی، مجموعه مقالات نخستین هم اندیشی مسائل واژه‌گزینیو اصطلاح شناسی، چاپ اول، فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٦٢- مصطفی مقرّبی(١٣٧٥)، (آنه)و(آنی) پسوندهای مرکبو دوگانه(از (آن) نسبت+(ه)و(ی) نسبت)، درباره زبان فارسی، برگزیده مقاله‌های نشر دانش، زیر نظر نصرالله پورجوادی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٦٣- مهدی مشکوة الدینی (١٣٧٧)، ساخت آوایی زبان، چاپ چهارم، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.

٦٤- مهدی مشکوة الدینی (١٣٨٨)، دستور زبان فارسی: واژگانو پیوندهای ساختی، ویرایش دوم، چاپ چهارم، سمت، تهران.

٦٥- مهدی مشکوة الدینی (١٣٨٩)، دستور زبان فارسی برپایه‌ی نظریه‌ی گشتاری، ویرایش دوم، چاپ یازدهم، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.

٦٦- مهری باقری (١٣٧٥)، مقدمات زبانشناسی، چاپ اول، نشر قطره، تهران.

٦٧- مهری باقری (١٣٨٦)، تاریخ زبان فارسی، چاپ دوازدهم، نشر قطره، تهران.

٦٨- نگار داوری اردکانی(١٣٨٧)، سره‌گرایی زبانی، (تالیف، ترجمهو پژوهش) چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.

٦٩- والری ادمیز (١٣٨١)، در امدی بر واژه‌سازی انگلیسی نوین، ترجمه: سید اکبر میر حسینی و حسین وثوقی، چاپ اول، اتیه، تهران.

٧٠- ویدا شقاقی(١٣٧٦)، واژەبست چیست؟ ایا در زبان فارسی چنین مفهومی کاربرد دارد؟ مجموعه مقالەهای سومین کنفرانس زبانشناسی، بەکوشش: یحیی مدرسی، محمد دبیر مقدم. دانشگا علامه طباطبایی، تهران.
٧١- ویدا شقاقی (١٣٨١)، پیشوند نفی در زبان فارسی، نامه فرهنگستان شمار (٤و٥)
٧٢- ویدا شقاقی (١٣٨٧)، مبانی صرف، چاپ دوم، سمت، تهران.
٧٣- ویکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز (١٣٨٧)، در امدی بر زبان (زبانشناسی همگانی)، ترجمه: علی بهرامی، سهیلا ضیاءالدین، چاپ اول، رهنما، تهران.
٧٤- ویلیام اوگریدی، مایکل دابروولسکی، مارك ارنف (١٣٨٦) درامدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمه: دکتر علی درزی، سمت، تهران.

## سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:

1- Aitchison, J. (1993) Linguistics. 4th ed. London: Hodder and Stoughton.
2- Aronof. M. (1981) Word formation in Generative Grammer, Massachusettes Institute of Technology.
3- Aronof, M. (2011) What is morphology, second edition, Blackwell.
4-Bauer, L. (1992) Word Formation, Cambridge University press.
5- Coates, R. (1999) Word Struture, London: Routledge Publishing.
6- Crystal, D (1992) An Encyclopaedia Dictionary of Language and Linguistics. Oxford: Blackwell publishing.
7- Cruse, A.(2006) A Glossary of Semantics and Pragmatics. Cambridge, Cambridge University Press.
8- Eckersley, C. and Eckersley, J. (1980) A comprehensive English Grammar: for Foreign students. London: Longman Group Limited.
9- Haspelmath, M. (2002) Understanding Morphology, London: Oxford Universty, press.
10- Katamba. F., Stonham. J. (2006), Morphology, Second published, Palgrave Macmillan, London.
11- Bloomfield, L. (1954), Language, New York: Henry Holt and Company.
12- Lyons, J. (1990) Language and Linguistics, An Introduction, Cambridge University, New York.
13- Mackenzie, D. (1961) Kurdish Dialect Studies, Oxford Universty, press: London.
14- Mathews, P. (1991), Morphology, Cambridge University Press.

15- Stageberg, N. C. (1981) An Introductory English Grammar, 4th published, Holt Rinehart and Winston.
16- Lieber, R.(2009) Introducing Morphogy, first published, Cambridge University press, New York.
17- Yule, G. (1996) The study of Language. 2nd ed. Cambridge: Cambridge University Press.

چوارەم: بەزمانی عەرەبی:

١- ابراهيم انيس (١٩٧٢)، من اسرار اللغة، الطبعة الرابعة، دار الانجلو، القاهرة.
٢- ابراهيم خليل(٢٠٠٧)، في اللسانيات ونحو النص، الطبعة الأولى، دار المسيرة، عمان.
٣- احمد مختار عمر (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر وتوزيع، الطبعة الاولى، كويت.
٤- عبدالقادر عبدالجليل (١٩٩٨)، علم الصرف الصوتي، سلسلة الدراسات اللغوية (٨)، دار الازمنة، عمان.
٥- ماريوپای (١٩٩٨) أُسُسُ علم اللغة، ترجمة وتعليق: الدكتور احمد مختار عمر، دار عالم الكتب، مصر.
٦- محمد على الخولى(٢٠٠٩)، معجم علم اللغه النظرى انكليزى- عربى، طبعة جديد، مكتبه لبنان، بيروت.
٧- محمود السعران (١٩٩٢)، علم اللغه (مقدمه للقارى العربى)، دار الفكر العربى، الاسكندرييه.

پێنچەم: بەزمانی ڕووسی:

١- فاروق عومەر سدیق (١٩٧٧)، وشەسازی لە زمانی ئەدەبی کوردی عێراقدا، نامەی دوکتۆرا، مۆسکۆ.
٢- یو. س. ستیپانۆڤ (١٩٧٥)، بناغەکانی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسکۆ.
٣- یو. س. ماسلۆڤ (١٩٧٥)، سەرەتایەك لەزمانەوانی، مۆسکۆ.

# کورتەی باس بە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی

# الملخص

## قدرة المورفيم المقيد في إغناء مفردات اللغة و إجراء الوظائف النحوية – دراسة مقارنة بين اللغتين الكوردية والفارسية-

إن قدرة وفعالية أية وحدة لغوية مرتبطة بمدى انتاجيتها و نسبة استخدامها من قبل المتحدثين بتلك اللغة. تعد تلك ظاهرة عامة في جميع لغات العالم. وفي اية لغة معينة تبدأ هذه الظاهرة من اصغر وحدة لغوية الى اكبرها. وهذه الدراسة عبارة عن جهد لإبراز قدرة المورفيم المقيد في كلا المجالين (إغناء مفردات اللغة و تنفيذ الوظائف النحوية) في اللغتين الكوردية والفارسية، والتى تم انجازها حسب المنهج الوصفي المقارن، و تم الاعتماد على الطريقة الاحصائية لإظهار قدرة كل مورفيم على حدة، وعلى وجه العموم فإن الدراسة بالإضافة الى المقدمة والاستنتاجات تحتوى على ثلاثة فصول كالآتي:

الفصل الاول: بعنوان (فكرة و مفهوم نظرية المورفيم و نشأتها) تتضمن مجموعة من الموضوعات النظرية حول نظرية المورفيم و مفهومه وطرق تصنيفه وتدريج خصائصه، والتطرق الى دراسة بعض الأنواع من المورفيمات في اللغة الكوردية التى لم تتم الاشارة اليها من قبل. بالإضافة الى بحث طرق إغناء مفردات اللغة والتى تضمنت عرض اثنتي عشرة طريقة.

وأخيراً تمت دراسة الوظائف النحوية و عرض دور المورفيم المقيد فى هذا المجال. والى جانب تلك المواضيع تم بحث مفهومي القدرة والفعالية.

الفصل الثانى: بعنوان (قدرة المورفيم المقيد في إغناء مفردات اللغة في اللغتين الكوردية والفارسية)، وقد تم أخذ مجموعة من الحقول الخاصة مثل (المكان، المهنة، التصغير........) في كلتا اللغتين و تم إظهار قدرة كل مورفيم على حدة في هذه الحقول وفي اللغتين معاً، بعدها تم إجراء مقارنة مورفيمات كل حقل من تلك الحقول بين اللغة الكوردية والفارسية و ذلك من خلال إبراز نقاط الاشتراك و الاختلاف بينهما.

الفصل الثالث: يحمل عنوان (قدرة المورفيم المقيد في تنفيذ الوظائف النحوية في اللغتين الكوردية و الفارسية)، و فيه أجريت دراسة المورفيمات التى تدل على مفهوم نحوي. بداية تمت دراسة مورفيمات (المعرفة، النكرة، الجمع، النفي.......) في اللغة الكوردية، وبعدها تم عرض تلك المورفيمات التى تدل على المفاهيم أنفسها في اللغة الفارسية، و تم بيان قدرة كل منها على اساس البيانات المأخوذة، وأخيراً تمت مقارنة قدرة المورفيمات في اللغتين الكوردية والفارسية وعرض نقاط الاشتراك و الاختلاف بينهما.

# ABSTRACT

## The Ability of Bound Morpheme to Enrich the Lexicon and Serve Their Syntactic Functions: A Comparative Study of Kurdish and Persian

The ability of any linguistic unit is connected with its productivity and the range of its use by the speakers in a given language. It is a general phenomenon in every language in the world. Which begins from the smallest unit to the largest one in every language. Accordingly this dissertation is an attempt to demonstrate the ability of bound morphemes in both fields, to enrich the lexicon and to serve its syntactic functions in both Kurdish and Persian. It makes the comparison through the comparative descriptive approach. At the same time it depends on the corpus-based approach to show the ability of any morpheme. The dissertation falls into three chapters except the introduction and the conclusion:

The First chapter: which is entitled (The idea, concept and theory of morpheme and its birth). covers some theories about the concept and the idea of morpheme, its classification and its characteristics. Some kinds of morphemes in Kurdish are isolated which have not been mentioned before. In addition to this, twelve ways to enrich the vocabulary in a language are introduced. At the end, the syntactic functions and the role of bound morphemes in this field are investigated. With all of them the ability and activeness concepts are mentioned.

The Second chapter: is about (The ability of bound morpheme to enrich the lexicon in Kurdish and Persian). Some specific domains are selected like (Location, occupation, diminution, ….) in both languages and the ability of each morpheme and in each domain of a language is shown by bringing out the similarities and differences.

The Third chapter: which is entitled (The ability of bound morpheme to serve its syntactic functions in both languages Kurdish and Persian). It is devoted to the morphemes which have a grammatical concept. First, the morphemes of (definite, indefinite, plural, negative…) in Kurdish language are mentioned, and then the same morphemes according to the concepts they showed in Persian are mentioned. The ability of each one is showed by the taken data. Then the ability of morphemes in Kurdish and Persian are compared and the similarities and differences are mentioned.